# فەلسەفەی
# زانستی کەلام

# فەلسەفەی

# زانستی کەلام

دکتۆر حەمید عەزیز

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

# ● فەلسەفەی زانستی کەلام

● **نووسینی:** دکتۆر حەمید عەزیز: مامۆستای لۆجیك و فەلسەفەی سەردەم لە بەشی فەلسەفە کۆلێژی ئەدەبیات – زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

● **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی

● **بەرگ:** ڕێمان عەبدولجەبار

● **تایپ و هەڵەچن:** هیمداد محەمەد مستەفا

● **نرخ:** ٢٥٠٠ دینار

● **چاپی یەکەم** ٢٠١٣

● **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

● **چاپخانەی** موکریانی (هەولێر)

● بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٨٣٣) ساڵی ٢٠١٣ی پێی دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٧٧٢)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ناوەرۆك

١- پێشەكی .................................. ٧
٢- رەهەندەكانی زانستی كەلام.......................... ١١
٣- گرووپەكانی زانستی كەلام......................... ٣٧
٤- موعتەزیلە.................................. ٣٧
٥- شیعە .................................. ٦٥
٦- خاریجیەكان .................................. ٩٩
٧- ئەشعەری .................................. ١٣٣
٨- مورجیئە .................................. ١٥٩
٩- چارەنووس و خواستی ئازاد .......................... ١٧٣
١٠- جەهەم كوری سەفوان .......................... ١٧٥
١١- غەیلانی دیمەشقی .......................... ١٧٨
١٢- ئەنجام .................................. ١٨٢

# پێشەکی

١- هیچ شتێکی نهێنی نادرکێنین و گرێ کوێرەیەك ناکەینەوە ئەگەر بڵێین هەر دوو بابەتی زانستی کەلام و ئەو فەلسەفەیەی ناوی ئیسلامیان بەسەردا بڕیوە لە زمانەکەی بەو لاوە نە عەرەبیە، نەفرِی بەسەر کۆمەڵگا و کولتووری عەرەبەوە هەیە.راستە کۆنە مارکسیستە عەرەبەکان وەك دکتۆر تیزینی و لایەنگیرانی کە ئێستا عەرەب چیەتی دەکەن، هەر دوو بابەتەکە بە عەرەبی ناو دەبەن و گوایە ناوێکیتر لەوە باشتر شك نابەن، بەڵام هەموو شارەزایەك لە فەلسەفە بە گشتی و لە فەلسەفەی ئیسلامی بە تایبەتی زۆر باش دەزانێ کە عەرەب لە دوورگەی عەرەبی جاران و حیجازی ئێستاوە هاتوون. لەوێ کولتوور بە واتا فراوانەکەی لە ئارادا نەبووە، ئەوی هەبوو حەوت پارچە هەڵبەستەکە بووە کە گوایە لەسەر دەرگای کەعبە هەڵواسراون، تەها حوسێن گومان لە رەسەنیان دەکات. ئەو بابەتەی کە بە کولتوور ناودەبرێ بەراستی ئەو مەرجانەی تێدابێ کە شایستەی ئەو ناوە بێ کاتێك خەت و خاڵی داوە کە ئایینی ئیسلام لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب بڵاوبۆتەوە و میللەتانی دیکە کە پێشتر کولتووریان هەبووە و بوون یان یان کراون بە موسڵمان، دوای ئەوەی سوود لە تاقیکردنەوەی شارستانیەتی پر شکۆی ئەو میللەتانە وەرگیراوە فەلسەفەی ئیسلام پەیدابووە. کەس نییە ئاگای لەوە نەبێ چۆن پەنا براوەتە بەر فەلسەفە و لۆجیکی یۆنان و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی ئینجا خامە بە دەست و رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە کە مەلا و پیاوانی ئایینی بوون و ئەو فەلسەفەیەیان خوێندووە یان خوێندۆتەوە ئەوپەڕی سوودیان لێوەرگرتووە. تەنانەت ئەو هێرشەی غەزالی کردوویەتیە سەر هەندێك فەلسەفە پشت بە چەند بەڵگەیەك دەبەستێ هەموویان هەر فەلسەفەن، بەڵام لە رەهەندێکی دیکەوە.بۆیە سەیر نییە بڵێین دەست بەرداربوونی فەلسەفە

دەستبەرداربوونە لە گرنگترین پایەکانی کولتوور و شارستانیەت و پێشکەوتن.قڕکردنی گرووپی موعتەزیلە کە هەڵگری مەشخەڵی ژیر بوون، ئەو رەوشەی بە دوای خۆیدا هێناوە کە تاوەکو ئێستا رۆژهەلاَت بە دەست ئەنجامە نالەبارەکانیەوە گیری خواردووە.

٢- ئەگەر لە هەندێك سەرچاوە و لەلای هەندێك نووسەر دەستپێکی زانستی کەلام تەمومژاوی بێ و بڕیار نەدرا بێ چ کەس یەکەمجار ئەو هەنگاوەی هەڵگرتبێ، لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمیەکانی فەلسەفەدا گومان لەوە ناکرێ کە ئەو زانستە خۆی بابەتێکە دوای بلاَوبوونەوەی ئایینی لە حیجازەوە هاتوو لە ولاَتی فارسی (بە عێراقی ئێستاوە) و شام و میسڕ و دوای جەنگی خوێناوی نێوان خەلیفەی چوارەم عەلی و خەلیفەی بەنی ئومەییە معاویە سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە.

- ئەو بابەتانە کە کردوونی بە کەرەستەی توێژینەوە ئەو بۆ چوونە لە مێشکدا دەنەخشێنن کە خۆی پردی پەڕینەوە بووە لە ئایینەوە دوای ئەوەی لە (عەقیدەو باوەر و ئیمانەوە) بووە بە ئامرازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا بەرە و فەلسەفە. لە زانستی کەلامدا ئەو خالاَنە بەرجەستە بوون:

- فرەرەنگی و فرەرەهەندی ئەو گرووپانەی کەلام کە سەریان هەڵداوە و چالاك و دەستبەکاربوون:موعتەزیلە، شیعە، خاریجیەکان، ئەشعەری و لایەنگیرانی، مورجیئە، ئەو راستیە ساغ دەکەنەوە کە ئەگەرچی ئایینی ئیسلام لە سەرەتاوە لە دوورگەی عەرەب دەرکەوتووە و سروشت و ناوەرۆك و تاقیکردنەوەیەکی یەك رەهەندی و یەك نەتەوەیی هەبووە (بەدوو- زمانی عەرەبی..) بەلاَم بلاَوبوونەوەی لە ولاَتانی تر و لە نێو نەتەوەی جیاجیای دیکەدا ئیتر بە خۆشی بووبێ یان بە زەبری شمشێر ئایینەکە ناچاربووە راستی هەبوونی میللەت و زمان و کولتووری ئەوانی تر پەسەند بکات. ئەو فرە رەنگیە کە بەتەواوەتی لە چوار مەزهەبی سوننە و سێ مەزهەبی شیعە و (وەهابی سعودیە و پاکستان و ئەفغانستانی بێتە سەر) خۆی بەر جەستە کردووە، جیاوازی کولتووری میللەتانی کراو بە موسڵمان دووپات دەکاتەوە.

-هەموو زانایانی کەلام و فەیلەسووفە موسڵمانەکان کە بە عەرەبی نووسیویانە و عەرەب نەبوون لەوەوە بووە کە لە حوجرە و مزگەوت فێری زمانی عەرەبی بوون ئەو زمانەش زمانی ئایینەکە بووە. دەبێ لە جیهانێکی فراوانی ئەو سای ئیسلامدا چەندین میللەتی جۆراو جۆر زمانی جیایان هەبووە و لە عەرەبی بەو لاوە کە زمانی قورئان بووە زمانێکی دیکە نەبووبێ قسەی پێبکەن و پێی بنووسن و لە یەکتری بگەن، بۆ سەیر بێ کە دەستبەرداری زمانی نەتەوەیی خۆیان بووبن و بە زمانی عەرەبی رەنگی کولتوور و شارستانیەتی عەرەبیان ڕشتبێ!؟

٣-زانستی کەلام بە هەر جۆرێك هەڵبسەنگێنرێ و هەرچی بخرێتە پار سەنگیەوە لەو راستیە کاڵ نابێتەوە کە دیاردەیەکی کارایی سەردەمی خۆی بووە ئەو گەشەکردنە و پەرەسەندنەی ئەوسا لە ئارادا بووە ئەگەرچی لە چوارچێوەیەکی ئەوپەڕی بەرتەسکیشدا بووبێ بەرجەستەی کردووە و بەرە و پێشی بردووە.ئەو بەرەو پێشبردنە بریتیی بووە لە رۆنانی زمانێکی پێشکەوتوو کە جگە لەوەی بە چەندین وشە و چەمك بە پێزکراوە بەتەکانی گەورەی بەرەو ئەبستراکت چوون براوە. ئەو پەتی و بەرە و ئەبستراکت بردنە لەو پرۆسەیەدا دەرکەوتووە کە لە بچووك و تاك و هەندەکیەوە، لە چوارچێوەی زمانەکەدا، بەرەو گشتی و کۆ و هەمەکی هەنگاو هەڵگیراوە. چەمك کراوە بە کەرەسەی بیر لێکردنەوە و توێژینەوە. بۆنموونە باسی تاکی هەندەکی ئیماندار و گوناهبار نەکراوە بەڵکو چەمکی ((گوناهبار، ئیماندار)) خراوەتە سەر خوانی باس و توێژینەوە! ئەو بەگشتی- ئەبستراکت کردنی بابەت لە تاکەوە بۆ چەمکی گشتی خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکە بۆ زانستی کەلامی ئەوسا تۆمار کراوە.

-من وای بۆ دەچم هەندێك کێشە (چارەنووس و خواستی ئازاد) کە لە ئیسلامدا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە لەو وێنەیەوە کەوتوونەتەوە کە ئایینەکە لەبارەی خوا نەخشاندوویەتی.بە پێچەوانەی جولەکە و مەسیحیەوە، خوای ئیسلام لێبووردە و بەزەیی (غەفوور و رەحیم) و بە توندی سزا دەرە (شەدید ئەل عیقابە)، ئەو دوو خەسڵەتە لە سەرتاپای کاروباری ئایینەکەدا بە دوو رەنگی بەر جەستە بووە.

٤-لەو نووسینەدا، هەوڵمان داوە، ئەوەندەی بکرێ و توانای سنووورداری زمانی نوسینی کوردی دەرفەت بدات، بە سادە و رەوان بابەتەکە بنووسین و بیخەینە بەردەست خوێندکاران و خوێنەران.خۆ ئەگەر لەو ئەرکەدا، کە بە هیچ جۆرێك ئاسان نییە، چونکە بابەتەکە لە هەلومەرج و ژینگەیەکی تەمومژاوی و بە زمانێکی وشکی عەرەبی کۆن نووسراوە، وشە و چەمکی وا بەکارهێنراون ستەمە بەرامبەرەکانیان لە زمانی دیکەدا بدۆزرێنەوە، سەرکەوتوو بین جێگای دڵخۆشیە.ئەگەر واش نەبوو ئەوا ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی نەوەی دوارۆژ کە هەمیشە چاوەڕێی دەرکەوتنی بووم، ئەو کارەی ئێمە دەستمان پێکردووە تەواوی بکات.

لە کۆتاییدا پڕ بەدڵ سوپاسی خوێندکاری بەشی فەلسەفە هیمداد محەمەد مستەفا دەکەم کە دڵسۆزانە ئەرکی تایپ کردنی ئەو کتێبەی گرتە ئەستۆ. هیوادارم تەمەن درێژ و لەش ساغ و سەرکەوتووبێ.

حەمید عەزیز

قەڵادزێ - پاییزی ٢٠١٢

# ڕەهەندەکانی فەلسەفەی
# زانستی کەلام

## پەیدابوون و گەشەکردن:

-کێشەیەکی ئاڵۆز کە یەکلایی کردنەوەی سووك و ئاسان نییە و هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی نووسەری ئەو بابەتە دەبێتەوە لە سێ پرسیاری ئاڵۆز پێکهاتووە لەبارەی دەستپێك و دەرکەوتنی ئەو زانستەی بە کەلام ناسراوە:

ناوەکەی لە چییەوە هاتووە؟ ئایا ئەو بابەتە بەلای ئایینداوە؟یان بەشێکە لەو بابەتەی کە دواتر ناوی ((فەلسەفەی ئیسلامی)) بەسەردا سەپێنراوە و عەرەبە نەتەوە پەرستەکانیش بە فەلسەفەی عەرەبی! ناوی دەبەن؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا توێژەران لە سێ سەنگەر و بەرەی لەبەرامبەر بە یەکتریدا وەستاون . هەریەکەیان کۆشاوە پشت ئەستوور بە قەباڵە و بەڵگە بۆچوونی خۆی لە ڕوانگەیەکی پێشیانە دیاری کراوەوە، بەمەبەستێکی پێشوەختیانە بڕیار لەسەر دراوە و ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە. سێ هۆکارەکەش: (ئایینی، سیاسی، فەلسەفە) بوون بەتایبەتی دوای وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

ئەگەر مرۆڤ سەنجی ئەو هەلومەرجە بدات کە زانستی کەلام تێیدا پەیدا بووە و گەشەی کردووە، ئینجا ناوەرۆکەکەی، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کردوونی بە کەرەسەی توێژینەوە لەبەرچاو بگرێ، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ناکرێ تاکە هۆکارێك بەتەنیا فاکتەری پەیدابوونی ئەو بابەتە بووبێ. بۆیە وا پێویست دەکات ئەو هەلومەرجە بە گشتی تاوتوێ بکرێت بۆ ئەوەی ئەوەندەی لە کردن دێت بابەتەکە ڕوون بکرێتەوە. هەلومەرجەکە لەو بەشانە پێکهاتووە:

**یەکەم:**ئایینی ئیسلام خۆی. بەتایبەتی هەردووك سەرچاوە سەرەکییەکەی قورئان و حەدیسی سەحیح.

**دووەم:**رەوشی ئیسلام دوای کۆچی دوای رابەرەکەی، بەتایبەتی:

١- هەڵبژاردنی خەلیفەکان و کوژرانی عوسمانی کوڕی عەفان( سێیەم خەلیفەی ئیسلام)،ئینجا ئەو جەنگەی لە نێوان لایەنگیرانی عەلی ئەبی تالبی خەلیفەی چوارەم و لایەنگیرانی معاویە بەر پابووە و ئەنجامەکەی بە کوژرانی عەلی و دابەشبوونی ئایینی ئیسلام بە سوننە و شیعەی کۆتایی هاتووە.

٢- بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، ئیتر بە خۆشی بووبێ یان بە تۆبزی و شمشێر، لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب ( وڵاتی شانشینی ئێستای سعودیە) دوو دیاردەی سەرەکی لێکەوتۆتەوە بە تەواوەتی کاری ئاریێ- ناریێ یان لە ئایینەکە و بنج و بناوان و دۆگم و رێوشوێنەکانی کردووە:

-ئایینی ئیسلام لەو هەلومەرجەدا لە ئایین و بڕواوە بوو بە ئامرازی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا.ئەمەش گۆڕانی گەورەی بەسەر ناوەرۆك و روخساردا هێناوە. دوورنییە لێرەدا رەخنەیەك لەو قسەیە بگیرێ و بگوترێ، ئایینەکە ئەمەی مەبەست نەبووە، بەڵکو بە تۆبزی ئەوەی پێکراوە و ناچارکراوە بۆ سوود و قازانجی سیاسی کەسانی دیاری کراو بەکاربهێنرێ!بە باوەری من ئەو فاکت و بەڵگانەی لەبەر دەستدان ئەو رەخنەیە کاڵ دەکەنەوە .لەکاتی خۆیدا قسە لەو بارەیەوە دەکەین.

-سەدان هەزار کەس کە عەرەب نەبوون، ئیتر بە خۆشی بووبێ یان بە ناچاریی، ئایینی ئیسلامیان پەسەندکردووە و بوون بە مسوڵمان.ئەو کەسانە پێشتر ئایینی تایبەتی و کولتووری خۆیانی جیاواز لە ئایینی ئیسلامی لە دوورگەی عەرەبەوە هاتوویان هەبووە.کەسێك بە درێژایی ژیانی زەردەشتی، مەسیحی یان جولەکە بووبێ و لە ناکاو ئایینەکەی بگۆڕێ و ببێ بە مسوڵمان وا بە سووك و ئاسانی دەستبەرداری رێ و شوێنی ئایینی پێشووی و دابونەریتە کۆنەکەی نابێ.ئەو رەوشە نوێیە چی دەگەیەنێ و چی لێدەکەوێتەوە؟ لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین.

**سێیەم:** بزووتنەوەی وەرگێران بۆ سەر زمانی عەرەبی بە گشتی و وەرگێرانی فەلسەفە و کولتووری یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی بە تایبەتی .ئەو بزووتنەوەیە بوو بەمایەی دروستکردنی کولتوور و شارستانیەتێك کە لە سەرانسەری جیهاندا رێزی لێگیراوە  و بەراستی پڕ بە پێستی خۆی بووە کە ناوی قۆناغی زێرینی لێ نراوە.بە تایبەتی سەردەمی حوکمرانی عەبباسی کە لە مەنسوورەوە دەستی پێکردووە و ئینجا خانەی بە ناوبانگی کولتووری و فەلسەفەیی(( ئەل حیکمە)) دامەزراوە و بووە مەڵبەندێکی گرینگی تیشك پژێنی سەردەمی خۆی و دواتر.

# هۆكارەكانی پەیدابوونی
# زانستی كەلام

**یەكەم:هۆكاری ئایینی:**

هاتنی ئایینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەب، ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندی و سروشتێكی ئاسمانی –ترانسندێنتالی بە خۆی بە خشیوە و سنووری نەتەوەیی بەزاندووە و پێی لەسەر باوەڕ و عەقیدە و ئیمان داگرتووە، بەڵام لە سێ بواری كۆمەڵایەتی، سیاسی و فەلسەفەیدا، تایبەتمەندییەكی دنیایی- عەرەبی پێ براوە:

-حەوت-هەشت خێڵی كۆچەری ( لە ناو خۆیاندا ناتەبایی) عەرەبی كردووە بە میللەت و (نەتەوەیەكی) گەورەی جیهان و بە هەزار كیلۆمەتر لە خاكی وڵاتانی میللەتانی تریان كەوتۆتە ژێر دەست هەر لە باكووری ئەفەریقاوە تاوەكو عێراق. زمانی عەرەبیش لەلای خۆیەوە، لە زمانێكی ناوچەییەوە بوو بە زمانی كولتوور و فەلسەفە و لەسەرانسەری جیهاندا دان پێدانرا و بە سەدان ساڵ لەلایەن رووناكبیر و هزرمەندانی گەلانی رۆژهەڵاتەوە كە ببوون بە مسوڵمان بەكار هێنراوە و جوانترین بەرهەمی جۆر بە جۆریان پێ نووسیووە. جگە لەمە:

-بە تەواوەتی پێكهاتەی كۆمەڵگای ئەوسای ئەو دەڤەرەی گۆڕیوە، لە سەرەتاوە ڕژێم و جۆری ژیان و پەیوەندییەكانی بەند و كۆیلایەتی لە ناو بردووە و لە دواییدا- پاشتر- ڕژێم و پەیوەندی دەرەبەگایەتی دامەزراندووە، كۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەب كە فرە ئایینی جۆر بەجۆر بووە، بە تایبەتی لە یەترب ( مەدینە) و خەیبەر جوولەكە و مەسیحی هەبوون، گۆڕیوە بە یەك رەنگی یەك ئایین.

وەنەبێ ئەو ئایینە نوێیە هەر نیمچە دوورگەی عەرەب ( ولاتی ئێستای سعودیەی) کردبێ بە ولاتی یەك ئایین و شوێنەواری ئایینەکانی دیکەی سڕیوەتەوە، بەڵکو لە ولاتێکی پێشکەوتووی خاوەن کولتووری ئەوسا ئێران و سوریادا ئەوەی بە کەڵکی هاتووە و سوودی لێوەرگیراوە کردوویانە بە عەرەبی و ئەوی ماوەتەوە بە ناوی (کوفر و گومراییەوە) بە یەکجاری سڕیویانەتەوە و لە ناویان بردووە! شتێك نەماوە پێی گوترا بێ کولتووری میللەتانی تر لە کولتووری عەرەب کە بە هۆی ئایینەکەوە رەنگی بۆ رێژدراوەو بەو لاوە نەبووە.

بە مەبەستی ئەوەی کە هەر دەبێ رەگەزی عەرەب بالآ دەست و دەست رۆیشتوو کار بە دەست بێت و زمانی عەرەبیش زمانی فەرمی میللەتانی ئیسلام بێ بڕیارێکی زیرەکانە دراوە: نابێ قورئان وەربگێڕدرێتە سەر هیچ زمانێکی دیکە و هەر دەبێ بە زمانی عەرەبی بخوێندرێ.بەو پێیە رۆڵە رووناکبیرەکانی میللەتانی تر کە عەرەب نەبوون و بوون بە مسوڵمان، ئایینی تایبەتی و کولتووری خۆیانیان هەبووە ناچار بوون دەستبەرداری ئایین و کولتوور و زمانی نەتەوەی خۆیان بن و فێری زمانی عەرەبی بن (لفهم کتاب الله و سنه رسوله) واتە بۆ ئەوەی لە قورئان و حەدیس تێبگەن!بەو پێیە سەدان رووناکبیری فارس و کورد و بەربەر و ئەفغان و پاکستانی و میللەتانی تر فێری عەرەبی بوون و دەستیان کردووە بە نووسین و توێژینەوە بە زمانی عەرەبی کە زمانی قورئانە و قورئانیش گوتە(کەلامی) خوایە. ئەو رەوشە چ ئەنجامێکی لێکەوتۆتەوە؟

-قورئان کتێبی سەرەکی ئەو ئایینەیە کە هەر لە سەرەتاوە بە ئیسلام ناوبراوە. بە سرووش ( وەحی) بە هۆی جوبرائیلەوە لەلایەن خواوە بۆ پەیامبەر ( پێغەمبەر) محەمەدی کوڕی عەبدوڵا هاتۆتە خوارێ. ئەو کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە، یان وەك بە زمانی عەرەبی باوە بگوترێ سێ جۆرە ئایەتی تێدایە و ژمارەی سورەتەکانی (١١٤) سورەتە.

-ئایەتی مەککەیی کە لە مەککە هاتوونەتە خوارێ پتر باسی ئۆباڵی ئەستۆ و ئەرکی سەرشانی مرۆڤی مسولْمان دەکەن. ژمارەی ئەو سورەتانە ٨٦ سورەتن.

-ئایەتی مەدینەیی کە لە شاری مەدینە (یەتروبی جاران) هاتوونەتە خوارێ و ژمارەیان (٢٨) سورەتە و بە گشتی باسی توانا و دەست رۆیشتی خوا دەکەن.

-بەشی سێیەمی کە لە نێو ئەو دوو جۆرە ئایەتانەدایە، پتر سروشتێکی مێژوویيان هەیە ئەو پەند و رووداوانە دەگێڕێتەوە کە پێشتر بە سەر میللەتاندا هاتوون.

لە قورئاندا بە شێوە و شێوازێکی تایبەتی، جیاوازتر لە روخسار و ناوەرۆکدا، لە هەردوو کتێبی ئایینی تەوراتی جوولەکە(موسایی) و ئینجلی فەلە-مەسیحی (عیسایی) بە تێر و تەسەلی، بەلاّم کێشە ئامێز و پرسیار ورووژێنەر، باسی ئایین کراوە، رێوشوێنی رێگا دراو و رێگا نەدراو (حەلاّلْ و حەرام) و بڕیار و ئەرکی سەرشانی لایەنگیرانی دیار و دەستنیشانکراون[1].جگە لە بڕیارەکانی ناو قورئان کە پتر بەلای لاهووت و بابەتی زانستی کەلامدا دەچن، چەند بابەتێك بە شێوەیەك کە کێشەبورووژێنێ لەبارەی خود ( زات ) و خەسلْەتەکانی خوا، کرداری مرۆڤ، چارەنووس و ئۆباڵکێشان، ژین و مردن و زیندووبوونەوە، بەهەشت و دۆزەخ، ئاسمان و زەوی و گەردوون و باوەڕ و ئیمان باسکراون. بۆنموونە بۆ پشت راستکردنەوەی کێشەی ئالۆزی قەزا و قەدەر و بەش و چارەنووس و ئازادی ئۆباڵکێشان بە دوو شێوازی جیاواز، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی یەکلایی بکرێتەوە، بابەتەکە لە قورئاندا تاوتوێ کراوە.

بە شێوەیەکی سەرنج راکێش لە نێوان توانا و دەسەلاّت و قودرەتی رەهای رەب و کردار و توانای سنووورداری مرۆڤ، دەسەلاّتی رەب رەهایە و بە فەرموودەیەك هەموو شتێك دێتەدی (کن فیکون) جیاوازی کراوە. لە کاتێکدا خوا توانای زانینی هەموو شتێکی هەیە، لێبووردەیە، غەزەب دەگرێ ، لە بەرامبەردا مرۆڤ سنوورێکی رەنگ بۆ رێژراوی زانینی هەیە و ناتوانێ بیبەزێنێ. ئەو وێنە رەنگ

ڕێژراوەی لە قورئاندا هاتووە لە ناخی مرۆڤی ئیمانداردا ئەو هەستە بەرپا دەکات رەبی داهێنەر ( خالق ) چەند گەورە و مەزنە لە بەرامبەر مرۆڤی داهێنراوی بەندەی دەسەڵات رادە و سنووردار!.

ئەو بابەتە کێشە لەسەرانە، شانبەشانی هۆکارەکانی دیکە، بوونەتە مایەی ئەوەی دەست بکرێ بە خوێندن و توێژینەوەی ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئان ئەنجامەکەشی ڕێگا خۆشکردن بووە بۆ دەرکەوتنی ئەو بابەتەی دواتر ناوی زانستی کەلامی لێنراوە. ئیتر بابەتەکە پاساو دان و پشتگیری کردن بووە یان شرۆڤەکردن و روونکردنەوە و لێکدانەوە، بە تایبەتی کە قورئان و زمانەکەی بە (موعجیزە) دانراوە.

## دووەم: هۆکاری سیاسی:

-هۆکارێکە لە هۆکارە گرینگەکانی پەیدابوونی زانستی کەلام. لەو هۆکارەدا فاکتەری دەرەکی کاڵ دەبێتەوە و پاشەکشە دەکات و فاکتەری ناوەکی سەرئاودەکەوێ .بە تایبەت ئەو هەلومەرجانەی کە زەمینەی ڕوودانی جەنگی ناوخۆی نێوان سەرکردەی مسوڵمانەکان( عەلی و معاویە) خۆشکردووە.پەرەسەندن، گەشەکردن، گۆڕان بەو مەبەستەی ئامراز بێ بەرە و ئامانجێك بنەمایەکە لە بنەماکانی بەردەوام بوون و ژین. بوونەوەرێك، دەزگایەك، دامەزراوێك، کۆمەڵگایەك گۆڕانەکەی کە بە مەبەست و ئامانجی دووروونزیکی دیار و دەستنیشان دەکات بەڵگەی زیندووی و کاراییەکەیەتی.بەڵام ئەو گۆڕان و پەرەسەندنە ئەگەر هەرەمەکی نە بێت و ئەجندای روون و ئاشکرای هەبێ دوو جۆرە فاکتەر-هۆکار رەوتی بەرەو پێش چوونەکەی کارا دەکەن:

- **یەکێکیان:- هێز و توانای ناوەکی-** ناوخۆی- خودی نەزمەکە (پێکهاتەکە) خۆی رۆڵی سەرەکی لەو پرۆسەیەدا دەگێڕێ[٢] ئەگەر کۆمەڵگا خۆی لە ناو خۆیدا ئامادەیی و توانایی گۆڕانی نەبێ ئەستەمە لە دەرەوەیدا بتوانرێ شتی بەسەردا

بسەپێنرێ. ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبەوە هاتووە هەموو جۆرە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگایەی بەرجەستەکردووە هەر لە کۆچەری (بەدوو) تاوەکو بەندو کۆیلە و ... بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی لە وڵاتانی دیکە کە پێشتر شارستانیەت و کولتوور و ئایینی تایبەتی خۆیانیان هەبووە، ئایینەکە ناچاربووە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایانەدا بگونجێ. تارانی فارس شیعەی هەڵبژاردووە. تورکی تورانی حەنەفی و کوردی خۆشمان کۆنەپارێزترین مەزهەبی هەڵبژاردووە کە شافیعیە.ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت ئەوەیە:

ئایا ئەو ئیسلامەی لە مەککە و مەدینەوە هاتووە، هەمان ئیسلامی شیعەی ئێران و شافیعی هەولێر و حەنەفی ئەنکەرەیە؟ وەڵامەکەی ئەو گریمانەیە دووپاتدەکاتەوە کە هەر پێکهاتە و رێکخراو و نەزمێك لە خودی خۆیدا، لە ناو خۆیدا ئەو هێزو توانا خودییە (زاتیە) ی هەیە رێگا بۆ ئەو گۆڕانە خۆشبکات یان؟ ئەو گۆڕانەی بەسەر ئیسلامدا هاتووە دوو خاڵ ساغ و پشت راستدەکاتەوە کە هەردووکیان توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن و هەریەکەش لەلای خۆیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە:

١-ئایینەکە خۆی لە خۆیدا توانای گۆڕان و پەرەسەندنی هەیە و بەرگەی گەشەکردن دەگرێ ئەگەرچی ئەو گۆڕانە بچووك و هەندەکی و تەنیا لە روخساریشدا بێت دەبێتە مایەی بەردەوام بوونی درێژە پێدانی کارایی و بوونەکەی.

٢-ئایینەکە خۆی دەرکی بەو راستیە بردووە کە دەبێ بسازێ و لەگەڵ کۆمەڵگای خەڵکی نوێ کە ئایینەکەیان هەڵبژاردووە یان بەسەریاندا سەپێنراوە بگونجێ و تەباییەك نیشانبدات و لەگەڵ هەواری تازەدا بێتەوە. ئەو گونجانە دەستهەڵگرتنە لە هەندێك رەهەند ئیتر بە گۆڕین بێ یان چاکسازی، چونکە هیچ شتێك خۆی چۆنە هەمووی بۆ نا چێتە سەر!

کۆمەڵگا لەهەموو جێگا و سەردەمێکدا ئۆرگان و پێکهاتەیەکی کارا و زیندووە، بابەتێك، ئایدیۆلۆجیەك، دابونەریتێك ئەگەر لەگەڵیدا نەگونجێ وەری ناگرێ و پەسەندی ناکات، هیچ هێزێکیش نییە بتوانێ وەك خۆی دەیەوێ لە دەرەوەیدا بەسەریدا (بەسەر کۆمەڵگادا) بسەپێنی. بوونی مەزهەبی جیاواز لە چوارچێوەی ئایینێکدا دیاردەیەکی راست و دروست و تەندروستە، چونکە هەردوو خاڵەکە: کارایی و بە توانایی ئاینەکە و هێز و سروشت و ئەزموونی بە پێز و جیاوازی سەرکەوتووی گەلان بەر جەستە دەکات.

- ئەویدیکەیان هێزی دەرەکییە:- ئەگەر لە زۆربەی هەرە زۆری دیاردەکانی ژیان و شارستانیەت و کۆمەڵگادا هەر دوو هۆکاری ناوەکی و دەرەکی هاوسەنگ رۆڵی بەرامبەریان هەبێ ، لە جەنگی کاولکاری نێوان عەلی (خەلیفەی چوارەم) و معاویەی ئەمەویدا رۆڵی هۆکاری دەرەکی تا رادەیەکی زۆر کاڵبۆتەوە، پاشەکشەی کردووە و بووە بە لاوەکی!رق و کین و بوغز و غەرەزی کۆنی نێوان بەنی هاشم و بەنی ئومەوییە کە بە هۆکاری ناوەکی دادەنرێ کارا و دەستبەکاربووە!

بەپێی سەرچاوەکان پەیامبەری ئیسلام لە خێڵی قورەیش بووە. معاویە خزمی خەلیفەی سێیەم ( عوسمان) بووە و هەردووکیان سەر بە خێڵی بەنی ئومەییەن (( هەر لە سەردەمی جاهیلیەوە ڕکەبەری و ناخۆشی لە نێو ئەو دوو خێڵەدا هەبووە[٣].)).بە هاتنی وەحی بۆ محەمەد پەیامبەری ئیسلام قورەیش هاتۆتە پێشەوە و ئەوەندەی تر بەنی ئومەییە لە هەموو کاروبارێکدا پەراوێز خراوە.

کە خەلیفەی سێیەم عوسمان بەو کارەساتە خوێناویەی سەرچاوەکان باسی دەکەن کوژراوە عەلی کوڕی ئەبو تالیب کراوە بە خەلیفەی چوارەم. معاویە کە ئەو کاتە والی شام (سوریا) بووە خۆی بە میرات گری عوسمان داناوە و بەنی ئومەییەی بە شایستەی خەلافەت زانیوە. دانی بە خەلیفە بوونی عەلی دا نەناوە. دوای کوشتار و خوێن رشتنێکی زۆر تێیدا بە هەزاران سەحابە و شمشێر بە دەستی هەردووك لا کوژراون. بە پیلانێکی رەنگ بۆ رێژراو ( عەبدولڕەحمان مولجەمی

موڕادی) له مزگەوتی کوفه له کاتی نوێژکردندا به شمشێر ورگی عەلی ( خەلیفەی چوارەمی) دڕیوه. ئیتر معاویه خۆی به تەنیا ماوەتەوه و دەوڵەتی ئەمەوی دامەزراندووه. مەسعودی له بەرهەمەکانی وا باس دەکات که معاویه یەکەم شا (مەلیك) بووه له ئیسلامدا، له کاتێکدا خەلافەت بەپێی قورئان دەبێ هەڵبژاردن (شورا) بێت.دوای خۆی کوڕەکەی له جێگای خۆی کردووه به خەلیفه.

بەنی ئومەییه و شێوازی حوکمرانی کردنیان به دەگمەن لەگەڵ بنەکانی ئایینی ئیسلامدا هاتۆتەوه و بگره نه گونجاو بووه! ئەوان به هیچ شێوازێك خوا پەرست و ئیماندار نەبوون. ژیان و کرداریان، به تایبەتی له دەربار و مەڵبەندی حوکمرانی و ژیانیان پتر بەلای کاروباری دونیا و دوور له ئایین بووه. دەسەڵاتیان، دەسەڵاتی سیاسی بووه هانی هەستی نەتەوەی عەرەبیان داوه، هەر له سەردەمی ئەواندا دەکرێ بگوترێ:

- پرۆسەی به عەرەب کردن دەستی پێکردووه.ئەو پرۆسەیه له هەموو بوارەکانی ژیان و جومگەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا پیاده و جێبەجێ کراوه. تەنانەت ئەوی عەرەب نەبوایه کاری پێ نەسپێردراوه. جگه لەوەش وانیشانی عەرەبیان داوه که دەوڵەتەکەیان دەوڵەتی عەرەب و ئیسلامه هەر کەسێك به هەر شێوه و شێوازێك دژیان بێ و بەربەرەکانیان بکات دژی عەرەب و ئیسلامه! ئەو دروشمه ئەنجامی ئەو پەڕی ترسناکی لێکەوتۆتەوه، چونکه هەر کەسێك ئەگەر بەناوی ئایینیشەوه بەربەرەکانێی کردبن و هیچ جۆره سیاسەتێك مەبەستی نەبوو بێ، ئەوان هەر بەو ناوەوه به دوژمنی ئیسلام ناویان بردووه[٤] و بەوپەڕی بێ بەزەیی و دڕندانه خوێنیان ڕشتووه و له ناویان بردووه.

لەلایەکی دیکەوه، ئەو هەنگاوەی ئەمەوییەکان سەرەتای جیاکردنەوەی ئایین له سیاسەت بووه، ئەگەرچی هەر له ژێر پەردەی ئایین و پیرۆزیەکانیدا حوکمیان کردووه!.

لەو هەلومەرجەدا سێ گرووپ (فیرقە) دەرکەوتوون، هۆکاری پەیدابوونەکەیان پتر بەلای سیاسەتدا بووە، بەتایبەتی ئەو بابەتەی چ لایەن و کەسێك مافی ئەوەی هەیە ببێ بە خەلیفە:

- **شیعە:** ئەمانە لایەنگیری علی خەلیفەی چوارەم بوون و بە هیچ جۆرێك دانیان بە رەوایەتی (شەریعەتی) دەسەلاتی ئەمەوییەکاندا نەناوە، بگرە بە داگیرکاریان ناوبردووە و تاوەکو دوایین سات بە گژ دەسەلاتی بەنو ئومەوییەدا چوونەوە.

- **خاریجییەکان:** کە بە (شورات) یش ناو دەبرێن.بەلای ئەو گرووپەوە، هەردوولا ، عەلی و معاویە گومڕان و دەبێ بە چەك ( شمشێر و تیر) بە گژیاندا بچنەوە و بەربەرەکانیان بکرێ.

- **مورجیئە** [٥] :ئەوانە سووننە میانڕەوەکان بوون، ئیمان و کرداریان لە یەکتری جیا کردۆتەوە و هەولّی پاکانە کردنیان بۆ دەسەلاتی بەنی ئومەییە داوە.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ئەو سەرچاوانە بدات کە لە کۆنەوە لەبارەی جەنگە خوێناویەکەی نێوان عەلی و معاوییە نووسراون و رەهەندەکانی شرۆڤە بکات دەگاتە ئەنجامێك جیاواز لەوەی تا ئێستا عەرەبەکان بە گشتی و شیعەکان بە تایبەتی گوتوویانە و نووسیویانە: کام لەو دوو لایەنە: بەنی هاشم (عەلی) یان بەنی ئومەییە شایستەی ئەوەن خەلیفە بن؟

ئەو جەنگە خۆی لە خۆیدا سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتی و خوێن ڕشتن و دووبەرەکی و دابەشبوونەی لێی کەوتۆتەوە، ئەنجامێکی ئاسایی- ناچاریی بووە نەك هۆکار!

- دوای بلاوبوونەوەی ئایینی نوێ جۆرە دابەشبوونێکی چینایەتی تر هەستی پێکراوە (بەپێی ئەو سەردەمە) دابەشبوونەکە کێشەکەی هەر لە روخساردا، لە چاو پێش ئیسلام، گۆڕیووە.لەسەرەتادا زۆربەی هەرە زۆری هەژار و نەدار و بەند و کۆیلەکان ئایینەکەیان پەسەند کردووە و مسولّمان بوون، بەلام وردە وردە کەسانی

تری سەر بە بنەماڵە ئەریستۆکراتیەکانی قورەیش ئیش و کارە گرینگەکانیان کەوتۆتە بەر دەست. ئەوی هەژار و نەداران چاوەڕێیان کردووە بەو جۆرە نەبووە و تا رادەیەك نەهاتۆتەدی. ئەو رەوشە دوای مردنی رابەری ئیسلام بەتەواوەتی دەرکەوتووە و هەستی پێکراوە. سەردەمی خەلافەتی عوسمان ( خەلیفەی سێیەم) بەڵگەیە راستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێ. تەنانەت هەموو پلە و پایە گرنگەکان لە وڵاتانی تری دەرەوەی دوورگەی عەرەب بە دەست کەسانێکەوە بووە لە بەنی ئومەییەی خێڵی عوسمان بوون. داهاتی گەنجینەی مسوڵمانان (بیت المال) بە جۆرێك دابەشکراوە بە ئاشکرا جیاوازی تێدا کراوە و بێدادی پێوە دیار بووە.

- ئەو یاخی بوونانەی هەر لە سەردەمی عوسمانەوە، بگرە دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام، لە دوورگەی عەرەب و یەمەن و لە وڵاتانی تری کراو بە مسوڵمان، ئەگەرچی تۆمەتی کوفر و گومڕاو (فیتنە و هەڵگەڕانەوە) یان دراوەتە پاڵ پتر شۆڕش بوون بە واتای ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون، جیاوازی خێڵەکی و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بێ داری و نەبوونی یەکسانی بەپێی پێویست هۆکاری هەڵگیرسانیان بوون.

هەلومەرجی نوێی داگیرکردنی وڵاتانی تر کە لە مێژووی ئیسلامدا ناوی ( فەتح) ی لێنراوە، هاتنی میللەتانی تر بە خۆشی یان بە تۆبزی بووبێ بۆ ناو ئیسلام و وەرگرتنی ئایینی نوێ ، دەستبەرداربوونیان لە دابونەریت و بۆ ماوەی هەزار ساڵەی ئایینی کۆنیان هەر لەگەڵ خۆیاندا کولتووره جیاوازە هەمە جۆر و فرە رەنگەیەکەی خۆشیان هێناوە نێو ئایینی ئیسلامەوە. ئایا مرۆڤێك بە درێژایی ژیانی زەردەشتی، مەسیحی، یان جوولەکە بووبێ و لە منداڵیەوە بە شیری ئەو ئایینە گۆشکرابێ، ئینجا لە ناکاو ببێ بە مسوڵمان هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو ئایین و دابونەریتە کۆنەکەی دەبێ؟ وەڵامەکەی دیارە چۆنە. ئەو رەوشە کە چوارچێوەی بڕوا و جوگرافیای ئایینەکەی فراوان کردووە بووەتە مایەی ئەوەی عەرەبە مسوڵمانەکان شارەزایی کولتوور و ئایینی کۆنی میللەتانی دیکە

بن و ئەوانەی عەرەبیش نەبوون هەوڵیانداوە زمانی عەرەبی فێر بن بۆ تێگەیشتنی ناوەرۆكی قورئان و حەدیس[٦] ، ئەو تێگەیشتن و شارەزا بوونە لە سەرچاوەكانی ئیسلام و شارەزای كۆنی خۆیان بوو بەمایەی پەیدابوونی زانستێك كە دواتر بە زانستی كەلام ناوبراوە.

- ئەو تێكەڵبوونەی نەتەوە جۆر بەجۆرەكان لە رۆژهەڵات لە ژێر سێبەری ئایینی نوێدا جۆرە هەستێكی نەتەوەیی لە لای عەرەب دروستكردووە و وروژاندووە.ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە بن بە كەمایەتی بۆیە هەر لە سەردەمی بەنی ئومەییەوە هەڵمەتی بە عەرەب كردن دەستی پێكردووە. ئەوەش ئەگەر بۆ عەرەب تارادەیەك باشبووبێ جۆرە كاردانەوەیەكی ناری- نێگەتیڤی لێكەوتەوە. راستە ئیسلام لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە قورئانیش بە عەرەبیە. بەڵام ئایەت و حەدیس هەیە ئەوە دووپات دەكاتەوە كە دەبێ بەیەك چاو تەماشای مسوڵمان بكرێت بەبێ گوێدانە زمان و نەتەوەكەی. بەڵام لە هەموو مێژووی ئیسلامدا ئەو بنەمایە پەیڕەو نەكراوە. پێشێلكردنی ئەو بنەمایە بەتەواوەتی لە سەردەمی دەسەلاتی بەنی ئومەییە(ئەمەوییەكاندا) بە دەركەوتووە.هۆكارێك لە هۆكارەكانی بە گژداچوونەوەی دەسەلاتی ئەمەوی، زۆر و جەورو بێدادی و عەرەب چییەتی بووە. بە مسوڵمانێك عەرەب نەبایە پێیان گوتووە (موالی) ئەو وشەیە بە ئاشكرا بێ رێزی پێ كردنە. فارسەكان لە شكری سەرەكی ئەو شۆڕشە بوون كە بوو بە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتی عەبباسی.

لەو رووداوەوە، رووداوی رووخانی دەسەڵاتی بەنی ئومەییە و دروست بوونی دەوڵەتی عەبباسی چەند خاڵێك سەرنج رادەكێشێ: فارسەكان هاندەری گواستنەوەی پایتەخت بوون لە دیمەشقەوە بۆ بەغدا، بەو بیانوەی دوورخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت لە لە عەرەب كەچی بە پێچەوانەوە ئەو هەڵوێستەی فارس ماڵی خۆیان و ماڵی نەتەوەكانی تری كاولكرد بەوەی نەك هەر بەغدا

بەڵکو سەرانسەری عێراق و چەند ناوچەیەکی ئێران بوون بە زمانی عەرەب کە پێشتر تاکە عەرەبێکی تێدا نەبووە!

زمانی عەرەبیش لە جاران جێگیرتر بوو لە زمانی قورئان و حەدیسەوە بوو بە زمانی دەوڵەت و ئەدەب و فەلسەفە و کولتوور و شارستانیەت و بزووتنەوەی سەرتاپاگیری وەرگێران بەرپابوو لە ئەنجامدا ئەو سەدە و قۆناغ و کولتوورە کەوتەوە کە بە سەردەمی زێرین ناوبراوە و زمانی عەرەبی و ئەو کولتوورەی بەو زمانە نووسراوە گەیشتۆتە چڵەپۆپەی پێشکەوتن و گەشەکردنی سەردەمی خۆی/بێگومان لەو هەلومەرجە نوێیەدا، بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە وڵاتانی تر و لە نێو نەتەوەی تردا ئایینەکەی کردووە بە ئامرازی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمرانی کردن، کۆمەڵگای نوێ پێویستی بە دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت و ئامرازی بەڕێوەبردن هەبووە ئایینەکە ئەو کەلەبەرەی بۆ پڕکردوونەتەوە. بۆیە دەکرێ بگوترێ ، وەك ئیسلام کۆمەڵگاکانی گۆڕی خۆیشی بوو بە ئامرازی بە رێوەبردن و حوکمرانی کردن، لە بەرامبەر ئەو رەوشەدا ئەو پرسیارە کاڵدەبێتەوە کە بۆچی هەر لە نێو مەزهەبی سووننەدا:- شافیعی و حەنەفی و حەنبوولی و مالیکی دەرکەوتوون؟!

خلێك لەو خاڵە گرینگانەی کە وەك توێژینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) لە بارەی جەنگی خوێناوی نێوان عەلی و معاویە دەکرێ بگوترێ ئەو جەنگە ئەگەر لە رووکەش و روخساردا وا بێتە بەرچاو کە شەڕ بووە لەسەر کورسی خەلافەت ئەوا لە روانگەی فەلسەفەوە رەهەندێکی تری هەیە:

رەهەندەکە بریتییە لە راکێشان و بردنی ئیسلام بە دوو ئاراستەدا کە دوو کەسایەتی رابەریان کردووە.

- خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبی تالب پیاوێکی ئایینی لە خوا ترس، راست و دادپەروەر دڵسۆزی ئایین بڕواکەی بووە. هیچ کاتێك سەری بۆ هیچ بتێك شۆڕ نەکردووە/بە هەموو توانایەوە کۆشاوە پیرۆزییە ئایینییەکە بپارێزێ کە

بابەتێکی ترانسندێنتالی سەروو سروشتی ئاسمانییەو دەبێ بە پەتی و ئەبستراکت بمێنێتەوە و دوور بێ لە دەست تێوەردان و گۆڕان و کاریگەری هەموو فاکتەرێکی دەرەکی. ئەو خەلیفە رەنگی سنوورێکی لە نێوان ئایین و کاروباری دنیادا ڕشتووە و بە هیچ جۆرێك دەرفەتی بەزاندنی ئەو سنوورەی نەداوە بۆیە کەسانێکی ناودار و ناسراو بوون بە نەیار و ڕکەبەر و دوژمنی.

- معاویەی ئەبو سوفیانی ئەمەوی بە پێچەوانەی عەلی کوڕی ئەبی تالبەوە مرۆڤێکی دنیایی سیاسەتمەدار زرینگ و شارەزا لە کاروباری ژیان و کۆمەڵگای ئەوسای شام.سەرگەرمی دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی و زیندووکردنەوەی شکۆمەندی خێڵی بەنی ئومەییە بووە بۆ ئەو ئامانجە ئەوپەری شارەزا و زیرەکانە سوودی لە ئایینی ئیسلام وەرگرتووە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکارهێناوە. هەر بەناوی ئایینەکەوە و لە ژێر پەردەی شەریعەتدا ڕکەبەر و نا حەزانی خۆی بەوپەڕی بێ بەزەییانە لە ناوبردووە. تەنانەت معاویە و دەست و پێوەند و کەس و کارەکەی کە لە دوای ئەو بوون بە خەلیفە و کار بە دەست هێزو توانای ئیسلامیان لە هێزو توانا و پاراستنی دەوڵەتەکەیان دیووە بۆیە هەر کەسێك دژی جەورو بێدادی و بەدکاری و گەندەڵیان جووڵابێتەوە بە کافر و گومرا تۆمەتباریان کردووە و لە ناویان بردووە. لە سەردەمی حوکمرانی بەنی ئومەییەدا حوسێنی کوڕی عەلی نەوەی پەیامبەری ئیسلام سەر بڕاوە و سەرەکەیان بردووە بۆ شام بۆ ئەوەی نیشانی خەلیفەی ئەمەوی بدەن.

- کەوابوو ئەو دوو سەرکردەیە رابەری دوو ئاراستەی لە یەکتری جیاوازیان کردووە، یەکێکیان ئایینی کە ویستوویەتی ژیان و کۆمەڵگا بە جۆرێك بگۆڕێ لەگەڵ ئایینەکەدا بێنەوە و خۆشی کاروباری ژیانی پشتگوێ خستووە و لەو باوەرە دابووە کە (ماڵ و منداڵ و دنیا) هیچ سوودێکی نییە، پێویستە مرۆڤ تۆبە بکات و لە رابردووی پەشیمان بێتەوە و بە دڵ و بە گیان پابەندی بنەماکانی ئایینی ئیسلام بێت بۆ ئەوەی دوا رۆژ، ژیانی دوای مردن (قیامەت) بە دەستبهێنێ و بە

بەهەشت شادببێ. ئەویتریان (معاویە) پیاوی دنیایی بووە ویستوویەتی ئایین لە ئاسمانەوە بهێنێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی و بیکات بە کەرەسە و بابەتێکی دنیایی. بۆیە دەکرێ بوترێ: معاویە یەکەم سەرکردە بووە بە کردەوە ئایینی ئیسلامی گۆڕیووە و ئیسلامی سیاسی و عەلمانیەتی (بەواتایەکی تەسکی ئەو سەردەمە) داهێناوە. هەر لە سەردەمی ئەویشدا پارتیە سیاسیە ڕکەبەر و لایەنگیرەکانی پەیدابوون. پیاوی سەردەمێك بووە ئەرکێکی گران و سەختی خستۆتە ئەستۆ، ئەرکی دیاری کردن و ڕشتنی رەنگی دوارۆژی ئایینێك دوای مردنی پەیامبەرەکەی و بەسەرچوونی سەردەمی چوار خەلیفەکە لەبەردەم دووڕیانێك دابوو هەر دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرێ. معاویە هەڵکەوتەی رۆژگار و سەردەمی خۆی بووە، ئەگەرچی بە کوشتار و حوێن ڕشتنێکی لە ئەندازە بەدەر بووبێ، بڕیارێکی داوە لەگەڵ رەوتی مێژوو و پەرەسەندندا هاتۆتەوە! بە دنیایی کردنی ئایینەکە!

دوور نییە لێرەدا رەخنە بگیرێ و چەند پرسیارێك بکرێت:

ئایینەکە بە وەحی ئاسمانی هاتۆتە خوارێ، چۆن دەکرێ گۆڕانی بە سەردا بێت؟ چ کەس ئەو مافەی هەیە ئەوکارە بکات؟

هەر دوو پرسیارەکە پشت بە گریمانەیەك دەبەستن کە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و لەگەڵ پرۆسەی پەرەسەندن و نەسرەوتی بەرە و پێشچوونی ژیانی کۆمەڵگا و مێژوودا نا گونجێ! ئایین ئەبستراکت و پەتی دەکات و سروشتێکی ئاسمانی دەداتە پاڵ ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئایین لە دەستی گۆڕان بەدوور بگیرێ! چ ئایینێك کە هاتووە وەك خۆی ماوەتەوە و دەستی گۆڕان نەیگەیشتۆتێ؟ لە ئیسلامدا باسی (نەسخ) بوونەوە کراوە، ئەگەر نەسخ بوون گۆڕان نەبێ دەبێ گۆڕان چی بێ؟ غەزالی حەدیسێك دێنێتەوە بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە دەبێ هەموو سەدەیەك (سەرە سەد ساڵێك) گۆڕان بەسەر کاروباری ئاییندا بهێنرێت. وەحی و ئایین ناکرێ لەو راستییە بە دوور بن: گۆڕان سەر مەشقی هەموو شتێکە. وا لە ئیمامی شافیعی دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: ئەگەر گۆلاوێك ئاوەکەی

نەگۆڕێ، ئاوی نەیەتە سەر و ئاوی لەبەر نەڕوات تێکدەچێ و بۆ گەن دەبێ! بۆیە راست گوتراوە کە:

((وەحی بەپێی پێویستییەکانی هەڵکەوت گۆڕاوە، شەرع بەپێی گۆڕانی سەردەم و چەرخەکانی گۆڕاوە و هەردوو سەرچاوەی سێیەم و چوارەمی شەرع-کۆی رایەکان و پێوانە-لە پێناوی گۆڕان لە هەموو سەردەمێکدا دەگۆڕێن.)) (٧).

هەبوونی گرووپە جۆر بەجۆرە ئیسلامیەکان راستیەکن لە جیاوازی رەوش و هەلومەرجی رۆشنبیری و کولتووریەوە کەوتوونەتەوە. رێبازەکانی کەلامیش کاردانەوە و هەڵوێست دیاریکردن بوون لەبەرامبەر ئەو رەوشە هەمە رەنگیەدا.

هیچ شارەزاییەك گومانی لەوە نییە کە سێ کتێب تەوراتی جوولەکە، ئینجیلی مەسیحی و قورئان بە پیرۆز دانراون و دراونەتە پاڵ وەحی، یان فەرموودەی رەب-خودان و بەوەحی بۆ هەر کەسێك پەیامبەر موسا،عیسا،محەمەد هاتونەتە خوارێ. هەروەها باسی ئەوە دەکرێ کە هەر دوو کتێبی جوولەکە و مەسیحی کە فەرموودەی رەب بوون گۆڕاون (نەسخ کراونەتەوە) ئەگەر ئەمە گۆڕان نەبێ بەسەر وەحی و ئاییندا هاتبێ ئیتر چ ناوێکی دیکەی لێدەنرێ؟

## سێیەم: بزووتنەوەی وەرگێڕان:

مەبەست لەو پرۆسە فراوانە سەرتاپا گیرەیە کە بە رێکوپێکی لەسەردەمی عەبباسیەکان لە شاری بەغدا دەستی پێ کردووە بۆ وەرگێڕانی کولتووری گەلانی تر بۆ سەر زمانی عەرەبی. بابەتەکان بە گشتی لە زمانی یۆنانی و سریانی و فارسیەوە کراون بە عەرەبی. بۆ ئەو مەبەستە دەزگایەك بە ناوی(خانەی حیکمەت) لە شاری بەغدا کە ئەو کاتە پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بووە، دامەزراوە. گۆڕانی ئایینی ئیسلام، دوای بڵاوبوونەوەی لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب-شانشینی سعودیەی ئێستا- بۆ ئامرازێکی پاڵپشتی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا و دەوڵەت میللەتی عەرەبی لە حجاز هاتوو لە شیعری سەردەمی

جاهیلی بەولاوە هیچ کولتوورێکی شارستانی و بەڕێوەبردنی نەبووە، بگرە چەند خێڵ و تیرەیەکی کۆچەر ( بەدوو ) بوون هەمیشە لە بیاباندا سەرگەرمی گەڕان بوون بە دوای سەرچاوەی ئاو و لەوەڕ بۆ زیندەوەرەکانیان! ئیسلام کردنی بە میللەتێکی تر کە فراوان بن و وڵاتانی تر داگیربکەن ئەو گۆڕانە جۆرییە پێویستی بە کولتوورێك بووە ئەوان نەیان بووە و میللەتانی تر هەیان بووە هەر لەیاساوە تاوەکو بەڕێوەبردن و کاروباری دەوڵەت و بابەتی هزر و کولتوور بە هەموو جۆرەکانیەوە! لێرەوە ئاسایی بوو سوود لە تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی گەلانی پێش خۆیانی وڵاتانی دیکەی خاوەن شارستانیەت و کولتوور وەربگرن. ئەو سوود وەرگرتنەش بە چەند رێگایەك دەبێ لە پێش هەموویانەوە وەرگێڕان لە زمانی ئەو کولتوورەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.

بزووتنەوەی وەرگێڕان راستە لە کۆتایی سەردەمی ئەمەوی و لە سەرەتای دەسەڵاتی عەبباسیەکاندا تاك و تەرا دەستی پێکردبوو بەڵام بەپێی سەرچاوەکان پرۆسەکە بە رێکوپێکی و زانستیانە لە سەردەمی دەسەڵاتی مەئمون دا (٨١٣-٨٣٣ز) کارا و چالاك بووە. تەنانەت هەر لەو سەردەمەدا خانەی حیکمەت وەك ئەکادیمیایەکی زانستیانە وەرگێڕ و هزرمەند و ئەدیب و پیاوی ئایینی و زاناکان تێیدا کۆبوونەتەوە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی جۆر بەجۆریان پێشکەش کردووە. بەرهەم و چالاکییەکانی ئەو زۆر و گرینگ بوون روخسار و سروشتی بزووتنەوەیەکی سەرتاپاگیری کۆمەڵایەتی پێ براوە، ئەو سروشتە دەکرێ لەو خاڵانەدا نیشانبدرێت:

١-بزووتنەوەی وەرگێڕان لە زمانی فارسی و سریانی و یۆنانیەوە بووە بۆ سەر زمانی عەرەبی و لە چەند مەڵبەند و مەکۆیەکدا کراوە. ئەو پرۆسەیە نزیکەی ٢٠٠ساڵ بەردەوام بووە گرینگترین بەرهەمەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتوون و ئەفلۆتین و کولتووری فارسی و هیندستانی و وەرگێردراون.

٢-بزووتنەوەیەك بووە دەوڵەت و هزرمەند و پیاوانی ئایینی و تێکڕای پێکهاتە دەست ڕۆیشتووەکانی کۆمەڵگا بەشداریان تێدا کردووە، ئەو بەشداری کردنەش بە شێوە و شێوازی جۆر بەجۆر بووە.

٣-پارە و توانایەکی دارایی لە سنوور و ئەندازە بەدەر بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەکان تەرخان کراوە[٨].تەنانەت هەندێ سەرچاوە وا باس دەکەن کە وەرگێڕ بە قورسایی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکە زێڕ و زیو و دراوی پێ بەخشراوە.

بەو پێیە ئەو وەرگێڕانە پێداویستییەکی گرنگی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە کە ڕەهەندی مێژوویی و ئایدیۆلۆجی و سیاسی و کولتووری و ئایینی هەبووە دەستەبەری بووە، ئەنجامێکی ئەوتۆشی لێکەوتۆتەوە بە تەواوەتی بنەما و ستروکتووری کولتووری ئەوسای کۆمەڵگای گۆڕیووە.

-لە لایەکی دیکەوە پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب، بە هۆی جەنگی بەردەوامی فارس و یۆنانەکان ئینجا لەگەڵ بیزەنتیەکان گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر ئەو ناوچەیەدا هاتووە کە ئێستا بە ئێران و عێراق و شام و ڕۆژ هەلاتی تورکیا ناودەبرێ.

کولتوور و فەلسەفەی یۆنانی بڵاوبووەتەوە تیایاندا و بە زمانی یۆنانی خوێنراون. کاتێك ئەسکەندەری مەکدۆنیا ئێران و عێراق (میسۆپۆتامیا) ی داگیرکردووە گوایە هەرچی کولتووری بەکەڵکی فارس هەبووە بە زەندا ئاڤێستای زەردەشتەوە کردوویە بە یۆنانی و دوای وەرگێڕانەکە کتێب و سەرچاوە فارسییەکانی سووتاندووە و لە ناو بردووە بۆ ئەوەی شوێنەواریان نەمێنێ و کەس نەزانێ کە ئەو کولتوورە لە فارسیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی یۆنانی و خەڵك وا بزانێ ئەو بەرهەمانە خۆیان لە بنەڕەتدا یۆنانی نین. دوای مردنی ئەسکەندەر لە بابل ،چەند مەڵبەندێك ماونەتەوە و فەلسەفەیان تێدا خوێندراوە، وەك:حەران، ڕەها ،نوسەیبین و جوندی سابوور.

-هێرشەکەی ئەسکەندەر بۆ سەر وڵاتی فارس و میسۆپۆتامیا(دۆڵی نێوان هەردوو رووباری دیجلە و فورات) ئایینی زەردەشتی لاواز کردووە و مەسیحییەکان توانیویانە بە سووك و ئاسانی جێگای زەردەشتیەکان بگرنەوە. ئیتر زمانی یۆنانی و سریانی (مەسیحییەکان) بوون بە زمانی خوێندن لەو مەڵبەندانەدا کە پتر زانستی سەردەمی خۆی و فەلسەفە و لاهووت( ئاییینی) مەسیحیان تێدا خوێنراوە رۆشنبیر و هزرمەند و زاناو پیاوە ئاییینیە مسوڵمانەکان، دوای بڵاوبوونەوەی ئاییینی ئیسلام، لە بوونی ئەو مەڵبەندانە شارەزابوون و بۆتە مایەی وتووێژ لەگەڵ رابەرەکانیاندا کە مەسیحی بوون. لە ئەنجامدا ئەو زانستی کەلامە پەیدا بووە و هانی ئەو مەسیح و فارسانە دراوە بەرهەمەکان بکەن بە عەرەبی.

لەو مەڵبەندانەدا چەند وەرگێڕی شارەزا هەبوون کە بە خوێندن و نووسین چوار زمانیان زانیووە: سریانی، یۆنانی ، فارسی و عەرەبی. ئەو وەرگێڕانە گرنگترین کتێبی فەلسەفە و پزیشکی و ئەستێرەناسی و ئەدەب و کولتووری بە گشتی کردووە بە عەرەبی و سامانێکی لە هەڵسەنگاندن و مەزەندە کردن نەهاتوویان بە عەرەب بە خشیووە. لە بەرامبەر ئەو مەڵبەندانەی وەرگێڕاندا خانەی حیکمەت لە بەغدا مەڵبەندێکی تیشك پژێنی سەردەمی خۆی بووە و لە نێویدا بەسەدا کتێبی گران بەها هەبووە و نووسەر و هزرمەند و مامۆستاو پیاوی ئاییینی و زانایانی کەلام و فەیلەسووفەکان کاریان تێدا کردووە و سوودیان لێوەرگرتووە.ئەوبوحامیدی غەزالی کە بە نەتەوە فارسی ئەفغانستانە لەوێ بە عەرەبی وانەی گوتۆتەوە و گرانبەهاترین بەرهەمی بە زمانی عەرەبی تۆمار کردووە.

**ئەنجام:**

ئایینی ئیسلام کە لە قۆناغ و سەردەم و جێگایەکی دیاریکراودا دەرکەوتووە و بڵاوبۆتەوە و جێگیربووە دیاردەیەك بووە لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و سروشتێکی ناچاری هەبووە، هەر دەبوو دەربکەوێ و بەو شێوە و ناوەرۆکەی کە پێی دەرکەوتووە، چونکە ئەرکێکی دیاریکراوی لە ئەستۆدا بووە دەبوو جێبەجێی بکات:

-هەڵوەشاندنەوەی نەزمی بە ساڵدا چووی بەند و کۆیلایەتی و دامەزراندن و بنیادنانی نەزم و سیستەمی فیودالی دەرەبەگایەتی.ئەو ئەرکەشی سەرکەوتوانە جێبەجێ کردووە.بەڵام وەنەبێ توانیبی دیاردە دەرکەوتە جێگیرەکانی رابردووی پێش ئایینەکە بنەبڕ یەکلایی بکاتەوە، بۆیە هەر دوای مردنی رابەری ئیسلام ئەو کێشانە جارێکی دیکە، بەڵام بە روخساری جیاواز سەرئاو کەوتنەوە و ناوی هەڵگەڕانەوە (رەددە) یان لێنراوە.

ئەوی پەیوەندی بە بابەتی زانستی کەلامەوە هەیە قورئان کە سەرچاوەی سەرەکی ئایینەکەیە هەندێك بابەتی بە کراوەی هێشتۆتەوە و چارەسەری نەکردوون. بۆ نموونە لەوێدا باسی دوو ئایەت کراوە (محکمات و متشابهات) خەڵك پرسیویانە ئەمانە روون نین و لێیان تێناگەین، بەڵام وەڵامێکی وایان دەستگیر نەبووە بابەتەکەیان بۆ روونبکاتەوە. وەڵامەکە وابووە: ئەو ئایەتانەی تێیان دەگەن کاریان پێبکەن ( اعملوابها) ئەوانەش تێیان ناگەن باوەریان پێ بهێنن. هەمان شت بابەتی دیان و خواستی ئازاد دەگرێتەوە. ئیتر لێرەوە پیاوانی ئایینی هەستیان بەوە کردووە کە دەبێ دەست بە توێژینەوەی ئازاد و شرۆڤە کردن (ئیجتیهاد) بکەن. بەو پێیە زانستی کەلام ئەنجامێکە لە سێ هۆکار کەوتۆتەوە:

-هۆکاری ناوەکی قورئان بە تایبەتی و ئایینەکە بە گشتی وا پێویستی کردووە هەندێك بابەت یەکلایی بکرێتەوە.

-هۆکاری دەرەکی کە لایەنێکی بریتی بووە لە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب و هاتنی میللەتانی تر بۆ نێو ئیسلام ئەمەش پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایدیۆلۆجی رۆشنبیری فراوانتر کردووە. لەلایەکەی تر، دوای مردنی رابەری ئیسلام رێوشوێنێکی دیاریکراو نەبوو خەڵکەکە پەیڕەوی بکات بۆ هەڵبژاردنی جێگیر (خەلیفە). ئەو

لایەنە سیاسیە کوشتار و خوێن ڕشتنێکی سنوور بەزێنی لێکەوتەوە و لە ئەنجامدا دوو گرووپی سەرەکی زانستی کەلام (شیعە و خاریجیەکان) دەرکەوتن .

-وەرگێڕانی فەلسەفە و زانستی یۆنان و کولتووری فارس و هیندستان میللەتانی دیکە بۆ سەر زمانی عەرەبی ئەو بزووتنەوەیە پرۆسەیەکی پێشکەوتووی شارستانی و کولتووری لە سەردەمی عەبباسیەکان بە زمانی عەرەبی دروستکرد پریشکێکی بەر ئەو زانستە کەوتووە کە دواتر بە زانستی کەلام ناوبراوە.ئیتر کە وابوو:

زانستی کەلام بابەتێکە لە نێوان ئاین و فەلسەفەدا. لەوەدا شرۆڤەی ئەو خاڵانە دەکات کە لە قورئاندا هاتوون و بە کەلامی خوا(گوتەی خوا) ناودەبرێ بەلای ئاییندا دەچێ و ناوەکەشی لەو کەلام (گوتەیەوە) وەرگیراوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو بابەتانەی کێشەیان لەسەر بووە کۆشاوە راستی یان نا دروستیەکەیان بە سەلمێنە و بەڵگەی ژیر پشت راست بکاتەوە لەو لایەنەدا بەلای فەلسەفەدا هەنگاو دەنێ. وەك لە سەرچاوە کۆنەکاندا هاتووە، زانایانی ئایینی لەسەرەتاوە هەوڵیانداوە بابەتەکانی باوەڕ و ئیمان لێکبدەنەوە و روونبکەنەوە پەنایان بردۆتەبەر ئایەتەکانی قورئان و حەدیس و سوونەت، کاتێك لەبارەی (عەقیدەوە) ناکۆکی و جیاوازی کەوتۆتە نێو بیرو بۆچوون و لێکدانەوە و بڕیارەکانیان پەنایان بردۆتەبەر سەلمێنە و بەڵگەی ژیر بەوپێیە لەو هەڵوێستەوە زانستی کەلام پەیدابووە. ئەو پەیدا بوونە لەوەوە بووە ئایا کەلامی خوا کۆنە یان نوێیە؟خۆ ئەگەر فەیلەسووفەکان ئەو جۆرە هونەر و تەکنیکەی خۆیان بە لۆجیك ناوبردبێ لەبەرامبەر ئەمەدا ئەوان بابەتەکەیان (گوتە) کەلام بووە [٩]. کەلام و لۆجیکیش لەیەکەوە نزیکن. ئەگەر مرۆڤ لە ناوەرۆکی ئەو بابەتانە وردبێتەوە کە زانایانی کەلام کردوویانن بە کەرەسەی توێژینەوە هەر لە خەسڵەت و خود (زات)ی خوا تاوەکو چارەنووس و قەدەر و چاکەکاری و پاداشت و سزا و بەدکاری بۆی دەردەکەوێ کە قسەی سەرچاوە کۆنەکان تەنیا سێ گرووپی موعتەزیلە و ئەشعەرییەو مورجیئە دەگرێتەوە.بەڵام دوو گرووپەکەی دیکە: شیعە و خاریجیەکان ( شورات ) بەلای سیاسەت و ئیمام و خەلیفەدا چوون و هۆکارەکانی پەیدابوونیان سیاسەت بووە نەك ئاین.

# میتۆده

-زانایانی کەلام لە توێژینەوەکانیاندا پەنایان بردۆتەبەر جۆرە میتۆدەیەك کە لە دوو بەش پێکهاتووە:

**١- سەلمێنەی ژیرەکی-کەلامی:**

لەو جۆرە وتووێژەدا زانای کەلام قسەی ڕکەبەر و نا حەزانی دەکات بە پێشەکی و لێیەوە هەنگاو دەنێ، قسەکە شیوتاوتوێ دەکات بۆ ئەوەی لە ناو قسە-گریمانەکەی ڕکەبەرەکەیدا ناکۆکی و ناتەبایی بدۆزێتەوە و نە گونجاوی و ناتەباییەکەی پشت ڕاست بکاتەوە.ئەو سەلمێنەیە هەوڵ دەدات لە پێشەکیەوە ئەنجامێك بە دەستبهێنێ و ساغی بکاتەوە کە ئەو ئەنجامە بە دەستهاتووە کە لە خۆیدا ناکۆکە و لەگەڵ پێشەکیەکەدا نایەتەوە!ئەو سەلمێنەیە دوو نیشان دەشکێنێ:

- ئەو گریمانە-پێشەکییەی ڕکەبەرەکە ناکۆکە و ناگونجێ(١٠).

-ناچارە دەستبەرداری بیروڕاو بۆچوونەکەی ببێ ئەگەرچی ئەو بەڵگەیە لە خۆیدا پشت بە بیرکردنەوەی لۆجیکی و ژیر دەبەستێ و بەپێی سەردەمی خۆی و ئەو بابەتەی بۆ داکۆکی کردن لێی بە کارهێنراوە زیرەکی و دەست ڕەنگینی نیشان دەدات، ئەوا دوو خاڵ هەڵدەگرێ بخرێنە پارسەنگیەوە:

-ئەو بەڵگە بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە زانایانی کەلام و پیاوانی ئایینی ئەو سەردەمە ئاگاداری فەلسەفەی یۆنانی بوون و شتیان لە بارەی دیالۆگ و لۆجیکی ئەو فەلسەفەیە زانیووە.

- پرسیارێك لەبارەی بابەتی باوەڕ ( عەقیدە و ئیمان) و ژیر دەورووژێنێ. ئایا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ-دەستیاوی لە نێوان ئیمان و قەناعەت هێنانی ژیرەکیدا هەیە؟بابەتی باوەڕ هێنان و پشت ڕاستکردنەوەی ئەو باوەڕە ئایینیە بە سەلمێنە و بەڵگەی ژیر ئەوە دەگەیەنێ کە جیاوازی سنوور بەزێنی نێوان دوو بابەت پشت گوێ

بخرێ.عەقیدە و ئیمان و دەقی ئایینی بابەتی دڵ و ناخی دەروونن و ناکرێ لەگەڵ بابەتی ژیردا بخرێنە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە.

مرۆڤی ئیماندار بە چاوی دڵ و ناخی دەروون سەرنج دەدات و بڕیاری ژیر بە هەند نازانێ. مرۆڤێکی عیسایی ئیمان و باوەڕی بەوە هەیە کە عیسا (ڕۆڵەی ڕەبە!) هەموو دنیا قسەی بۆ بکات و بەڵگەی ژیر و لۆجیکی بۆ بهێنرێتەوە تۆزقاڵێك کاری تێ ناکەن!چ کەسێك لە دنیادا پشت ئەستوور بە ژیر ئایین و باوەڕ و عەقیدەکەی خۆی هەڵبژاردووە ؟! ئیمان و ژیر تەواوکەری یەکتری نین!

٢- بەشی دووەمی میتۆدی توێژینەوەی زانستی کەلام بریتییە لە شرۆڤە کردن و لێکدانەوە کە لە عەرەبیدا وشە و چەمکی (تەئویل) ی بۆ بەکارهێنراوە:

لە قورئاندا ئایەت، چەمك و بابەت هەبوون ڕوون نەبوون و خەڵك وا بە ئاسانی لێیان تێنەگەیشتن، بە تایبەتی ئەو ئایەتانەی بە(موتەشابیهات) ناو دەبرێن. لە پەیامبەری ئیسلام پرسیار کراوە گیان( ڕۆح ) چییە؟ لە قورئاندا وتراوە : بڵێ گیان (من أمر ربی)! زانایانی ئایین ناچاربوون پەنابەرنە بەر شرۆڤەکردن و لێکدانەوە، چونکە ئەو ئایەتانە لە روخسار و ڕواڵەتدا بە جۆرێك هاتوونەتە بەرچاو و گوێ کە لەگەڵ گەوهەر و ناوەرۆکیاندا جیابن، لێرەوە دەبێ ڕوونبکرێنەوە و پەنا بۆ شرۆڤەکردن ببرێ.

بە ئاشکرا لە قورئاندا گوتراوە : خوا هیچ شتێك لە وێنەی نییە (**لیس کمثله شیء**) بەڵام لە هەندێك شوێنی دیکەدا گوتراوە خوا لەسەر تەختی عەرش ئارامی گرتووە، خوا لە کەسانی دیکە دەست ڕۆیشتووترە( ید الله فوق أیدیهم)... لێکدانەوەی ئەو جۆرە دەقانە دەرگای پەیدابوونی زانستی کەلامیان خستۆتە سەر پشت و کەشوهەوایەکی وتووێژ و توێژینەوەی ئازاد و نووسین و لێکدانەوەی دەستەبەرکردووە.

-دوای تەواوبوونی داگیرکردنی وڵات و میللەتانی تر کە بە عەرەبی (غەزا و جیهاد) ی پێ گوتراوە، میللەتی عەرەب بوو بە نەتەوەیەکی دەست ڕۆیشتووی ئەو سەردەمەی جیهان، جۆرە ئارامی و ئاسایش و ئاشتی و هێمنیەك دەستی گرتووە

بەسەر وڵاتانی ئیسلامدا کە عەرەب حوکمی کردوون.چەند شار و مەڵبەندی کولتووری و زانست و نیشتەجێ بوون لە وڵاتە داگیرکراوەکان دروستکراون و عەرەبی تێدا نیشتەجێ بوون. شاری بەغدا و کوفە و بەسرە و شام و چەندین شاری تر راستی ئەو قسەیە ساغ دەکەنەوە. عەرەب لەو وڵاتە تازە داگیرکراوانە ئەوەندە دەوڵەمەندبوون و سامان و دارابییەکی لە ژماردن نەهاتوویان دەستگیر بووە، لەو پەری خێر و خۆشیدا ژیاون تەنانەت ساڵی جارێك نەبێ ( بۆ حەج) مەککە و مەدینە وەربیر نەکەوتۆتەوە.لەو هەلومەرج و کەشوهەوایەدا جگە لە کێشەی ئایینی، لەو وڵاتانە بەهۆی تێکەڵ بوونی عەرەب بە میللەتانی تر، کێشەی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرئاو کەوتوون لە ئەنجامی کۆشش کردن بۆ تاوتوێ کردنی ئەو کێشە فرە رەهەندانە پێنج گرووپی سەرەکی کە بە گرووپەکانی زانستی کەلام ناسراون چالاك و دەستبەکاربوون:

**١- موعتەزیلە.**

**٢- خاریجیەکان (شورات).**

**٣- شیعە.**

**٤- ئەشعەری.**

**٥- مورجیئە.**

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١- ت.ج.دی بور:تاريخ الفلسفة في الاسلام. ترجمة: د.محمد عبدالهادی أبوريده.دار النهضة العربية. بدون تأريخ.ص ٦٦ وفی أماكن أخرىَ.

2- Ignaz GoLdzieher: vorLesungen uber den IsLam. HeideLberg.1910.

**ئەو شاکارە کراوە بە عەرەبی:**

- أغناتس غولدتسيهر: العقيدة والشريعة فی الاسلام. ترجمة محمد يوسف موسی.منشورات الجمل.بيروت- ٢٠٠٩ ص ١٩.فما بعد .وفي أماكن متعددة.

٣- أحمد أمين :فجر الاسلام.نوابغ الفكر- القاهرة- ٢٠٠٨، ص٢٩٣.

4- Ignaz GoLdzieher:Ebenda.

– لە وەرگێرانە عەرەبیەکەدا: ل ١١٣ و لە چەند شوێنێکی تریشدا.

٥- حسين مروة: النزعات المادية فی الفلسفة العربية الاسلامية.المجلد الاول.دار الفارابی .بيروت ٢٠٠٨،ص ٤٨٠.

٦- أحمدأمين: فجر الاسلام. **ل ٢٢٩** لە چەند شوێنێکی تردا.

٧- حسن حنفی:التراث والتجديد.المؤسسة الجاميعة..بيروت ٢٠٠٢، ص ٥٥ وفی أماكن متعددة.

٨- ديميتری غوتاس: الفكر اليؤنانی والثقافة العربية.ترجمة: د.نقولا زيادة.بيروت ٢٠٠٣، ص ٣١ وفی أماكن أخرىَ أيضا.

٩- الشهرستاني: الملل والنحل.دار الكتب العلمية بيروت ٢٠٠٧،ج١، ص٢٣ وفی اماكن أخرىَ.

١٠- الدكتور محمد علی أبو ريان: تأريخ الفكر الفلسفی فی الاسلام. دار النهضة العربية-بيروت ١٩٧٣،ص ١٣٤ فما بعد.

- إبن خلدون:المقدمة.دار الشرق العربی بيروت ٢٠٠٤،ص٤١٦.

# گرووپەکانی زانستی کەلام:

## موعتەزیله

له کولتوور و شارستانی ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگا مسوڵمانەکاندا لەسەرەتای دەرکەوتنی ئایینەکەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەب (شانشینی ئیستای بنەماڵەی سعودی) بە گشتی و بڵاوبوونەوەی لە دەرەوەی ئەو دەڤەرە و لە نێو وڵاتانی گەلانی دیکەدا، چەند راستییەکی مێژوویی سەرنج رادەکێشن، ئەگەرچی تا رادەیەکیش ئەو راستیانە بە ناکامی سەریان نابێتەوە، دەرفەتی هیچ ئەگەر و گومانێك نادەن، ئەو راستیانە سروشتی شەریعەتی (ئایین) و سیاسی و هزری (فەلسەفەییان) هەبووە. ئەمەش دەکرێ بە قەواڵە و بەڵگەیەکی پشت راستکردنەوەی ئەو هەڵکەوتە دابنرێن:

لە هەلومەرجی رەخساوی تایبەتیدا، لە هەر سەردەم و جێگایەکدا، ئەنجامی دیار و دەستنیشانکراو سەرئاو دەکەون. ئەمە راستییەکە پرۆسەی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی نەسرەوتی مێژووی گەل و کۆمەڵگاکان ساغی کردۆتەوە. ئەو تێزە سەلمێنراوە لەو راستییە کاڵ ناکاتەوە کە تایبەتمەندی (هەلومەرجی خۆیی بابەتی) هەر نەتەوە و وڵاتە لە قۆناغی دیاری کراودا بە جۆرێك لە جۆرەکان کار لە پرۆسەکە دەکەن و دوور نییە دیاردەیەکی پێش ئەوی دیکەیان سەرئاو بکەوێ. رەوشی ئەوسای دوورگەی عەرەبی هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینە نوێیەکە تاوەکو کۆتایی هاتنی هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە وڵاتانی دیکەدا و جێگیربوونی ئارامی و ئاسایشێکی رێژەیی راستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکەنەوە!

-هەلومەرجی ئەو سای تیرە و خێڵەکی دوورگەی عەرەب وایکردووە کە بابەتی کێشەی سیاسی پێش بابەتی شەرعیەکە سەرئاو بکەوێ! هاشمی و بەنی ئومەییە (قورەیشی) ئەوس و خەزرەج، ئەنسار و موهاجیرەکان هەریەکە خۆی لەویتر لە پێشتر و شایستە تر داناوە. تەنانەت خێڵی بەنی ئومەییە تیرەی خەلیفەی سێیەم و معاویە بە هاتنی ئیسلام وای هەستکردووە پەراوێز خراوە. تەنانەت هەندێك سەرچاوە لەو باوەرە دابوون کە ((خێڵی بەنی ئومەییە هیچ کاتێك بە راستی دڵسۆزی ئایینی ئیسلام نەبوون.[(١)] )). ئەگەرچی ئەو هەڵوێستەی ئەو خێڵە تارادەیەك بە پێچەوانەی بنەماکانی ئایینەوەیە.بروا و ئیمان و عەقیدە پابەندبوون و ملکەچی و دڵسۆزیە بۆ ئەو ئایینەی مرۆڤ هەڵی دەبژێرێ!

دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام بەتەواوەتی ئەو لایەنە سەرئاو کەوتووە. خەلافەت لە جیاتی پتر یەکخستنی خەڵك بە پێچەوانەوە کوشت و کوشتار و خوێن ڕشتن و دووبەرەکی ناوەتەوە. لە چوار خەلیفەی ئیسلام سێیان بە شمشێر ورگیان دڕاوە! برایانی ئایینی دوێنێ ئەمڕۆ لە یەکتری چوونەتە سەنگەرەوە و شیر و تیریان لەیەکتری سووە. شەڕ و جەنگی خوێناوی نێوان خەلیفەی چوارەم و معاویە هەتا هەتایە مسوڵمانانی کرد بە دوو پارچە (سوننە و شیعە). ئەو شەڕە بە هەر لایەکدا لێکبدرێتەوە، زیانێکی ئەوتۆی بە لایەنگیرانی گەیاندووە و دەستێکی وای لێوەشاندووە هیچ رکەبەر و نا حەز و دوژمنێك ئەمەی بۆ نەکراوە. بەپێی سەرچاوە رۆژئاواییەکان ژمارەی ئەو سەحابانەی لە شەڕی ناوخۆیی نێوان خەلیفەی چوارەم و معاویەدا کوژراون پتر بووە لە ژمارەی ئەو سەحابانەی بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ئەندەلوسەوە(ئیسپانیاوە) تاوەکو خواریزم و سەمەرقەند کوژراون!

ئەو ناکۆکییە سیاسیەی نێوان خێڵ و تیرەکانی عەرەبی موسڵمان رەهەندی چینایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتیشی هەبووە، ئەگەرچی بەپێی پێویست لە سەردەمی خۆیدا تیۆریزە نەکراوە، بەڵام لە چوارچێوەی شەرع و زانستی کەلامدا

سێ گرووپ ئەو ڕەوشە سیاسیەیان تۆمار و بەرجەستە کردووە و کێشەکەیان لە دوو خاڵدا کۆکردۆتەوە:

- چ کەس شایستەی ئەوەیە ببێ بە ئیمام و سەرکردە؟ مەرجە ئەو کەسە عەرەبی قورەیشی بێ، یان دەکرێ مسوڵمانێکی ئاسایی زمان و نەتەوەکەی هەرچی بێ ئەو پلە و پایەیەی پێببرێ؟!

- گوناهی گەورە، تاوانی گەورەیە چییە؟ چ کەسێك دەکرێ بە گوناهباری گەورە دابنرێ کە بە عەرەبی (**مرتكب الكبيرة**) **ی** پێدەگوترێ؟ جۆری سزاکەی چیە و چۆن دەبێ؟!

- لە لایەکی ترەوە دوور لەو هەراو هۆریا و جەنجاڵەی نێوان هەردوو لایەنگیرانی خەلیفەی چوارەم و معاویە، چەندین پیاوی ئایینی و زانای کاروباری شەریعەت لە دوو سەنگەری جیاوازدا لەبەر یەکتری وەستابوون، بەبێ ئەوەی سەرنج بۆ لای خۆیان ڕابکێشن خەریکی دانانی بنەمای جیهاندیدێکی تیۆریانە بوون لەبارەی ئایین کە دواتر بە ڕێبازی شەریعەتی ئیسلامی ناوبراوە. لە چوارچێوەی ئەو کۆششەدا دوو ڕێباز بە دەرکەوتوون، هەردووکیان نواندنی دوو جۆرە هەڵوێستبوون لە دوو ڕوانگەوە بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام و بە دوو تیۆری تارادەیەك سەربەخۆ پشت ئەستوور بوون. ئەگەرچی ئەو دوو ڕێبازە لە ڕوخساردا وا بێنە بەر چاو کە لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە و دەچنەوە سەر بنج و بناوانی ئایینەکە خۆی کە دەریدەبرن، ئەوا لە هەمانکاتدا دوو هەڵوێستن ئاوێنەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی سەردەمی خۆیان بوون و کۆشاون لە وردەکاریدا لایەك لە کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەوسا بکەنەوە و بە جۆرێك لە جۆرەکان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە و کێشە لە چارەسەرکردن هاتووەکان یەکلایی بکەنەوە و بەلایەکدا بیانخەن. ئەو دوو ڕێبازە لە دوایدا چەندین ئاراستەی هزری و شەرعی و فەلسەفەییان لێکەوتۆتەوە، دەکرێ زانستی کەلام بە جۆرە پەرەپێدانێکی ئەو دوو ڕێبازە دابنرێ .

- **ڕێبازی یەکەم:** بە عەرەبی پێی دەگوترێ (( ئەهلی ڕەئی و ئیجتیهاد))[٢] ڕابەر و لایەنگیرانی ئەو ئاراستەیە جگە لە دەق و ئایەتەکانی قورئان و حەدیس پشتیان بە بیروڕا و بۆچوون و توێژینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) بە ستووە. ئەو هەڵوێستەی خۆیان بەوە پاسا و داوەتەوە کە هەندێك شت لەو سەردەمە و لە ژیاندا دەقەومێن لە قورئان و حەدیسدا باسنەکراون و چارەسەریان تێدا نییە بۆیە دەبێ لە خەڵك بپرسرێ و بیرو بۆچوونەکان بە هەند دابنرێن و ئینجا پەنا بۆ گریمانەی جۆربەجۆر ببردرێ بۆ هەڵسەنگاندنی کێشە پرسیار لەسەرەکە لە هەموو لایەکەوە و بە هەموو بارێکدا. ڕابەری ئەو ڕێبازە ئەبو حەنیفە بووە کە مەزهەبی حەنیفەی دامەزراندووە و بە پێشکەوتووترین مەزهەب دادەنرێ لە ئیسلامدا، ئەگەر لەگەڵ مەزهەبەکانیتر بەراود بکرێت. خۆی فارسە و ساڵی (٧٦٧ز) مردووە.

- **ڕێبازی دووەم:** بە عەرەبی(ئەهلی حەدیسی) پێ دەگوترێ[٣] لەلایەن مالیکی بنی ئەنەس و ئەحمەدی حەنبەل و شافیعییەوە ڕابەری کراوە. تارادەیەك کۆنە پارێز و سەلەفییە. ڕابەرانی ئەو ڕێبازە ئەوەندە پابەندی حەدیس بوون، بە پێچەوانەی حەنەفییەوە، ئەگەر بابەتێك، کێشەیەك، پرسیارێك ڕێگا چارە و وەڵامەکەی لە حەدیسدا نەهاتبێ پشتگوێیان خستووە. ئەو دوو ڕێبازە هەر لە سەرەتاوە کێشەیان لە نێواندا هەبووە ڕکەبەری یەکتری بوون. بەڵام کەسانێکی ناودار لە نێوانیاندا کارا و دەستبەکاربوون و گرنگترین ڕێبازی زانستی کەلامیان دامەزراندووە. لە قوتابخانەی یەکەمدا حەسەنی بەسری هەڵکەوتووە بەهۆیەوە ڕێبازی گرووپی موعتەزیلە دامەزراوە.

لە نێو ڕێبازی حەدیسدا شافیعی سەرنج ڕادەکێشێ کە ڕێگای دامەزراندنی بۆ کۆنەپارێزترین و سەلەفی ترین مەزهەب و گرووپی محافەزەکاری زانستی کەلام خۆشکردووە کە دواتر بە گرووپی ئەشعەری ناسراوە. شافیعی بە درێژایی ژیانی کۆشاوە قورئان هەر بە عەرەبی بێ و ڕێگای نەداوە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ئەو

مسولّمانانەی عەرەب نین. پێی لەسەر سەرتاپاگیریی دەقەکانی حەدیس داگرتووە و چاویشی هەمیشە هەر لە رابردوو بووە. گرووپی ئەشعەرییە لەلایەن سێ رابەرەوە پەرەی پێدراوە تاوەکو دوا روخسار و ناوەرۆکی پێبراوە. هەر سێکیان لە سێ سەردەمی جیاوازدا ژیاون:شافیعی، ئەشعەری، غەزالی.

- شافیعی خەریکی لایەنی فیقه و شەریعەت بوو.

- ئەشعەری سەرگەرمی عەقیدە بووە.

-غەزالی لەبەرهەمەکانیدا لایەنی هزری و فەلسەفەکەی جێگیرکردووە و هێرشی بردۆتە سەر لایەنەکانیتر. هەروەها پەرەی بە فیقهی مەزهەبی شافیعی و عەقیدەی مەزهەبی ئەشعەری داوە[٤].

ئەگەر مرۆڤ رەخنەگرانە لەو سەرچاوە مێژووییانە وردبێتەوە کە قۆناغی دەرکەوتن و جێگیربوونی ئایینی ئیسلامیان لە دوورگەی عەرەب تۆمار کردووە، ئینجا هاتوونەتە سەر قۆناغی بڵاوکردنەوەی ئەو ئایینە لە وڵاتانی تر و لە نێو میللەتانی دیکە دەتوانێ گریمانەیەك پشت راستبکاتەوە کە هەندێك نووسەری ئەوروپای کردوویانە:

لەسەرەتای جێگیربوونی ئایینی ئیسلام و دەستپێکی بڵاوبوونەوەی لە نێو گەلانی تر، هزرمەند و زانا و پیاوە ئایینی و مەزهەبیەکان لە نێوان دوو ئاراستەی جیهاندیدی کەلامیدا گیریان خواردووە: ئاراستەی پەیوەندی نێوان خواست و توانا (ئیرادە و قودرەتی) خوا و دەسەڵاتی مرۆڤ. چۆن ئەم دوو لایەنە پێکەوە بگونجێنرێن و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی بێسنووری خوا لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤ بە ئازادی بچێتە ژێر باری ئەنجامی ئەو کارانەی دەیکات پاسا و ساغ بکرێنەوە؟ چۆن بوونی کێشەی نەخۆشی و هەژاری و قات و قڕی و بەدکاری لەگەڵ دادپەروەریی خودادا دەگونجێن و دێنەوە؟ ئەو بابەتە گرنگە کە بە کوردی چارەنووس و بە عەرەبی (قەزاو قەدەر-جەبر و ئیختیار)ی پێدەگوترێ، کێشەی گەرموگوڕی ئەو سەردەمە بووە و بۆتە مایەی پەراندنی سەری کەسانی وەك (غەیلانی دیمەشقی و

جەهەم بن سەفوان) بە شمشێر! لێرەدا رەنگی جیهاندیدێك رێژراوە لە جیاتی چارەنووس و ناچاری مێژوویی پەرەسەندن و گۆڕان و گەشەکردن دەسەلات و توانا و خواستی خوا دانراوە (کن فیکون) هەر خۆی هۆکاری هەموو شتێکە بە بوون و نابوونەوە داهێنەری ئەو بزووتنەوە مێژووییەیە[٥] کە دادی رەببانی (عەدالەتی ئیلاهی) لەسەر زەوی جێگیر دەکات! بەلام دوای داگیرکردنی ولاتانی دیکە و شارەزابوون بە کولتووری میللەتانی تر کە پێشکەوتووتر بوون و بەرامبەر بە ئایینی تر و هزری جودا کراوەتر بوون، بنەمای چارەنووس تارادەیەك کالبۆتەوە.لەلایەکی ترەوە بە هۆی ئەو سامان و دراو و زێڕ و زیو و گەوهەر و مالی دنیایەی لەو ولاتانە و لەو میللەتانە دەستگیریان بووە فێری جۆرە ژیانێکی تر بوون جیا لە هی پێشوویان لە دوورگەی بیابانی بێ خێر و بێر و کشتوکالی عەرەب. ئەو جۆرە پەیوەندیە بە گەلان و ئایینی تر و ئەو ژیانە نوێیەی پڕ لە خێر و خۆشی، تارادەیەك شانازی کردن بە رابردوو رەچەلەکی کالکردۆتەوە و بەرچاوی روونتر کردوون و ناچار بوون بە گیانێکی تر لەگەل راستییەکانی ژیان و دەوروبەر بجوولێنەوە. ئەو رەوشە تارادەیەك سروشتی دنیایی بە جیهاندیدی ئایینەکە بەخشیووە و لایەك لە ئازادی و ئۆبالکێشانی مرۆڤ کراوەتەوە، روو لە ژیر (عەقل) کراوە و بۆ لێکدانەوەی بابەتەکان پشتی پێ بەستراوە. کراوە بە ئامرازی لێکدانەوەی تێکستە ئالۆزەکانی ئایین.لەو کەشوهەوایەدا کە جۆرە دەلاقەیەکی کرانەوەی بە رووی ژیاندا تێدا بەدی کراوە کە سانێك لە ژێر ناوی گرووپی موعتەزیلە دەرکەوتوون جوامێرانە هەولیان داوە بە پشت بەستن بە ژیر لایەنی ئاسمانی- ترانسندێنتالی ئایین کالبکەنەوە و هەر نەبێ بەهۆی رەخنەگرتن لە هەندێ لایەنی ئایینی و شرۆڤەکردنی تایبەتی دەقە پیرۆزەکان دەرگای شنەبای هیوا بەخشی گۆڕان ئەگەر هەندەکیش بێت لەبەردەم کۆمەلگادا بخەنە سەر پشت. کەوابوو:

- ناوی موعتەزیلە لە چییەوە هاتووە؟

- بنەما و ڕێوشوێنە سەرەکییەکانیان چین و کامانەن؟
- پەیوەندیان بە گرووپەکانی ترەوە چۆن بووە؟
- تا چەند بەرجەستەی کاروباری ئایینی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیانیان کردووە؟
- بۆچی بەو شێوە دڕندانەیە سەرکوت و قڕکران؟
وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە،پشت ئەستوور بەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، ئەرکی سەرشانی ئەو نووسینە دەبێ.

### ناوی موعتەزیلە:

موعتەزیلە وشەیەکی عەرەبی لە ئیعیتزال و ئیعتەزەلەوە هاتووە کە بە گشتی، بەبێ چوونە نێو وردەکارییەکانی زمانەوە، واتای جیابوونەوە، گۆشەگیربوون، دوورەپەرێز وەستان، دەگەیەنێ. ئەگەرچی ئەو گرووپە پێش ئەوەی بەتەواوەتی لەو ڕێکخراوە کەلامیەدا خۆیان ڕێك بخەن و ئەو ناوەیان بەسەردا ببڕێ، بەشداری جەنگی نێوان خەلیفەی چوارەم و معاویەیان نەکردووە، بێ لایەن بوون، دوورەپەرێز وەستاون بەڵام دواتر لە مزگەوتی شاری بەهرە لەبەردەم حەسەنی بەسریدا لە ئەنجامی وەلامدانەوەی پرسیارێك: گوناه و گوناهباری گەورە چییە؟ چ کەسە و سزاکەی چۆنە؟ ئەو گرووپە دروست بووە و ناوی موعتەزیلەی بەسەردا براوە:حەسەنی بەسری و واصلی کوڕی عەتا لە مزگەوتی بەسرە بوون، مرۆڤێك لە ناکاو خۆی بە حوجرەی مزگەوتەکەدا کردووە و لەبەردەم حەسەنی بەسریدا قیت بۆتەوە و گوتوویەتی:

هۆ ئیمامی ئایین! لەو سەردەمەماندا تاقمێك پەیدابوون ئەو کەسانە بە کافر و گومڕا دادەنێن کە گوناهی گەورە دەکەن، گوناهی گەورە بەلایانەوە گومڕایی و دەرچوونە لە ڕیزی مسوڵمانان ئەو تاقمە خاریجیەکانن، تاقمێکی تر بابەتەکە دوا دەخەن، بەلایانەوە ئەگەر مرۆڤ ئیماندار بوو گوناهی گەورە زیان بە بڕوا و

عەقیدەکەی ناگەیەنێ، چونکە ئەوان بەپێی مەزهەبەکەیان کار و کردار بنەمایەکی ئیمان نییە، بۆیە یاخی بوون زیان بە ئیمان ناگەیەنێ، هەروەها ئەگەر کافر بشپەرستێ هیچ سوودێکی نییە!ئەوانە مورجیئەی ئوممەتن. باشە ئێوە چۆن بەپێی عەقیدە بریار دەدەن؟حەسەن بیری لێ کردۆتەوە، پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە واسلی کوری عەتا هاتۆتە قسە و گوتوویەتی:

من نالێم ئەوەی گوناهی گەورە دەکات بەتەواوەتی ئیماندارە،یان بەتەواوەتی گومڕایە، بەڵکو ئەو لە خانەیەکدا دایە لە نێو دوو خانەدا نە ئیماندارە و نە گومڕایە! ئینجا لە جێگای خۆی هەستاوە چووە بۆ زاویەیەکی ئەو لای مزگەوتەکە. حەسەنی بەسری گوتوویەتی:

واسڵ لێمان جیابۆوە[٦].. ئەمە بە واتای (ئیعتەزەلەنا) دێت و لێرەوە گرووپی واسڵ ئەو ناوەیان لێ نراوە!

ئەگەر کەسێك گوناهێکی گەورەی کرد نە ئیماندار بێ و نە کافر ئیتر چ ناوێکی لێ دەنرێ؟ سەرچاوە کۆنەکان وای بۆچوون کە حەسەنی بەسری ئەو کەسە گوناهبارەی بە دووڕوو( منافق) و واسڵ بە (فاسق) ی ناوبردووە[٧] کەوابوو جیاوازی نێوان ئەو دوو چەمکە چی دەگەیەنێ و چۆن لێکدەدرێتەوە؟

دووڕوو ئەو کەسەیە (لێرەدا وەك ئەو گرووپە لێکی داوەتەوە) کە قسەی زار و کرداری، ئەوەی دەیلێ و ئەوەی لە ناخی دەروون و دڵیدایە دوو شتی لە یەکتری جیاوازن. بەڵام فاسق وەك واسڵ بۆی چووە و لێکی داوەتەوە ئەو کەسەیە ئیمانی هەیە بەڵام بە کردەوە بێ ڕێزی بە شەریعەت کردووە و بنەماکانی پێشێل کردووە[٨].

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ: چۆن ئەو هەڵوێستە میانڕەوەی موعتەزیلەی پشت ئەستوور بە ژێر لێکدەدرێتەوە لە کاتێکدا گرووپی تر هەبوون بە ئاسانی تۆمەتی کوفر و گومڕاییانە داوەتە پاڵ ڕکەبەر و ناحەزانیان و شمشێری کاربەدەستانی دەوڵەتیش دەستی لە پەڕاندنی ملی رەخنەگران نەپاراستووە ؟! ئایا

ئەو هەڵوێستەی موعتەزیلە لە جۆری بیرکردنەوە و پێکهاتەی خۆیان کەوتۆتەوە؟ یان ڕەوشی هەلومەرجی دەورووبەر ئەو دەرفەتەی ڕەخساندووە، یان هەر دوو هۆکارەکە پێکەوە دەستەبەری ئەو جۆری کردار و بیرکردنەوەی ئەو گرووپە بوون؟

بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ڕێبازی موعتەزیلە لە هەردوو شاری بەسرە و بەغدا دامەزراون. ئەو دوو باژێرە مەڵبەندی کولتووری و شارستانی و بازرگانی بوون، ڕۆڵەی نەتەوە و ئایینزای جیاواز تێیاندا ژیاون بۆیە دەکرێ هەر دوو هۆکاری دەورووبەر (کۆمەڵگا) و کەسایەتی ڕابەرانی ئەو ڕێبازە بنەما سەرەکییەکانی گرووپەکەیان دیارو دەستنیشان کردووە.

- ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ ڕابەرانی موعتەزیلە هیچیان بە زمان و ڕەگەز عەرەب نەبوون. ئەمەش قسەکەی ئیبن خەلدوون دێنێتەوە یاد کە ((هەموو زاناکانی ئیسلام عەجەم بوون[٩])) واتە عەرەب نەبوون. ئەو جۆرە زانستانە بابەتی شار و باژێڕن، عەرەب کۆچەر و بەدوون و لە بیابان دەژین بۆیە لێوەیان دوور بوون. ئەو شێوازەی بڕیاردان دوو خاڵی لێدەکەوێتەوە:

- عەرەب کۆچەر و بەدووبوون .کولتووریان نەبووە. لە وڵاتێکی هەژار و نەدار و بیابانەوە هاتوون. وڵاتانی پڕ پیت و بەرەکەت و خێر و بێر و کولتوور و شارستانی پێشکەوتوویان داگیرکردووە، فێری ژیانێکی تر بوون بۆیە ئیبن خەلدون گوتەنی: ژیانی خۆش و پوڵ و پارە و سامان و ماڵی دنیا و پلە و پایە و ئیش و کاری بەڕێوەبردنی دەوڵەت وای لێکردوون نە پڕژێنە سەر کاروباری کولتوور و چالاکی هزری و زانست.

- زانایانی ئیسلام کە هیچیان عەرەب نەبوون (بە دەگمەن نەبێ) لە ڕەوشێکدا ژیاون کولتوور و ئایین و شارستانییەکی گەشەکردوو و پەرەسەندوویان هەبووە کە سانێك بوون بە سەرۆك و ئاغایان تا دوێنێ پێخاوس و نەزان و ڕووت و ڕەجاڵ( گروسنە، توشنە، دربیابان مەلەخ میخورەن)، جۆرە ڕەوشێك کە لەلایەن بوو بە هاندەرێکی دەروونی سایکۆلۆژی، پاڵی پێوە ناون بن بە ڕابەر و مامۆستای

کاروباری ئەو ئایینە کە عەرەب بۆی هێناون. بەو هەنگاوە ئەو زانا مسوڵمانانە کە عەرەب نەبوون دوو نیشانیان پێکاوە:

- ئەوان راستە بە زمان و نەتەوە عەرەب نین. قورئان و حەدیسیش بە عەرەبین، بەڵام بە کردەوە دەریان خستووە کە ئەگەر لە کاروباری ئاینەکەشدا لە عەرەب چالاکتر و کارا و زیرەکتر نەبن ئەوا بە هیچ جۆرێك کەمتر نین.

- لەلایەکی ترەوە بالۆرەی رەزاگرانی (مەوالی) یان پووچەڵ کردۆتەوە بەوەی کە دەبێ یەکسان وەك عەرەب بە یەك چاو تەماشا بکرێن.

## بنەما بنەڕەتیەکانی موعتەزیلە:

بەهۆی ئەو هەلومەرجەی گرووپی موعتەزیلە تێیدا ژیاوە، بە دەگمەن سەرچاوەیەکی کۆن دەستدەکەوێ کە بەرێکوپێکی و سیستەمییانە جیهاندیدی ئەو رێبازەی تۆمار کردبێ. سەرچاوەکان بە گشتی چەند رستە یان چەند پەرەگرافێکیان لە بارەیەوە نووسیوە.تەنانەت لە بەرهەمەکانی خۆشیاندا ئەو کەموکوڕییە بەرچاو دەکەوێ. پشت ئەستوور بەو سەرچاوانە و ئەوانەی نوێ کە لەسەر موعتەزیلە نووسراون هەوڵدەدەین بەپێی توانا سوود لە هەردوو جۆرە سەرچاوەکان وەربگرین و وێنەیەکی رێکوپێك لەبارەی جیهاندیدەکەیان بکێشین. خەیات کە خۆی رابەرێکی موعتەزیلەیە لە کاتی رەخنەکردنی ئبن رێوەندیدا گوتوویەتی:

(( کەسێك شایستەی ئەوەیە ناوی موعتەزیلەی لێ بنرێت ئەگەر باوەڕی بەو پێنج بنەمایە هەبێ:

یەکەم: یەکرەنگی (التوحید).

دووەم: داد ( العدل ).

سێیەم : بەڵێن و سزا (الوعد والوعید).

چوارەم: خانەیەك لە نێوان دوو خانەدا ( منزلة بين منزلتين ).

پێنجەم: چاکەکاری و دووریی لە بەدکاری[١٠] (الامر بالمعرف والنهی عن المنکر).

ئەگەر هەر کەسێك باوەری بەو پێنج بنەمایە هەبێ و داکۆکیان لێبکات و لەسەریان بە جواب بێت دەچێتە رێزی رێباز و گرووپی موعتەزیلە. چۆن موعتەزیلە ئەو بنەما بنەرەتیانەی روونکردۆتەوە؟!

**یەکەم: یەکڕەنگی:**

موعتەزیلە چەمکی عەرەبی (ئەل تەوحید) یان بە کارهێناوە کە واتای ئەوە دەگەیەنێ شتێك بە ژمارە یەك بێت! بەڵام دەلالەتەکەی لێرەدا بۆ یەك ڕەنگی ڕەب بەکارهاتووە کە تاك و تەرایە، شەریك و هاوبەشی نییە، کەس و هیچ شتێك لە وێنەی ئەو نییە. نە لە دایك دەبێ، کەسیشی لێ نابێ ( منداڵی نابێ) ، هیچ جۆرە تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئەوانەی نییە کە دایهێناون ( خەلقی کردوون). نە لەشەو نە وێنە و نە گۆشت و نە خوێنی هەیە، نە گەوهەر و نە رووکەشی هەیە نە رەنگی هەیە، نە گەرمە و نە ساردە، درێژی و پانی و قووڵایی نییە نابزوێ و نا جووڵێتەوە، ئەندام و پارچەی نییە ساکاری تەواوەتیە نە لای راستی هەیە نە چەپ، نە باکووری هەیە نە باشوور، نە لەسەری هەیە و نە لە ژێریدا، کات و شوێن نایگرنەوە، هەر هەبووە و هەرە کۆنە و هەر دەبێ و هەر دەمێنێ و لە ناو ناچێ و بێسنوور و لە رادە بەردەرە هیچ هەست و دید و چاوێك توانای بینینی ئەوی نییە بەڵام ئەو هەموو شتێك بەدی دەکات، ئەو لە هەموو ئەوە جیاوازترە کە بە بیروهۆش و ئەندێشەی مرۆڤدا بێت. بە توانا و بە هێز و دەسەڵاتە زانا و زیندووە، سەرگەرمی سوود و قازانج نییە، زیان و ئێش و ئازاری پێناگات. گۆڕانی جۆری دڵخۆش بوون و غەمباری بەسەردا نایەت. هەر خۆی کۆنە[11]، هەموو شتێك، هەرچی هەیە و نییە نوێیە و ئەو دایهێناون.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو تێکستە بدات کە سەرچاوە کۆنەکان تۆماریان کردووە بۆی دەردەکەوێ کە راستە زمانەکەی تا رادەیەك ئایینییە بەڵام بەلای لۆجیك و زانستی کەلامیشدا هاتووە و هەنگاوی ناوە. ئەو بۆچوونە بەوە پشت راست دەبێتەوە کە نووسەرەکەی ئەوەی لە توانایدا بووە هەرچی خەسڵەت و سیفەت هەیە کە بە بیری مرۆڤدا بێت و گومانی لێکچواندنی لێ بکرێت ناکراون و لە خودی خوا بە دوور گیراون. کەواتە کامانەن ئەو خەسڵەت و سیفەتانەی خوا هەیەتی و بکرێ بە ئاریێ ناو ببرێن و قسەیان لێوە بکرێت؟ ئایا ئەو خەسڵەتانە بە شێك پێکدەهێنن لە خودی خوا خۆی یان جیاوازن لێوەی؟ ئەگەر مرۆڤ باسی یەك رەنگی رەب، خوا بکات خەسڵەتی

هەبوونی شەریك نا دەكات و بە دووری دەگرێ، ئەگەر خەسڵەتی كۆن و هەرە كۆنی و هەتا هەتایی (ئەزەلی و ئەبەدی) بدرێتە پاڵ ئەوە سروشتی نوێ و رووداو و پەیدابوونی لێ دەستێنرێتەوە؟ بەڵام ئەگەر بگوترێ خوا توانا و دەسەڵاتی رەهای هەیە، ژیان و زانایە چی دەگەیەنێ؟ دەكرێ هەر سێك خەسڵەتەكە لە مرۆڤیشدا وێنا بكرێن و بەرامبەر بە بێ دەسەڵاتی و لاوازی و مردن و نەزانین دابنرێن چۆن موعتەزیلە ئەو لایەنە لێك دەدەنەوە؟.

كێشەكە وا بە ئاسانی یەكلایی ناكرێتەوە چونكە جارێكی دیكە چەند پرسیارێكی تر دەوروووژێنێ..

ئایا ئەو خەسڵەتەنە خودی (زاتی) خوا پێكدەهێنن یان بە شێكن لە بوونەكەی؟ لەو كاتەدا دەبێ خەسڵەتەكانی وەك خوا خۆی كۆن بن لێرەدا كۆنەكان لە یەكێك پتر دەبن و ئەمەش جارێكیتر لەگەڵ یەكرەنگی خوادا نا گونجێت. كەوابوو موعتەزیلە گوتەنی خوا بۆ خۆی بە توانا و (قادیرە)، خۆی بۆخۆی ژیانە و زیندووییە و هەتاهەتاییە و نەمرە و بە خودی (زاتی) خۆی زانایە ئەو سێ خەسڵەتە لە خودی خوا جیا نین، بەڵكو بە شێكی جیانەبووەوەن لە خودی خوا خۆی [١٢].چونكە ئەگەر مرۆڤ ساغی بكاتەوە كە ئەو خەسڵەتانە كۆنن جۆرە هاوبەشێك بۆ خوا گریمانە دەكات ئەو گریمانەیە لەگەڵ باوەڕی یەكرەنگیدا ناگونجێ و نایەتەوە. كە مرۆڤ بڵێ ئەو شتە یان ئەو خەسڵەتە كۆنە مەبەست ئەوەیە كە سەرەتای پەیدابوونی نییە، هەر هەبووە. ئەگەر خەسڵەت لەگەڵ خۆدا یەك بێ یەكرەنگی دووپاتدەكرێتەوە. ئەگەر موعتەزیلە هەر سێك خەسڵەتی توانا، زانین، زیندوویی ژیان دەكەن بە پێكهاتەی خودی خوا مەبەست لەوەیە كە ساكاری خوا بپارێزن، بڵێن خوا بە توانایە خۆی نەك بەهۆی هێزە، خوا بۆ خۆی زانایە نەك بەهۆی زانینەوە ئەم خەسڵەتەی پێ براِبێ.خۆی بۆ خۆی زیندووە و ژیان ئەو خەسڵەتەی پێ نە بەخشیووە.

ئەو بۆ چوونەی موعتەزیلە ئەگەر نیاز و ئەجیندای ئایینی هەبووبێ و ویستبێتیان یەكرەنگی خوا ساغ بكەنەوە لە هەمانكاتدا ئەو كارەیان بە چالاكییەكی فەلسەفە و

لۆجیك دادەنرێ چونكە بابەتەكەیان پتر بەرەو پەتی كردن ( ئەبستراكت) بردووە و پەنایان بردۆتەبەر چەندین چەمك **((خود، رووكەش، گەوهەر، كات، جێگا، رەوش))** كە تێكڕا بابەتی فەلسەفە و زانستی كەلامیان لێ پێكدێت ئینجا واتا و مەدلوولی كەرەسەیی و مادەیی وشەكانیان لە واتای راستەوخۆی زمانەوە بەرەو واتاو دەلالەتی سیمبۆڵی بردووە(١٣) كاتێك ئەو وشانەی لە قورئاندا هاتوون بە جۆرێكی تایبەتی لێكیان داونەوە و شرۆڤەیان كردوون. بۆ نموونە لە قورئاندا باسی دەستی خوا، كورسی عەرش، رووی خوا كراوە، ئەوان بە هێز و توانا و عەرش مەبەست لە شكۆمەندی و بەرزییە و روو لەگەڵ چاو خواستی بێ سنوور و بەهرە دەگەیەنێ. بەو پێیە موعتەزیلە بەلایەنگیرانی یەكرەنگی دادەنرێن، چونكە خەسڵەتەكانیان لە خودی خوا جیا نەكردۆتەوە.

**دووەم: داد:**

مەبەستی ئەو رێبازە ئەوەیە كە خوا دادپەروەرە هیچ كاتێك بەدكاری لێناكەوێتەوە و لە خودی پاكی ئەو بە دوورە. بەو پەڕی دادپەروەریی بەپێی چاكەكاری و بەدكاری مرۆڤ پاداشت دەكات یان سزا دەدا. ئەو چەمكە كە بنەمای دووەمی ئەو رێبازەیە لەگەڵ چەمكی یەكەمدا كراوە بە ناونیشان و ناوی موعتەزیلە، لە زۆر سەرچاوەشدا و خۆشیان بە لایەنگیرانی یەكرەنگی و داد ناو دەبەن كە بە عەرەبی ( ئەهلی عەدل و تەوحیدیان) پێ دەگوترێ. بە لایانەوە خوا دادپەروەرە و سەرچاوەی دادە. داد ئەوە دەگەیەنێ كە هەموو شتێك لە جێگای شیاوی خۆی دابنرێت. خوا لە كرداریدا دادپەروەرە چونكە بەپێی خواستی خۆی فرمان دەدات و ئەوە دەكات كە خۆی دەیەوێ و دەیخوازێ و بەو جۆرە بڕیار دەدات كە راست و دروست و بەرژەوەندی و سوود و قازانج پێویست بكات. هیچ كاتێك و بە هیچ شێوەیەك چاوەڕێی بێ دادی لە بڕیار و فرماندا و زوڵم لە كرداریدا چاوەڕێ ناكرێت(١٤) بەو پێیە بەلای موعتەزیلەوە داد ئەو دانایەیە كە ژێر پێویستی دەكات.

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێت ئەو پێناسەیەی دادی ڕەببانی چۆن پەیوەندی نێوان کاری خوا و کاری مرۆڤ دیار و دەست نیشان دەکات؟ چۆن بوونی بەدکاریی ( شەڕ- نەهامەتی) لەگەڵ دادی ڕەببانی دێتەوە و پاسا و دەدرێ؟ ئایا مرۆڤ لە کرداری ژیانی ڕۆژانەیدا ئازادە یان هەموو شتێك لە چارەی نووسراوە؟ وڵامی ئەو پرسیارە لەگەڵ دادپەروەریدا چۆن دێتەوەو پاساو دەدرێ؟ ئەو پرسیارانە بە هەر لایەکدا وەڵام بدرێنەوە گرێیەکە پتر ئاڵۆز دەکات و ئەنجامێك دەستگیر نابێ ئەگەر و دوودڵی لە دڵدا نەمێنێ. هیچ موعتەزیلەیەك گومانی لەوە نەکردووە کە بەدکاری لە خودی خواوە دوورە و بەدەرە، کەوابوو چۆن پاداشت و سزای مرۆڤ لێکدەدرێنەوە؟ چۆن مرۆڤ لەسەر کارێك خەڵات دەکرێ یان سزا دەدرێ کە بە خواستی خۆی نەیکردبێ و لە چارەی نوسرابێ؟ئەگەر مرۆڤ لە ڕوانگەی فەلسەفە سەرنجی ئەو دوو چەمکە بدات:

یەکرەنگی دادی ڕەببانی کە کراون بە دوو بنەمای بنەڕەتی ڕێبازی موعتەزیلە و لەلایەن هەموو مسوڵمانێکی ئیماندار پەسەندن، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو ڕێبازە دوو لقی ئۆنتۆلۆجی و بابەتی ئاکاری لە تەنیشت یەکتری داناوە و ویستوویەتی لەلایەکەوە لە ژێر ناوی یەکرەنگیدا خود (زاتی) خوا لە هەموو گومانێك کە هاوبەشی بۆ پەیدا بکات بە دوور بگرێ ئینجا کاری خوای بە جۆرێك داناوە کە هەموو مەرجەکانی ئاکاری تێدایە [١٥] بەو بڕیارە وا دانراوە کە خودی خوا خودێکی ڕەهایە، بێ سنوور و لەکات و جێگا بەدەرە هیچ جۆرە خەسڵەتێکی مرۆڤی داهێنراوی نییە. لە لایەکەی ترەوە بە چەمکی داد هەموو ئەگەرێکی بەدکاری و زۆر و جەور و زوڵم و ناحەزی و ناشیرینی لە خودی خوا دوور خراوەتەوە. ئەوی خوا بیکات و بڕیاری لەسەر بدات ئەوپەری باش و چاکەکارییە چونکە خوا ئەوپەڕی دادپەروەرە. دادپەروەریی خۆی بنەما و بنەڕەتی چاکەکارییە چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەسانی ترەوە هەیە کە ئەنجامی کاری دادەکە دەیانگرێتەوە و پەیوەندی نێوان خوا و بەندەکانی کە دایهێناون بە جوانترین شێوە و شێواز بەرجەستە دەکات ، لە لایەکی ترەوە داد پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە دیاری دەکات و ئەرکی سەرشانی کەسەکان لە چوارچێوەی قەدەر و

چارەنووس و خواستی ئازاددا رەنگ دەرێژن. هەر لەو پەیوەندیەوە کە موعتەزیلە قسەیان لێکردووە تیۆرییە سیاسیەکەیان بە دەردەکەوێ ئایا چ کەس مافی هەیە ببێ بە ئیمام( سەرۆك) مەرجە ئەو کەسە هەر عەرەب و قورەیشی بێ یان دەگونجێ مرۆڤی ئاسایی ئەگەر لە نەتەوەیەکی تر بێت بۆ سەرۆکایەتی ئوممەت کاندید بکرێت ؟ ئەگەر سەرۆك هەڵبژێردرا دوای ماوەیەك دەرکەوت کە شایستەی ئەو کورسیە نییە، زۆردارە دەست لە بێ دادی نا پارێزێ و خزمەتی گەل و وڵات ناکات هەڵوێست لە بەرامبەریدا بەباوەری موعتەزیلە دەبێ چۆن بی؟ بۆ دەربڕینی ئەو هەڵوێستە جا نا رەزای دەربڕین، یان پەسەندکردن و بێ دەنگی بێ، پێویستە خەڵك چ رێگایەك بگرنەبەر و چ شێوازێکی کارکردن لەو رەوشەدا پەسەند و شیاوە؟

ئایا موعتەزیلە بۆ جێبەجێ کردنی جیهاندید و بیروبۆچوونەکانی هەوڵیداوە بێتە سەرکار و دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت بە دەست بهێنێ؟

بەلای ئەو رێبازەوە ئەگەر ژمارەی نارازییان بەپێی پێویست بوو دەبێ راپەرن سەرۆکە زاڵمەکە لا بەرن و ئیمامێکی دادپەروەر لە جێگایدا دابنێن. بەڵام چ کەس ئیمامی دادپەروەرە؟ ئەو خەسڵەتانە چین کە دەبێ تێیدا بن بۆ ئەوەی دادپەروەر و شایستەی ئەو کورسی و پلە و پایە بێت؟

ئەو کەسەی دەبێ بە سەرۆك(ئیمام) دەبێ هەردوو دەسەڵاتی سیاسی (دنیایی) و دەسەڵاتی ئایینی لەودا ئاوێتەی یەکتر بن و کاتێکیش دادپەروەر (عادیل) دەبێ کە لە هەردوو بابەتی یەکرەنگی و داددا پرس بە کۆمەڵانی خەڵك (ئوممەت) بکات و بە قسە و کردەوە پابەندی هەردووك بنەماکە بێ(١٦).ئەو هەڵوێستەی موعتەزیلە بە روون و ئاشکرایی پەیوەندی نێوان دادی خوایی ئاسمانی و مرۆڤی (ئیمام)ی سەر زەوی دنیایی دیار و دەست نیشانبکات و لە لای دووەمیان بە تایبەتی و لە لای مرۆڤی ئاسایی بەگشتی ئازادی خواست و سیاسی ژیانی و رۆژانە گریمانە دەکات لەسەردەمی خۆیدا هەنگاوێکی بەرەو پێشچوون بووە ئەو گرووپە ناویەتی. بەرەو پێشچوونێك لە ژیانی رۆژانەدا کە دادی رەببانی ئاسمانی ئەبستراکت، پەتی و میتافیزیکی کردووە بە

چەمکێکی راستەقینە( ریئالستی) هەست پێکراو و بینراو و بیستراو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژیانی رۆژانەی خەڵکدا بۆیە دەکرێ موعتەزیلە بە هەڵگری مەشخەڵی ئازادی ژیر دابنرێت. ئەم هەنگاوە مێتافیزیك (لاهووت) و تیۆری زانین و سیاسەتی پراکتیکی دەخاتە نێو سێ خانەی بەرامبەر بە یەکتری. ئەگەر ژیر پشتی پێ ببەسترێ و ئازاد بێ دەرگای شت زانین و گەیشتنە راستی بەبێ پەککەوتن لەسەر سەرچاوەیەکی ئاسمانی (سرووش) شیاوەکی و گونجاو دەبێ، هەر مرۆڤیش خۆی بەبێ دەست تێوەردانی هێزێکی ئاسمانی، بەخواستی ئازادی خۆی جۆری ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگاکە و جۆری بەرێوەبردنی دەوڵەت دەست نیشان دەکات و کەسی شیاو بۆ ئەرکی پاراستنی سەرو سامان و ماڵیان هەڵدەبژێرن. موعتەزیلە لەسەردەمی خۆیاندا مرۆڤی هەڵکەوتە و مۆدێرن بوون، بەپێی هەلومەرجی سەردەم هەستیان بە ئەرکی سەرشانیان کردووە، زانیویانە پێداویستییەکانی پرۆسەی ئازادی و رەوتی نەسرەوتی مێژوو چییە!

## سێیەم: بەڵێن و سزا :

مەبەست لە هەردوو وشە و چەمکی (( وەعد و وەعیدە)) کە سێیەمین بنەمای رێبازی موعتەزیلەیە. بەپێی ئەو بنەمایە خوا دادپەروەرە راستە بەبەزەییە، بەڵام بەڵێن و سزاشی هەیە. ئەوانەی چاکەکارن لە رێگای ئایین لا نادەن و پەیڕەوی بنەماکانی دەکەن و لە خوا دەترسن خوا بەلێنی بەخشین و پاداشتیان لەو دنیای تردا پێدەدا. بە پێچەوانەوە ئەوانەی سەرکێش و گومڕا و خراپە دەکەن و بەدکارن سزا دەدرێن. ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیر و مێشکدا دێت: ئەو بنەمایە بنەڕەتێکی روون و ئاشکرای ئایینی ئیسلامە، موعتەزیلە کە ئەو بنەمایەی هەڵبژاردووە ویستوویەتی چی بە خەڵك بڵێت و چۆن ئەو بابەتەی لێکداوەتەوە و شرۆڤەکردووە و پاساوی بۆ هێناوەتەوە؟ تا چەند لەوەدا سەرکەوتووبووە کە لەگەڵ بنەماکانی جیهاندیدە ژیرەکیەکەی و خواستی ئازادی مرۆڤدا بگونجێ و بێتەوە؟!

لە ئایینی ئیسلامدا، کە موعتەزیلە ویستوویەتی بە ژێر بنەماکانی لێکبداتەوە و شرۆڤەیان بکات و ئەوەندەی بشکرێ پاساویان بۆ بهێنێتەوە، بەڵێن ئەوەیە کە خوا فرمانی کردنی داوە و سزاش بۆ ئەوەیە کە فرمانی نەکردنی داوە. ئەوی پەیڕەوی فرمایشتەکان بکات رزگاری دەبێ و پاداشتی پێدەدرێ و ئەوی سەرپێچی بکات و ئەوە بکات کە خوا پێی ناخۆشە و فرمانی نەکردنی داوە لە رێگا لابدات و گوێڕایەڵی بنەماکانی ئایین نەبێ کە بە پیرۆز دانراون، لە ناو دەچێ و دنیا و قیامەتی لە دەست دەردەچێ[١٦] ،وەك کورد لە هەردوو جەژنەکە دەبێ و شایستەی سزادان دەبێ.

ئەو بابەتە، گوێڕایەڵی کردنی فرمانەکانی خوا و دوورکەوتنەوە لەوەی نابێ بکرێت، دەچێتە خانەی بابەتی ئاکارەوە. موعتەزیلە لەوە ئاگاداربوون بۆیە گریمانەی ئازادی و خواستی ئازاد و ئۆبالکێشانی مرۆڤی تاکیان کردووە. کاتێك کارێك، کردارێك، دەبێتە بابەتی ئاکار و پاساوی چوونە ژێرباری ئۆبالکێشانەکەی دەکرێ لە بکەرەکە بەخواستی خۆی و بە ئازادی کردبێتی. بۆیە ئاساییە ئەو رێبازە ژێرەکییە پێی لەسەر پێداویستی ئەو بنەمایەی پاداشت و سزا داگرتبێ. ئەو جیهاندیدەی موعتەزیلە راستە بەپێی سەردەمی خۆی پێشکەوتن خواز بووە، بەڵام لە لایەن تاقمی (ئەهلی سوننە و جەماعە) ڕکەبەری کراوە چونکە هیچی بۆ خواستی خوا نەهێشتۆتەوە[١٧].

### چوارەم: خانەیەك لە نێوان دوو خانەدا:

بنەمایەکە لەو بنەمایانەی موعتەزیلە لە گرووپە ئیسلامیەکانی دیکە هەڵداوێرێ و جیای دەکاتەوە.

جەنگی سیاسی، تیرەگەری و خێڵەکی و هەندێك جار لەسەر کورسی و ماڵی دنیا لە نێوان سەرکردەکانی مسوڵمانەکان، کوژرانی خەلیفەی سێیەم (عوسمان) و جەنگی خوێناوی نێوان خەلیفەی چوارەم (عەلی) و معاویە، ئەو پرسیارەی وروژاندووە چ کەس هەڵە و خەتابار و گوناهکارە؟ ئایا ئەو گوناهبارەی هۆکاری شەڕی نێوان

سەحابەکان و برا کوژی بووە گومڕایە، یان ئیمانداره؟ هەندێك لایەن بە گومرا (کافر) یان داناوە و گرووپی تر بە ئیماندار و حەسەنی بەسری بە مونافیق (دووڕوو) واسڵی کوڕی عەتا بە فاسیقی داناوە. کاتێك پرساوە، ئەو گوناهبارە چی بەسەر دێ و سزاکەی چی دەبێ؟خاریجیەکان وتوویانە هەتاهەتایە لە دۆزەخدا دەسوتێ..بەڵام موعتەزیلە وتوویانە ئەو گوناهبارە راستە گوناهی گەورەی کردووە بەڵام ئیمانی لە دەست نەداوە بۆیە نە دەچێتە دۆزەخ و نە دەچێتە بە هەشت بەڵکو لە نێوان ئەو دووماڵەدا دەبێ لێرەوە چەمکی (مەنزیلە بین ئەل مەنزیلەتین) کەوتۆتەوە بووە بە بنەمای چوارەمی موعتەزیلە و هەر بەو چەمکە لە گرووپەکانی تر جیاکراونەوە.

ئەوی لێرەدا سەرنج رادەکێشێ، لە قورئاندا هاتووە و بووە بە بنەمایەکی بنەڕەتی ئیسلام کە دوو رەنگیەك لە نێو مسوڵمانان و چارەنووسیاندا هەیە، ئیماندار و بێ ئیمان ئینجا چوونە بە هەشت یان چوونە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەی چۆن موعتەزیلە ئەو سنوورەیان بەزاندووە و قسەیان لە خانەی سێیەمی نێوان ئەو دوو خانەیە کردووە؟

موعتەزیلە بە تایبەتی واسڵ، هەوڵی داوە بەو جۆرە وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە کە پێناسەی ئیمان و بڕوا و گومڕا و ئیماندار دەکات:

باوەڕ (ئیمان) تایبەتمەندی و چەند خەسڵەتێکی چاکەخوازە (خێر) ئەگەر لە مرۆڤێکدا هەبوون و ئەو کەسە بە ئیماندار ناودەبرێ، ئەو ناونیشان و ناوە شایستەی ستایش کردنە.فاسق ئەو کەسەیە ئەو خەسڵەتە چاکانەی تێدا نییە و خۆشی ناوی ستایش کردن نییە و بە ئیماندار دانانرێ، بەڵام ئەو کە فاسیقە بە تەواوەتی و رەها گومڕا (کافر) نییە، چونکە توانای شایەتمان (شەهادە ) و کاری چاکەکاری تێدایە ناکرێ نکوڵی لێبکرێ،بەڵام ئەگەر مرد و تۆبەی نەکرد جێگای دۆزەخە. ئەو کەسە لە نێوان بە هەشت و دۆزەخدا دەبێ[١٨].

ئەگەر مەبەستی موعتەزیلە لە تۆبەکردن پەشیمان بوونەوە و دانان و پێ لێنان بێ بە هەڵە و ئامادەبوون بێ بۆ لێ خۆشبوون خۆی لە خۆیدا بۆ چوونێکی پەسەندە، بەڵام خەڵك ترساندن بە شتێك کە تاوەکو ئێستا بوونی نییە و پێویستیش ناکات هەبێ

چونکە دنیا کۆتایی نەهاتووە (خەراب) نەبووە، بۆیە ئەو جێگایە نییە و بوونی پاساو نادرێتەوە!

گریمانەکردنی خانەی سێیەم لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ و دانانی کەسێك کە گوناهی گەورە (کوشتن- قەتڵ) ی کردبی بە ئیماندار و لە خانەی گومڕا و کافردا ببرێتە دەرەوە پێشکەوتنێکی شایستەی بە هەند زانینە.

ئەو بۆچوونەی موعتەزیلە ئومێد بەخشە بەو کەسانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان و بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بووبێ دووچاری دەستی بەدکاری بوون کە دەرفەت لە بەردەمیاندا ماوە و دنیا خەراب نەبووە! هەروەها پتر پشت راستکردنەوەی رۆڵی ژیرە لە ژیانی مرۆڤدا بەوەی کە ژیری مرۆڤ شان بەشانی سرووش، لە تواناییدا هەیە بە توانای خودی خۆی و بەبێ یارمەتی دەرەکی چاکەکاری لە بەدکاری جیابکاتەوە. لەو توانای بڕیارەیدا پابەندی دەسەڵات و کاریگەری هیچ هێزێك نییە. سەرەڕای ئەمە موعتەزیلە رۆڵی مرۆڤی لە داڕشتنی رەنگی چارەنووسی مرۆڤ دووپات کردۆتەوە، ئەو دووپاتکردنەوەیەی رۆڵی مرۆڤ لەلایەکەوە کاڵکردنەوەی سروشتی ئاسمانی- ترانسندێنتاڵی ئایینە و پتر بە دنیایی و مرۆڤ کردنیەتی بەجۆرێك، بەپێی هەلومەرج و رەوشی ئەو سەردەمە، کە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ ئەوەندەی بکرێ بێتەوە و نامۆ نەبێ. لەلایەکی دیکەوە بە پیرۆز راگرتنی شۆڕشی موعتەزیلە لە سەردەمی خۆیدا دابنرێ و تۆمار بکرێت. لەو خاڵەدا ململانێی نێوان موعتەزیلە و سوننە سەلەفییەکان بە ئاشکرا سەرنج رادەکێشێ. بەقسەی شهرستانی بێت: ئەهلی سوونە بیستنیان خستۆتە سەر ژیرەوە.چونکە پەرستن و بەجێهێنانی فەرز و ئەرکی ئایینی تەنیا هەر بە بیستن دەبێ، مرۆڤ چۆن گوێ بیست بووە وادەکات، بەڵام ژیر نەشت پێویست دەکات نە بڕیاری پەسەندکردن و نە بڕیاری بە ناڕەوا و بەدکردن دەدات[١٩].ئەو هەڵوێستەی ئەهلی سوننە کە خۆیان بە ((ئەهلی سوننە و جەماعەت)) ناو دەبەن و دامەزرێنەری رەوتی سەلەفیەتن لە ئایینی ئیسلامدا هەنگاوێکی گەڕانەوەیە بەرە و دواوە نراوە.

**پێنجەم: چاکە کاری و دووری لە بەدکاری:**

ئەو بنەمایە کە بە عەرەبی بە ( ئەمر بیل مەعروف و نەهی عەن مونکەر ) زانراوە بە تەواوەتی لەگەڵ ئایینەکەدا تەبا و گونجاوە و دێتەوە! هەروەها بە بنەماکانی ئاکاریش پشت ئەستوورە! هاندانی کەسانی تر چاکە بکەن و خۆیان لە بەدکاری بە دوور بگرن رێز لێنانی بەها شکۆمەندەکانی مرۆڤە! بەڵام چۆن و بۆچی ئەو رێبازەی زانستی کەلام پێی لەسەر ئەو خاڵە داگرتووە و کردوویەتی بە بنەمایەك لە بنەماکانی؟هەر چوار بنەماکەی تر بەلای باوەڕ و (عەقیدە) و تیۆری دادەچن، بەڵام ئەمەیان ئەگەرچی جۆرە فرمان و ئامۆژگارییەکی تێدایە بەڵام بەلای کار و کردەو پراکتیك دا هەنگاو دەنێ. مرۆڤی ئیماندار دەبێ بە کردەوە هانی خەڵك بدات چاکەکاربن، داکۆکی لە ئایین و باوەڕ و عەقیدەیان بکەن و بەربەست و رێگری بەدکاری بێت! ئایا تا چەند موعتەزیلە بەو بنەمایە ویستویە حەدیسەکە بەرجەستە بکات کە دەڵێ ((هەر یەکێك لە ئێوە ئەگەر بەدکارییەکی دی بابیگۆڕێ.....))؟ من ئەو وەڵامە بە دوور نازانم، بەڵام ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە :تیکەڵ کردنی ئایین و ئاکار و سیاسەتە!

موعتەزیلە مرۆڤی سەردەمی خۆی لە کۆمەڵگادا، ئەگەرچی دووچاری دەستی ڕژێمی زەبر و بە دەستی سەرتاپاگیری تۆتالیتێری بووە، دەخاتە بەردەم ماف و ئەرکی سەرشانی و ئۆباڵی ئەستۆی. چی پێویستە بکات، ئەمەش جگە لەوەی هانی پێگەیاندنی مرۆڤی بە ویژدان و هۆشیار دەدات بە جۆرە ئاراستەیەکی هەست پێکرا و بەرە و کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێ!

دوور نییە لێرەدا پرسیارێك لە شێوەی رەخنە و گازندە سەرئاوبکەوێ: موعتەزیلە بەگشتی باسی بابەتەکەیان کردووە و بگرە لە هەندێ لایەن و رەهەندا ئاڵۆز و تەمومژاوییە. هیچ جۆرە پێوەرێك بەدی ناکرێ بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێ چ کەس ئەو مەرجانەی تێدایە ببێ بە دەم راست و فرمانی چاکاکاری و دوورکەوتنەوە لە بەدکاری بدات؟

به چ پێودانگێك چاكەكاری لە بەدكاری جیادەكرێتەوە؟ پێودانگی شەرع و عەقیدە یان سوود و قازانج؟هەندێك جار مرۆڤ بە نیاز و مەبەستی باش (نیەت) كارێك دەكات یان فرمانی كردنی چاكەكاری دەدات كەچی ئەنجامێكی بەد و نالەباری لێدەكەوێتەوە، لەو هەلومەرجەدا فرمانەكە، كارەكە، چاكەكاری دەبێ یان بەدكاری؟ ئەو رێبازە وەلامێكی روون و ئاشكرای نییە.

# ئەنجام

موعتەزیلە رێبازێکە لە رێبازە گرنگەکانی بابەتی زانستی کەلام. لە دوو قوتابخانەی بەسرە و بەغدا پێکهاتووە. ئەگەر ئەو دوو قوتابخانەیە لە هەندێك خاڵی بچووك و لاوەکیدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەبووبێ، ئەوا لە چوارچێوە گشتیەکەدا کۆکن و پابەندبوون بەپەیڕەوکردنی هەر پێنج بنەمایەکە کە پوختەی رێبازەکەیان لێ پێکهاتووە! دامەزرێنەر و رابەری ئەو گرووپە تاکە عەرەبێکیان تێدا نییە، زۆربەی هەرە زۆری فارسبوون لە حوجرە و مزگەوت فێری زمانی عەرەب بوون و خزمەتێکیان بە کولتووری عەرەبی کردووە هیچ عەرەبێك نەیتوانیووە ئەمە بکات و لە دەستی نەهاتووە بەجۆرە زمان و کولتووری عەرەب گەشە پێبکات و پەرەی پێبدات!

لە سەردەمێکدا ژیاون ئایینی ئیسلام بە قۆناغێکی ناسکدا تێپەڕیووە، لە عەقیدە و باوەڕ و ئایینەوە دەبوو ببێ بە دیاردەیەکی راستەقینەی کۆمەڵایەتی و ئامرازێك بێت کێشە کردەکیەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵك یەکلایی بکاتەوە و وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە ناخ و مێشکی خەڵکداورووژاون و دەروونیان نیگەران و هەراسان کردووە. موعتەزیلە بزووتنەوەیەکی ئایینی هزری و سیاسی بووە بەتەواوەتی لەوە گەیشتووە کە گۆڕینی کۆمەڵگا و یەکلایی کردنەوەی کێشەکان لە ئایینەوە دەست پێدەکات. ئەو دەست پێکردنە دەکرێ دوو شێوازی هەبێ:

**یەکەم:** بەجۆرە توێژینەوەیەکی ئازاد (ئیجتیهاد) ویستوویانە وەڵامی هەندێك پرسیار بدەنەوە کە لە ئایینەکەدا تەمومژاوی وەڵام دراونەتەوە و هەندێك جار بەجۆرێك لێکدراونەتەوە و شرۆڤەکراون پتر ئایینەکە گۆشەگیر بکات و لە مرۆڤ و دنیا دووری بخاتەوە. موعتەزیلە لەم بوار و کایەیەدا بەپێی سەردەمی خۆی لەو هەنگاونانە جوامێرانەدا بەرە و پێش پشکی شێری بەرکەوتووە.

**دووەم:** رەخنەکردنی کاروباری بنەماکانی ئایینەکە کە بە عەرەبی بە ((أمور الدین)) ناسراوە. لەو دوو خاڵە گرنگەوە دەکرێ سێ خاڵی سەرنج راکێش بۆ موعتەزیلە تۆمار بکرێت:

**١- بەرز راگرتنی مرۆڤ.** دەرخستنی رۆڵی ژیر لە هەموو کاروباری ژیان و جیهان و بگرە لە ئایینیشدا، پێداگرتن لەسەر خواستی ئازاد و ئازادی مرۆڤ. ئەو جیهاندیدە لە وردەکارییەکانیدا لەگەڵ بنەما بنەڕەتیەکانی ئایینەکەدا نایەتەوە. ئازادی مرۆڤ و خواستی ئازاد پەیوەندی دەسەڵات و خواستی رەب ( خوا ) و مرۆڤ بەلای مرۆڤدا لاسەنگ دەکات و لە بڕیاردانی چارەنووسدا دەسەڵاتی خوا بە دوور دەگیرێ.

بە هەند دانانی ژیری مرۆڤ، لەوەوە هاتووە کە ئایین (سرووش و کتێبی پیرۆز) بەسەرچاوەی هەموو زانین و باوەر و ئیمان دادەنێ. لێرەوە کێشەی ناسراو بە پەیوەندی ( عەقڵ-نەقڵ) کەوتۆتەوە! ئەگەر خوا مرۆڤی بە ژیر بەرز راگرتبێ، هەر بەهۆی ئەو ژیرەوە دەتوانێ چاکە لە بەدکاری جیابکاتەوە و رێگای راست بگرێتەبەر و بەراستی بگات، کەوابوو رۆڵی سرووش لەبەرامبەر ژیردا چی دەبێ؟ ئەو خاڵانەی موعتەزیلە قسەی لێکردوون هەنگاوێکی بوێرانە بووە بۆ بە دنیایی و مرۆڤی کردنی ئایین و گونجانی لەگەڵ ژیانی رۆژانەی خەڵك لە کۆمەڵگادا. هەر مرۆڤیش خۆی چارەنووسی خۆی دیار و دەستنیشان دەکات!

**٢- کێشەی کۆن و نوێ و داهێنان (خەلق).** بەپێی بنەماکانی ئایین ئەگەر هێزێك، بوونەوەرێك کۆن بێ هۆکاری داهێنانی نییە و نابێ، هەر هەبووە و هەتاهەتایە دەمێنێ. ئەو خەسڵەتە لە هەر سێك ئایینەکەدا (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام) بەخوا سپێردراوە.لە خوا بەو لاوە هەرچی هەیە و نییە و بوونەوەرە هەر لە بچووکترین شت تا گەورەترین و لە سروشتەوە تاوەکو مرۆڤ نوێن و داهێنراون، هۆکاری سەرەکی داهێنانیان خوایە.

موعتەزیلە لەو کایەیەدا توێژینەوەیەکی ئازادیان (ئیجتیهاد) کردووە بەوەی کەلامی خوا (قورئان) نوێیە و داهێنراوە. ئەو بڕیارە چی دەگەیەنێ؟

ئەگەرچی موعتەزیلە لەو بڕیارەیاندا پشتیان بە چەند ئایەتێك بەستووە کە بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن هەموو شتێك نوێیە و داهێنراوە بۆ نموونە لە سورەتی (ئەنبیائدا) هاتووە:

((**مایأتیهم من ذکر من ربهم محدث))** (ئایەتی:٢) ئەگەر لێرەدا وشەی (**ذکر**) کەلامی خوا بێ دەبێ قورئان کۆن نەبێ و داهێنراو بێ وەك هەموو داهێنراوەکانی تر!جگە لەوەش گوتە، قسە (کەلام) بەشێکی پێکهێنەر و تەواوکاری بوون نییە، بەڵکو خەسڵەتێکی کار و کردەوەیە. ئەو بڕیارە کێشەیەکی ورووژاندووە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ: ئەگەر نوێ و داهێنراو بێ، گریمانەی گۆڕان لە خواستی خوا دەکات، بۆ پێشتر یان دواتر داینەهێناوە؟ ئەگەر کەلامی خوا، لەلایەکی دیکەوە، داهێنراو بێ بۆ دەبێ بە چاوی شتە داهێنراوەکان تەماشا نەکرێ و هەمان شت نەیگرێتەوە؟!

**٣- بابەنی سیاسی لە هزری موعتەزیلەدا** بریتی بووە لە هەڵوێستیان بەرامبەر بە کێشەی سەرۆك (ئیمام) کە بە تیۆری ئیمامەت ناسراوە.

ئەگەر هەندێك سەرچاوە ئەو تۆمەتە دەخەنە پارسەنگی هەندێك لە رابەرانی موعتەزیلە بە تایبەتی حەسەنی بەسری کە لە بەرامبەر زۆر و جەوری دەسەڵاتدارانی بەنی ئومەییە بە گشتی هی حەجاجی کوڕی تەقەفی بە تایبەتی بێدەنگ بووە، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەی جیهاندیدەکەیان دەکرێ بگوترێ هەڵوێست و دیدی تایبەتی خۆیانیان لەبارەی هەلومەرجی سیاسی سەردەمەکەیان هەبووە و پێیان لەسەر داگرتووە و داکۆکیان لێ کردووە.

بەلای موعتەزیلەوە سەرۆك (ئیمام)دەبێ لەلایەن خەڵکەوە (ئوممەت)ەوە بە دەنگ پێدان (بەیعەت) هەڵبژێردرێ. چونکە خوا لە قورئاندا و پەیامبەری ئیسلام پێش مردنی هیچ کەسێکیان بۆ ئەو پلە و پایەیە دیار و دەستنیشان نەکردووە بەڵکو باسی (شورا) و هەڵبژاردن کراوە. ئەو کەسەی بۆ ئەو پلە و پایە کاندید دەکرێ و دەنگی

پێدەدرێ دەبێ لە میللەتی ئیسلام بێ ، ئیماندار و دادپەروەر بێ هیچ مەرج نییە عەرەب و قورەیشی بێ یان سەر بە خێڵ و تیرەیەکی ناودار بێ.

موعتەزیلە بزووتنەوەیەکی لاهووتی-هزری گرینگی سەردەمی خۆی بووە، لەگەڵ گەشەکردنی شارستانیەتی سەردەمی عەبباسی دەرکەوتوون و لەگەڵ لێژبوونەوەی گرۆڵەی ئەو شارستانیەتە ئەوانیش دووچاری نەهامەتی و شکستی بوون و لەبەرچاو نەمان. بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەو گرووپە دیاردەیەکی گرینگی سەردەمی خۆیان بوون و بەوپەڕی سەرکەوتووانە ئەو ئومێدەیان بەرجەستە کردووە کە لە هەلومەرجی نوێی ئایینەکە دەکرا. شکست هێنانیان و لێدان و کوشتن و دەربەدەرکردنیان لەو ڕەوشەدا بەرجەستە بووە کە تاوەکو ئێستا ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و ئیسلامی تێی کەوتوون و بە دەست ئەنجامەکانیەوە سەرگەردان و گرفتارن. موعتەزیلە سیمبۆڵی گەشەکردن و پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای سەردەمی خۆیان بوون. چەکی کارکردنیان دیالۆگ و لۆجیك و پەنابردنە بەر ژیر بووە، دەقە پیرۆزەکان بەلایانەوە بە تایبەتی لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەدا بەپلەی دووەم هاتوون و هەندێکجار خستوویاننە لاوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١- إغناتس غولد تسيهر: العقيدة والشريعة فى الاسلام.ت: محمد يوسف موسى.دار الجمل بيروت ٢٠٠٩،ص ٢٤٨ فما بعد.

٢- احمد امين: فجر الاسلام.القاهرة ٢٠٠٨،ص ٢٧٨ وفى أماكن أخرى.

-حسين مروة: النزعات المادية فى الفلسفة العربية- الاسلامية.دار الفارابى .بيروت ٢٠٠٨ ،ج ٢،ص٧٤ فما بعد.

٣- دى بور: تأريخ الفلسفة فى الاسلام.ت: دكتور محمد عبدالهادى أبو ريده. بيروت بدون تاريخ. ص٦٠ فما بعد.

٤- نصر حامد أبو زيد: الامام الشافعى.بيروت-لبنان ٢٠٠٧، ص٨٥ وفى اماكن أخرى.

٥- مونتجمرى وات: القضاء والقدر.ت: عبدالرحمن عبدالله الشيخ . الهيئة المصرية العامة للكتاب القاهرة -١٩٩٨.ص ١٢٦ وفى أماكن أخرى أيضا. ومقدمة المترجم ايضا فى ص ٢٢-٢٣.

٦- الشهرستانى : الملل والنحل.دار الكتب العلمية.بيروت ٢٠٠٧، ج١، ص٤٢ فما بعد.

٧- البغدادى: الفرق بين الفرق.دار المعرفة-بيروت ٢٠٠٨،ص١١٣ وفى اماكن متعددة.

٨- حسين مروة: سەرچاوەی پێشوو.ج٢، ل ١٧٨.

٩- إبن خلدون: المعرفة. دار الشرق العربى.بيروت ٢٠٠٤،ص ٥٣٤

١٠- الخياط: الانتصار والرد على إبن الراوندى الملحد.القاهرة بدون تأريخ .فقره (٨٣) ص١٨٨ فما بعد.

١١- المسعودى: مروج الذهب ومعادن الجوهر.دار المعرفة بيروت ٢٠٠٥، الجزء الثانى، الكتاب الثالث،ص ٢١٢-٢١٣.

- الاشعرى: مقالات الاسلاميين ج١، ص ٢١٦ فما بعد.

**١٢–** الشهرستانى: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦،٤٥،٤٤.

١٣-الشهرستانى: سەرچاوەکە خۆی ل٣٧.

١٤- الدكتور احمد محمود صبحى: فى العلم الكلام .ج١، المعتزلة. دار النهضة العربية بيروت ١٩٨٥، ص١٤١وفى اماكن مختلفة.

**١٥**-حسين مروه: سەرچاوەی پێشوو.ل ٣١٢.

١٦-الشهرستانى: سەرچاوەی پێشوو :ل ٣٧.

١٧- دكتور علي سامي النشار: نشأة الفكر الفلسفي فى الاسلام.الجزء الاول.دار السلام القاهرة-٢٠٠٨،ص ٥٠١ وفى اماكن أخرى.

**١٨–** الشهرستانى: سەرچاوەی پێشوو. ل٤٣.

١٩- الشهرستانى: سەرچاوەکە خۆی. ل٣٧.

هەروەها:

- د.على سامى النشار: سەرچاوەی پێشوو.ل ٥٠٢.

# شیعە

ئەگەرچی مرۆڤ بە چاوێکی وردبینانە سەرنجی هەلومەرجی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو گرووپانە بدات کە بە گرووپی کەلام دادەنرێن و بە گشتی دوای کوژرانی خەلیفەی چوارەم عەلی ئەبی تالب پەیدابوون دوو خاڵ کە بە هیچ جۆرێك ئەگەر و گومان هەڵناگرن دێنە بەرچاو:

**یەکەم:** کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەو رۆژەوە لە روخسار و ناوەرۆکدا خەت و خاڵی داوە، ئۆرگانێك، پێکهاتەیەك، دامەزراوێکی زیندووە، راستە گۆڕان و بەرە و پێشچوونی مایەی ژیانی بەردەوامی بوون، بەڵام هیچ کاتێك و بە هیچ شێوازێك، بیروبۆچوونێك، ئایدیۆلۆجیەك جیهاندیدێك کە لە دەرەوەی یان لەسەرەوەیەوە بەسەریدا سەپێنرابێ وەك خۆی و بەبێ گۆڕان و بێ دەستکاری کردن وەری نەگرتووە و پەسەندی نەکردووە.ئایینی ئیسلام نموونەیەکە کە راستی ئەو قسەیە پشت راستدەکاتەوە:

ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبدا نەیتوانیووە هەموو کەسێك وا لێبکات باوەڕی پێبهێنن، زۆربەی هەرە زۆری کێشە خێڵەکی و کۆمەڵایەتییەکانی پێ چارەسەر نەکراوە، چونکە بەپێی بنەماکانی سروشتێکی سەروسروشتی ترەنسیندێنتاڵی هەبووە لەگەڵ بنەما بنەڕەتییە هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگادا نەگونجاوە. هەڵگەڕانەوە یەك لە دوای یەکەکان کە ئیسلام بە (رەددە) ناوی بردوون نموونەیەکی ئەو نەگونجان و نەهاتنەوەیە بووە. دوای مردنی رابەری ئیسلام هیچ بنەمایەکی شەرعی پشت ئەستوور بە توێژینەوەی ئازادی ئایینی ( ئیجتیهادی) هەڵبژاردنی خەلیفە لە ئارادا نەبووە بۆیە جەنگ و کوشتن و کوشتار هەڵگیرساوە! تەنانەت لە چوار خەلیفە سێیان (عومەر، عوسمان، عەلی) بە شمشێر ورگیان دراوە! لەلایەکی ترەوە بە هیچ جۆرێك ئایینەکە بە تەواوەتی و بەپێی پێویست جێگای لە دڵی خەڵکدا نەکردۆتەوە، هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی لەسەر کورسی و تەماعی دنیا شتێکی ئاسایی ژیانی

رۆژانە بووە :- ژمارەی ئەو سەحابییانەی لە شەڕی نێوان معاویە و خەلیفەی چوارەمدا کوژراون، یان یەکتریان کوشتووە، لە ژماردن نایەت، بە هەزاران بوون. ئینجا زۆر بە سووك و ئاسانی هەردوو کوڕەکەی خەلیفەی چوارەم کە نەوەی خۆشەویستی پەیامبەری ئیسلام بوون، حەسەن بە ژەهر کوژراوە و حوسەین بەوپەڕیی بێ بەزەییانە کە نموونەی لە مێژوودا نییە لە کەربەلا سەری بڕدراوە و لەوەش بەدتر سەرەکەیان بۆ یەزید بردووە بۆ شام (دیمەشق) بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی ببیینێ!.

دابەشبوونی ئایینی ئیسلام، دوای کوژرانی خەلیفەی چوارەم، بە هەردوو مەزهەبی سوونە و شیعە، ئینجا سوونە بە چوار مەزهەب و ئێستاش وەهابی هاتۆتە سەر، شیعە بەسێ مەزهەب،ئەگەر راستی ئەو قسەیە نەگەیەنێ، دەخرێتە چ خانەیەکی دیکەوە؟! تەنانەت لە نێو یەك میللەتدا دوو مەزهەب هەیە! ئایا ئەو یەکسانییە تیۆریەی ئایینەکە کە بە قسە داوای کردووە لە نێو یەك میللەتدا هەیە؟ شیعە وسوونەی عەرەب، فارس، کورد پێکەوە هەڵدەکەن؟!

رەخنەیەکی تر کە دەگیرێ، ئایینەکە راستە بە چەند ئایەت و حەدیس خەڵکی ئاگادار کردۆتەوە بەڵام بەپێی پێویست سوودی نەبووە، بابەتی تیرە و خێڵەکی کە بە عەرەبی (ئەل عەصەبییەی) پێ دەگوترێ.ئەو رەوشە بە دوو جۆر بە دەرکەوتووە:

- پابەند بوون بە خێڵەکی و سەرۆکی تیرەکە: بەنی هاشم، بەنی ئومەییە.
- پەرستنی خود تاکە کەسێك یان پەرستنی خوا؟

لە کۆبوونەوەکەی (سەقیفەی بەنی ساعیدە) کە تێیدا بە جۆرێکی چاوەڕوان نەکراو کە بە هیچ بنەمایەکی شەرعی پشت ئەستوور نەبووە خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکر هەڵبژێردراوە ئەو دوو خاڵە دەرکەوتوون:

هەر کەسە باسی شایستەیی خێڵ و تیرەکەی خۆی کردووە: ( ئەوس، خەزرەج، ئنسار، موهاجرین) کە دەبێ خەلیفە لەوان بێ ئەوی بە بیردا نەهاتووە بنەماکانی ئایینەکە بووە. لەلایەکی دیکەوە بەپێی سەرچاوە کۆنەکان ئەبوبەکر قسەیەکی کردووە

و بووەتە مایەی بڵاوە پێکردنی خەڵکەکە و ئەو رەهەندەی بەتەواوەتی بەرجەستەکردووە: بە ئامادەبووانی گوتووە:-

((ئەوی محەمەدی پەرستووە، ئەوا محەمەد مردووە. بەڵام ئەوی رەببی محەمەدی پەرستووە، ئەوا رەببی محەمەد زیندووە و نامرێ))[1] ئەو قسەیە لە خۆیدا بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ دەریدخات کە ئایینەکە نەیتوانیووە خۆی لە کاریزمی تاکە کەسان دەرباز بکات. بۆ دەبێ سەیر کە لەو سەردەمەشماندا بە هەزاران کەس هەبن هەڵوێستی لەو جۆرەیان بەرامبەر بە خەلیفەی چوارەم عەلی و حوسەینی کوری هەبووبێ و هەبێ.

**دووەم:** هەندێك رووداوی مێژووی پشکی شێریان بەردەکەوێ و دەبنە بنەمای پتەو و لە هەڵتەکاندن نەهاتووی باوەڕ و (عەقیدەیەکی) دیاریکراو. بەدرێژایی پرۆسەی گۆڕان و پەرەسەندن و بەرە و پێشچوونی کات ( زەمەن ) ئەو رووداوانە دەبن بە پاشکۆیەکی نیمچە لە بیرچووەوەی باوەڕەکە.بەڵام باوەڕەکە خۆی بە درێژایی ژیانی ئەوانەی هەڵگرەکەین لە بیرناچێتەوە. خەڵکەکە بروا بە رووداوەکە دەهێنن چونکە لەگەڵ باوەڕیان دەگونجێ و دێتەوە و دەبێتە بەڵگەیەکی پشت راستکردنەوەکەی. نموونەی کوشتنی خەلیفەی چوارەم عەلی و هەردوو کوڕەکەی حەسەن کە دەرمان خواردوو کراو حوسەین کە لە کەر بەلا سەر برا، راستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکاتەوە. رووداوەکان بوون بە پشکێك لە مێژوو لە خانەی رابردوودا تۆمار کراون. کەسەکانیش نەماون بەڵام باوەڕ و عەقیدەکە کە لەو رووداوانەوە کەوتۆتەوە هیچ کاتێك بە هۆی تێپەڕبوونی کات (زەمەن) گەرموگوری خۆی لە دەست نەداوە چونکە تەنیا هەر بەهاو بیروباوەڕ و (عەقیدە) دەتوانن سنووری کات[2] ببەزێنن و کاڵ نەبنەوە و گەرم و گوڕی خۆیان لە دڵ و دەروونی باوەڕ پێکراوەکانیاندا بپارێزن. رووداوی خوێن رشتنەکەی کەربەلا و سەربرینی حوسەین بنەمای ئەو باوەڕە بووە کە لە ١٠ی محەڕەمی ساڵی ٦١ی کۆچیەوە بە دەستپێکی مەزهەب و گرووپی شیعە دانراوە و تا ئەمڕۆش هەر ماوە و کاریگەری خۆی پاراستووە.

# ناوی شیعه

شیعه وشەیەکی عەرەبیە لە دەستەواژەی (شیعە علی) کەوتۆتەوە کەواتای لایەنگیرانی خەلیفەی چوارەم عەلی ئەبو تالب دەگەیەنێ. وشەکە لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامەوە بەکارهاتووە بەڵام دوای جەنگی نێوان معاویە و خەلیفەی چوارەم کەوتۆتە سەر زمان و ناو ناوانەوە. بەڵام لە ١٠ی محەرەمی ٦١ی کۆچی کە حوسەین بەو مەرەیە چووە بووە بە ناوی مەزهەب و گرووپێکی زانستی کەلام کە بە گرووپی شیعە ناودەبرێ لایەنگیرانی لەم سەردەمەدا لە ئێران و تاجیکستان و ئازربایجان و پاکستان و هیندستان و باشووری عێراق و ئەحسای وڵاتی سعودی و باشووری لوبناندا جێگیربوون.لە دوای سووننە مەزهەب گرووپی دووەمی ئیسلامن.ئەو گرووپە لەو رۆژەوە پێکهاتووە شیرو تیریان لە نا حەز و دوژمنانیان سووەو هەمیشە و بەردەوام لەگەڵ کار بە دەستانی بەنی ئومەییە، بکوژانی خەلیفەی چوارەم و هەردوو کوڕەکەی لە جەنگی دەستە و یەخە دابوون بۆیە هزرمەندەکانیان ناچاربوون هزرو بیر و بۆچوون و باوەڕەکەیان بشارنەوە و لەلای لایەنگیر و نزیکەکانیان نەبێ ئاشکرایان نەکەن و بڵاویان نەکەنەوە. بۆیە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئاسان نەبوو توێژینەوەیەکی زانستیان لەسەر بنوسرێ چونکە سەرچاوەکانی خۆیان بە ئاسانی نەدەکەوتنە بەردەست و ئەوانیتر کە سووننەکان لەسەریان نووسیبوون بە دەگمەن گیانی زانستی و بێلایەنیان تێدا بەدی دەکرا.بگرە پتر تۆمەت بارکردن و قسە بۆ هەڵبەستن و گازندە لە پارسەنگنانیان بووە.لەکاتی نووسینی توێژینەوە لەسەر بابەتی مەزهەب و گرووپی شیعە دوو پرسیار بە بیر و مێشکدا دێن و وا بە ئاسانی وەڵام نادرێنەوە، ئەگەر وەلامیش بدرێنەوە سنووری بۆ چوون و وا دانان و مەزەندە نابەزێنن:

- دوو خەلیفە لەپێش خەلیفەی چوارەم کوژراون نە ئەوەیان بۆ کراوە و نە گرووپ و لایەنگیرەکانیان جارێك لە جاران بە جۆرێك کە شایستە بێ یادیان کردوونەتەوە. بۆچی عەلی ئەمەی بۆ کراوە و بۆ دەکرێ؟ ئەو پرسیارە گریمانەی ئەوە دەکات کە عەلی لەلای لایەنگیرانی بەهایەکی گیانی هەبێ و سنووری کەسایەتیەکەی ببەزێنێ، ئەو کەسایەتی بەزاندنە وانیشان دەدات کە ئەو خەلیفەیە لە کەسایەتی خۆیدا هەر دوو لایەن و دەسەلاَت و بەهای دنیایی و ئایینی کۆکردبێتەوە و گرتبێتیە خۆی.

- بۆچی زۆربەی هەرە زۆری شیعە مەزهەبەکانی لایەنگیری عەلی و بنەماڵەکەی عەرەب نین؟! دەکرێ ئەو خاڵە بە رەهەندی جیاواز و نایەکسانی نێوان مسوڵمانانی عەرەب و نا عەرەب دابنرێ؟ ئەگەر نا چۆن لێکبدرێتەوە؟ ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانە چی بوون وایان کردووە عەلی بەو جۆرە لەلایەن ئەو گرووپەوە بەو ئەندازەیە رێزی لێبگیرێ؟!

- راستە هەر لەشەڕی قادیسیەی سەر سنووری سعودیە و عێراقی ئێستا کە فارس پاشەکشەی کردووە و عەرەبەکان پێش رەویان کردووە، فارس سەرگەرمی بە دەستهێنانەوەی خاك و دەوڵەت و کولتوور و ئایینە لە دەستچووەکانیان بوون. شێواز و رێباز و رێگای جۆر بەجۆریان بۆ ئەو مەبەستە گرتۆتەبەر بەلاَم لە هیچ کات و سەردەم و جێگایەکدا بچووکترین سەرکەوتنی پێویستیان بە دەست نەهێناوە.ئایا ئەو شکست و سەرکەوتنانەی فارسی خاوەن سێ هەزار ساڵ دەوڵەت و کولتوور بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەوە نییە ئیبن خەلدوون لە شاکاری ( ئەل موقەدیمەدا ) بە راشکاوی گوتوویەتی:

((سەیرە بەلاَم هەڵکەوتێکی راستەقینەیە کە زانایان لە ئومەتی ئیسلامدا زۆرینەیان عەجەمن ( لە عەرەبدا زانا نییە) نە لە زانستی شەرعی و نە لە زانستی ژیریدا بە دەگمەن نەبێ...)) [٣]. مەبەستی ئیبن خەلدوون لە وشەی عەجەم ئەوانەن کە عەرەب نین. ئەو قسەیە راستە. ئەگەر سەرنجی بەرهەمە

نووسراوەکان بدەین کە بە زمانی عەرەبی نووسراون هەر لە ڕێزمانەوە تاوەکو ئەدەب و مێژوو کاروباری شەرع و لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئان و کۆکردنەوەی حەدیس و زانستی کەلام و فەلسەفە تاکە عەرەبێك بە دەگمەن نەبێ لە نێو نووسەرەکانیاندا بە دی ناکرێ.ئایا دەکرێ ئەو دیاردە راستەقینە سەرنج راکێشە ئەنجامی هەولێکی بێ ئومێدی فارس بووبێ کە لە مەیدانی جەنگی دەست و یەخەی مان و نەماندا مایە پوچ بووبێ و ویستبی لە کایەی خامە- کولتووردا تای تەرازووەکە بەلای خۆیدا لاسەنگ بکات؟ ئەگەر ئەمەش مەبەستی فارس بووبێ، لە کایەی یەکەی دیکە پتر دۆراو و مایە پوچ تر بووە، ئەگەر بۆ ریش هاتبێ ئەمجارە سمێلیشی لەسەر داناوە.لە کۆتای دەسەڵاتی بەنی ئومەییەوە تاوەکو کۆتایی سەردەمی حوکمرانی عبباس و ( خانەی حیکمەت و موستەنسرییە) کولتوور و شارستانییەکیان بە زمانی عەرەبی بۆ عەرەب داهێناوە هیچ میللەت و نەتەوەیەکی دیکە بە خەونیش ئاواتیان بۆ نەخواستووە چونکە زانیویانە ئەو کارەیان بۆ ناکرێ و لە دەستیان نایەت.ئەو زمانە عەرەبییەی جاحزی ئێرانی ( کە لە دوایدا سەریان بڕی) زانیوویەتی و پەرەی پێداوە و پێی نووسیووە بەقسەی عەرەبەکان خۆیان هیچ عەرەبی زمانێك نەیزانیووە و پەی پێنەبردووە بۆیە (بەلیغ ئەل عەرەب) ناو نراوە. دەبێ چ عەرەبێك ئەوەندەی سیبەوەیهی فارسی رێزمانی عەرەبی زانی بێ؟! پێویست ناکات باسی غەزالی و بو عەلی سینا بکەین کە پشتیان کردۆتە میللەتی خۆیانیان بۆ عەرەبی زمان بە زمانی عەرەبی چ شاکارێکیان نوسیوە؟!

لەگەڵ ئەو هەموو راستیە راستەقینە مێژووییانەدا پرسیاری بەرز راگرتنی خەلیفەی چوارەم و کوڕەکانی لەلایەن شیعە مەزهەب بە گشتی و فارسی شیعە بە تایبەتی هەر بە کراوەی ماوەتەوە و چاوەڕێی وەڵام دەکات! دەبێ بۆ تەنیا هەر ئەو سەرکردە- سەحابە- خەلیفەیە هەر دوو خەسڵەتی دنیایی (زەمەنی) و گیانی (رۆحانی) لە یەککاتدا لە خۆیدا کۆکردبێتەوە؟

ئەگەر مرۆڤ بەوردی سەرنجی ئەو سەرچاوە کۆنانە بدات کە مێژووی رووداوەکانیان لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلامەوە تۆمارکردووە جۆرە بێلایەنیەك بەواتای ئەو کاتەی ئەوسا و شێوازێکی نیچمە زانستی بە واتای سەردەم تیایاندا بەدی دەکرێ، ئەو پرسیارە کاڵدەبێتەوە و گەرم و گوری خۆی لە دەستدەدات:

لەدوای هەڵبژاردنی خەلیفەی یەکەم لە سەقیفەی بەنی ساعیدە، خەلیفەی چوارەم بە نیگەرانی و توورە بوونەوە دێت و گلەیی دەکات کە هەوڵدەدرێ دەسەلاّت لە دەستی ئەهلی ماڵی محەمەد دەربهێنرێ! خەلیفەی دووەم عومەر داوای لێدەکات دەنگ بۆ ئەبوبەکر بدات، عەلی دەماری دەگیرێ و دەڵێ: بە قسەت ناکەم و دەنگی نادەمێ. بۆ ئەوەی شەڕ و گرژی نێوانیان تەشەنە نەکات ئەبوبەکر دەکەوێتە نێوانیان و دەڵێ: ئەگەر دەنگم نەدەیتێ من بە تۆبزی ناچارت ناکەم!.ئەوی لێرەدا مەبەستە ئەو قسەیەیە:

لە ناکاو ((ئەبو عوبەیدەی جەڕاح)) هەڵدەستێ بەرە و رووی عەلی دەچێ و دەڵێ: ((ئامۆزا تۆلاوی، ئەمانە ریشی سپی میللەتەکەن!تۆ وەك ئەوان شارەزا نیو ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوەیەی کاروباری رۆژانەت نییە، من وا دەبینم کە ئەبوبەکر لەو بارەیەوە لە تۆ بە هێزتر و لێهاتووترە، پشوو درێژتر و بە تواناترە، ئەو ئەرك و کارە بدە ئەبوبەکر،ئەگەر تۆ بژیت و پتر بمێنیتەوە و تەمەن یارت بێ، بە سایەی ئایین و زانین و تێگەیشتن و رابردوو و رەچەڵەك و نەسەب و خزمایەتیتەوە شایستەی ئەو کارەی و مافی ئەو ئەرکەت هەیە.))(٤).ئەو قسەیە خۆی لە خۆیدا بە مۆدێرنترین شێواز پاساوی شایستەیی و راستی هەڵبژاردنەکەی ئەبوبەکری داوەتەوە.مرۆڤێك ئیماندار و ئایین قایم و زانابێ هیچ مەرج نییە بە پێی پێویست توانا و شارەزایی سەرکردایەتی کردن و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا و دەوڵەت و خەڵکی هەبێ.ئەگەر شیعەکان هەردوو خەسڵەتی دنیا و رۆحی (ئایینیان) لە عەلیدا دیبێ، ئەبو عوبەیدەی جەڕاح بە ئاشکرا ئەو بنەما و بڕوایەی پووچەڵ کردۆتەوە و رایگەیاندووە کە عەلی پیاوی دنیا نەبووە، کاتێك

ئەبوبەکر هەڵبژێردراوە لە عەلی پتر، بەپێی تەمەن و شارەزایی، شایستەی ئەو پلەیە بووە!.لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەدیتراوە کە شیعەکان دژی ئەو قسەیەی جەڕاح بە ئاشکرایی شتیان گوتبێ، بەڵام هەر پێیان لەسەر ئایین قایمی و پاکی و خزمایەتی و پیرۆزی داگرتووە، ئەمانە پاساوی رەوایەتی کاری دنیا گرتنە دەست نادەنەوە بەڵکو ئەوە پشت راستدەکەنەوە کە ئەو کەسە شایستەی پێش نوێژی کردن و کاروباری شەرع و ئایینە نەك بەڕێوەبردن. هەر لەو سەردەمەدا بەقسەی سەرچاوەکان، لە کۆچەریەکی عەرەب (ئەعرابی- بەدوو) پرسیارکراوە ، چ لەبارەی عەلی و معاویە دەڵێی گوتوویەتی: نوێژکردن لە پاش عەلی، نان خواردن لەسەر سفرە و خوانی معاویە، بەڵام دوورە پەرێزی و بێلایەنی لە هەردووکیان چاکترە!.

ئەو قسەیە ئەوپەڕی سادە و ساکارە و لە زاری مرۆڤێکی سادە و ساکارەوە هاتۆتە دەرێ بەڵام بە جوانی رەوشەکە روونده‌کاتەوە. عەلی پیاوی دنیا نییە. معاویە سیاسەتمەدارە.لەو سەردەمەدا  کە خۆم شێواوە بێدەنگی هەڵوێستە! چونکە قسەکردن و ئازادی بیروڕا دەربڕین ئەوسا نەك هەر ماڵ کاولبوون، بەڵکو سەریشی تێداچووە!

## لقەکانی گرووپی شیعە:

هۆکاری دروستبوون و گەشەکردنی گرووپی شیعە هەر لەسەرەتاوە هۆکاری سیاسی بووە، لە دواییدا بەهۆی رووداوە یەك لە دوای یەکەکان و رووبەرووبوونەوەیان لەگەڵ رکەبەر و ناحەزانیان بەتایبەتی بەنی ئومەییە هۆکارەکە سروشتێکی دیکەی پێبراوە و بووە بە باوەڕ و ئیمان و (عەقیدە) شیعە ئەوانە بوون و ئێستاش ئەوانەن کە گوایە باوەڕیان وایە بەپێی دەقە پیرۆزەکان و وەسیەتی پەیامبەری ئیسلام دەبێ عەلی خەلیفەی چوارەم بەتایبەتی و ئینجا لە دوایدا کوڕەکانی ببن بە خەلیفە.

هەر سێ خەلیفەکەی پێشتر هەڵبژاردنیان ڕەواو شەرعی نەبووە و ئەو پلە و پایەیەیان بە نا ڕەوایی و ناشەرعی زەوتکردووە.ئەگەر ئەوپلە و دەسەڵاتە لە دەست ئەو بنەماڵەیە دەرچووبێ ئەوە یان زوڵمیان لێکراوە یاخود خۆیان ناچاربوون بە ( تەقیە ) دەست بەرداری بن.هەڵبژاردنی خەلیفە کە شیعە ئیمامەتی پێدەڵێن، گوایە ئەوکەسە ئیمامی مسوڵمانانە، کێشەیەکی بنەماکانی دینە (ئوسوڵییە) و پەیوەندی بە خواست و ئارەزووی خەڵك و هەڵبژاردنی گشتیەوە نییە. بەڵکو پایەیەکە ( روکن) لە پایەکانی ئایین نابێ پشت گوێ بخرێن و بەپێی پێویست بە هەند نەگیرێ و بایەخی شایەنی خۆی پێنەدرێ. دانانی ئیمام و هەڵبژاردن ناشێ و نا گونجێ.ئیمام کە پلە شایستەکەی خۆی وەرگرت دەبێ لە هەڵەو چەوتییەوە بە دوور بێ، لەبەدکاری و جەور و زوڵم و نا ڕەوای بە قسە و بەکردەوە دەست بپارێزێ، تەنیا لە ڕەوشی (تەقییەدا) ڕێگای هەندێك شتی دەدرێ. دەبێ هەر دوو دەسەڵات و لایەنی دنیایی و ئایین(ڕۆحی) تێدابێ و لە خۆیدا کۆیان بکاتەوە. شیعە خۆی لە خۆیدا مەزهەبێکی ڕێك و پێکە ئەگەر هۆکاری پەیدابوونەکەی سیاسی بووبێ لە دواییدا بووە بە مەزهەب و جیهاندیدێکی ڕێك و پێکی سەرتاپاگیر لەبارەی هەرە زۆری پرسیار و کێشەکانی ئایین و ژین وەڵام و هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیە لە مەزهەبەکانی تر جیای دەکاتەوە. شیعە بە گشتی لە سێ لقی میانرەو و دوو لقی توندرەو پێکهاتووە:

### ١- میانرەوەکان:

- شیعە ئیمامی.
- شیعەی زەیدی.
- شیعەی کەیسانی.

### ٢- توندڕەوەکان:

- توندڕەوەکان کە بە عەرەبی (غولات) یان پێدەگوترێ.
- ئیسماعیلیەکان [٥]

ئەوی لەو کایەیەدا سەرنج بۆلای خۆی رادەکێشێ و تاوتوێ کردن و توێژینەوە پێویست دەکات دیاردەی توندڕەویی هەندێك لق و گرووپ و رێبازی شیعەیە.ئایا کەسایەتی عەلی خۆی یان هەلومەرجی دەورووبەری ئەوسا، هەر لە زۆر و جەوروو زوڵمی کاربەدەستان، کوشتن و سەربڕینی سەحابە و نەوەکانی پەیامبەری ئیسلام، تاوەکو، کێشەی نەتەوەیی کە بە عەرەبی بە ( شعوبی و موالی) ناویان بردووە، رێگایان بۆ ئەو پێ لێ هەڵگرتن و سنوور بەزاندنە توندرەویە خۆشکردووە؟! وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە وا پێویستدەکات ئاوڕێك لەو سەردەمە بدەینەوە کە ئایینی ئیسلام هەر گەرم و گوڕ بووە کەچی ئەو نەهامەتی و کارەسات و خوێن ڕشتنانەی بە خۆیەوە دیوە.

راستیەکی گومان هەڵنەگرە کە لە سەردەمی خەلافەتی عەلیدا غەزا و داگیرکردنی ولاتانی تر نەماوە و کۆتایی هاتووە.عەلی و لایەنگیرانی تاکە جارێك جەنگ و شەڕی گومرا و کافریان نەکردووە. بەڵکو جەنگەکە هەمیشە لە نێو گرووپە جیاوازەکانی مسوڵمانانددا بووە! ئەوەندەی سەحابە مسوڵمانەکان خۆ بەخۆ لە یەکتریان کوشتووە لە ژماردن نایەت و شەڕو جەنگەکە لەسەردەمی عەلی خەلیفەی چوارەمدا بووە بە جەنگی تەماعی دنیا و کورسی و پایە و شەری نێوان مەزهەبەکان. گەندەڵی دارایی لەسەردمی خەلیفەی سێیەم (عوسمان) دا گەیشتۆتە رادەیەکی نەك لە دواییدا بە خەلیفەی چوارەم چارەسەر نەکراوە بگرە هەوڵی چارەسەر کردنەکەی کەسانێکی زۆری لێ کردووە بە دووژمن و بەربەرەکانیان کردووە و بە گەلە کۆمەکی لێکردن و یاخی بوون بە گژیدا چوونەوە.

خەلیفەی چوارەم عەلی لە هەلومەرجێکی نا لەبار و رەوشێکی ئابووری و سیاسی گەندەڵ و شڵەژاودا کاروباری کۆمەڵگای دراوەتە دەست و بووە بە خەلیفە: خۆشی لە وتاری دەستبەکاربوونیدا باسی ئەو دۆخە نا لەبار و بێ دادی و نا

یەکسانی ئابووری کردووە و بەڵێنی چاککردنی داوە بەلام تا چەند ئەو بەلێنەی بۆ چۆتە سەر؟ ئەو چاك سازییەی ویستوویەتی لە نەخشەی سیاسی و ئابووریدا بیکات تا چەند رەنگی چارەنووسەکەی ڕشتووە و بەو مەرەیەی بردووە کە پێی چوو؟! بە درێژایی مێژوو بە مردنی رابەر و سەرکردەیەك لایەنگیرانیشی بلاوەی لێدەکەن و لەبەر چاو نامێنن، کەچی عەلی کوڕی ئەبوتالیب بە مردنەکەی لایەنگیرانی لە جاران پتر بوون ئەمە هۆی چییە؟! چۆن لێکدەدرێتەوە؟.

لەو رۆژەوە عەلی هاتۆتە سەر کار پابەندی چەند بنەمایەك بووە کە بە درێژایی ژیانی بڕوای پێیان بووە و سەرگەرمی جێگیرکردنیان بووە.

لە ناخۆشترین هەلومەرجدا دەستبەرداری ئەو بەهایانە نەبووە کە پوختەی عەقیدە و ئیمانەکەیان پێکهێناوە. لە نێو ئەو بەهایانەدا بەلایەوە یەکسانی لە هەموو بوار و کایەکاندا پشکی شێری بەرکەوتووە.بۆیە سەیر نەبووە کە بەلایەوە ئەو سەحابەیەی خزمەتی ئایینەکەی کردووە و لە غەزادا بەشداری کردووە بە ئەنسار و موهاجیرەوە دەبێ لەگەڵ کەسانی سادە و ساکاردا بە یەك چاو تەماشا بکرێن.چونکە خزمەتی ئایین و غەزا ئەرکی سەرشانی مسوڵمانە و پاداشتەکەشی لەلای خوایە لە رۆژی قیامەتدا پێی دەبەخشرێ. لەو روانگەیەوە هەوڵی داوە بەپێی توانا ئەو موڵك و ماڵە لەو کەسانە وەربگرێتەوە کە لەسەردەمی خەلافەتی عوسماندا وەریان گرتووە و سوودمەندبوون. مەسعودی بە وردی باسی ماڵ و موڵك و سامانی عوسمان و کار بەدەستانی دەکات کە چەندە دەوڵەمەندبوون و چۆن ژیان و چ خێرو خۆشییەکیان بەسەردا باریووە! تەنانەت عوسمان خۆی لەو سەردەمەدا کۆشکێکی شاهانەیان لە مەدینە بۆ دروستکردووە دەرگاکانی لە ساج و عەرعەر بوون[٦] . پیاوەکانیشی زوبێری عەوام لە بەسرە و تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە کوفە و عەبدولڕەحمان کوڕی عەوف، ئینجا سەعدی ئەبی وەقاس خانووەکەی بە عەقیق رازاندۆتەوە لە هەرە دەوڵەمەندەکانی سەردەمی خۆیان بوون و وەك پاشاکانی سەردەمی کیسرای ئێران ژیاون.ئەوەندەی دەستیان پێدا گەیشتبێ لە دەرەوەی

دوورگەی عەرەب زەوی زاری بە پیت و بەرەکەت و رەز و باخی مسوڵمانانی میللەتانی دیکە کە عەرەب نەبوون داگیریان کردووە.بەپێی سەرچاوەکان. هەندێك لەو سەحابانەی جاران بە حەوت دەنکە خورما رۆژیان بە غەزا بەسەر بردووە بوون بە خاوەنی موڵك و ماڵی لە ژماردن نەهاتوو، هەندێکیان بە هەزار سەر مەڕ و سەدان حوشتر و ئەسپی رەسەنیان هەبووە.تەنانەت سەحابەی سەر بە عوسمان زەیدی کوڕی تابت کە مردووە ئەوەندە پارە و زێڕ و زیبوی[٧] لە پاش بەجێماوە نەیان زانیوە چی لێبکەن.ئەو هەلومەرج و رەوشە ئابوورییە چینێکی ئەریستووکراتی دەست رۆیشتووی خاوەن سامان و موڵك و ماڵی دروستکردووە.کاتێك خەلیفەی چوارەم هاتۆتە سەر کار ئەوەندەی بۆی لواوە ئەو موڵك و ماڵەی لەو خەڵکە سەندۆتەوە و خستوویەتەوە سەر گەنجینەی گشتی ( بەیتول مال) بۆیە کەسانێکی زۆر لێی بوون بە دوژمن و لێی چوونەتە سەنگەرەوە و تەماعی دنیا وای لێکردوون پشتی معاویە بگرن.گۆڕینی رەوش و هەلومەرجێك کە بەهۆی هۆکاری ئابوورییەوە ساڵەهای ساڵ بێ جێگیر بووبێ تەنیا بەهۆی هەبوونی ئیمانی قایم و نیازی پاك و پشت بەستن بە ئایین نە دەگۆڕێ و نە چارەسەر دەکرێ!ئایین و دنیا دوو بابەتن لە بنەما و ناوەرۆك و روخساردا لە یەکتری جیاوازن.سەحابەیەك بەهۆی شمشێرەوە ناوچەیەکی داگیر کردبێ و سەرکەوتن و داگیرکردنەکە خاك و زەوی و زار و سامان و دارایی پێ بەخشی بێ وا بە ئاسانی دەست بەرداری ئەو دەستکەوتانە نابێ. عەلی ئەگەر پشتی بە بنەماکانی ئایین ( هەق و داد) بەستبێ بۆ گۆڕینی رەوشێکی ئابووری نیمچە جێگیر و چین و توێژێکی دەست رۆیشتووی پشت ئەستوور بە دەسەڵاتی پێشووی عوسمان بەبێ توانای بەڕێوەبردن و شارەزایی سیاسی و لێهاتوویی و دنیایی لە کردن نایەت، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو عەلی هەردووکی دۆڕاند و وەك کوردەکە لە هەردوو جەژنەکە بوو! دنیا و قیامەتی لە دەست چوو خۆی و بنەماڵەکەی بەو مەرەیە چوون!

**شیعەی ئیمامی:**

کێشەیەك لەو کێشانەی رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە کاتێك لە سەر گرووپ و مەزهەبی شیعە دەنووسیٚ لەبەر دەست نەبوونی ئەو سەرچاوانەی هزرمەندانی خۆیانە لەسەر مەزهەبەکەی خۆیان نووسیویانە، ئینجا بنەمای (تەقییە) کە ریٚگای مرۆڤی شیعە دەدا لە ترس و لیٚ قەوماندا هەڵوێست و بیروبۆچوونی خۆی بشارێتەوە و دەریان نەبریٚ و بگرە ئەگەر مەترسی ژیانی لەسەربوو ناڕاستی بلیٚ! تا ئەو دواییانە سەرچاوەکان پتریان ئەوانە بوون کە سوونە و ڕکەبەر و نا حەزەکانیان لەسەریان نووسیون!بۆیە ناچارین پەنا بۆ سەرچاوەی جیاواز بەرین و بەپێی ئەو هەلەی بۆمان برەخسیٚ، کاودان، دروستی و نادروستی لەبارەی ئەو مەزهەبەوە، ئەوەندەی ژێر بیبریٚ و بیگریٚ لەیەکتری هەڵاوێرن و جیابکەینەوە:

شیعە واتای لایەنگیر دەگەیەنیٚ و لێرە مەبەست لە لایەنگیرانی خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبو تالیبە.باشە، چەمك و ناوی (ئیمامی) بۆچی لەو گرووپە نراوە؟ ئایا دەکریٚ وشەی ئیمام لە جێگای وشەی خەلیفە بەکار بهێنریٚ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە پەیوەندی بە پەیوەندی نێوان ئایین و دنیاوە هەیە.ئایا دەکریٚ کاروباری ئایین نوێژ و پێش نوێژی لەگەڵ سیاسەت و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا و دەوڵەت بەرامبەر بخرێنە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە و بەیەك چاو تەماشا بکرێن؟!پەیامبەری ئیسلام رای سپاردبوو لەکاتی نەخۆشی و ئامادە نەبوونیدا ئەبووبەکر لە جێگاکەیدا پێش نوێژ بکات، ئەمە چی دەگەیەنیٚ؟ ئایین و دنیا لە ئاست و پلەدان؟ ئایا مەرجە ئیمانداری سەرکەوتوو لە کاروباری ئایین، لە کاروباری دنیاشدا سەرکەوتووبیٚ؟!

کاتێك ئەبوبەکر دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام ئیش و کاری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای پیٚ سپێردرا ناوی (خەلیفەی پەیامبەری خوای) لێنراوە یان بەو ناوە بانگ کراوە.ئینجا عومەری کوڕی خەتاب لە جێگای دانراوە و پێی گوتراوە

(خەلیفەی خەلیفەی پەیامبەری خوا) گوایە ئەو ناوە دووروو درێژ بووە و لەسەر زار و زمان خۆشنەبووە بۆیە نەیانزانیووە چی بڵێن تاوەکو ڕۆژێك زەلامێکی بیانی هاتووە نەیزانیووە بلیٚ خەلیفە لە جیاتیانی وتوویەتی ((دەمەوێ بچم بۆلای میری ئیماندار و مسوڵمانان) بە عەرەبی ((ئەمیری موئمینین) لەوەوە ناوی خەلیفە بەو ناوە نوێیە گۆڕاوە[٨]. ئەو ناوە تاوەکو هاتنی عەلی و کوژرانی بەردەوام بووە بەڵام لە دواییدا لایەنگیرانی ئەو ناوەیان گۆڕیووە بە ئیمام و تا ئێستا هەر بە ئیمامی عەلی ناوی دەبەن!

بەپێی سەرچاوە سووننەییەکان، بەلای گرووپ و مەزهەبی شیعەوە ئیمامەتی هەردوو لایەنی ئایینی (ڕۆحی) و دنیایی دەگرێتەخۆ.لە کاروباری ئایینی و شەرعیدا دەبێ خەڵك ئاگادار بکاتەوە و هانیان بدات پابەندی بن و پەیرەوی بکەن. لەکاروباری دنیاییدا دەبێ سوود و قازانج و سەرو ماڵیان بپارێزێ.گوایە خەلافەت بریتیە لە بنەمایەك لە بنەماکانی ئایین و بناوانێکی ئیسلامە نابێ پشت گوێ بخرێ و بدرێتە دەست ئوممەت، بەڵکو دەبێ بەپێی راسپاردە ( وەسیەتی) پەیامبەری ئیسلام و دەقە پیرۆزەکان بێ.جا ئەو راسپاردەیە بە شاردراوەیی یان بە ئاشکرا بێ، دەبێ عەلی ئیمام بێ و دوای ئەو کوڕ و نەوەکانی بن[٩]. ئیمام پێویستە لە بەدکاری و گوناهی گەورە و بچووك بەدەر بێ.ئەو دەقانەی شیعەکان بۆ سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ هەر عەلی ئیمام بێ دەکرێن بە دوو بەشەوە:

- **ئاشکرا:** وەك: من کنت مولاه فعلی مولاه.

- **شاردراوە:** گوایە پەیامبەری ئیسلام لە بۆنەیەکدا عەلی راسپاردووە بچێ سورەتی بەرائە بخوێنێتەوە.

ئەم دوانە کراون بە بەڵگە بۆ ئەوەی عەلی ببێ بە ئیمام (خەلیفە).

ئەو لقەی گرووپی شیعە وای دەدەنێن کە دەبێ عەلی خۆی ئیمام بێ بۆیە بە ئیمامیە ناوبراون.هەروەها بە شیعەی دوانزە ئیمامی و جەعفەریش ناودەبرێن چونکە لەو باوەڕەدابوون کە دوانزە ئیمام هەیە و هەموویان پیرۆز و پاك و دوورن

له کەوتنە هەڵە و گوناه ناکەن بە هیچ شێوەیەك.جەعفەری لەوەوە هاتووە کە ئیمام جەعفەری کوڕی محەمەدی سادقیان بەسەرچاوەی راستەقینەی بەڵگە نووسراوە و بیسترا و فیقهی شەرعی خۆیان داناوە.

ئەو گرووپە زۆربەی هەرە زۆری شیعەی جیهان پێکدەهێنن. بەوە لە لقەکانی تر جیادەکرێنەوە لە ڕکەبەری و رووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی سیاسی دەسەڵاتدار و بەرەنگاربوونەوەی زۆردار وداگیرکەر و بێدادان و لە پێناوی دامەزراندنی حکومەتێکی دادپەروەر و جێبەجێکردن و جێگیرکردنی فەرمایشتەکانی قورئان و سوننە و حەدیس و دانانی ئیمام لە بنەماڵەی پەیامبەری ئیسلام بە شێواز و رێگای تایبەتی خۆیان کاردەکەن و تێدەکۆشن.ئەو گرووپە لەو باوەڕەدایە کە:

- هەر قۆناغە ئیمامی خۆی هەیە و دەبێ حوکم بکات.

- ئیمامەت دەبێ لە بنەماڵەی پەیامبەری ئیسلامدا بێت.

- لە ئیمامی عەلییەوە ئیمامەت دەست پێبکات بە هەردوو کوڕەکەیدا تێبپەڕی تاوەکو دەگاتە ئیمامی دوانزەهەم کە ئێستا ون بووە و بە دەردەکەوێ و پێی دەگوترێ محەمەدی مەهدی.یان مەهدی چاوەڕوان کراو.

- بنەمای تەقییە بنەمایەکی دانپێدانراوی ئەو گرووپەیە.مرۆڤی شیعە مەترسی ژیان و مردنی لەسەرە، دوژمنی زۆرە بۆیە رێگا دەدرێ شتێك بڵێ خۆی بپارێزێ و لە مەترسی ڕزگاری ببێ، با ئەو شتە راست نەبێ و بڕواشی پێ نەبێ! بەڵام رێگای دەدرێ.

- بنەمای ونبوون کە بە عەرەبی چەمکی (ئەل غەیبە) ی بۆ بەکارهێنراوە.ئەو چەمکە بە چەمکی تەقییەوە بەندەو لەوەوە کەوتۆتەوە و تەواوکارییەتی. زۆر و جەوری کار بەدەستان و بێدادی و کەمی دۆست و لایەنگیران ئیمام ناچار دەبێ لەبەر چاو ونببێ.ئەو ونبوونە دوو جۆرە: کورت خایەن و ونبوونی درێژخایەن.

کە ئیمام بۆ ماوەیەکی کورت لەبەر چاو وندەبێ کەسانی تایبەت دیاری دەکات پەیوەندی پێوە بکەن و پەیامەکانی بە لایەنگیرانی رابگەیەنێ. بەلای ئەو گرووپەی

شیعەوە، کاتی خۆی پەیامبەری ئیسلام هەستی بە مەترسی لەسەر ژیانی مسولْمانەکان کردووە فەرمانی پێداون لەبەر چاو ون بن، خۆیان بشارنەوە، بۆیە بەرە و حەبەشە کۆچیان کردووە. ئیمامی شیعە هەمان شتی پەیامبەری ئیسلام جێبەجێ دەکات.ونبوونی درێژخایەن کە محەمەدی مەهدی ئەمەی کردووە، بە فرمانی خوابووە هەر دەبێ خوا رێگای بە دەرکەوتن و هاتنەوەی بدات بۆ ئەوەی زۆر و جەور و بێدادی لەسەر زەوی لابەرێ.

## - ولایەتی فەقیە:

لەبەرامبەر بنەمای ونبوون دووجۆر هەڵوێست لەلایەن شیعەی دوانزە ئیمامیەوە بەدی دەکرێت:-[١٠] ئاراستەی یەکەم بە لایەوە تاوەکو ئیمامی ونبوو رێگای هاتنەوەی دەدرێ نابێ شیعە بیر لە دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەت و حکومەت بکەنەوە. بەڵام ئاراستەی دووەم کە خۆیان بە ( ئوسولْی) ناو دەبەن لەو باوەرەدان کە سوود و قازانج و کاروباری ژیانی رۆژانەی مسولْمانان وا پێویست دەکات کۆمەڵگا دەزگایەکی بەرێوەبردن و سەرۆکی هەبێ. ئەو سەرۆکە دەبێ زانایەکی شارەزای تەواوەتی ئایینی بێ کە ئەوان بە (فەقیە) ناوی دەبەن و دەوڵەتە دامەزراوەکەش (ولایەتی فەقیە) ی پێدەگوترێ. ئەو سەرۆکە ئەگەرچی لە پلە و پایەدا ناگاتە ئیمام بەڵام دەبێ هەموو دەسەڵاتێکی ئیمامی هەبێ!

- ئیمامی مسولْمانان بە بۆچوونی شیعەی دوانزە ئیمامی هەر لە خەلیفەی چوارەم عەلییەوە تاوەکو مەهدی ونبووی چاوەڕوانکراو دەبێ دەسەڵاتی رەهایان هەبێ هەر لە فتوادانەوە تاوەکو هەڵگیرساندنی جەنگ و جێگیرکردنی ئاشتی و کاروباری ژیانی رۆژانەی خەڵك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و هاوسەرگیریی[١١]. ئیمام رۆڵی پەیامبەری ئیسلام دەگێڕێ. جیاوازی نێوان پەیامبەری ئیسلام و ئیمام تەنیا هەر لەوەدایە کە پەیامبەر وەحی بۆ دێت و ئیمام لەو سروشە ئاسمانییە بێبەشە. ئەو بڕیارە دەکرێ بەو جۆرە تویێژینەوەیەکی ئازاد (ئیجتیهاد) دابنرێ کە

ئەو ئاراستەیە کردوویەتی چونکە ناکرێ مرۆڤ ساڵەهای ساڵ چاوەڕێی ئیمامێکی ونبوو بکات خوا هەر خۆی دەزانی کەی پەیدا دەبێتەوە و دەردەکەوێ!

**شیعەی زەیدییە:**

وەك ئاشکرایە شیعە لەسەرتادا و ئینجا شیعەی دوانزە ئیمامی لە دوایدا لەو باوەڕەدابوون کە تاکە سەرۆکی شەرعی (رەوای) ئیسلام بەپێی بنەماکانی ئایین و رێوشوێنەکانی دنیا (ژیان) ئەو ئیمامەیە کە خوا ئەو پلە و پایەیەی پێ بەخشیووە و هیچ کەسێك ناکرێ و نابێ بە هۆی دەنگدانی خەڵکەوە ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێ چونکە هەر خوا خۆی ئەو مافەی هەیە. عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئەو کەسە بووە کە ئەو شکۆمەندییەی پێبراوە. ئەوان ئەو سەرۆکەیان ناو نەناوە خەلیفە بەڵکو پێیان گوتووە (ئیمام) چونکە دەبێ بەپێی بنەما بنەڕەتیەکانی ئایین خەڵك گوێڕایەڵی فرمان و فەرمایشتەکانی بن (ئیتاعەتی بکەن). ئەو وشەیەی ئیمام پتر بەلای ئاییندایە و پایەیەکە بە ئاشکراو بە روون و رەوانی رەهەندە ئایینیەکەی دیار و دەستنیشان دەکات. ئایا هەڵوێستی شیعە زەیدییەکان لەو بارەیەوە چۆنە؟ ئەو ناوەیان لە چییەوە هاتووە؟ وشەی زەیدییە لە ناوی زەیدی کوڕی حوسێنی کوڕی عەلی هاتووە کە خۆی ئەو رێبازەی دامەزراندووە[١٢].ئەو رێبازە بەوە خۆی لە شیعەی دوانزە ئیمامی جیادەکاتەوە:

- راستە ئەوانیش دەڵێن دەبێ عەلی ئیمام بێ و ئینجا حەسەن و حوسێنی کوڕی بەڵام ئیمام بە وەسیەت و راسپاردەی پەیامبەری ئیسلام نابێ بەڵکو دەبێ لەلایەن شێخ و ریش سپی و شارەزا و ئیختیارانی ئوممەتەوە هەڵبژێردرێ.ئەمەش بە ئاشکرا چوونە دەرەوەیە لە چوارچێوەی ئەو جیهاندیدەی شیعەی ئیمامی رەنگی ڕشتووە.

- لەلایەکی دیکەوە زەیدییەکان خۆیان لە رێبازی موعتەزیلە نزیك دەکەنەوە بەوەدا باوەڕیان وابووە ئەبوبەکر و عومەر خەلیفە بوون و دانیان بە رەوایەتی

وەرگرتنی پلە و پایەکەییان هێناوە و بگرە قسەی ناڕەوا ناخەنە پارسەنگیانەوە و بە زەوتکاریان دانانێن.

- ئیمام دەبێ دوای عەلی لە کوڕ و نەوەکانی بێت (سەر بە ئالی بەیت)بن، چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندیان تێدا بێ: ئازا و دلێر و چاونەترس، سەرگەرمی جێگیرکردنی بنەماکانی ئایین و داد و ئارامی، سەروماڵ و موڵکی ئیمانداران بپارێزێ.

- ئەو رێبازە باوەڕی بە بنەمای تەقییە نییە و رێگانادات لایەنگیرانی شتێك بڵێن راست نەبێ یان باوەڕیان پێی نەبێ! تەنانەت لەو باوەڕەدابوون کە زەین ئەلعابیدین شایستەی ئیمامەتی نەبووە چونکە دژی زۆر و جەورو زوڵمی کاربەدەستان هیچی نەکردووە!.

- ئیمام لەلای زەیدییە جگە لە خەسڵەتی (رۆحی) ئایینی دەبێ خەسڵەت و تایبەتمەندی سیاسی تێدا بێت.خۆ ئەگەر سەرکردە زاڵم بوو بێدادی لێدەرکەوت و لەسەری ساغ بۆوە دەبێ لایەنگیری رێبازی زەیدی بەربەرەکانی بکات و پەنا بۆ شمشێر[١٣]و تیر بەرێ و دژی تێبکۆشێ و قوربانی بە گیانی بدات.

- هیچ مەرج نییە ئیمام لە هەڵە بە دەربێ و هەڵە نەکات (عیصمەت) ئەو تایبەتمەندییە وا ئاسان نییە لە مرۆڤی ئاسایدا هەبێ.بەلایانەوە بیرۆکەی مەهدی چاوەڕوانکراو و گەڕانەوە و هاتنەوەی ئیمامە ونبووەکان بە هیچ بنەمایەکی ئایین و ژیر پشت راست ناکرێتەوە.

- باوەڕیان بە پشتاوپشت دەسەڵات گرتنە دەست (ورا**ثةت—میرات)**هەبووە. بەبێ ئەوەی باسی ئەوە بکەن مەرجە کوڕ وەك باوکی لێهاتوو بێ؟

-زەیدییەکان جگە لەوەی زانای ئایینی گەورە و ناسراویان تێدا بووە و داوایان کردووە بە شمشێر رووبەڕووی کاربەدەستانی بەنی ئومەییە ببنەوە باوەڕیان بە بنەمای موعتەزیلە: چاکەکاری و دوور لە بەدکاری هەبووە. زەیدی کوڕی عەلی بە

کردەوە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا ئەو دروشمە بنەمایەی پیادە و جێبەجێ کردووە[١٤].

- ئەو گرووپەی شیعە باوەڕی بەوە نەبووە کە ئیمام پێشبینی دەکات و توانای زانینی نهێنیەکانی غەیبی هەیە. ئەوەش بە پێچەوانەی تیۆری (بەداء)ە وەیە کە شیعە ئیمامی باوەڕیان پێ بووە. بەداء بەواتای دەرکەوتنەوەیە دوای ئەوەی شاردراوە بووە. فرمانی خوا دووجۆرە یەکلایی کردنەوە و هەڵپەساردن. ئەگەر ئیمام، بە بۆچوونی شیعەی ئیمامی، نەیتوانی پێشەکی پێشبینی رووداوێك بکات لەوەوەیە کە خوا فرمانی خۆی بۆ سوود و قازانجی گشتی هەڵپەساردووە.ئەمەش بە شێکە لە بنەمای تیۆری (بەداء ) کە دەکرێ بە بریار گۆڕین دابنرێ.

**شیعەی کەیسانی:**

گرووپی سێیەمی مەزهەبی میانڕەوی شیعە ناوەکەیان لە وشەی کەیسان وەرگیراوە. گوایە ئەو گرووپە باوەڕیان وابووە کە ئیمامەت دوای عەلی و حەسەن و حوسەین بدرێ بە محەمەدی حەنەفیە کە کوڕی ئیمامی عەلی بووە لە ژنێکی تری، ئینجا بۆ کوڕی حەنەفیە، ئەو کوڕەی پیاوێکی هەبووە زیرەك و شارەزا و دڵسۆز ناوی کەیسان[١٥] بووە. لێرەوە ئەو ناوە کراوە بە دروشمی ئەو گرووپە.

بەلایانەوە ئایین بریتیە لە پەرستن، ئەو ئیمامانەی لەبەر چاوی خەڵك مردوون زیندوودەبنەوە و دەگەڕێنەوە. محەمەدی حەنەفیە کە بە ئیمام دانراوە بە لایانەوە زیندووە و نە مردووە بووە بە مەهدی چاوەڕوانکراو کە لە کوردیدا بە (خدری زیندە) ناسراوە، رۆژێك لە رۆژان دەردەکەوێتەوە. بابەتەکەش بەم شێوەیەیە:

- محەمەدی حەنەفیە بە پێچەوانەی بنەما بنەڕەتییەکانی مەزهەبی شیعە و ئامۆژگاری باوك و باپیرانی کە (ئەهلی بەیتن) گوناهێکی گەورەی کردووە بەوەی دەنگی داوە بە خەلیفەی زاڵم عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان و (بەیعەتی) کردووە. بەو کارە نا بەجێیەی خوا سزای داوە و لەبەر چاوان ونی کردووە بەڵام ئەو سزا دانە رۆژێك لە رۆژان کۆتای دێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای دۆست و یار و لایەنگیرانی ئەو بۆ چوونە لە دوو بنەمای شیعەدا بە جەستە بووە کە باوەڕیان پێیەتی و بانگەشەی بۆ دەکەن:

-لەبەر چاو ونبوون (غەیبە).

-گەڕانەوە **(رجعة)**[١٦].

بەلای کەیسانیەوە کە پتر لە دەڤەری کوفەی باشووری عێراقی ئێستاو یەمەن بڵاوبوونەتەوە، جگە لەو دوو خاڵەی پێشتر بە توێژینەوەی ئازاد و وتار و نووسین بە چەند خاڵێکی دیکەوە پابەندبوون و داکۆکیان لێنەکردوون بە بنەمایەکی بنەڕەتی باوەڕ و مەزهەبەکەی خۆیانیان داناون:

- ئیمامەت پشتاو پشت لە باوکەوە بۆ کوڕەکەی دێت وەك چۆن کوڕ میراتی باوکی بۆ دەمێنێتەوە.ئەو مافەش لە خەلیفە عەلیەوە بۆ کوڕەکانی حەسەن و حوسەین و نەوەکانی بەجێماوە.

- راپەرین دژی زۆر و جەور و زوڵم و بێدادی کاربەدەستان ئەرکی سەر شانی لایەنگیرانیانە و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ پەنابرێتە بەر چەك (شمشێر).

- باوەڕیان بە بنەما (تیۆری بەداء) هەبووە و داکۆکیان لێکردووە.بەپێی ئەو تیۆریە دەکرێ خوا و ئیمام بڕیار و بۆچوونیان هەڵپەسێرن، لەوە دەچێ ئەو تیۆرییە لە بیرۆکەی نەسخەوە وەرگیرابێ. لە ئیسلامدا گوتراوە تەورات و ئینجیل کە هەردووکیان کەلامی خوان نەسخ کراونەتەوە، هەروەها دەبیسترێ کە لە قورئان خۆیدا ئایەتی ناسخ و مەنسوخ هەیە. ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت ئەوەیە:

هەندێکجار مرۆڤ شتێکی بە بیردا دێ جاران نەیبیستووە و نەیزانییوە بۆیە ئاساییە بۆچوون و رای خۆی بگۆڕێ، بڕیارێکی داویەتی یان دەیەوێ بیدات هەڵیپەسێرێ یان بڕیارێکی جیاوازتر بدات، ئایا دەکرێ شتێ بەمجۆرە بەسەر خوادا بێت؟ دەکرێ خوا فرمان و بڕیارێکبدات و لە دوایدا هەلیپەسێرێ؟ بەلای زۆربەی زۆری رابەرانی شعەی کەیسانیەوە وەلاّمەکە ئەرێنییە! من وای بۆ دەچم کە رەوشی بێداد و جەوری سەردەم سەرچاوەی ئەو بیر و بۆچوونە نامۆیانەبووە!لە دۆخ و هەلومەرجی نالەبار و نائاساییدا ناکرێ مرۆڤ چاوەڕێی شتی ئاسایی بکات! لەسەردەمی بەنی ئومەییە و پێشتریش خەلیفەی ئیسلام بە ئاشکرا بە شمشێر ورگی بدرێ و پیاوانی معاویە و یەزیدی کوڕی لە کوفەو کەربەلا بە رۆژی رووناك و لەبەر چاوی سەحابەکان بە شمشێر نەوەکانی پەیامبەری ئیسلام سەربرِن! لافی ئیسلامەتی و ئیمانداری و پاراستنی ئایینی ئیسلام بکەن لەو دۆخ و رەوشەدا دەبێ مرۆڤ چاوەڕێی چی بکات؟!

# گرووپە توندڕەوەکانی شیعە

گرووپی توندڕەو لە مەزهەبی شیعەدا لە ژماردن نایەت. ئەوی بەلای ئیمەوە لێرەدا گرینگە دوو گرووپە:

- عەلەوی (نسێری):
- ئیسماعیلی.

ئەگەر دەرکەوتنی گرووپی توندڕەو لە نێو ئایینی ئیسلامدا لەسەردەمی خۆی لە ئێستاشدا بەرواڵەت سەیر و نامۆ بێتە پێش چاو ئەوا ئەو سەیر و نامۆییە کاڵدەبنەوە ئەگەر مرۆڤ سەرنجی رووداو و رەوش و هەلومەرجەکە بدات کە بوونەتە مایەی پەرش و بڵاو بوونەوەی گرووپ و مەزهەبە ئیسلامیەکان و پەیدابوونی توندڕەوەکان: ئینجا وەڵامی ئەو پرسیارە تا رادەیەك دەستگیر دەبێ:

ئایا سروشتی ئایینەکە خۆی وایە ئەو گۆڕان و توندڕەویە هەڵدەگرێ یان سروشتی کۆمەڵگای ئەو میللەتانە و دابونەریتیان جۆرێکە هەموو شتێکی لە دەرەوە هاتوو بەبێ گۆڕین وەرناگرێ و پەسەند ناکات؟یان هەردووکیانە پێکەوە؟

## عەلەوییەکان:

گرووپێکی توندڕەوی شیعەی دوانزە ئیمامین هەتا وەکو خومەینی رابەری شیعەی ئێران بە فەرمی بە شیعە داینەنان لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵەیەکی شیعە دانیان پێدا نەنراوە و نەناسراون؟ بەپلەی یەکەم لە وڵاتی سوریا و ئینجا تورکیا و کوردستانی باکوور بڵاوبوونەتەوە.بەکەمی تێکەڵاوی خەڵکی تر دەبن و نهێنی مەزهەب و رێبازەکەیان بڵاو ناکەنەوە.ئەو سەرچاوانەش باسیان کردوون بە دەگمەن نەبێ هەست و گیانی زانستی-بابەتی- بێلایەنیان تێدا بەدی ناکرێ!

ئەوانیش وەك شیعەكان (روزبەی كوری خۆشنوود) كە دواتر بوو بە (سەلمانی فارسی) بە دەروازەی جیهانی شیعە دادەنێن.دوا رابەریان ئەبو شوعەیب محەمەد نەسیری بەسری نمێرییە، ناوی نەسیری كە باپیری ئەبو شوعەیب بووە لەلایەن لقێكی عەلەوییە بۆ گرووپەكەیان هەڵبژێردراوە و بەو ناوەوە بە نسێری ناودەبرێن.

ناوی عەلەویەكان لە ناوی عەلی ئەبو تالیبی خەلیفەی چوارەمەوە وەرگیراوە.زۆربەی سەرچاوە كۆنەكان (شەهرستانی، بەغدادی، ئەشعەری) بە جۆرێك باسی عەلەوییەكان دەكەن كە گوایە لە بنەما بنەڕەتییەكانی ئیسلام لایانداوە و پاشگەزبوونەوە، دەستنوێژ ناگرن، نوێژی سوننەتی ناكەن و ئاسایی بەرۆژوو نابن و ناچن بۆ حەج، گوایە باوەڕیان بە چوونە ژێر كێشەی گیان هەیە! بەو واتایە كە وتوویانە مرۆڤی ژیر حاشا لەوە ناكات كە دەكرێ رۆحانی لە لەشی ماددەیی دا دەربكەوێ و رەب لە پەیامبەر و ئیمامەكاندا بەرجەستە ببێ كە ئەمە بە عەرەبی ( تناسخ و حلول) ی پێدەگوترێ! هەروەها بە لایانەوە جوبرائیل دێتە سەر روخساری مرۆڤ و زۆرجار وەك عەربێكی بەدوو (ئەعرابی) دیتراوە. شەیتان و جنۆكە وەك مرۆڤ دەردەكەون و بەدكاری دەكەن! لەبەر ئەوەی دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام كەسێك لە عەلی و بنەماڵەكەی باشتر دەرنەكەوتووە بۆیە خوا بەزمانی ئەوان دواوە و قسەی كردووە لێرەوە عەلەوییەكان لایەنێكی خوایی[١٧] لە عەلیدا بەدی دەكەن و هەر لەبەر ئەو بۆچوونەیانە لەلایەن گرووپ و مەزهەبەكانەوە بە گرووپی عەلی ئیلاهی ناودەبرێن!.

لە نێو ئەو گرووپەدا جۆرە چین و پایە و پلەی جیاواز بەدی دەكرێ. سێ جۆر رابەریان هەیە بەپلەی یەكەم ئیمام دێ لە دوای ئەو نەقیب ئینجا نەجیب. شارەزابوون لە بنەما و نهێنییەكانی مەزهەبەكەیان پلە و پایەكەیان دیار و دەستنیشان دەكات.

**شیعەی نسیری:**

گرووپێکی توندڕەوی شیعەی عەلەوین بەپێی ئەو سەرچاوانەی باسیان دەکەن زۆر کەم پابەندی بنەماکانی ئایینی ئسلامن. لە هەندێ باوەڕ و بۆچوونیاندا ئەوەندە سنووریان بەزاندووە مرۆڤ سڵ لەوە دەکاتەوە قسەکانیان تۆمار بکات چونکە نەك هەر لەگەڵ بنەمای هیچ ئایینێکدا بەڵکو لەگەڵ بنەمای ژیر و لۆجیکیشدا نایەنەوە و ناگونجێن.

- بەلایانەوە ئیمامی عەلی نازناوی عەلی مەزن (عەلی و عەزیم) ی هەیە ئەمەش ناوی خوایە بۆیە نسیری خۆی بەبەندەی عەلی دادەنێ.

- سەلمانی فارس خاوەنی حیجابە واتە ئەو دەرگایەیە کە پێیدا مرۆڤ دەچێتە ژووری زانست و دانایی و نهێنییەکان.

- بنەماکانی نسیری نهێنیەکە نابێ ئاشکرا بکرێت.

- شەراب پیرۆزە و نسیری دەیخواتەوە، بۆیە داری مێویش پیرۆزە و نابێ ببردرێ[(١٨)].

- پلە و پایەی ئیمامی عەلەوی لە هی پەیامبەر بەرزتر و پیرۆزترە، چونکە ئیمام ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوا قسە دەکات و پەیامبەر بەهۆی جوبرایيلەوە ( سروش ) وەحی بۆ دێت.

- محەمەدی حەسەنی عەسکەری ئیمامی دوانزەهەمە بە فرمانی ڕەببانی لەبەرچاو خەڵك ون و بزربووە لە کۆتایی دنیادا (ئاخری زەمان) بە بەهرەی ڕەببانی دەردەکەوێتەوە[(١٩)]!

- هەڵوێستیان لەبارەی ژن نارێنی و نا لەبارە. لەو باوەڕەدان کە ژن سەرچاوەی بنج و بناوانی بەدکارییە. ژن ئایینی نییە و شەیتان خۆی لە ژن بەو لاوە نییە.

**شیعەی ئیسماعیلی:**

-گرووپێکی دیکەی توندڕەوە ناوەکەی لە ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری سادقەوە وەرگیراوە. ئیسماعیل لە باوکیەوە پلەی ئیمامی بۆ بەجێماوە بەڵام لە ژیانی باوکیدا مردووە،ئەو رووداوە بە لای لایەنگیرانیەوە راست نەبووە و ئیسماعیل نەمردووە بەڵکو باوکی لەبەرچاوی خەڵك ونی کردووە، رۆژێك لە رۆژان دێتەوە و زۆر و جەوروو بێدادی دنیا لا دەبات و داد و ئازادی جێگیردەکات:

ئەو گرووپە لەو باوەڕەدابووە کە لە کاتێکی دیاریکراودا هیچیتر سرووش( وەحی) بۆ پەیامبەری ئیسلام نەهاتووە ئیتر ئەو پەیام و پەیامبەریەتیەی بە عەلی بەخشیووە. لەو قسەیەیاندا پشت بە قسەیەکی پەیامبەری ئیسلام دەبەستن کە گوتوویەتی:

((من کنت مولاه فعلی مولاه)) لەو رۆژەوە گوایە عەلی بووە بە ئیمام و جێگای ئەوی گرتۆتەوە.دوای کوژرانی بە میرات ئەو پلە و پایەیە بۆ حەسەن و ئینجا بۆ حوسەین و بۆ عەلی کوڕی حوسەین و لە دواییدا بەر محەمەدی کوڕی عەلی کەوتووە، لەویشەوە هاتووە بۆ جەعفەری سادق و ئەم ئیمامە لە ژیانیدا بووە کە ئەو پلەیە بە کورەکەی ئیسماعیل بەخشراوە!

گرووپی ئیسماعیلی هەر لەسەرەتاوە مسوڵمانە سوننە توندڕەوەکانی هەراسان کردووە و ورووژاندوونی بۆیە هزمەند وشارەزا و زانا مەزهەبیەکانیان کۆشاون بە چەند بەرهەمێك، لەلایەکەوە تۆمەتی نا حەزانیان بڕەوێننەوە و پووچەڵ بکەنەوە، لەلایەکی ترەوە رەنگی جیهاندیدێك برێژن کە دەکرێ چەند خاڵێکی ناوەرۆکەکەی بخرێنە خانەی فەلسەفەوە،ئیمامی ئیسماعیلی جگە لەوەی هێزی گیانی و دنیایی هەیە، دەسەلاتی یاسا دەرکردن ( بەواتای ئەو سەردەمە) و بەڕێوەبەری و جێبەجێکردن و هێزی چەکداری هەبووە، هەر کەسێکیش سەرپێچی لە فرمان و فەرمایشتەکانی بکات ئایین و دنیای دەچێ!

- لە بەرامبەر ئەو تۆمەتەی دراویەتیە پاڵیان گوایە دەڵێن: گیانی خوا هاتۆتە بەر ئیمامەکان، ئەمەش بەشداربوونە لە خوایەتیدا، ئیسماعیلیەکان پێ لەسەر یەکڕەنگی (وەحدانیەت) ی خوا دادەگرن و کۆشاون لەرێگای ناکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانیەوە

ئەو یەکرەنگییە پشت راستبکەنەوە[٢٠] . بەو بریارەیان لەلایەکەوە تۆمەتی گومڕایی لە خۆیان دەڕەوێننەوە و لەلایەکەی دیکە لە بنەمایەکی بنەڕەتی موعتەزیلە نزیك دەبنەوە.موعتەزیلە بە خۆیان گوتووە: ئەهلی تەوحید.

ئیسماعیلیەکان ناکردنی خەسڵەتەکانی رەب بەوە پاساو دەدەنەوە، خەسڵەت جۆرێکە لە ناو، ناویش ناوی تایبەتی شتێکە. زۆرجار مرۆڤ ناوی جیاواز لە بوونەوەرەکان دەنێ بۆ ئەوەی لە یەکتری جیایان بکاتەوە. بەو پێیە خەڵك وێنەی بوونەوەرەکان دیار و دەستنیشان دەکات. بەڵام خوا هیچ بوونەوەرێك لە وێنەی نییە و هیچ شتێك لەناو ناچێت ( **لیس کمثله شیء)** ئینجا ئەو نە رەگەزە و نە جیاکارە و نە جۆرە بە واتای لۆجیکی، بۆیە نە راستە و نەدروستە و نە دەشێ هیچ خەسڵەتێك لە خەسڵەتەکانی بدرێتێ[٢١] .

- ئەو رێبازە توندڕەوە هەردوو چەمکی کات و جێگا لە خوا بە دوور دەگرێ. هەر بوونەوەرێك لە جێگادا بێ سنووردارە و بێ کۆتایی نابێ. خوا خوایی لە هیچ شتێکدا سنووردارنییە و لە هەموو شتێکدا بێکۆتاییە بۆیە ناکرێ لە جێگادا بێ و جێگای بخرێتە پاڵ.بە هەمان بۆ چوون کاتیش هەروایە:لە کاتدا پێش و پاش و ناوەڕاست هەیە.بەڵام خوا خۆی نە سەرەتا و نە دەستپێك و نە کۆتایی هەیە.کەوابوو لە کاتدا نییە و کات نایگرێتەوە!

- واپێدەچێ ئیسماعیلیەکان شارەزای فەلسەفەی فەیلەسووفە مسوڵمانەکان بووبن و ئاگاداریشیان لە ئەفلۆتین هەبووبێ بۆیە لە جیهاندیدەکەیاندا بە پێچەوانەی تیۆری لەسەرەوە رژانی **(فیض)** ی ئەفلۆتین قسەیان کردووە. بەباوەڕی ئەفلۆتین رەب لەبەر تەواوەتی و کەماڵییەکەی لەسەریەوە رژاوە و بەهۆی ئەو لەسەرەوە رژانە، چۆن تیشك لە ئاگر جیادەبێتەوە بەبێ ئەوەی کەم بکات یان گۆرانی بەسەردا بێ، بە هەمان شێواز بەم رێگایە بوون، جیهان پەیدا بووە بەلای ئیسماعیلییەوە ناکرێ بوون، جیهان، مرۆڤ بەهۆی **(فیض)** لەلایەن خواوە داهێنرابێ، چونکە ئەوەی بەو رێگایە پەیدابووە دەبێ لە جۆر و رەگەزی بنج و بناوانەکەی بێ. ئاو کە لە سەرچاوە و کانیەوە هەڵدەقوڵێ هەر هەمان سروشت و رەگەز و بابەتی سەرچاوەکەی خۆی هەیە.بەڵام خوا هیچ شتێك لە جۆر و وێنەی نییە و سروشتی تایبەتی تاك و تەرای خۆی هەیە بۆیە ناشێ ئەو تیۆرییە پەسەندبکرێت.

# ئەنجام

١- دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین مێژووی ئیسلام لە دوای مردنی پەیامبەری ئیسلامەوە، بریتی بووە لە مێژووی شەڕی براکوژی نێوان ئەسحابە-برای دینی دوێنێ و دوژمنی ئەمڕۆ! تەنانەت لە چوار خەلیفەی ئیسلام سێیان لە لایەن سەحابەکانەوە بە شمشێر کوژراون! ئەو پرسیارە ئەوەندە کراوە گەرم و گوڕی خۆی نەماوە:ئایا ئەو شەڕی براکوژیەی نێوان سەحابەکانی ئیسلام و ئەو سەربرینەی نەوەکانی ئەهلی بەیت و ئەو خوێن ڕشتنە سنوور بەزێنە لە سروشتی ئایینەکەوە کەوتۆتەوە یان میللەتی عەرەب هەڵگری پەیامی ئایینی ئیسلام خۆی وابووە؟!

بەپێی سەرچاوەکان ژمارەی ئەو سەحابانەی لە شەڕی براکوژیدا، هەر لە سەردەمی عوسمانەوە تا وەکو حکومڕانی بەنی ئومەییە و سەردەمی عەبباسی کوژراون پترە لە ژمارەی ئەو سەحابانەی ئایینی ئیسلامیان لە ئەندەلوسەوە تاوەکو خوارزووم و سەمەرقەند بڵاوکردۆتەوە! ئەم دیاردەیە چۆن لێك دەدرێتەوە؟ دەکرێ بگوترێ ئایینی ئیسلام نەیتوانیووە بەپێی پێویست سروشت و کەسایەتی و دابونەریت و تەبیعەتی مرۆڤی بەدووی عەرەبی (جاران جاهیلی) بگۆڕێ و وای لێبکات کورد گوتەنی (رەحمی خوا لە دلێدا بێ) و دەستی نەچێتە کوشتنی ڕکابەرانیەوە؟ سەربڕینی حوسەینی کوڕی ئیمامی عەلی و نەوەی پەیامبەری ئیسلام لە کەربەلای (موعەللا!) و بردنی سەرەکەی بۆ لای یزیدی معاویە لەشام بۆ ئەوەی چاوی پێبکەوێ و دڵی ئاو بخواتەوە و ئارام بێ، ڕێگای پەیدابوون و سەرهەڵدانی گرووپی توندرەو و هەڵگەرانەوە و یاخی بوون، رەوا دەکات! وتراوە: دوای شەڕە شمشێر (عەبدولڕەحمان مولجەم موڕادی) بکوژی عەلی گیراوە، لەبەرچاوی خەڵك بەبێ پەنابردنەبەر شەرع و بنەماکانی ئایین و دادگا بە شمشێر هەردوو دەست و قاچی بەزیندووی بڕاوەتەوە ئینجا سەری لەلاشەی جیاکراوەتەوە! ئایا ئەمە دیاردەیەکە دەشێ لە سەردەمێکدا رووبدات ئایینێك هاتبێ

کۆششی جێگیرکردنی دادی ڕەببانی (عەدالەت ئیلاهی) بکات و خەڵك لە گومڕایی و کوفر و ئیلحاد ڕزگار بکات؟! ئایا دەکرێ بگوترێ هۆکاری ئەو کوشتار و خوێن ڕشتنە نەبوونی کولتوور بووە؟ عەرەب ئایینی هەبووە بەڵام بێ کولتوور بووە بۆیە ئایینەکە نەیتوانیوە مرۆڤێکی ئاسایی شارستانی لێدروستبکات؟! فارس پێش ئیسلام کولتوور و ئایینی هەبووە کە کران بە ئیسلام کولتووریان هێنایە نێو ئەو جیهانەی بە عەرەبی تێیدا دەنوسرا!

٢- ئەگەر لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلامدا، وەك شیعەکان خۆیان گوتوویانە، کەسانێك هەبووبن لایەنگیری عەلی کوڕی ئەبوو تالیب بووبن وەك سەلمانی فارسی و ئەبوو دەری غەفاری، ئەوا لەگەڵ کوژرانی خەلیفەی چوارەم لە دوای جەنگی بێ وێنەی سەفین گرووپی شمشێر بە دەست بەناوی شیعەوە دەرکەوتوون، بەڵام دوای سەربرینی حوسەین لە کەربەلا ئەو گرووپە پتر خۆیان ڕێك و پێك کردووە و ڕێکخراون.بەپێی سەرچاوەکانیش لەسەردەمی جەعفەری سادقیدا شیعە خەت و خاڵی داوە و بووە بە مەزهەبێکی ڕێك و پێکی خاوەن جیهاندیدێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراوی مەبەست و ئامانج دیاری کراو.

ئیتر لەو ڕۆژەوە شیعە وەك مەزهەب دامەزراوە، کۆشاون بەئاشکراو نهێنی پشت ئەستوور بە لێکدانەوە و شرۆڤەکردن و(تەئویل) کردنی ئایەتی قورئان و حەدیسەوە، ڕەوایەتی داواکارییەکانیان ساغ بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە ناچاربوون ئەوەندەی بۆیان کرابێ، جگە لەبەر بەرەکانی چەکدار (تیر و شمشێر بەپێی ئەو سەردەمە) پەنا بەرنەبەر توێژینەوەی ئازاد کە بە عەرەبی (ئیجتیهاد) ی پێدەگوترێ!.بەڵام ئەو توێژینەوە ئازادە پتر مەبەستی تایبەتی هەبووە و سنووری ئایینەکەی بەزاندووە. مەبەستەکە ڕەوایەتی کردنی مافی بوون بە خەلیفەی عەلی بووە لەبەرامبەر بێدادی و ناڕەوایەتی هەر سێك خەلیفەکەی تر. ئەو حەدیسانەی هێناویانەتەوە، ئەوانەی سەحیحن، ئەوەیان پشت ڕاستکردۆتەوە کە عەلی پیاوێکی لە خوا ترسی ڕاستگۆی دادپەروەری ئیماندار بووە. ئایا مرۆڤی ئیماندار چ پەیوەندیەکی بە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە

هەیە؟ ئایا مەرجە ئەوەی ئیماندار و بە دین بێ بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووش بێ؟! سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە سەحابەی شارەزا و بە ئەزموون داوایان لە عەلی کردووە پەنا بۆسیاسەت بەرێ و معاویە و کەسانتر بە شێوەیەکی کاتی رازی بکات تاوەکو رەوشی خەلافەت جێگیردەبێ کەچی ئەو هیچ گوێی نەداوەتە ئەو ئامۆژگاریانە و پشتی بە ئایەت و حەدیس بەستووە! پشت بەستن بە ئایەت و حەدیس بنەمای خوا پەرستیە نەك بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی رۆژانەی خەڵك و کۆمەڵگا. ئەو کەسانەی تۆمەتی داونەتە پاڵ و ویستوویەتی لایان بەرێ و پلە و پایەکانیان لێ بسەنێتەوە کەسانی وا سووك و ئاسان نەبوون، دەست لە دەسکەوتەکانیان هەڵبگرن و بێدەنگ بن. ئیمامی عەلی پیاوی بەڕێوەبردنی کاروباری دنیا نەبووە.ئەو پێنج ساڵەی (مانگێك کەمتر) خەلیفە بووە بە دەگمەن هەبووە لە نێو مسوڵماناندا شەر هەڵنەگیرسێ و عەلی تێوەی نەگلێ.

٣- هۆکاری دروستبوونی شیعە بەپلەی یەکەم سیاسی بووە ئینجا بە دوایدا هۆکاری ئایینی دێت. هۆکارە سیاسیەکە بریتی بووە لەوەی چ کەس مافی ئەوەی هەیە ببێ بە خەلیفەی پەیامبەری ئیسلام؟! ئەو مەرجانە کامانەن کە دەبنە مایەی رەوایەتی بوون بە خەلیفە؟! ئایا تێکستە ئایینیەکان ئەو بڕیارە دەدەن یان نزیکی لە پەیامبەری ئیسلامەوە یان تەمەن و ئەزموون و تاقیکردنەوە و شارەزایی لە ژیانی رۆژانەی خەڵك و کۆمەڵگا و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت ئەو کێشەیە یەکلایی دەکاتەوە؟!

بەلای شیعەوە عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەبوو ببێ بە یەکەم خەلیفە بەڵام ئەو مافەی لێ زەوتکراوە.ئینجا دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین کوژرانی خەلیفەی چوارەم عەلی رووداوێك بووە لەو رووداوانەی بە تەواوەتی دنیای ئیسلامی هەژاندووە و پەرت و بڵاوکردووە و بگرە بۆتە مایەی دووبەرەکی لە نێوان برایانی ئایینیدا کە تاوەکو ئەمڕۆش ئەنجامە فرە رەهەندەکانی کارایی خۆیانیان لە دەستنەداوە.

راستە عەلی پیاوێکی ئیماندار و ئازا بووە باوەڕی بە یەکسانی مسوڵمانەکان هەبووە، ئیتر ئەو مسوڵمانە عەرەب بێ یان نا.ئەوی لێرەدا دەگوترێ ئەو سروشت و تایبەتمەندیەی عەلی لە شارەزایی و تاقیکردنەوە و لێزانی ژیانی رۆژانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو هۆکارەکەی چەند ئایەتێکی قورئان و حەدیس بوون کە ئەو کاتە و لەو سەردەمەشدا سنووری تیۆریان نە بەزاندووە! بڕوابوون بە دروشمێك کە پتر سروشتی تیۆری هەیە و جێبەجێکردنی لە ژیانی رۆژانەدا دوو شتی لە یەکتری جیاوازن و لایەنی دووەمیان هەلومەرج و رەوشی دیاریکراو و ئامادەیی دەوروبەری گەرەکە، لە سیاسەتدا بە هەلومەرجی خۆیی و بابەتی ناودەبرێ، ئەو هەلومەرجە بابەتیە لایەنی خۆیی- تیۆری رەوا دەکات و دەستەبەری سەرکەوتنی دەبێ.

٤- ئەوەندەی بابەتەکە پەیوەندی بە رەهەندەکانی زانستی کەلام هەیە توێژینەوەی ئازاد و دەستپێشخەری رابەرانی شیعە چەند خاڵێکیان تۆمار کردوە سەرنج رادەکێشن و جێگای بایەخ پێدانن:

- خەلیفە بوو بە ئیمام، ئیمامەتیش پشت و پشت وەك میرات لە باوکەوە بۆ بەجێ دەمێنێ، تەنیا نەوەکانی پەیامبەری ئیسلام کە (ئەهلی بەیتن) مافی ئیمامەتیان هەیە! ئەوەش بە دەنگدان (بەیعەت) نابێ بەڵکو بە دانان دەبێ. ئەگەر شیعەکان رەخنە لە جۆر و شێوازی هەڵبژاردنی ئەبوبەکر و عومەر بگرن، ئەو هەنگاوەی خۆیان هەڵیان گرتووە بە هیچ جۆرێك بەرەو پێش چوون نییە بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ دواوە! تاقیکردنەوە بە پێزەکانی ژیان ساغیان کردۆتەوە هەموو شتێك بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ بمێنێتەوە هیچ کاتێك لێهاتوویی و توانای بەڕێوەبردن و حوکمرانی کردن بە میرات ناگیرێ و بە دەگمەن نەبێ کوڕ لە کاروباری سیاسەت و بەڕێوەبردندا نەچۆتەوە سەر باوکی!ئەگەرچی معاویە نموونەیەکی بەد و بەدکارە، بەڵام خۆی سیاسیەکی شارەزا و فێڵبازێکی بێ وێنەبووە کەچی یەزیدی کوڕی بە سەر خۆشی چووە بۆ مزگەوت و نوێژی کردووە!دەکرێ ئەو بۆچوونەی شیعە بەوە پاساو بدرێ کە کەس و کاری پەیامبەری ئیسلام لەلایەن بەنی ئومەییە و عەبباسیەکانەوە زوڵم و نا

هەقیەکی لە رادەبەدەریان بەرامبەر کراوە و دەست لە کوشتن و برین و سەربڕینیان نە پارێزراوە بۆیە دەکرێ ئەو کاردانەوەی شیعەکان تاڕادەیەك تێبگەیشترێ! پێمان وایە ئەگەر عەلی و نەوەکانی پەیامبەری ئیسلام بەو مەرەیە نەچووبانایە شیعەش ئەو قسەیەیان نەدەکرد!

بەو پێیە رەوش و هەولومەرجی مێژووی پەرەسەندن و گۆڕانی مێژووی ئیسلام نەك بنەمای ئایین و شەرع، هۆکاری ئەو جیهاندیدەی شیعە بوون. قورئان و حەدیس و پەیامبەری ئیسلام بنەمایەکی روون و ئاشکرای هەڵبژاردن و دانانی خەلیفە، ئیمامێکی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەریان دانەناوە. راستە گوتراوە: (**أمرهم شوری بینهم)** ئەم رستەیە لە دروشمێکی گشتی بەولاوە نییە ،نە بنەما، نەشێواز نە پێودانگی ئەو شورایە روون نەکراوەتەوە، تا سەردەمی عەبباسیەکانیش هزرمەند و زانایانی ئایین فیقھ و سیاسەتمەداران هیچ جۆرە بنەما و تەکنیکێکی حوکمرانیکردنیان دانەناوە و رەنگ نە ڕشتووە. هێنانی ئایەتی قورئان و حەدیس پێویستیان بە وردە کارییەك هەیە کە لەگەڵ هەلومەرجی رۆژانەدا کە بێ پسانەوە گۆڕان و وەرچەرخان بەخۆیەوە دەبینێ، بگونجێ! دروشمی گشتی تەنیا هەر چوارچێوەیەکە، وردەکاری جێبەجێکردنی شتێکی ترە و لە ژیانی رۆژانەدا رەوایەتی و کارایی و توانای پیادەکردنی پێدەبەخشێ.

- خاڵێکیتری سەرنج راکێش ئەوەیە، ئیمامی عەلی نموونەی مرۆڤی ئیماندار و راستگۆیی بووە، لە ژیانیدا خاڵێکی لەسەر تۆمار نەکراوە کە بە قسە شتێکی گوتبێ و بە کردەوە شتێکی دیکەی کردبێ. کەچی شیعەکان بنەمای (تەقییەیان) رەوا کردووە! ئەمە چۆن لێکدەدرێتەوە! تا چەند لەگەڵ بڕوابوون بە ئیمامەتی عەلی دێتەوە؟!

- ئەگەر لەلای سوننە بە تایبەتی و لە ئیسلامدا بنەماکان (روکنی) ئایین پێنج بێت شیعە دوو بنەمای تری خستۆتە سەر و بەوپەڕی تواناوە پێ لەسەر جێبەجێ کردنیان دادەگرێ:

**یەکەم:** گوێڕایەڵی ئیمام و ولایەتی فەقیە، بەلایانەوە لە نوێژ و ڕۆژ و کەمتر نییە و ئەوی لەو گوێڕایەڵییە (ئیتاعەتکردنە) پاشگەز بێتەوە بنەمایەکی گرینگی ئایین و مەزهەبەکەی لە دەست دەدات. لەو خاڵەوە خاڵی دووەم دەکەوێتەوە کە بریتیە لە :

**دووەم:** بێ بەریبوون و حاشاکردن لە گومڕا و ئەوانەی شەریك و هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکەن ئەوانەی دژایەتی ئیمامی (ئوممەت) [٢٣] دەکەن. ئەو بنەمایە بە عەرەبی پێی دەگوترێ (( **البرارة من المشركين**)).

ئەو پرسیارەی لێرە دەکرێ: مەبەست لە گوێ رایەڵی کردنی ئیمام چییە؟ چۆن دەستەبەری دادپەروەری ئیمام دەکرێ؟ کە دەگوترێ (مشركين) مەبەست لە چ کەسە؟ ئەوانەی دژی ئیمامی شیعەکانن یان کەسانیتر مەبەستە؟ بە هەر لایەکدا ئەو پرسیارە وەڵام بدرێتەوە، جیهاندیدی شیعە، میانڕەو و توندڕەو، بە هیچ بنەمایەکی ژیرو لۆجیك لێك نادرێنەوە و ڕەوا ناکرێن و بەهیچ جۆرێك لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا نایەنەوە! دەبێ یادکردنەوەی بەدکارییەك پتر لە هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ لە کەربەلا قەومابێ چ سوودێك بە کولتوور و ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا بگەیەنێ؟ چ بارێك لەسەر شانی مرۆڤی ماندووی سەردەم سووك دەکات؟

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١- دكتور أحمد محمود صبحى: فى العلم الكلام. دار النهضة العربية.ج٢، ط ٣، بيروت ١٩٩١.ص ٢٦ وفى أماكن مختلفة.

٢- دكتور أحمد محمود صبحى: سەرچاوەی پێشوو ل ٢٧ و لە چەند شوێنێکی تردا.

٣- ابن خلدون: المقدمة.دار الشرق العربى بيروت ٢٠٠٤، ص٣١٤.

٤– ئەو قسەیە لەو کتێبەدا هاتووە:

د.عامر النجار:في مذاهب الاسلامين.التراث. الهيئة المصرية العامة للكتاب ٢٠٠٥.ص ٢٤ فما بعد.

٥- الشهرستانى: الملل ولنحل.دار الكتب العلمية بيروت ٢٠٠٧، ج١، ص١٤٤فما بعد وفى اماكن اخرى ايضا.

٦- المسعودى: مروج الذهب. دار المعرفة.بيروت ٢٠٠٥، ج١- ك٢، ص٢٩٦-٢٩٧.

٧- إبن خلدون: المصدر السابق.ص١٩٠-١٩١ وفى اماكن مختلفة.

٨- إن خلدون: المصدر نفسه ص٢١٠.

٩- الشهرستانى: الملل والنحل. ص١٤٤-١٤٥.

-إبن خلدون: المقدمة. ص١٨٣.

١٠- الدكتؤر فيصل بدير عون: علم الكلام ومدارسة.مكتبه الأ نجلو المصرية. القاهرة- ٢٠١٠، ص١٢١.فما بعد.

١١- الدكتؤر فيصل بدير عون: نفسه المصدر.ص١٢٢.

١٢- إبن خلدون: المقدمة. ص١٨٦.

١٣- سعدرستم: الفرق والمذاهب الاسلامية.دار الأوائل.دمشق: ٢٠٠٨، ص٢١٠.

١٤- أ.د. على سامى النشار: نشأة الفكر الفلسفى فى الاسلام: نشأة التشيع ونطورة. ج٢، دار السلام القاهرة- ٢٠٠٨، ص ٨٠٠.

١٥- إبن خلدون المقدمة ص ١٨٤.

١٦- أ.د. على سامى نشار: المصدر نفسه ص٧٣٤.وفى أماكن أخرىَ.

١٧- الشهرستانى: المصدر السابق. ص١٩٢-١٩٣.

١٨- د.عبدالرحمن بدوى: مذاهب الاسلامين. دار العلم الملايين بيروت ٢٠٠٥، ص١١٨٨.

١٩- د.محمد سالم إقدير: العقائد الفلسفية المشتركه بين الفرق الباطنية مكتبه مدبولى.القاهرة-٢٠٠٦،ص٢٠١.

٢٠- د.عبدالرحمن بدوى: مذاهب الاسلامين: المصدر نفسه.ص ٩٦٣.

٢١- د.فيصل بدير عون المصدر نفسه. ص ١٠٢ فما بعد.

٢٢- د.عبدالرحمن بدوى: المصدر السابق ص٩٧٦ فما بعد.

٢٣- إغناتس غولد تسيهر: العقيدة والشريعة فى الاسلام.ترجمة: محمد يوسف موسىَ.دار الجمل. بيروت ٢٠٠٩، ص ٢٦٥ فما بعد.

# خاریجییەکان

١- دەرکەوتنی گرووپی خاریجییەکان بە تایبەتی و گرووپەکانی تری زانستی کەلام بە گشتی، دوو خاڵی گومان هەڵنەگر ساغ دەکەنەوە هەر دووکیشیان بە حەدیسێکی سەحیح پشت ئەستورن:

((**جاء الإسلام غريبا وسيعود غريبا فطوبى للغرباء**)). دوو خاڵەکە بەو جۆرەیە:

**یەکەم:** گۆڕان ئەو شادەمارەیە کە خوێنی ژیان دەگەیەنێتە کۆمەڵگا. بەڵام کۆمەڵگا لە چین و توێژی جیاواز پێکهاتووە، بە دەگمەن رووەدات دیاردەیەك، هۆکارێك، ئایدیۆلۆجیایەك ئاینێك بتوانێ سەرتاپای کۆمەڵگا بگۆڕێ و بەو ئاراستەیەدا بیبات و تەکانی پێبدات کە خۆی لەسەرەتاوە ڕەنگی مەبەست و ئامانجەکانی ڕشتووە.

**دووەم:** ئەگەرچی وا نیشاندراوە کە ئایین لەسەر و کۆمەڵگاوە بەسەر کۆمەڵگادا جێبەجێ کراوە، بەڵام لە هیچ قۆناغ و سەردەم و شوێنێکدا ئەو بۆچوونە وەك خۆی وەرنەگیراوە و پەسەند نەکراوە، کۆشش کراوە یان ئەوەتا لەو سروشتە ترانسندێنتیە سەرو سروشتیەی ئایین کالبکرێتەوە بە جۆرێك لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگادا بگونجێ یان بەپێی هەلومەرجی لە ئارادابوو ئەوەندەی رێگای دابێ و هەڵیگرتبێ گۆڕانی بەسەردا هێنرابێ، با ئەو گۆڕانەش هەندەکی بچووك بووبێ و چوارچێوەی دیاری ئایینەکەی نە بەزاندبێ، بوونی شیعە و سوونئە، ئینجا بوونی چوار مەزهەب و ئێستاش مەزهەبی وەهابی لە سوونئەدا، راستی ئەو قسە و بۆچوونە ساغ دەکاتەوە، هەر بۆیە هزرمەندان دواتر بەتەواوەتی زانیویانە کۆمەڵگا کوێی دێشێ و دەستیان خستۆتە سەر برین و زامەکەی و چارەسەرەکەیان لەوەدا دیوەتەوە کە دەبێ کاروباری ئایینەکە رەخنە بکرێ. ئەو رەخنەگرتنە لە کاروباری ئایین لەو سەردەمەدا رێگای دروستی یەکلایی کردنەوەی هەندەکی کێشەکان و شڵەقاندنی گۆمی وەستاوی کۆمەڵگابووە. لێرەوە کێشەی خەلافەت یەکەم نیشان بووە کە تیری ئەو رەخنەیەی تێگیراوە. جیاوازی نێوان خەلیفە

و ئیمام چییە؟ چ کەس مافی هەیە ئەو پلە و پایەیەی بدرێتێ. ئایا ئەو ئەرك پێ سپاردنە بە هەڵبژاردن دەبێ یان بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ؟ گوناه چییە؟ چ کەس گوناهبارە ئەمە پەیوەندی بە تاوانەوە چییە کە ئەوسا بە (مورتەکەبی کەبیرە) ناو براوە؟ سزاکەی چۆنە؟پەیوەندی نێوان ئیمان (باوەڕ) و کردار چۆن هەڵبسەنگێنرێ؟ ئەگەر یەکێك بە زمان و دڵ ئیماندار بێ و بە کردار وانەبێ بە چی دادەنرێ؟ ئەگەر لەم سەردەمەدا ئەو رەخنانە وا بێنە بەرچاو کە لە تەپ و تۆز تەکاندن چووبن لەسەردەمی خۆیدا رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە و لەلایەن سەلەفیە کۆنە پارێزەکانەوە بەتوندی بەرهەڵستی کراون و خاوەنەکانیان بە دڕندەترین شێوە ژیانیان لێ ستێنراوە. ئەو نەهامەتیەی بەسەر موعتەزیلە هێنرا ئەو قسەیەمان پشت راستدەکاتەوە!

٢- لەگەڵ دەرکەوتنی ئایین لە دوورگەی عەرەب دروشمێك بانگەشەی بۆ کراوە کە بریتی بووە لە یەکسانی. بەڵام ئەو دروشمە پتر قسەی سەرزار و توێکڵی بێ ناوك بووە، چونکە لە قۆناغی دووەمی خەلافەتی عوسماندا زۆر بە ئاشکراو روونی جیاوازی چینایەتی شانبەشانی جیاوازی خێڵ و تیرەگەری بە دەرکەوتووە.ئەو جیاوازیەش بووەتە مایەی ئەوەی شۆڕش لە بەسرە و کوفە و چەند ناوچەیەکی دیکە دژی خەلیفەی سێیەم هەڵگیرسێ تاوای لێهات لە ماڵەکەی خۆی کوژرا. هۆکارێکی تری هاندەری توند و تیژکردنی ئەو جیاوازییە چینایەتیە ئەوە بوو کە لەسەردەمی خەلیفەی چوارەم عەلی غەزا (داگیرکردنی وڵاتان) نەما. ئەو کۆتایی هاتنەی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام کە جاران سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی پارە و ماڵ و موڵك بووە بۆ عەرەب، وشکایی هاتووە، خەڵکەکە هیچیتر خەریکی غەزا نەبووە بەڵکو لە وڵاتانی دەرەوەی دوورگەی عەرەب جێگیربوون و شار و مەڵبەندو ناوەندی نیشتەجێ بوونیان دروستکردووە و خەریکی کاروباری دنیای دوور لە ئایین بوون. ئەو دوو هۆکارە: کۆتایی هاتنی داگیرکردنی وڵاتانی دیکە، دەستکەوتی لە ژماردن نەهاتووی پارە و موڵك و ماڵ و وشکایی هاتووە ئینجا خەڵکەکە لە وڵاتانی پڕ خێرو بێری دەرەوەی دوورگەی عەرەب جێگیربوون و بوون بە خاوەن پلە و پایە و سامان، ئەو رەوشە پتر لە جاران جیاوازی

نێوان خێڵ و تیرە و چینەکانی توند و تیژ کردووە، لەلایەکەی تریەوە وردە وردە سیاسەتی نەتەوە و ڕەگەزپەرستی سەری هەڵداوە و ئەوانەی عەرەب نەبوون بە موالی ناوبراون و لە شوێن و پلە و پایە گرنگەکان نەك هەر بێبەشکراون بەڵکو دووریش خراونەوە.ئەو سیاسەتە ڕەگەز پەرستیە چەپەڵە بە فەرمی لەسەردەمی حوکمرانی بەنی ئومەییە، دوای کوشتنی ئیمامی عەلی جێبەجێ کراوە[1].

٣- دەرکەوتنی خاریجییەکان ئەگەر وەك دیاردەیەك سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشابێ و بە بزاڤێکی شۆڕشگێری ڕادیکاڵ کە بەتەواوەتی و بە هەموو هێزو توانایەکەوە (بە شمشێر) بەربەرەکانی و بەرهەڵستی کاربەدەستانی دەوڵەت و خەلیفەی کردووە.دەستپێك و پێشەکی دەرکەوتنی تایبەتی و گشتی، هۆکاری خۆیی (ناوەکی) و بابەتی دەرەکی هەبووە ئەو هەلومەرجەیان دابینکردووە کە وەك کەشوهەوا دەستەبەری پەیدابوونی ئەو بزووتنەوەیە بوون! کەوا بوو ئەو هەلومەرجە دوو ڕەهەندییە چی بووە کە زەمینەی لەباری پێگەیشتن و پەیدابوونی ئەو گرووپە خاریجییانەی ساز کردووە؟!

-هەندێکجار هەندێك کردار یان کردارێك رابەرێك بە مەبەستێکی تایبەتی دەیکات کە ئەنجامی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کە چاوەڕوانی نەکردووە بگرە دەبێتە مایەی لە دەستدانی سەروماڵی. سیاسەت و کردەوەکانی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوری عەفان نموونەی ئەو ڕووداوانەیە: عوسمان لە ژیانیدا چەند کارێکی کردووە و چەند هەنگاوێکی ناوە مێژوو و ژیان بۆیان تۆمارکردووە، بەڵام ئایا دەرکەوتی ئەو کاروهەنگاوانە بە سوود و قازانجی ئەو تەواوبوون یان نا؟ بۆنمونە:

- هەوڵیداوە ئایەتەکانی قورئان کۆبکاتەوە و لەو کارەیدا سەرکەوتووبووە، مێژووش بۆی تۆمارکردووە. ئەوکارە ئەگەرچی کەسانێك هەبون پەسەندیان نەکردووە چونکە لەقورئاندا خوا گوتوویەتی (ئێمە قورئانمان ناردووە و ئێمەش دەیپارێزین) ، ئەو کارە ئەنجامێکی باشی لێکەوتۆتەوە بەڵام بە سوود و قازانجی عوسمان نەبووە!قورئان کۆکرایەوە و لەبەری گیراوەتەوە و کەوتۆتەبەر دەست هزرمەندو زانایانی ئایین، بەو هۆیە قوتابخانەیەك لە کوفە پەیدابووە بە ناوی قوتابخانەی قورئان خوێنان کە بە

عەرەبی (مەدرەسەی قورائی) پێگوتراوە. لەو قوتابخانەیەوە دەنگی نارەزایی و ڕکەبەری کردنی عوسمان بەرز بۆتەوە و بوون بە هاندەرێکی سەرەکی شۆڕشکردن دژی خەلیفەی سێیەم: هەر لە نێو ئەو مەلا و زانا ئایینیانەوە (قورائەکانەوە) سەرکردە کاراکانی خاریجییەکان دەرکەوتوون و دژی عەلی و معاویە جەنگیون!

- پشت ئەستوور بە سەرچاوە باوەڕپێکراوە مێژوویەکان خەلیفەی سێیەم عوسمان پیاوێکی بە دین و ئیماندار بووە، ڕۆڵی بەرچاوی لە ئایینی ئیسلامدا هەبووە، بەڵام ئەو کارانەی کردوونی و ئەو هەنگاوانەی هەڵیگرتوون خستوویانەتە ئەو خانەیەوە کە پتر پیاوێکی بەڕێوەبەری کاروباری کۆمەڵگا بێ، بە شێوازێکی تایبەتی و کۆشا بێ بۆ بە دنیایی کردنی ئایین ئەمەش دووچاری ئەو نەهامەتیەی کردووە و بەو مەیەی بردووە کە پێی چووە! ئەو کردەوەیەی بەو جۆرە بووە:

- نزیك خستنەوەی کەس و کارو ئەندامانی تیرە و خێڵی بەنی ئومەییە لە خۆی و دانانیان لە جێگا و پلە و پایەی گرنگی بەڕێوەبردن و سیاسی و چەکداری دەوڵەت. ئەمەش بووەتە مایەی هاندانی سەحابەکانی جاران ببنە خاوەن موڵك و ماڵ و سامانی لە ژماردن نەهاتوو. لەوەشەوە جیاوازیەکی دیار و بەرچاوی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی لە نێوان مسوڵمانەکاندا دەرکەوتووە. گوایە ئەبوو دەری غەفاری بە توندی نارەزای لەبارەی ئەو رەوشەوە دەربڕیووە و عوسمانی ئاگادار کردۆتەوە[٢]. مەسعودی بە جۆرێك باسی سامان و موڵك و ماڵی عوسمان و کار بە دەستەکانی دەکات[٣] بەتایبەتی زبێری کوڕی عەوام و تەلحەی کوڕی عوبەیدولا و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و ....، مرۆڤ سەری سوور دەمێنێ چۆن ئەو سەحابانەی دوێنێ بوون بە دەوڵەمەند و ئەریستۆکراتی ئەمڕۆ، ئەوی پێی بگوترێ ئایین و باوەڕ لە کردارییاندا بەدی نەکراوە.ئەوی لێرەدا جێگای پرسیارە گۆڕانی هەڵوێستی بکوژەکان بووە. دوای کوژرانی عوسمان، تەلحە و زبێر ئەو دوو سەرکردەیەی لەشکری معاویە بوون کە شەریان لەگەڵ لەشکری ئیمامی عەلی کردووە و داوای خوێنی بە ناحەق ڕژاوی عوسمانیان کردووە!.

-لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە بێدادیە، دوورخستنەوەی لقەکانی تری خێڵی قورەیش بە تایبەتی و تیرەکانی تری مسوڵمانان بە گشتی دەنگی نارەزای لە کوفە و بەسرە و میسر بەرز بۆتەوە و هانی خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکان، ( سەحابەکان) دراوە بچنە سەر خەلیفە عوسمان. ئەوەبوو لەماڵەکەی خۆی گەمارۆ دراوە، دانیشتووانی مەدینە راستە لە گەمارۆکەدا بەشداریان نەکردووە بەڵام لەسەریان نەکردۆتەوە و لەسەری بە جواب نەبوون. دوای کوژرانی عوسمان لە ماڵەکەی خۆیدا، بەو شێوازە درندە و بێ بە زەییانەی سەرچاوەکان باسیان کردووە، لە شاری مەدینە سەحابەکان ئیمامی عەلییان بە خەلیفەی چوارەم هەڵبژاردووە.لێرەوە سەرەتای دەرکەوتنی گرووپی خاریجیەکان بە دەرکەوتووە: هەڵبژاردنی چوار خەلیفە لە ماوەیەکی کورتی دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلامدا بەو شێوازەی سەرچاوەکان باسیان کردووە و ئەو کوشتن و برین و خوێن ڕشتنە لەو سەردەمەدا سەحابەی دوێنێ دووچاری بوون پاساوی سەرئاوکەوتنی گرووپ و رێبازی مەزهەبی جیاواز دەداتەوە. تەنانەت خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئەو پێنج ساڵ مانگێك کەمەی خەلیفە بووە تاکە کەسێك نەهاتۆتە نێو ئایینی ئیسلام و مسوڵمان نەبووە، غەزا نەماوە، بستێك خاك نەخراوەتە سەر وڵاتی ئەوانەی ئیسلام بوون، بەڵکو ئەو ماوەیە خەلیفەی نوێ هەر خەریکی شەری ناوخۆ بووە، شەڕی براکوژی سەحابە و لایەنگیرانی عەلی و معاویە! ئەو سەحابانەی دوێنێ لە یەکتری دەستیان نەپاراستووە بێ بە زەییانە یەکترییان کوشتووە و ئەوانەی گیراون بە ئاسانی و بەبێ سڵ و پارێز سەر براون و لە ناو براون. تاکە فتوایەك بۆتە مایەی هەڵگیرسانی جەنگ و ڕەش کوژی و خوێن ڕشتن. بە فەرمانێك کە لە دیمەشقەوە هاتووە والی ئەوسای کوفە نەوەکانی پەیامبەری ئیسلامی کوشتووە و حوسەینی سەربریوە!

# پەیدابوونی گرووپی خاریجییەکان

١- سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن خاریجییەکان وەك گرووپ و بزوتنەوەیەك دوای جەنگی (سەفین) ی نێوان خەلیفەی چوارەم عەلی و والی ئەوسای شام معاویەی ئەبو سوفیانی ئەمەوی کە جۆرە رێککەوتنێك (تەحکیم) کرا، دەرکەوتوون(٤).

کە عەلی بووە بە خەلیفە پێیان گوتووە، هەندێك بڕیار و کار هەیە نەیکات چونکە خەڵکەکە لێی دەبن بە دوژمن. معاویەی والی شام دەنگی بە ئیمامی عەلی نەداوە و گازندەی کردووە گوایە بکوژانی عوسمانی دالدەداوە و بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی بە نا حەق ڕژاوی عوسمان نەك هەر کەم تەرخەمە بەڵکو هیچی نەکردووە. بۆ خەلیفە باسکراوە کە معاویە فێڵبازە و پێویستە لەگەڵیدا پشوو درێژ و لەسەرخۆ بێ: ئیمامی عەلی نامەیەکی بۆ معاویە نوسیووە تێیدا گوتوویەتی:

لە میری ئیماندارانەوە بۆمعاویە، سڵاوتان لێبێ، دەنگدان بە من لە مەدینە(بەیعەت) تۆشی لە شام پابەندکردووە، لەبەرئەوە و چونکە ئەوانەی دەنگیان بە ئەبوبەکر و عومەر و عوسماندا دەنگیان بە منیش دا بۆیە ناکرێ ئەوی لەوێ بوو جۆرێکی دیکە هەڵبژێرێ و ئەوی لەوێ نەبوو رەتبکاتەوە، شورا هەر بۆ ئەنسار و موهاجیرەکانە، ئەگەر ئەوان لەسەر کەسێك کۆدەنگبوون و کردیان بە ئیمام ئەمە رەزای خوای لەسەرە. ئەگەر یەکێك فرمان و بڕیارەکەی شکاند دەیگێڕنەوە، ئەگەر هەر بەردەوام بوو ئەوا لەبەر ئەوەی رێگای ئیماندارانی نەگرتۆتەبەر لەگەڵیدا دە جەنگن......، تەلحە و زبیر دەنگیان دامێ، بەڵام لە

بەڵێن و دەنگدانەکەی خۆیان پەشیمان بوونەوە..... دوای ئەوە ئیمامی عەلی لە نامەکەیدا گوتوویەتی:

ئەوەی تۆ دەتەوێ (ببی بە خەلیفە) فێڵ و تەڵەکەبازی زاروکانە... ئەگەر پەنابەریتە بەر ژێر و دەستبەرداری هەست و سۆز ببی دەزانی ئۆباڵی خوێنی عوسمان ناچێتە ئەستۆی قورەیش.. تۆو باوکت و کەس و کارت لە فەتحی مەککە بە دیل گیران و پێغەمبەر ئازادی کردن بۆیە تۆ مافی ئەوەت نییە ببی بە خەلیفە و لە شورادا بیت. جەریری کوڕی عەبدوڵڵام بۆ ناردی ئەو ئەهلی ئیمان و هیجرەیە. دەنگی بدەیە..لاقوە إلا بالله.

لە وەڵامدا معاویە کە ئەوکاتە والی شام بووە بە عەلی گوتووە:

سڵاوتان لێبێ، ئەگەر ئەوانەی ناوت هێناون دەنگیان دابیەی و تۆ لە خوێنی عوسمان بێ گوناه بوو بی دەبوو وەك ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان بایتایە، بەڵام تۆ بە خوێنی عوسمان لە خۆت بایی بووی و ئەنسارەکانت دەستخەڕۆ کردوون، نەزانەکان (جاهیلەکان) گوێڕایەڵی فەرمایشتەکانتیان کردووە، لاوازەکانت بە هێزکردووە، خەڵکی شام بە هەموو جۆرێك دەیانەوێ لەگەڵتدا بجەنگێن تاوەکو بکوژەکانی عوسمانیان دەدەیتە دەست! ئەگەر ئەمەت کرد شورا لە نێو مسوڵمانانداندا دەبێ، خەڵکی حیجاز فەرمانداری خەڵك ئەگەر ئەوان نەبن ئەوا خەڵکی شام دەبن بە فەرماندار لەسەر خەڵك ، بەڵگەو بیانووت لە سەر خەڵکی شام وەك بیانوەکانتە لەسەر تەلحە و زبیر کە دەنگیان دایەی، من دەنگت پێ نادەم...)) [٥].

٢-ئەگەر مرۆڤ بە وردی دەقی ئەو دوو نامەیە بخوێنێتەوە کە ئێمە لێرەدا چەند دێرێکمان کردووە بە کوردی دوو کەسایەتی لە یەکتری جیاواز کە دوو جیهاندیدی ئەرز و ئاسمان لە یەکتری دوور بەرجەستە دەکەن. ئیمامی عەلی پیاوێکی دیندار و سادە و ساکار بە هەموو توانایەوە ویستوویەتی سروشتی ئاسمانی-گیانی- ترانسندێنتی و پیرۆزی ئایینەکە بپارێزێ بەسەر رێگا راستەکەیدا

( به بۆچوونی ئەو ) درێژەی پێ بدات، مرۆڤ و دەوروبەر بگۆڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئایینەکەدا بێنەوە و مل کەچ و گوێ رایەڵی بنەما و فەرمایشتەکانی بن، رازی بوونی خوا ( نەك مرۆڤ ) بەلایەوە گرینگ بووە. بەپێچەوانەوە عوسمان بە کردەوە سەرگەرمی بە دنیایی کردنی دینی ئیسلام بووە ئەوهەوڵەشی بووە مایەی لە دەستدانی سەروماڵ و گیانی. معاویە درێژەی بەو ئاراستەیە داوە و بە هەمان رێگادا رۆیشتووە، ئەنجامەکەشی دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی بووە بەپێی ئەو سەردەمە و بە واتای ئەوکاتە! معاویە دامەزرێنەری ئیسلامی سیاسی بووە، هەر لە سەردەمی ئەویشدا گرووپ و پارتیە ڕکەبەرە سیاسی و ئایینیەکان دەرکەوتوون. ئەو گۆڕانانەی ئەو کردنی پاساوی ئەو بۆچوونانەمان دەدەنەوە:

لە جێگای ئەنسار و موهاجیرین و خەڵکی حیجاز، خەڵکی شامی دانا، شورای نەهێشت، یەزیدی کوڕی لە جێگای خۆی دانا. لە هەمووشی سەرنج راکێشتر مزگەوتی( بەیت ئەل مەقدەسی) لە جیاتی مەدینە و مەککە هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەوێ دەنگ (بەیعەی) پێ بدرێ. ئەم هەنگاوانە جۆرە ئاوکردنە ژێر پیرۆزیە بۆماوەکانی ئایینەکە بووە کە وردە وردە لەسەر دەستی کار بەدەستانی بەنی ئومەییە بوون بە کولتوور و بەشێك لە مێژوو! ئەم رەوشە چ گولێکی خستۆتە سەر خەرمانی خەت و خاڵدانی گرووپەکانی زانستی کەلام بە گشتی و هی خاریجیەکان بە تایبەتی؟!

٣-لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستە نەرێنییەی معاویەدا ناچار ئیمامی عەلی پەنای بردۆتەبەر جەنگ. ئەوەبوو لەشکری عەلی و لەشکری معاویە لە ناوچەیەك کە (سەفین)ی پێدەگوترێ پەلاماری یەکتربیان داوە، لە ژێر دروشمی فشار ئامێزی شەرە و یەخەت دەگرێ ئەگەر نەیکەی خوا دەتگرێ گومڕا دەبی و ئایین و قیامەتت دەچێ بە هەزاران سەحابە و مرۆڤی بێ گوناه پەلکێشی ئەو جەنگە ناڕەوایە کراون، بە نا هەق خەڵکیان کوشتووە و خوێنیان ڕژاوە یان خۆیان کوژراون. تەنانەت بە گوتەی سەرچاوە کۆنەکان بێ بە دەیان جەنگاوەر هاواریان

لێهەستاوە و گوتوویانە: ئایا خوا لە چارەی نووسیوین بکوژین یان بکوژرێین، ئەو دەنگانە بە شمشێر کپکراونەتەوە.

دوای کوشتن و کوشتارێکی سنوور بە زێن لە شکری عەلی ئەوەندەی نەماوە معاویە و لەشکرەکەی ببەزێنن، گوایە معاویە بیری لە هەڵاتن کردۆتەوە، سەرکردەیەك لە سەرکردەکانی بە ناوی عەمری کوڕی عاس داوای لێکردووە پشووی درێژبێ، دانبەخۆیدا بگرێ ئێستا ئەو رەنگی نەخشەیەك دەرێژێ لە شکری عەلی دەشکێنێ و سەرکەوتن بە دەستدەهێنێ! عەمرۆ داوای لە ئەندامانی لەشکری معاویە کردووە هەریەکەیان قورئانێك (مەسحەف) بە سەری نووکی شمشێرەکە-رمەکەی بەرز بکاتەوە و بڵێ بیکەن بە خاتری ئەو قورئانە جەنگ بەسە (نحتکم الی کتاب الله)[٧].با قورئان ناو بژیکار (حەکەم) بێ لە نێوانماندا! ئەو رووداوە لەشکری عەلی دەکات بە دوو بەشەوە، بەشێکیان داوا لە عەلی دەکەن بە دەم قورئانەوە بێ و شەڕ بوەستێنێ، عەلی پێیان دەڵێ من دەزانم ئەوە فێڵە لێمان دەکەن، معاویە و کوڕی عاس و کوڕی معیت و حەبیبی موسلیمە و کوڕی نابغە نە ئایینیان هەیە و نە قورئان.عەلی ناچاری شەڕ وەستاندن و وتوێژکردن لەگەڵ معاویە دەکرێ. معاویە نوێنەری خۆی دەستنیشان دەکات و ئەو ئەرکە بە عەمروی کوری عاس دەسپێرێ.ئیمامی عەلی بۆرزگارکردنی ئەوەی دەکرێ لەو قەومماوەدا رزگار بکرێ دۆستێکی نزیکی خۆی عەبدولای کوڕی عەباس بۆ ئەو کارە هەڵبژاردووە، بەڵام ئەشعەتی کوڕی قەیس و هەندێك قورئان خوێن و سەرکردەی لایەنگیری عەلی کە دواتر بوون بە خاریجی بەوە رازی نەبوون و عەلییان ناچارکردووە ئەبو موسای ئەشعەری بۆ ئەو کارە دابنێ. عەلی لەسەرەتادا رازی نەبووە و گوتوویەتی ئەبو موسا پیاوی ئەو کارە گرینگە نەبووە لە دواییدا رازی بووە. قسەکەی عەلی هاتۆتەدی و ئەشعەری بە قسەی ئەمروی عاس بە تەفرە چووە!

گوایە نوێنەری معاویە بە فێڵ و بۆ تەفرەدان پێشنیازی کردووە هەردووکیان بە فتوادان عەلی و معاویە لە خەلافەت و ئیمامەت بخەن بۆ ئەوەی ئەو دوژمنایەتیە کۆتایی بێت و هیچی دیکە خوێن نەڕژێ و مسوڵمانان بە خواستی خۆیان خەلیفەیەك هەڵبژێرن.ئەبو موسای ئەشعەری بە قسەکە بە تەفرە دەچێ و فتوای لابردنی عەلی و معاویە دەدات، بێگومان لەبەردەم عەمرۆی عاس و سەحابە و ئامادەبووانێکی زۆر.ئەبو موسا گوتوویەتی: بە مەبەستی جێگیرکردنی ئاسوودەیی و ئاسایش و چاکەکاری و یەکخستنەوە و هیچیتر خوێن نەڕژێ عەلی و معاویەمان لابرد. من چۆن ئەو مێزەرەم (عەمامە) لەسەرم دادەکەنم ئاوەهاش عەلیم لە خەلافەت لابرد و مێزەرەکەی داکەندووە و فرێی داوەتە سەر زەوی[٨].عەمرۆی عاس ئەو هەلەی قۆستەوە و گوتوویەتی خەڵکینە ئێوە گوێتان لێبوو دیتتان (شاهێدن) عەلی لە خەلافەت کەوت وا من لێرە معاویە دەکەم بە خەلیفە.. ئیتر هەراو هوریا کەوتۆتە نێو خەڵکەکە و لەشکری عەلی دابەشبووە بە چەند بە شێکەوە:

زۆرینەی لایەنگیرانی دوێنی عەلی کە قورئان خوێنەکان رابەرییان دەکرد دژی رێککەوتن و جەنگ راگرتنەکە بوون بیانوویان ئەوەبوو کە تەنیا هەر خوا بۆ خۆی مافی ئەو بڕیاردانەی هەیە کە بە عەرەبی گوتوویانە: ( لا حکم إلا الله). داوایان لە عەلی کردووە لە بە لێنەکەی پاشگەزبێتەوە و رێکەوتنەکەی لەگەڵ معاویە و وتوێژەکان پەکبخات و بیوەستێنێ ئەگەر نا لێی جیا دەبنەوە و هیچیتر شەڕی بۆ ناکەن. عەلی نەیتوانی لە گفت و بەڵێنی پاشگەزبێتەوە ئیتر لەشکرەکەی پچڕپچڕ بووە و نزیکەی دوانزە هەزار جەنگاوەر جیابوونەوە و لە گوندی حەروراء کۆبوونەوە.لێرەوە ناوی خاریجی هاتووە.خوارج، خاریجی بەو کەسە دەگوترێ لەرێز بچێتە دەرێ و جیابێتەوە. ئەوانە لەریزی لەشکری عەلی جیابوونەوە و چوونەدەرێ ئیتر ناوەکەیان لەوەوە کەوتۆتەوە. عەلی خۆی حەروبیەکانی پێگوتوون، چونکە خاریجیەکان یەکەم جار لەو گوندە- دەڤەرە کە ناوی حەرورایە کۆبوونەوە[٩].

بەو پێیە دوو ناو لە سەردەمەدا بۆ ئەو گرووپە بەکارهاتوون:

**یەکەم: خاریجییەکان** (خەوارج) کە لە وشەی خەرەجەی عەرەبیەوە هاتووە واتەی چوونەدەرەوە دەگەیەنێ. ئەو گرووپە لە ریزی لەشکری عەلی چوونەدەرەوە و دەستبەرداری بوون و هیچیتر پشتیان نەگرتووە و شەڕیان بۆ نەکردووە بۆیە ئەو ناوەیان بەسەردا بڕاوە. ئەو ناوە پتر لەلایەن نا حەزەکانیانەوە پێیان گوتراوە و بۆیان بەکارهاتووە.

**دووەم: حەرووریيەکان**.ئەو ناوە لە وشەی حەروراوە هاتووە کە ناوی گوندێکی سەر رووباری فوراتە. لە دوای رێککەوتنی معاویە و عەلی نزیکەی (١٢) هەزار جەنگاوەر کە جاران لایەنگیری عەلی بوون لە ریزی سوپاکەی هاتوونەتە دەرێ و لەو گوندە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی خۆیان و کاروبارەکانیان رێکبخەن بۆ چۆنیەتی گەیشتنە مەبەست و ئامانجەکانیان، لێرەوە ئەو ناوەیان بەسەردا براوە.

خاریجیەکان بە خۆیانیان گوتووە( شورات) لە دواییدا چەندین لق و باڵیان لێ جیابوونەوە و هەر لق و باڵە بە ناوی رابەر و سەرکردەکەیەوە ناونراوە.

وشەی (شورات) لە وشەی عەرەبی (شیراء) وەرگیراوە کە واتای فرۆشتن دەبەخشێ. گوایە خاریجیەکان خۆیان و ژیان و ماڵیان لە پێناوی خوادا دەفرۆشن و بەخت دەکەن. لەو قسەیەیاندا پشت بە دوو ئایەتی (تەوبە و بەقەرە) دەبەستن:

(( **إن الله اشترى من المؤمنين انفسهم واموالهم بأن لهم الجنة يقاتلون فى سبيل الله فيقتلون ويقتلون)) (التوبة: ١١١)** واتە: خوا نەفس و ماڵی ئیمانداری بەوە کڕیوە کە بەهەشت بۆ ئەوانە، ئەوان لە پێناوی خوادا دەجەنگن دەکوژرێن و دەکوژرێن.

هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا کە خاریجییەکان پشتی پێدەبەستن و پەنای بۆ دەبەن هاتووە:

((**ومن الناس من يشترى نفسه إبتغاء مرضات الله والله رؤوف بالعباد.))**
**(البقرة:٢٠٧)** واتە :

خەڵکی وا هەن خۆیان دەفرۆشن لە پێناوی ڕەزامەندی خوادا خواش لەگەڵ ئەوانەی دەیپەرستن بە بەزەییە.

ئایا ڕاستە خاریجیەکان ئەو کەسانەن بە ماڵ و گیان بۆ ڕەزامەندی خوا تێدەکۆشن؟ پرسیارێکە لە دواتر هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدەین.

## بنەماکانی جیهاندیدی خاریجییەکان:

١-ئەو هەلومەرج و ڕەوشەی گرووپی خاریجییەکان تێیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە نا ئاسایی بووە، بریتی بووە لە جەنگ و شەڕ و پەلامار و هێرشی بەردەوام و نەپساوە، هیچ ساتێکی بێ کوشتن و خوێن ڕشتن نەبووە، ئەو ڕەوشە گۆڕان و وەرچەرخانی، بەپێی قۆناغەکان کە پێیدا تێپەڕیوە، بەسەر بیرو بۆچوونیاندا هێناوە، ئەو گۆڕانە هەر دوو ڕەهەندی هزری (بیری) و سیاسی گرتونەتەوە تاوەکو دوا روخسار و ناوەرۆکیان پێ براوە، لەلایەکی دیکەوە دوای دابەشبوونیان بە چەند لق و باڵێکەوە هەر لقە بەپێی بۆچوونی رابەرەکەی کە فتوای بۆ داون، گۆڕان کەم تا زۆر بەسەر بیرو بۆچوونیاندا هاتووە.

قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانیان، دوای جەنگی سەفین و گرێبەستی ڕێککەوتنی شەڕ ڕاگرتنی نێوان معاویە و عەلی، کە لە گوندی حەرورا کۆبوونەوە بیروبۆچوونەکانیان پتر ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرج و ڕەوشە بووە بۆیە تاڕادەیەکی سەرنج ڕاکێش ساکاری و کاتەکی پێوە دیارە. لەو قۆناغەدا حەرورییەکان پرۆگرامێکی ڕێکوپێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراویان نەبووە، بەڵکو هەڵوێستیان نواندووە کە بە گشتی بریتی بووە لە ڕەتکردنەوەی ڕاگرتن و وەستانی جەنگ و ناوبژی نێوان هەر دوو لای جەنگەکە (تەحکیم) و ئینجا جیابوونەوەیان لە جودا بیرەکانیان و کۆبوونەوەیان لە حەروراء .ئەو هەڵوێستە ئەگەرچی جۆرە دەستپێشخەریەکی

تێدا بەدی کراوە بەڵام پتر کاردانەوە بووە.قۆناغی حەرورییەکان ئەو داواکارییانەیان بە شێوەی دروشم ڕاگەیاندووە:

**یەکەم:** معاویە و تاقمەکەی زۆردار و زاڵمن. بۆیە دەبێ ڕێککەوتنەکە لەگەڵیاندا هەڵبوەشێنرێتەوە و بە شمشێر بە گژیاندا بچینەوە و تاوەکو سەرکەوتن بەسەریاندا واز نەهێنرێ لە جەنگ.

**دووەم:** عەلی بەو ڕێککەوتنە لەگەڵ معاویە بنەماکانی ئایینی پێشێل کردووە و گوناهێکی گەورەی کردووە بۆیە دەبێ پەشیمانی خۆی ڕابگەیەنێ و تۆبە بکات.

**سێیەم:** جودا بیرانی (مخالف) خاریجییەکان کافر و گومڕان دەبێ لێیان بێبەری بین و بە گژیاندا بچینەوە!. لە دوای گرێبەستی ناوبژییەکە ئەو بڕیارە معاویە و عەلی و لایەنگیرانی گرتۆتەوە.

**چوارەم:** دوای سەرکەوتن بەسەر هەر دووك لای شەڕکەردا دەبێ خەلیفە ( دەسەڵاتی سیاسی ) بە هەڵبژاردن و دەنگدان (شورا) بێت.

**پێنجەم:** بەیعەت تەنیا هەر بۆ خودا دەبێت[١٠] نەك بۆ مرۆڤ ئیتر ئەو مرۆڤە هەر کەسێك بێت.

**شەشەم:** سەرکەوتن لە هەر کار و ئەرکێکدا جگە لە کۆی ئوممەت پێویستی بە سەرکردەیەکی شایستە و لێهاتوو هەیە!.

**حەوتەم:** خاریجی نابێ لە جێگایەکدا بژی کە زۆردار و جەوروو گومڕایی لێبێ، بە هەمان شێوە دەبێ مرۆڤی ئیماندار ژیانی دنیا بە هەند وەرنەگرێ چونکە بۆ کەس نامێنێ، لەسەر ڕاستەقینە( هەق ) و داد بە جواب بێ!ئەو داواکارییەی ئەو گرووپە لە دواییدا بوو بە تیۆری قوربانی[١١]دان بە ژیان کە بە عەرەبی (شەهید و شەهادەتی) پێ دەڵێن.

**هەشتەم:** خاریجی ئەو کەسەیە چاکەکار بێ و بە کردەوە و زمان هانبدات خەڵك چاکە بکەن و دووربکەونەوە لە بەدکاری و گوناه.

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو هەشت خاڵە بدرێت، وا دێتە پێش چاو کە چەند چوارچێوەیەکی گشتی تەمومژاوین و بە هیچ جۆرێك وردەکارییەکی ئەوتۆیان بە دوادا نەهاتووە کە روون و ئاشکرا بن و مرۆڤی ئاسایی بتوانێ لە ژیانی رۆژانەیدا پابەندیان بێ و جێبەجێیان بکات!لەوە دەچێ ئەو خاریجیە سەرەتاییانە بنەما و بنەڕەتی ئەو تەلارەیان دانابێ کە دواتر سەلەفییەکان کۆششی جیهاندیدە توندڕەو و کۆنەپارێزەکەیان لەسەر دامەزراندبێ.

٢-دوای جەنگی خوێناوی نەهرەوان لە نێوان لەشکری ئیمامی عەلی و خاریجیەکان، ئینجا کوژرانی خەلیفەی چوارەم لە مزگەوتی کوفە لەلایەن عەبدولڕەحمان مولجەم مورادی، رەوشی هزری و سیاسی و کەلامی و چەکداری خاریجیەکان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە سەرەڕای ئەوەی لە نێو خۆیاندا پەرش و بڵاوبوون و چەندین لق و باڵیان لێ جیابۆتەوە. دوژمنێکی گەورەیان کە عەلی بوو لە دواییدا بۆی پەشیمان بوونەوە، لە ناوچوو، معاویە کە جاران تەنیا هەر والی دیمەشق بوو. بووە بە خەلیفەی هەموو جیهانی ئیسلام وخۆی و یەزیدی کوڕی: حەسەن و حوسەین و ئەندامانی بنەماڵەی ئیمامی عەلی و نەوەکانی پەیامبەری ئیسلام لە فاتیمەی کچیەوە یەك لە دوای یەکیان لە ناو بردوون و کوشتوویانن!

ئیتر دروشمی سەرەکی بە دەرگەوتووە، بۆیە دەبوو خاریجییەکان جارێکی دیکە خۆیان رێکبخەنەوە و چاو بە ئامراز و ئامانجی فرە رەنگی بزووتنەوەکەیاندا بخشێننەوە، پاشماوەیەکی دوورو درێژی شەر و خوێن ڕشتن و بە گژداچوونەوەی دەسەڵات و کار بەدەستانی بەنی ئومەییە کە کەسانی وەك حەجاجی یوسفی تەقەفی هەبووە و لە کوشتن و بڕین بە هیچ جۆرێك دەستی نەپاراستووە. تەنانەت لە وتار خوێندنەوەی کوفەدا بە (بیسم الله) دەستی پێکردووە، جۆرە چاو خشاندنەوەیەك بە پەیڕەوی گرووپەکە و ئامانجیدا کراوەتەوە. شان بە شانی چالاکی چەکداریی (شمشێر و تیر) ئاراستەیەك، کە خۆیان لە سەرەتادا مەلای زیرەك و

زانای ئایینی و قورئان خوێن بوون، گەشەی کردووە بەولایەدا هەنگاوی ناوە پەنابەرنەبەر وتوێژ و سەلمێنە و بەڵگە هێنانەوە و بایەخدان بە تیۆریزەکردنی بیروبۆچوونەکانیان، ئەمەش تا رادەیەك سەرکەوتوو بووە، بە پێچەوانەی چالاکی چەکدار و بە گژداچوونەوە کە هیچی لیّ شین نەبۆتەوە، وتوێژەکە ئاسۆیەکی فراوانتری لەبەردەمدا کردونەتەوە و توانیویانە لە چوارچێوەی باوەر و عەقیدە و زانستی کەلامدا جێگای شیاو و شایستەی خۆیان بکەنەوە.

٣-ئەگەر مرۆڤ سەرنجی رەوتی بەرەوپێشچوونی رووداوەکانی ئەو سەردەمە بدات چۆن سەرچاوە کۆنەکان تۆماریان کردووە، جۆرە ناچارییەك لە پرۆسەکەدا دەبینێ کە پتر بە سوود و قازانجی سەرکەوتن و مانەوەی معاویە و بەنی ئومەییە شکاوەتەوە و دەبوو عەلی و لایەنگیر و بنەماڵەکەی گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن!.

خاریجیەکان هێزێکی کارا و کاریگەریان پێکەوە ناوە لە نەهرەوان و دوژمنایەتی عەلی و معاویەیان کردووە. معاویە لە بەرامبەریاندا بێدەنگ بووە، کەچی عەلی لە جیاتی شکاندنی لەشکری معاویە کە دوژمنی سەرەکی بووە رووی لە رۆژهەلاّت کردووە و بە لەشکرێکی گەورەوە پەلاماری دەڤەری نەهرەوانی داوە و دەستێکی جەرگ بڕی لە خاریجییەکان وەشاندووە، کورد گوتەنی: کردونی برا برا و ئاردی ناو دڕك.ئیتر لەو رۆژەوە جێگای خۆیانیان نەگرتۆتەوە، ئەوی کوژراوە و ئەوی هەلاّتووە و ئەوی وازی هێناوە و چۆتەوە سەرماڵ و خێزانی خۆی. بەو پێیە دوژمنێکی سەرەکی معاویە کە خاریجییەکان بوون لە لایەن ڕکەبەری سەرەکی بنەماڵەی بەنی ئومەییەوە کە عەلی بووە لاواز کراون. ئەگەر خاریجییەکان لەلایەن عەلییەوە بەو مەرەیە نەچووبانایە دەبوو دواتر چییان بەسەر معاویە هێنابایە؟ ئەمە پرسیارێکە پتر سروشتی گریمانەیی هەیە و گریمانە ناچێتە خانەی توێژینەوەی زانستییەوە.

لایەنێکی دیکەی ئەو رووداوەی ئەو سەردەمە کە جیهانی ئیسلامی گۆڕیووە کوشتنی ئیمامی عەلی بووە لە کوفە. ئەو کێشەیە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە:

پاشماوەیەك ئیمامی عەلی لە مزگەوتی کوفە لە لایەن عەبدولڕەحمان مولجەم موورادی بە شمشێر ورگی دراو و کوژرا. گۆڕەپانەکە بۆ معاویە چۆڵ بوو خۆی کرد بە خەلیفە و بنەما بنەڕەتییەکانی شەرعی ئایینی پێشێل کرد و شورای تێکدا و کوڕەکەی خۆی لە جێگای خۆی-بەمیرات گر) کرد بە خەلیفە! ئەو رەوشە چۆن لێکبدرێتەوە؟!دوور لە وردەکارییەکانی مێژوو کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، کوشتنی عەلی دەستپێشخەرییەکی تاکە کەسی نەبووە، بەڵکو پیاوانی ئایینی فتوایان داوە و داوایان لە موورادی کردووە عەلی بکوژێ. کارەکە نەخشەیەکی پێشیانەی رەنگ بۆ رێژراو بووە.خەڵکەکە بێ ئومێد بوون لەوەی عەلی یان معاویە سەربکەوێ و شەڕ و خوێن ڕشتن کۆتایی پێ بێت! بۆیە بە فەتوا نەخشەیەك رەنگ رێژراوە:- سێ کەس دەستنیشانکراوە، یەکێکیان معاویە، دووەمیان والی میسر عەمروی کوڕی عاس و سێیەمیان عەلی بکوژێ بۆ ئەوەی جەنگەکە کۆتایی بێت و لە دواییدا کەسێك بە هەڵبژاردن(بەیعە-شورا) بکرێ بە خەلیفەی مسوڵمانان و ئەو ناخۆشی و ناکۆکییە دێرینەی نێوان بەنی ئومەییە و بەنی هاشم کە ئایین نەیتوانیووە بەلایەکیدا بخات کۆتایی پێ بێت!. وا پێدەچێ پیاوانی معاویە هەر لەسەرەتاوە ئاگاداری پلانەکە بووبن بۆیە دوو کەسەکەیان گرتووە و کوشتوویانن. بەڵام بکوژی عەلی توانیوویەتی کارەکەی خۆی بکات! راستە بکوژ دەبێ بکوژرێ، بەڵام بەرێگای شەرع و دادگا کەچی ئەمە رووینەداوە. بەبێ لێپێچینەوە لە فتوادەر و هاندەران یەکسەر بکوژ هێنراوە بە شمشێر پارچە پارچە کراوە!!

لەلایەکی دیکەوە خاریجییەکان بەزەبرەکەی عەلی لاوازبوون، معاویە بە هەوەسی خۆی بڕیاری داوە، ئەوەی نا حەزی بووە بە رۆژی ئاشکرا کوشتوونی و لە

ناوی بردوون. کەچی بە قسە و بە فەتوا و کردار بەربەرەکانیەکی ئەوتۆ نەکراوە لە ئاستی ئەو هەنگاوە پێشێل کاریانەدا بێ کە هەڵیگرتوون.

دوای سەربڕینی حوسەینی کوری عەلی لە کەربەلا بزووتنەوەی شیعە دەرکەوتووە لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ خاریجییەکان کە دوژمنی دوژمنیان بوون رێکبکەون و خەبات و تێکۆشانیان یەکبخەن، بە دروشم و فەتوا و شمشێر کەوتوونەتە گیانی یەکتری و دەستیان لە یەخەی یەکتری ناوە و خوێنی یەکتریان ڕشتووە، لەو لاشەوە لەشکری بەنی ئومەییە و کاربەدەستانی هاتوون چ لایەك لەو دوو لایە شەڕکەرە سەرکەوتووە دەستیان لێ وەشاندووە.

-نموونەیەك کە بێ باکی و کەمتەرخەمی و خەم ساردی پیاوان و زانایانی ئایینی ئەوسەردەمە لە بەرامبەر بێدادی و زۆر و جەوری بەنی ئومەییەدا پشت راست دەکاتەوە هەڵوێستی حەسەنی بەسری (٦٤٣-٧٣٨ز) بووە: خەڵك چونەتە لای دادیان لە دەست حەجاج و کار بە دەستانی بەنی ئومەییە کردووە کەچی داوای لێ کردوون پشوویان درێژبێ ( دان بە خۆیاندا بگرن تاوەکو خوا شتێکیان بۆ ئەکات و لەو باوەڕەشدابوو کە هەڵبەتا خەڵك شایستەی ئەمەن بۆیە خوا ئەوەی بەسەر هێناون! داوای لە خەڵکی کردووە کە (**مقابلة مظالم الحجاج بن يوسف الثقفي بالسكينه والتضرع)** بە هێمن و لەسەر خۆیی و ئارامی و لە خوا پارانەوە رووبەڕووی زوڵم و جەوری حەجاجی یوسفی تەقەفی ببنەوە(١٢). هەموو مرۆڤێکی ژیر دەزانێ کە ئەو قسەیەی مەلا حەسەن بە هیچ بنەمایەکی ئایینی پشت ئەستوور نییە، مەسیحیەت ( نەك ئیسلام ) گوتوویەتی: ئەگەر زللەیەکیان لەلای راستت سرەواند لای چەپی بۆ رابگرە! لەو رەوشە سەیر و سەمەرەیەدا، لەو هەلومەرجەدا سروشتەکەی گەندەڵی و بێدادی و زۆر و جەور بووە، کوشتنی نەوەی سەحابەکان وەك ئاوخواردنەوە وابووە، خاریجیەکان ناچاربوون چاو بەو بیروبۆچوونەکانیاندا بخشێننەوە چاوخشاندنەوەیەك کە بۆنی پێشێل کردنی ئەو

بنەمایانەی لێبێ کە خۆیان لافی ئەوەیان لێداوە کە گوایە لە سەرچاوەکانی ئایینەوە هەڵیانهێنجاوە و خۆیان پەیڕەویان کردووە!

ڕەوشە سەخت و دژوارەکە ناچاری کردوون کە لە بیر و بۆچوونەکانیاندا هەر دوو ڕەهەندی سیاسی و ئایینی (لاهوت) تێکەڵاو بکەن. بۆیە بەلایانەوە گران و سەخت نەبووە جودا بیرانیان بە گومڕایی و لەرێ لادان و بێ ئیمانی تۆمەتبار بکەن. معاویە لەلای خۆیەوە کۆشاوە خەڵکی کوفە و بەسرە بۆ لای خۆی رابکێشێ و ئەگەر لەگەڵ خاریجیەکان نەیکات بە دوژمن و بە شەڕیان نەدات وایان لێبکات بێ لایەن بن. وا پێدەچێ لەو کۆششەیدا سەرکەوتووبێ. ئەوەتا پایتەختی خەلافەتی لە حیجازەوە گواستۆتەوە بۆ شام و مەککە و مەدینەی پشتگوێ خستووە و ڕووبەڕووی بەربەرەکانی و نارەزایی دەربڕینێکی ئەوتۆ نەبووە.

هەندێك سەرچاوە وا باسدەکەن کە کار بە دەستانی بەنی ئومەییە توانیویانە زۆرترین سەرۆك خێڵەکانی کوفە و بەسرە و لایەنگیرانی جارانی ئیمامی عەلی بە شێوازی جیاواز بۆ لای خۆیان رابکێشن و نەك هەر داڵدە و پشتگیری خاریجییەکان نەکەن بەڵکو لە ناوچەکەی خۆیان بە خۆشی و نا خۆشی دەریان بکەن و رێگای هیچ چالاکییەکیان نەدەن(١٣).

٤-دەسەڵاتدارانی بەنی ئومەییە لەو سیاسەتەدا کە پەیڕەویان کردووە سەرکەوتنی بەرچاویان بە دەستهێناوە. لەلایەکەوە سیاسەتێکی نەرمونیانیان بەرامبەر لایەنگیرانی جارانی عەلی لە کوفە و بەسرەدا گرتۆتەبەر و ئینجا لەگەڵ خاریجییەکان بەشەرییان داون. بەو پێیە توانیویانە بە کەمترین زیان دوو هێزی سەرەکی خۆیان لاواز بکەن. شکستە یەك لە دوای یەکەکانی خاریجییەکان کە دەبوو لە کایەی کاروباری ئایین و بیروبۆچوون و جەنگدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی بەنی ئومەییەی توندڕەو و بێ بەزەیی کە دەستی لە هیچ تاوانێك نە پاراستووە و شیعەکان ببنەوە لە دوو لاوە وەرچەرخان و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە:-

**یەکەم:** دەستبەرداری هەندێك بنەما بوون و هەلومەرجەکە ناچاری کردوون دروشمی تر رابگەیەنن و شتی دیکە بڵێن و بە جۆرێکی تر دەقەکان لێك بدەنەوە.

**دووەم:** چەندین لق و باڵیان لێ جیابۆتەوە و پتر لە جاران پارچە پارچە و پەرش و بڵاوبوون.

-ئەگەر مرۆڤ ئەو هەلومەرجە لەبەرچاو بگرێ کە خاریجیەکان وەك بزووتنەوەیەکی نا رەزایی دەربڕین دژی شەر وەستاندنی نێوان عەلی و معاویە و ناوبژی کردن و کردنی قورئان بە ناو بژیکار (تحکیم) لە نێو دوو بەرە بەشەر هاتووەکەدا پاساوی بیروبۆچوونە توندرەو و سنوور بەزێنەکەیان بەلایەوە سەیر نابێ!

خاریجیەکان وەك رێباز و گرووپەکانی دیکەی زانستی کەلام هۆکاری سیاسی بۆتەمایەی پەیدابوون و چالاکی و دەستبەکاربوونیان بۆیە ئاساییە کێشە-تیۆری خەلافەت یەکەم بابەت بێ سەرنجی راکێشاون و بیر و بۆچوونی خۆیانیان لە بارەوە دەربڕی بێ:

- چ کەسێك مافی ئەوەی هەیە ببێ بە خەلیفە؟

- ئەو مەرجە سیاسی و تیرەیی و ئایینی و کەسییانە کامانەن دەبنە مایەی ئەوەی کەسێك شایستەی ئەو پلەیە بێت؟ ئایا ئەو کەسە دەبێ سەحابە بووبێ، قورەیشی بێ، یان توانایی بەرێوەبردنی کاروباری ئایین و دنیای هەبێ؟

- ئایا پێویستە و بە ناچاری دەبێ خەلیفە هەبێ؟ ئەگەر مسوڵمانان لە نێو خۆیاندا لەگەڵ یەکتری تەبابن و خۆیان رێکبخەن و پەیڕەوی بنەما و فەرمایشتەکانی ئایین بکەن پێویست بەوە دەکات خەلیفە هەبێ و حوکمڕانیان لەسەر بکات؟!

وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆتە مایەی جیابوونەوەی چەند لق و باڵێك، بەڵام لەبارەی بوون و نەبوونی خەلیفە دوو رای لە یەکتری جیاواز لە نێوانیاندا بەدی کراوە:

لایەنێکیان وای بۆ چووە ئەگەر مسوڵمانان لە نێو خۆیاندا رێکوپێك بن قورئان و حەدیس و کاروباری ئایین بکەن بە بنەما و پەیڕەویان بکەن پێویستیان بە خەلیفە نامێنێ. ئەوکاتە قورئان و حەدیس سەرچاوەی بڕیار و بەلایەکدا خستنی کێشە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەبن.

-لایەنی دووەمیان کە زۆرینەبوون، بوونی ئیمامیان بە پێویست داناوە بەڵام جیاواز لە هەموو رێباز و مەزهەبەکانی تری ئیسلام هیچ مەرجێکی نەتەوەیی و رەگەزیان دانەناوە:

دەکرێ خەلیفە (ئیمام قورەیشی و عەرەب نەبێ. بەڵکو ئیمانداری لە خوا ترس و دادپەروەر و راستگۆ و پابەندی بنەماکانی ئاینی ئیسلام بێت ئەگەر بەندەیەکی پێست رەشی حەبەشی بێت!

ئەگەر بێدادی کردوو لە رێگا لایدا و پابەندی رێنماییەکان نەبوو دەبێ[١٤] لەسەر کار لابرێ.

-بەپێی بنەما رێنماییەکانی مەزهەبی سوونە لە ئیسلامدا ئەو بڕیارەی خاریجییەکان پێشێلکردنی دابونەریتێکە کە هەر لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامەوە بڕیاری لەسەر دراوە. ئیمامی مسوڵمانان بەو پێیە دەبێ: لە تیرەی قورەیش بێ. زانین و شارەزایی لە شەریعەت و کاروباری ئایین ئەوەندە ببێ بشێ لە هەمان کاتدا رۆڵی قازی و دادوەر بگێرێ!چونکە هەرخۆی دەبێ بە چاودێر بەسەر قازی و دادوەران و بڕیارەکانیان پەسەند دەکات یاخود دەستکاری دەکات یان هەڵیان دەوەشێنێتەوە.

دەبێ ئیمام شارەزایی تەواوی لە کاروباری جەنگ و لەشکر هەبێ. بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیدا بتوانێ وڵات و ئوممەت لە مەترسی و هێرشی دەرەکی و ناوخۆ بپارێزێ. نابێ نەرمونیان و بەبەزەیی بێ و دەبێ ئامادەیی و توانای ئەوەی هەبێ لە ملی ئەوانە بدات کە شەرع فەتوای لە ناوبردنیان دەدات.

- به بۆچوونی خاریجییەکان ئیمامی عەلی هەڵەی کردووە و هەڵەکەشی بووەتە مایەی گومڕا (کافر) بوونی چونکە بریاری ناوبژی کردنەکەی (تحكيم) ی داوە. جاری ئاوەها مرۆڤ مافی ئەوەی نییە بڕیار بدات، بڕیاردان (حوکم) هەر بۆ خوایە!

شەهرستانی لەبارەی ئەو قسەیەی خاریجییەکان کە خۆی فەتوا بووە زانا ئایینیەکانیان کە هەموویان رابەری قوتابخانەی قورئان خوێندن بوون، داویانە، لە دوو لاوە بە هەڵە و ناڕەوا دایدەنێ، کە بەرامبەر عەلی کردوویانە:-

**یەکەم:** بڕیاردانەکە دەبوو مرۆڤ بیدات چونکە ئەوان خۆیان عەلییان ناچارکردووە بڕیار بدات!

**دووەم:** مرۆڤ بڕیاربدات لەو جۆرە رەوشەدا شیاوە چونکە مرۆڤ خۆی هەڵسوڕاوی ئەو هەلومەرج و دۆخەیە!بۆیە عەلی راستی گوتووە: قسەی خاریجییەکان راستە بەڵام نیازیان بەدکاریە (**كلمة حق أريد بها باطل**)[١٥] ئەمەش مەبەستی لە قسەی خاریجییەکان بووە کە وتوویانە عەلی بەشداریت لە بڕیاری خودا کردووە، تەنیا هەر خوا خۆی مافی بریاردانی هەیە.

-دوای ئەوەی معاویە خۆی کردووە بە خەلیفە و جیهانی ئیسلامی تاڕادەیەك خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، خاریجییەکان هەوڵیان داوە هێزی وەك نەهرەوانی جاران کۆبکەنەوە و رێکبخەن بۆ ئەوەی بە گژ دەسەڵاتی رێژیمی ئەمەویدا بچنەوە، بەڵام ئەو کۆششەیان سەری نەگرتووە بۆیە پەنایان بردۆتە بەر هزر و بۆچوون و فەتوادان. لەو کایەیەدا بڕیاریان داوە کە ئەگەر خەلیفە،ئیمام، والی، سەرکردە دادپەروەر نەبێ و زاڵم بێ دەبێ لە دژی راپەرین و لایبەرین کە بە عەرەبی بە ((**الخروج على الولاة الظلمة**)) پێدەگوترێ. ئەو بڕیارە لەسەر خۆیان و لە سەر خەڵکی تر زۆر کەوتۆتەوە، چونکە هەر کەسێك بێ لایەن بووبێ، یان بە گوێی نەکردبن، یان دانیشتبێ و بە دەنگیانەوە نەهاتبێ بە گومڕاییان داناوە و فەتوای لەناوبردنیان داوە.ئیتر ئەوان بێ لایەنیان بە هەڵوێستی رەوا دانەناوە، چونکە کەمتەرخەمییە لەبەرامبەر ئەرك و فەرمانی سەرشاندا!

- مرۆڤی خاریجی دەبێ راستگۆ بێ و ئەگەر مەترسی ژیانیشی لەسەر بێ نابێ شتێك بڵێ راست نەبێ. ئەو بنەمایەی (تەقییە) کە شیعە دایانناوە و لە هەلومەرجی تایبەتی لێقەوماندا ڕێگا بەلایەنگیرانی دەدا راستی بشارنەوە، ئەو بنەمایە بە هیچ جۆرێك لەلای مرۆڤی لایەنگیری خاریجی پەسەندنییە!

- بەلای زۆربەی خاریجیەکانەوە باوەڕ( عەقیدە،ئیمان) لە دوو بەش پێکهاتووە، هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی دیکەیانە، ئەوان پێیدەڵێن: کردار — کار بە شێکی تەواوکەری ئیمانە: ( **العمل جزء من الایمان**)[١٦]. واتە:

لەبەشی یەکەمدا دەبێ مرۆڤ خوا بناسێ و بە دڵ و بە زمان شایەتمان (شەهادەت) بهێنێ و بڕوای بە خوا و کتێبە پیرۆزەکانی خوا و فریشتە و پەیامبەرانی و بە قیامەت بێنێ و لەبەشی دووەمدا دەبێ کرداری بە جۆرێك پاك و خاوێن بێ لەگەڵ ڕێنماییەکانی ئایینندا بگونجێ و سەرپێچیان لێ نەکات.

هەر کەسێك گوناهێکی گەورە بکات (**مرتکب الکبیرة**) و لە کاتی خۆیدا پەشیمان نەبێتەوە و تەوبە نەکات گومڕا و بێ ئیمان (کافر) دەبێ، گومڕاش هەتاهەتایە لە ئاگری دۆزەخدا دەبێ.

ئەو خاڵە ئەو بابەتە بووە زۆربەی هەرە زۆری مەزهەبە ئیسلامیەکانی تری لە خاریجیەکان زیز و دوور خستۆتەوە، ئەگەر ڕکەبەریشیان نەکردبێ لەبەرامبەریدا بەسڵ و پارێزبوون و بەنامۆ دایان ناوە.

٥-ئەگەر لە دید و روانگەی ئەم سەردەمەوە بۆ چوون و جیهاندیدی گرووپی خاریجییەکان سەیر و نا ئاسایی بێنە بەرچاو، هۆکارەکەی ئەو هەلومەرجە مێژوویە بووە کە بەسەریاندا سەپێنراوە تێیدا ژیاون و ناچارکراون لەگەڵیاندا بگوزەرێن. ئیتر ئەو گرووپە قورئان خوێنە بەپێی جۆری بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان لە ئایینی ئیسلام نە دەکرا بە جۆرێکیتر بێنە پێشەوە، هەلومەرجێك ئایینێکی ترانسندێنتی ئاسمانی تێیدا سەری هەڵداوە، هەوڵی داوە لە ماوەیەکی کورتی سنوور بەزێندا تێکڕا و سەرجەمی دابونەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و خێڵەکی

گەلێکی لە چەند تیرەیەکی جیاواز پێکهاتوو بسڕێتەوە و هانیان بدات بەخۆشی بێ یان بە ناخۆشی لەگەڵ هەلومەرجی ئایینی نوێدا بێنەوە. وا پێدەچێ لەو سەردەمەدا جۆرە جیاوازیەکی چینایەتی خەت و خاڵی نەداوە بە شێوازی تیرە و خێڵەکی دوور و نزیکی لە پەیامبەری ئیسلامەوە لە ئارادا بووبێ. هەروەها بۆ دیاری کردنی پلە و مەڵبەندی هەر خێڵ و تیرەیەك جۆرە پێوەرێك گیرابێتەبەر پتر دروشم و تیۆری بووبێ و لە چوارچێوەی کردار و پراکتیك و کاری رۆژانەدا سەرکەوتنێکی ئەو تۆی بە دەستنەهێناوە بەڵام رەوشی بڵاوکردنەوەی ئایینە نوییێیەکە و بڵاوبوونەوەی بە ناوی (غەزا و فەتحەوە) لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب و دروشمی هاوبەش وای کردبێ ئەو دروشمە تیۆریە دوا خرابێ و کەس کات و دەرفەتی ئەوەی نەبوو بێ بپرژێنە سەری و غەزاکەیان بە گرینگتر دانابێ. بەڵام دوای کۆچی دوایی پەیامبەر و هەڵبژاردنی یەکەم خەلیفە راستی ئەو دروشمە تیۆریە دەرکەوت کە بە هیچ جۆرێك بەپێی پێویست نە پەسەندکراوە و نە لە جێبەجێکردندا سەرکەوتنی بە دەستنەهێناوە.هەست و نەستی خێڵ و تیرە جارێکی دیکە سەرئاو کەوتۆتەوە.

تیرۆرکردنی خەلیفەی سێیەم عوسمان بەو جۆرە، بە هیچ بنەمایەکی قانوونی و ئایینی و مرۆڤایەتی رەوا نییە، ئینجا جەنگی خوێناوی نێوان خەلیفەی چوارەم عەلی و والی شام معاویە کە بە هەزاران سەحابەی تێدا کوژراوە رۆڵی راستەقینەی ئایین لە نێوان دروشمی تیۆریی زارەکی و کردەوە و پراکتیکدا دەخاتە بەردەم ئەگەر و گومان، ئەو ئایینە چیکردووە؟ نە دەبوو نەوەیەك پێبگەیەنێ دەستبەرداری (جاهیلیەتی) تەنیا بە قسە نەما و بێ و وابێ سڵ و پارێز لەسەر کورسی خەلافەت و تەماح و ماڵی دنیا دەست نەخەنە یەخەی یەکتری و خوێنی یەکتری نەرێژن؟!

ئەو هەواڵانەی شەهرستانی و بەغدادی و بەلادری و مەسعودی و تەبەری و ئەبو حەنیفەی دینەوەری و چەندانی تر لەبارەی کوشت و کوشتاری نێوان سەحابە و

برای ئایینی دوێنێ و دوژمن و ڕکەبەری ئەمڕۆی سەردەمی خەلیفەی چوارەم و معاویە تۆماریان کردووە نەك هەر ژێر نایگرێ و سنوور بەزێنە بەڵکو لە بێ بەزەیی و خوێن ڕشتنی بە ناهەق دا لە مێژوودا وێنەی نییە!ئایینێك لافی ئەوە لێبدات بەند و کۆیلایەتی لە ناو بەرێ و داد و بەهرەی ڕەببانی لەسەر زەوی جێگیر بکات و زوڵم و زۆریی و جەور لابەرێ کەچی نەتوانێ مرۆڤێك، سەحابەیەك، ئیمانداریك پێبگەیەنێ دەستی نە چێتە کوشتنی برای ئایینی خۆی! شەهرستانی و مەسعودی کە باسی شەری نەهرەوانیان کردووە بە سووك و ئاسانی گوتوویانە گوایە(١٢) هەزار کەس ئەو سەردەمە کوژراون! ئەو کوژرا و بکوژانە چ کەس بوون؟ لە چ دەڤەرێکەوە هاتبوون؟ سەر بە چ مەزهەب و ئایینێك بوون؟ لەسەرچی خوێنی یەکتریان دەڕشت؟!کامیان کافر و بێ ئیمان بوون؟ هەموویان سەحابە بوون!لەو کەشوهەوایە نا هەموارەدا کە تاقە تۆزقاڵێك ئومێدی چاکە و خێر و خۆشی لێنەکراوە، خاریجییەکان دەرکەوتوون، دەستبەکاربوون بۆیە سەیر نییە کە لە بۆ چوونەکانیاندا توندڕەوی و بێ بەزەیی و شەلوکوێرم ناپارێزم هەست پێ بکرێت.

**لقەکانی خاریجییەکان:**

-هەلومەرجە نا هەموارەکەی ئەو سەردەمە دەرفەتی خاریجییەکانی نەداوە بیروبۆچوون و جیهاندیدەکەیان وەك مەزهەبەکانی دیکە بە ڕێکوپێکی بنووسنەوە و تۆماریان بکەن و کتێبێکی ئەوتۆیان نییە مابێتەوە و لەبەر دەستدا بێت ئەوی هەیە و نییە لەبارەیانەوە کتێبە کۆنە مێژووییەکانن کە بیرو بۆچوون و جموجۆڵ و چالاکیەکانیان تۆمارکردون. بەپێی ئەو سەرچاوانە خاریجیەکان لە چوار لقی سەرەکی پێکهاتوون و هەر لقەشی چەند باڵێکی لێ جیابۆتەوە، ئەو لقانە ئەوانەن:

- ئیبادییە. (**الإباضية**)-
- ئەزرەقییەکان.(**الأزارقه**).

- نەجدات (النجدات).

- سەفرییە (الصفریە).

ئەو چوار لقە لە چوارچێوە گشتیەکەی مەزهەبەکەیاندا و بە تایبەتی لەسەر کێشە گرینگە چارەنووسسازیەکاندا یەك را و یەك دەنگن بەڵام کە دێتە سەر وردەکارییەکان جیادەبنەوە. بۆیە دەکرێ بگوترێ کە جیاوازی نێوان ئەو لقانە پتر تیۆری و بیروبۆچوون بووە و ئەوەندە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە نەبووە!ئەو رابەرانە بە پیشە مەلای گەورە و قورئان خوێن بوون و هەوڵیانداوە بۆ پشت راستکردنەوەی بۆچوونەکانیان بەڵگە لە قورئان و حەدیس بهێننەوە، خۆ ئەگەر پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان بۆچوون و رەوشی هەڵکەوتدا هەبایە دەبوو لەبەرامبەر ئەو هەلومەرجە سەخت ودژوار و زوڵم و زۆر و جەورەی کار بە دەستان یەکبگرن نەك پەرش و بڵاو و پارچە پارچە بن:

- لە چوارچێوە گشتیەکەدا ئەو چوار لقە لەسەر ئەوە پێکەوە کۆك و تەبان کە خەلیفە دەبێ لەلایەن مسوڵمانە ئیماندارەکانەوە بە گشتی بە دەنگدانی ئازاد و ئاشکرا هەڵبژێردرێ، ئەوەندەی بەپێی شەرع دادپەروەربێ، دوور بێ لە هەڵە و بەدکاری خەلیفە دەمێنێ، خۆ ئەگەر لایدا دەبێ لاببرێ یان بەپێی لادانەکەی بکوژرێ(١٧). ئینجا مەرج نییە خەلیفە لە بنەماڵەیەك یان لە خێڵ و تیرەیەکی پێشیانە دیاریکراو بێ، مەرجیش نییە عەرەب یان قورەیشی بێ بەڵکو هەر مسوڵمانێك بۆی هەیە ئەو پلە و پایەیە بە دەستبهێنێ. ئەو خاڵە وای لە هەندێ نوسەر کردووە کە خاریجیەکان بە گرووپ و بزووتنەوەیەکی رێکوپێکی ڕکەبەر و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی سەردەمی خۆیان دابنێن. هەر ئەو بۆچوونەیان بووە بۆتەمایەی ئەوەی لەلایەن سوننە و شیعەوە بەربەرەکانی بکرێن. سوننە ویستوویەتی خەلافەت لە تیرەی قورەیش(عەرەب) نەچێتە دەرێ و شیعەش ئەو مافەیان بە هی ئیمامی عەلی و بنەماڵەکەی داناوە!

**لقی ئەبادییە:**

لقێکی سەرەکی گرووپی خاریجیەکانە ناوەکەی لە ناوی رابەرەکەی کەوتۆتەوە: عەبدولاّ کوڕی (**إباض**) بە میانڕەوی ناسراوە.لەبارەی جیابوونەوەی و بوونی بە لقێکی سەربەخۆ سەرچاوەکان وا باس دەکەن کە دوای جەنگی خوێناوی نێوان خاریجیەکان و لەشکری ئیمامی عەلی لە نەهرەوان تاقمێك لە خاریجییەکان بەرە و ناوچەی بەسرە دەچن و لەوێ وەك کۆمەڵەیەکی رێکوپێك خۆیان رێکدەخەن و دەست بە چالاکی نهێنی[١٨] دەکەن. ناوی سەرۆکەکەیان بەسەردا دەبرێ. گوایە ئەو گرووپە، ئەگەرچی بە نهێنی کاریکردووە، هەوڵیداوە کۆتایی بە دەسەڵاتی بەنی ئومەییە بهێنێ و خۆیان دەسەڵاتی خەلافەت بگرنە دەست. ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەو گرووپە کۆچەر و گەریدەی بیابان(بەدو) بوون بەڵام لە هەندێك بیر و بۆچوونیاندا جۆرە بەزاندنی سنووری سەردەمی خۆیانیان پێوە دیاربووە. بەپێچەوانەی مەزهەبەکانی ترەوە، ئەو لقە بڕوای بە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ و کاری کۆمەڵایەتی هەبووە.ئەو رێ و شوێنانەی بۆ بەڕێوەبردن (حوکمرانی کردن) دایان ناوە و پەیڕەویان کردووە لە جۆرە نەزمێکی کۆماری و سۆسیالیستی (بەپێی ئەو سەردەمە) چووە. هەروەها هەر لە سەرەتاوە ئەنجومەنی راوێژکاری ( شورایان) داناوە. لە ژیانیاندا لە سێ دەڤەر سەلتەنەتی عومان و یەمەن و مەراکیش سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە.

- بەلایانەوە ئەو کەسەی ببێ بە ئیمام ئەبێ چەند مەرجێکی تێدابێ: ژیر و ئازاد و تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتر نەبێ لە خوا ترس و زانا و زیرەك و ئازابێ. بەلای کەمەوە شەش کەسی ئازاد شایەدی بۆ بدەن کە شایستەی ئەو پلە و پایەیە.

- بەپێی زمانی عەرەبی، وشەی (کافر) بە دوو واتا لێکدەدەنەوە:

جارێکیان بە واتای سپڵەیی لەبەرامبەر بەهرەیی و بەخشندەیی خوا و جارێکیان بە واتای بێ ئیمان. بۆیە ئەوانەی جودا بیریانن بەواتای یەکەم تۆمەتباریان دەکەن و بە دوو روو (مونافیق) ناویان دەبەن.

- ئەگەر ئیمام زۆردار و بێدادبوو دەکرێ بە هەموو ڕێگایەك، ئیتر بە شمشێر، لابرێ.
- ئەگەر نا حەز و جودا بیرێکیان گرت تۆبەی کرد و لە کردارەکانی پەشیمان بۆوە لێی دەبوورن ئەگەرنا دەیکوژن!
- لە بۆ چوونێکیاندا لەبارەی چارەنووس و خواستی ئازاد و ئۆباڵ کێشان ئەگەرچی پتر لەگەمە کردن بە وشە و دەستەواژەی زمان دەچێ، بەواتای ئەم سەردەمە، بەڵام ئەوپەری قوڵی و مەندیی و زیرەکیان نیشانداوە:
ئایا مرۆڤ لەو کردارانەیدا کە دەیانکات ئازادە یان نا؟ ئەگەر ئازادە خواستی خوا چ رۆڵێکی دەبێ؟ وەڵامی پرسیارەکەیان لە دواییدا لەلای ئەشعەری دەرکەوتووە و ڕێکوپێکتر کراوە و بووە بە تیۆری (کەسب).بەلای رابەرانی لقی ئەبادیەی خاریجیەکانەوە لە چالاکی مرۆڤی ژیردا دوو شت لە یەکتری جیادەکرێنەوە و هەردووکیان پێکەوە تەواوکەری یەکترین: توانا کە ئەوان بە عەرەبی (**ألإستطاع**) و کار کە بە عەرەبی (العمل) یان پێگوتووە لە یەکتریان جیاکردۆتەوە و بەلایانەوە توانا رووکەشێکە (**عرض**)، خەسڵەتێکە پێش کارو کردار دێت چونکە ئەو دەبێتە مایەی کرداری کارەکە. کردار و کاری مرۆڤ لەلایەن خواوە داهێنراوە (خە لق) کراوە[١٩]، بەندەی خوا (مرۆڤ) توانای کارەکە و کردنەکەی دەستگیردەبێ (یکتسب). کەوابوو بکەری راستەقینە خوا خۆیەتی! ئەو قسەیە تا چەند لەگەڵ خواستی ئازاد و ئۆباڵ کێشانی مرۆڤدا دێتەوە و دەگونجێ؟

### لقی ئەزرەقییەکان:

بە باڵێکی توندڕەوی خاریجییەکان دادەنرێ ناحەزو جوادا بیرو ڕکەبەرانی خۆیان بە گومڕا ( کافر) داناون و دەستیان لە کوشتنی خۆیان و ماڵ و منداڵیان نەپاراستووە.[٢٠]. زۆربەی سەرچاوە کۆنەکان بە خوێن ڕێژ و مرۆڤ کوژ ناویان بردوون. نافعی کوڕی ئەزرەقی حەنەفی کە بە (ئەبی راشد) ناسراوە سەرۆك و

رابەری ئەو گرووپە بووە. گوایە ئەمانە بە ژمارە لە لقەکانیتر گەورەتر بوون.لەسەرەتاوە لەشاری بەسرە بوون روویان کردۆتە ولاّتی فارس لەوێ کۆنترۆلّی شاری ئەهواز و دەورووپشت و دەڤەری کرمانیان کردووە. لە کۆتایی دەسەلاّت و حوکمرانی یەزیدی کوڕی معاویەوە کارا و دەست بەکاربوون. ئەو شتانەی گوتوویانە بەلای گرووپەکانی تری زانستی کەلامەوە پەسەند نەبووە بۆیە تۆمەتی جۆربەجۆریان خستۆتە پارسەنگیانەوە: شەهرستانی قسە و بیرو بۆچوونەکانیان بە چوونە دەرەوە لە ئایین و بەزاندنی سنووری رێوشوێنەکانی باوەر و عەقیدە دادەنێ:- بەلّگەشی ئەوەیە کە ئەزرەقییەکان ناحەز و دوژمنیان بە گومڕا دادەنێن و کوشتنیان حەلاّلّ دەکەن ئینجا بەلایانەوە منداڵێك باوکی گومڕابێ خۆشی وایە و لە ئاگری دۆزەخدا دەسووتێن بۆیە کوشتنی منداڵی گومڕاییانیش پەسەندە بەلایانەوە.

- ئەو گرووپە وای داناوە کە ئیمامی عەلی گومڕابووە و بکوژەکەی عەبدولڕەحمان مولجم موڕادی نا حەقی نەبووە کە عەلی کوشتووە چونکە بە پێی ڕێنماییەکانی شەرع ئەو فەرمانەی جێبەجێ کردووە[٢١].

- جەنگی پیرۆز کە بە عەرەبی (جیهادی) پێدەگوترێ ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامانی ئەو لقەیە و هەر کەسێك دوا کەوێ یان نەیکات یان پشت گوێی بخات و کەمتەرخەم بێ لە ئایین وەردەگەرێ و گومڕا دەبێ.مرۆڤی گومڕاش نا پەسەندە نابێ ژنیان لێ بهێنرێ و ناکرێ لەگەڵیان و لە پشتەوەیان نوێژ بکرێ!پەلەوەر و ئاژەڵیش کە ئەوان سەری ببڕن حەرامە[٢٢]!

- لەگەڵ گومڕادا دوو ڕێگا دەگیرێتەبەر:

یان ئەوەتا دەبێ تۆبە بکات و ببێ بە مسوڵمان یان بە شمشێر سەری لەلاشەی جیابکرێتەوە، ڕێگای سێیەم پەسەند نییە!

- دەبێ مرۆڤی خاریجی_ئەزرەقی راستگۆ بێ، هیچ شتێك دانەپۆشێ و نەیشارێتەوە، درۆی سپی کە شیعە بە (تەقییە) ی دادەنێن بە هیچ جۆرێك پەسەند نییە و نابێ بکرێ[٢٣].

- بە هیچ جۆرێك رێگایان نەداوە بە لایەنگیرانیان جولەکە و عیسایی بکوژن کەچی فەتوای کوشتنی مسوڵمانێکیان داوە کە لەسەر رێگای ئەوان نەبێ و بەلایانەوە گومرا و کافر بێت!

ئەو لقەی گرووپی خاریجیەکان مەترسیەکی گەورە بووە لەسەر دەسەڵاتی بەنی ئومەییە، گوایە ژمارەیان لە ١٢هەزار شمشێر بە دەست تێپەڕیووە و کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی ئێرانیان کردووە و باج و خەراجیان لە دانیشتووان ستاندووە.قەتری کوری فوجائە سەرکردەیەکی دلێر و شاعیرێکی ناوداری ئەزرەقیەکان بووە، چالاکییەکانی حەجاجی یووسفی تەقەفی نیگەران و نا رەحەت کردووە.

**لقی نەجدات:**

ئەو لقەی خاریجییەکان بەلایانەوە بوونی ئیمام_ خەلیفە پێویستییەکی ناچاری نییە، ئەگەر بێت و ئوممەت (خەڵك) لە نێوان خۆیاندا رێکوپێك و بە ویژدان بن و ئینسافیان هەبێ و کەس مافی کەسیتر نەخوا و پێشێلی نەکات پێویستیان بە ئیمام نامێنێ. ئەو بۆچوونە بە پێچەوانەی زانایانی کەلامی شیعە و موعتەزیلەیە کە ئەوان بەپێی بنەماکانی ئایین و شەرع بوونی ئیمامی میللەت(ئوممەت) بە پێویستیەکی ناچاری دادەنێن.

ناوی ئەو لقە لە ناوی رابەرەکەیانەوە نەجدەت کوڕی عامر حەنەفییەوە هاتووە. لەسەرەتاوە لەگەڵ گرووپی ئەزرەقی بووە دوایی کە بیستوویەتی نافیعی کوڕی ئەزرەق چەند فتوایەکی داوە لەبارەی کوشتنی ژن و منداڵی دوژمن و جودا بیرانیان و ئەوی جەنگی پیرۆز (جیهاد) نەکات گومرایە، لێی جیابۆتەوە و ئەو لقەی دامەزراندووە. ئەو لقە لە دەڤەری یەمامە بڵاونەتەوە و چالاك و دەست بەکاربوون. بەلایانەوە ئایین لە دوو بەش پێکدێت:

**یەکەم:** خواناسین و باوەڕهێنان بە پەیامبەرانی و دەستی مرۆڤی مسوڵمان بە خوێنی برای مسوڵمانی سوور نەبێت، ماڵی کەس زەوت نەکات. بڕوای بە هەموو ئەو شتانە هەبێ کە لەلای خواوە هاتوون[٢٤] ئەمەش ئەرکی سەرشانی هەموو مسوڵمانێکە و دەبێ بیزانێ.

- ئەگەر مسوڵمان لە نەزانییەوە کارێکی بەد بکات و گوناه بێ لێی دەبووردرێ! ئەگەر بە (ئیجتیهاد) حەرام حەڵاڵ و ڕەوا بکات دەبەخشرێ! بەڵام دەبێ بەبەڵگە کێشەکەی بۆ روونبکرێتەوە بۆ ئەوەی جارێکیتر نەچێتەوە بەلای ئەو کارەیدا.

- کوشتن و ڕشتنی خوێنی جوولەکە و مەسیحی و زەردەشت و موڵك و ماڵیان بە حەڵاڵ و ڕەوا دەزانن.

- ڕێگای ئەوە دەدەن لایەنگیرانیان بە قسە و کردار راستی خۆیان بشارنەوە و پەردە پۆشی کەن، واتە بڕوایان بە بنەمای (تەقییە) هەبووە[٢٥] بۆ ئەوەی خۆیان لە دوژمنانیان بپارێزن و ڕزگار بکەن!

**لقی سەفەرییە:**

زیادی کوڕی ئەسفەر دایمەزراندووە و لەوەوە ناوەکەی پێ بڕاوە. لە هەندێ خاڵدا لە چوارچێوەی جیهاندیدی خاریجییەکان چۆتە دەرەوە.

- بەلایانەوە ئەگەر لە ناچاریدا مرۆڤ تەنیا هەر بە قسە نەك بە کردار نا راستی بڵێ دەشێ، واتە تەقییە لە قسەکردندا دەگونجێ بەڵام لە کاردا پەسەند نییە.

- ئەو کەسەی پەیوەندی نا شەرعی لەگەڵ ژنێکدا بکات (زینا) یان دزی بکات گومڕا و کافر نابێ بەڵکو تۆمەتی ناوی کارەکەی بەسەردا دەبڕدرێ، بۆ نموونە دەگوترێ (دزە) بەڵام گومڕا نابێ و ئیمانیشی لە دەست ناچێ!

- مسوڵمان دەکرێ ژن لە کافران بهێنێ بەڵام ناشێ بە ئاشکرا ژن بدات بە کافران.

- دوو جۆرە (کوفر و شرك) هەیە، یەکەمیان کە کوفر دەکرێ سپڵەیی بێ لە بەرامبەر بەهرە و نیعمەتی خوادا و دووەمیان حاشاکردنە لە خوایەتی خودا. شرك ئەوەیە مرۆڤ شەیتان و بت پەرست بێ.

- تۆبە و بێ بەری بوون دوو جۆرە: [٢٦] سوونندت و فەرز. بێەری بوون لەوانەی حەددیان لەسەرە سووننەتە.بەڵام بێ بەری بوون لەوانەی حاشا لە بوونی خودا دەکەن و ئایین بە هەند نازانن و فەرزە لەسەر هەموو مسوڵمانێك.

- رێگایان نەداوە منداڵ و ژن و کەسوکاری گومڕاکان بکوژرێن یان موڵك و ماڵیان زەوت بکرێ.

- پەیامبەری ئیسلام بۆ خەڵکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا هاتووە دەبێ باوەڕ و ئیمانی پێبهێنرێ، ئەگەر کەسێك هەواڵی ئەو ئایینەشی نەبیستبێ و بمرێ ئیمانی نابێت و بە کافری سەر دەنێتەوە![٢٧].

- بەلای ئەو لقەی خاریجیەوە بکوژی عەلی پیاوێکی ئیماندار بووە چونکە وەك مسوڵمانێك ئەرك و فرمانی سەرشانی خۆی جێبەجێکردووە.

- ئەگەر مرۆڤ پەیڕەو و رێبازی مێژوویی لەبەر چاو بگرێت و لە چوارچێوەی ئەو پەیڕەوەدا هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی، خۆیی بابەتی کە هەلومەرجە لە ئارادابووەکەیان رەوا و پاساوداوەتەوە، رۆڵی شایستەی خۆیان و بایەخی زانستیان پێ بدرێ تارادەیەکی سەرنج راکێش ئەو بیر و بۆچوونەی خاریجییەکان بە تایبەتی هی رێبازەکانی زانستی کەلام بە گشتی لە جەنگی نێوان عەلی و معاویە بە دواوە کە سەیر و نامۆ و توندڕە و و تیۆرییانەی دوور لە هەڵکەوتی راستەقینەی ژیان بە دەربکەون، ئەو سروشتەیان کاڵ دەبێتەوە و دەکرێ بە جۆرێك لە جۆرەکان و بە شێوازێکی مێژووی پاساو بدرێنەوە!

هەر دوای کۆچی دوای پەیامبەری ئیسلام کێشەی جەنجاڵ ئامێزی خەلافەت سەرئاو کەوتووە، لە چوار خەلیفە سێیان بە شمشێر ورگیان دراوە. ئینجا هاتنی معاویە و قڕکردنی ئەندامانی نەماڵەی عەلی کە نەوەی پەیامبەری ئیسلام بوون، بنەما بنەڕەتیەکانی ئایینەکە کاڵ دەکەنەوە کە ڕۆڵێکی کارای لە ژیانی ئەو میللەتەدا گێڕا بێ کە تانوپۆی بڵاوکردنەوەی ئایینەکە بووە. معاویە سەرکەوتوانە ناحەزانی خۆی کە زۆربەی هەرە زۆریان سەحابە بوون لە ناو بردووە، بەرگی پیرۆزی ئایینی ڕەببانی لەبەر خەلافەت داماڵیووە و کردوویە بە جۆرێك لە حوکمرانی کوڕ بە میرات لە جێگای باوکی دابنیشێ و جێگاکەی بگرێتەوە. ئەو ڕەوشە ئەو کەشوهەوایە بووە کە گرووپی توندڕەوی خاریجییەکان سەریان تێیدا هەڵداوە، دەستبەکاربوون و گەشەیان کردووە. حەدیسێك هەیە دەڵێ: ((**جاء الاسلام غريبا وسيعود غريبا فطوبى للغرباء!**)).

ئەگەر ئیسلام بەو جۆرە بووبێ و جارێکیتر لە دوا ڕۆژدا هەر بەو جۆرە بێتەوە بۆ دەبێ گللەی لە معاوییە و گرووپە توندڕەوەکانی زانستی کەلام بکرێت!؟

معاویە ئایینی ئیسلامی بە دنیایی کردووە ،یان هەر نەبێ هەنگاوی بەو ئاراستەیەدا ناوە، بۆ دەبێ سیاسەتمەدارێکی ڕاستەقینەی هەڵکەوتی ڕۆژگاری خۆی نەبووبێ؟! ڕاستە ئەوپەڕی بێ بەزەیی و خوێن ڕێژبووە بەڵام چ کارێك بەبێ ماندووبوون و ئارەقە ڕشتن دەکرێ؟! ئایا ئەو ڕەوشە نائاساییەی لە سایەی ئایینەوە هاتبووە کایەوە و گرووپی نا ئاسایی دروستکردووە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئایین لە ڕابردوو و ئێستاشدا توانای یەکلایی کردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ژیانی نییە؟!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


١- حسين مروه: النزعات المادية فى الفلسفة العربية الاسلامية. ج٢، الدار الفارابى. بيروت ٢٠٠٨،ص ١٠ وفى اماكن أخرىَ.

٢- د.لطيفة البكاى: حركة الخوارج. نشأتها وتطورها.دار الطليعة بيروت ٢٠٠٧، ص ١٨ وفى أماكن مختلفة.

٣- المسعودى : مروج الذهب.دار المعرفه بيروت ٢٠٠٥، ج١، ك٢، ص٢٩٧.

٤- الشهرستانى الملل والنحل. دار الكتب العلمية.بيروت-٢٠٠٧، ج١، ص١٠٦ فما بعد.

٥- سعد رستم: الفرق والمذاهب الاسلامية.سورية-دمشق ٢٠٠٨، ص٤٠-٤١ وفى أماكن اخرىَ.

٦- المسعودى: نفس المصدر.ج١، ك٢، ص٣٤٨ فما بعد.

٧- المسعودى: نفس المصدر.ج١، ك٣٥٥،٢

٨- الشهرستانى: ملل والنحل.ص ١٠٧.

٩- د.لطيفة البكاى: المصدر نفسه اعلاه.ص٣٠-٣١ فما بعد.

١٠-د.لطيفة البكاى: نس المصدر، ص ٣٦.

١١- ئەم قسەیەی حەسەنی بەسری لێرەوە وەرگیراوە:

- د.عبدالرحمن بدوى: تأريخ التصوف الاسلامى. الكويت١٩٧٨، ص١٥٤.

١٢- د.لطيفة البكاى: المصدر أعلاه. ص ٦٥.

١٣- الشهرستانى: الملل والنحل ج١، ص ١٠٨.

١٤- الشهرستانى المصدر نفسه ج١، ص١٠٩.

**١٥- أحمد امين:فجر الاسلام. نوابغ الفكر.القاهرة- ٢٠٠٨، ص٢٩٨ فما بعد.**

١٦- د. احمد عوض ابو الشباب: الخوارج. دار الكتب العلمية. بيروت ٢٠٠٥، ص١٠٩فما بعد.

١٧- سعد رستم: المصدر السابق. ص٢٠٥.

١٨- الشهرستانى: المصدر السابق. ص١٣١.

١٩- البغدادى: الفرق بين الفرق. دار المعرفة بيروت ٢٠٠٨، ص٨٧ فما بعد.

٢٠- د.عامر النجار: فى مذاهب الاسلاميين. الهيئة المصرية العامة الكتاب ٢٠٠٥، ص ٩٣ فما بعد.

٢١- أحمد امين: المصدر السابق، ص٢٩٩.

٢٢- الشهرستانى: المصدر نفسه.نفس الجزر، ص١١٥.

٢٣- البغدادى: المصدر السابق. ص٩١-٩٢. هەروەها:
-الشهرستانى: هەمان سەرچاوە بە عەرەبى. ل ١١٨.

٢٤- د.أحمد عوض ابو الشباب: المصدر السابق.ص ٢٢٩.

٢٥- الشهرستانى: سەرچاوەى پێشوو.ل ١٣٤.

٢٦- د.أحمد عوض ابو الشباب: سەرچاوەى پێشوو بە عەرەبى.ل٢٣٤.

# ئەشعەری

١- ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو سەرچاوە کۆنانە بدات کە لایەکیان لە جیهاندید و بیروبۆچوونە کەلامییەکانی ئەشعەری کردۆتەوە، لە ناوەرۆکی ئەو بەرهەم و وتار و نووسینانە وردبێتەوە کە ئەشعەری خۆی نووسیونی، لەگەڵ ئەو رەوش و هەلومەرجەدا بەراوردیان بکات کە ئەو زانا ئایینیە سەلەفی و محافەزەکار و کۆنە پارێزەی زانستی کەلام تێیدا ژیاوە و دەستبەکاربووە، ئینجا ئەو رووداوە خوێناویە دڵتەزێنانە بهێنێتە بەرچاوی خۆی کە لەگەڵ دەستپێکی خەلافەتی ئەبوبەکرەوە قەوماون تاوەکو سەردەمی معاویەی بەنی ئومەییە و ئەو کوشت و کوشتارەی لە نێو مسوڵمانانداکردوویەتی تاوەکو قڕکردنی موعتەزیلە بە درندەترین شێوە لە سەردەمی عەبباسییەکاندا لە شاری بەغدا، ئەو دوو پرسیارە سەرقاڵ و نیگەرانی دەکەن:-

- بۆچی ئایین نەیتوانیوە بە پێی پێویست خۆی لە وردەکاری ژیانی مرۆڤی تاکی مسوڵماندا بەرجەستەبکات؟

- بۆچی نەیتوانیوە مرۆڤێکی ئیمانداری ئەوتۆ پێبگەیەنێ کە بنەما بنەڕەتیەکانی: ویژدان، لێبوردەیی، بەزەیی، چاکەکاری و داد و یەکسانی لە ناخی دەرونیدا جێگیر ببن و لە کرداری ژیانی رۆژانەیدا جێبەجێیان بکات؟

ئەو دوو پرسیارە بە هیچ جۆرێك سروشتێکی گریمانەییان نییە، بەڵکو پشت بەو راستیانە دەبەستن کە سەرچاوە باوەرپێکراوە مێژووییەکان تۆماریان کردوون. کەوابوو ئەو کەم و کوڕییە لە ئایین خۆیدایە یان سروشتی مرۆڤ بەو جۆرەیە گۆڕینی وا سووك و ئاسان نییە؟ ئەو پرسیارانە رەهەندی جۆربەجۆریان هەیە و وەڵامدانەوەیان وا پێویست دەکات مرۆڤ سەرنجی ژیانی سەردەمی دەرکەوتنی ئایینەکە و ئەو دەرکەوتنانە بدات دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام و

ئینجا کۆتایی هاتنی داگیرکردنی ولاّتانی تر کە بە عەرەبی کۆتایی هاتنی (غەزا و فەتح) ی پێدەڵێن، سەرئاوکەوتوون، چونکە دەرکەوتن و زانینی رەوش و هۆکاری راستەقینە و روون بوونەوەیان ئەوەی سەیر و نا ئاسایی هاتۆتە بەرچاو کاڵ دەبێتەوە.

٢- لە بیابانی نیمچە دوورگەی عەرەب لە نێو چەند تیرە و خێڵێکی کۆچەر و گەڕیدە (بەدو)ی عەرەب زمان دیاردەی شارستانییەتێك سەرئاو کەوتووە بە پێچەوانەی شارستانیەتەکانی تر بنەماکەی ئایینێك بووە بە روخسار و ناوەرۆك بەرامبەر بە جیهانی هەڵکەوت کە تێیدا دەرکەوتووە خۆی بە نامۆ داناوە (جاء الاسلام غریبا). هەر نەبێ نامۆ بەرامبەر ئەو کولتوورەی کە ئەوسا لەوێ لە ئارادا بووە، هەر لە شیعرەوە تاوەکو بتپەرستی! ئایا هاتنی ئەو ئایینە بەرهەمی پەرەسەندن و پێداویستیەکی گرینگ و ناچاری ئەوسای کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەب بووە، یان خواستی پەیامبەرێك بووە گوتوویەتی سروش (وەحی) لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە و ویستوویەتی روخسارێکی پەتی (ئەبستراکت) بە سەرخانی کولتووری کۆمەڵگاکە ببەخشێ؟! راستە ئەوکارە زۆر لەسەر رابەرانی ئایین و لایەنگیرانی کەوتووە بەلاّم تێیدا سەرکەوتووبوون!ئایا کۆمەڵگای ئەوسا ئایینەکەی وەك خۆی پەسەندکردووە؟ ئەو رووداو و قەوماوانەی دوایی کۆچی دوای پەیامبەری ئیسلام، هەر لە هەڵبژاردنی ئەبوبەکرەوە بە خەلیفە (رووداوی هەڵگەڕانەوە-رەددە) سەرئاو کەوتوون تاوەکو کوژرانی سێ خەلیفەکە و هاتنی معاویە وەك نیمچە شایەك بۆ سەرکار ئینجا سەرهەڵدان و پەیدابوونی مەزهەب و رێبازی جۆربەجۆر لە چوارچێوەی ئایینەکەدا، ئەو پرسیارە ناڕێ دەکەن و بەنا وەلاّم دەدەنەوە! پاساوی ئەو وەلاّمە ئەوەیە کە لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامدا مسوڵمانان سەرگەرمی بلاّوکردنەوەی ئایینەکە بوون(غەزا) دوایش داگیرکردنی ولاّت و میللەتانی دیکە

(فەتح) لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب! ڕاستییەکی مێژوویش هەیە هیچ گومان و ئەگەرێك هەڵناگرێ:-

- لەسەرەتادا کە قۆناغی یەکەمە ئایینی ئیسلام لەلایەن خەڵکەکەوە تاڕادەیەك پەسەند کراوە و باوەڕیان پێهێناوە( ئەگەرچی بە شمشێر بەسەر خەڵکدا سەپێنراوە.) ئەمە دیاردەیەکە لە پرۆسەی بزاڤی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجی کۆمەڵگا و میللەتاندا سەلمێنراوە. بەبێ سڵ و پارێز خەڵك لەسەرەتاوە شتی نوێ پێشوازی دەکات بە تایبەتی ئەگەر وابێتە بەرچاو کێشە و گرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە بە ساڵاچووە تاڕادەیەك پەککەوتووەکان کە لەگەڵ پەرەسەندندا نەیەنەوە، بەلایەکدا بخات. ئەو هەڵوێستەش لەلایەن خەڵکەوە بەرامبەر، بە ئایینەکە ئاسایی بووە، چونکە هەر لە سەرەتاوە دروشمی داد و یەکسانی و ڕزگارکردنی بەند و کۆیلەی داوە،خەڵکەکەش بە درێژایی ڕۆژ سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی ئایینەکە و ڕاکێشانی (کافرەکان) بوون بۆ لای ئایینی نوێ. ئینجا بڵاوکردنەوەی ئایینەکە لە نێو میللەتانی دیکەی دەرەوەی دوورگەی عەرەب ئەوەندەی تر سەرقاڵی کردوون و نە پرژاونەتە سەر هیچ شتێك.

- لە قۆناغی دووەمدا کە ئایینەکە-دیاردە کۆمەڵایەتیەکە جێگیر دەبێ و چالاکی بڵاوکلادنەوەی نامێنێ- لە ڕەوشی ئیسلامدا غەزا کۆتایی هاتووە- دەرفەت بۆ هەڵگری باوەڕ و ئایین و ئایدیۆلۆجی و جیهاندیدەکە دەرەخسێ بیر لە بنەماکانی بکەنەوە! تا چەند گۆڕانی بەسەر ژیان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا هێناوە ئایا ئەو دروشمانەی هەڵیگرتبوون و ئەو بەڵێنەی بە خەڵکی دابوو تا چەند توانای جێبەجێ کردنیان هەیە؟ بەو پێیە ڕەوش و هەلومەرجی ئارام و هێمنی دەرفەتی ئەوە دابین دەکات دۆگم و بنەما بنەڕەتییەکانی ئایین کاڵ و روخسارێکی بیری- هزرییان پێببڕێ و ببن بە کەرەسە و بابەتی ڕامان و سەرنجدان و توێژینەوە. بەوپێیە هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرەهەندە جۆر بە

جۆرەکانییەوە لەسەرەتادا کە قۆناغی یەکەمە پەسەند دەکرێ، بەڵام دواتر لە قۆناغی دووەمدا لە بەرامبەر هەندێك لایەندا نیشانەی پرسیار قوت دەکرێتەوە و جۆرە گومانێك لە دڵ و ناخی دەروونندا دەورووژێ ئەو رەوشە ئەو زەمینەی خۆشکردووە کە گرووپ و قوتابخانە و رێبازەکانی لاهوت و زانستی کەلام و شەریعەت سەریان هەڵداوە و پێگەیشتوون. رێبازی ئەشعەری کە بابەتی ئەو نوسینەیە نەمامێکە لەسەر ئەو زەمینەیە و لە باوەشی ئەو کەشوهەوایەدا شین بووە و هاتۆتەبەر.

- ئەو بابەتە کێشە ئامێزەی کە بەشارستانیەتی ئیسلام ناودەبرێ و دەکرێ بگوترێ لە چەند دەڤەرێکی ئەرز و ئاسمان لە یەکتری جیاوازدا پێگەیشتووە، بەڵام لە چوارچێوە گشتیەکەدا جۆرە یەکڕەنگیەکی لە روخساردا نیشانداوە، ئەوە هەموو بابەتەکانی سنووری ئایینەکەیان نە بەزاندووە و بگرە لە سایەی ئەودا پێگەیشتوون، چەند رەهەندێکی دیکەشی هەیە کە دەبێ لایان لێ بکرێتەوە و سەرنج بدرێن:

- ئایینی ئیسلام لە ناوچەیەك دەرکەوتووە بیابان و بێبەش لە پیت و بەرەکەتی زەوی و زار هەر لە ئاوی شیرینەوە تاوەکو کشتوکاڵ و زەراعەت. میللەتێکی کۆچەر (بەدو) هەر سەرگەرمی گەڕان بووە لە بادییەدا بە دوای ئاو و لەوەڕ، کەچی لە پڕ بە هۆی ئایینەوە بوو بە میللەتێکی گەورەی رۆژهەڵات و باکووری ئەفەریقا.خاك و زەوی وڵاتی ئەو تۆی کەوتە ژێر دەست بەهۆی هێزی ئاییەکەوە نەبوایە هیچ هێزێکی تر نەیدەتوانی بستێك بەو جۆرە لەخاکی ئەو وڵاتانە داگیربکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. شارستانیەت و کولتوورێك بە زمانەکەی گەشەی کرد لەسەردەمی عەبباسیدا گەیشتە چڵە پۆپە و بە قۆناغی زێڕین لە مێژوودا تۆمارکراوە!ئەوی لێرەدا بە بیردا دێ ئەوەیە: ئەو کولتوورە لە چ وڵات و ناوچەیەك گەشەی کردووە؟ بێگومان لە بیابانی وشك برینگی دوورگەی عەرەب نەبووە کە مەڵبەندی ئایینەکەیە، بەڵکو لەو وڵات و ناوچانە

بووه كه داگیرکراون و کراون به مسوڵمان! ئەو ناوچانە کولتوور و شارستانیەتێکی دێرینیان هەبووە، سێ ئایینی گەردوونی زەردەشتی، جوولەکە و مەسیحی لە نێوانیاندا کارا بوون و بنەمای بنەڕەتی کولتوور و شارستانیەتەکانیان پێك هێناوە. کوفە و بەسرە و بەغدا و شام و باکووری ئەفەریقا و ئەسکەندەرییە و قاهیرە پێشهاتنی ئیسلام شار و بازێری میللەتانی دیکە بوون و بەهۆی لافاو و لێشاوی کۆچی عەرەب بەناوی ئایینەوە کولتووری پێشوو ناو و مێژووی میللەتانیان سڕدراونەتەوە و مێژووش بە پێی پێویست لایان لێناکاتەوە!

ئایینەکە لە وڵاتێکی عەرەبیدا هاتووە، بەڵام وای بڵاوکردۆتەوە کە تایبەتمەندی جیهانی هەیە (**إنه ذكر للعالمين**)، ئایا ئەو دروشمە، ئەگەرچی کاڵای پیرۆزی سەر و سروشتی بە بەردا کراوە، لەگەڵ ڕەوش و هەلومەرجی وڵاتانی تری دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەب نامۆ نەبووە؟!ئەگەر ئیسلام لە دوورگەی عەرەب بتی شکاند بێ و بەند و کۆیلەی ڕزگارکردبێ لەوڵاتانی تر کە بە شمشێر ئیسلامیان تێدا بڵاوکراوەتەوە قۆناغێك لە پێشتر بوون و بتپەرستن لە نێوانیاندا نامۆ بووە!! لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە پتر ( نارێیە) و نادەکرێ، سێ خاڵ سەرنج رادەکێشن و بەو لایەدا دەیبەن، ئەگەر ئایینەکە خۆی وای دابنێ جیهانییە و بۆ هەموو میللەتان هاتووە، بە پێچەوانەوە تەنیا هەر سروشت و خەسڵەتی نەتەوەیی عەرەبی پاراستووە و بەرجەستەی کردووە! ئەو سێ خاڵە لە هەڵوێستی خەلیفەی دووەم عومەری خەتاب لە داگیرکردنی جەلەولا، معاویەی ئەبو سوفیانی ئەمەوی، ئیمامی شافیعی دا دەردەکەون:

لەو خاڵانەدا ڕووندەبێتەوە کە ئەگەر ئایینەکە جیهانیش بێ، لە دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلامەوە بە لایەکی تردا براوە، ئەو دەورروبەرەی تێیدا بڵاوکراوەتەوە زمان و کولتوور و شارستانیەت و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییان لە دەستداوە و شتێکی دیکە کە لە دوورگەی عەرەبەوە بە ناوی

(غەزا و فەتحەوە) هاتووە جێگایانی گرتۆتەوە. بەسەدان رۆڵەی ئەو میللەتانە لە حەجرە و مزگەوت فێری زمانی عەرەبی بوون بۆ تێگەیشتنی قورئان و حەدیس و بە زمانی عەرەبی نووسیویانە و پشتیان کردۆتەوە زمانی نەتەوەیی و کولتووری خۆیان بگرە هەندێکیان هەر شەرمیان لە رابردوو و کولتووری نەتەوەیی و باو و باپیرانیان کردووە. ئەگەر ئایینەکە دروشمی جیهانی بوونی هەڵگرتبێ، بە هیچ جۆرێك کار بەدەستان ئەوانەی کاروباری ئایین و کۆمەڵگای ئیسلامیان بە دەست بووە رێگای جێبەجێ کردنی ئەو دروشمەیان نەداوە بگرە ئایینەکەیان کردووە بە رێگا و ئامرازێکی بە عەرەب کردن!

- بەڵگەی یەکەم وتارێکی عومەری خەتتابە کە دوای داگیرکردنی شاری قەرەغان ( جەلەولا ) داویەتی: بەپێی سەرچاوەکان پیاوانی جەلەولا خۆیان بە دەستەوە نەداوە و هەموویان کوژراون. تەنیا پیرەمێرد و ژن و منداڵ و ماونەتەوە، ئەوانیش لە ترسان خۆیان بە دەستەوە داوە و بوون بە مسوڵمان کە عومەر چاوی بە هەموو خەڵکەکە کەوتووە ئەو بە بیری داهاتووە کە ئەگەر ئەو هەموو کەسانە لە هەر شەڕێکدا بێنە نێو ئایینەوە ژمارەی عەرەب نابێ بە کەماییەتی؟ عومەر گوتوویەتی: ((**اللهم أنى أعوذ بك من أولاد سبايا الجلوليات)).** ئەو حەلیفەیە ویستوویەتی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی لە دەست عەرەب دەرنەچێ و نەکەوێتە دەست میللەتانی دیکە[1].معاویەی ئەبو سوفیان کە دوای کوژرانی خەلیفەی چوارەم خۆی کردووە بە خەلیفەی جیهانی ئیسلام و نەزم و بنەمای شورای گۆڕیووە بە جۆرێك لە حوکمرانی شایەتی، کوڕ لە جێگای باوکی دانیشێ، درێژەی بە هەمان سیاسەتی بە عەرەب کردن داوە. سیاسەتێکی گرتۆتەبەر عەرەب یەکبخات و بتوانن بە کردەوە کۆنترۆڵ و حوکمرانی جیهانی ئیسلام بکەن. ئەو مسوڵمانانەی عەرەب نەبوون بە چاوی نزم تەماشایان کراوە و پێیان گوتوون(موالی). هەر کەسێکیش دژی ئەو سیاسەتەیان بووبێ تۆمەتی گومڕایی و لە ئایین لادانیان داوەتە پاڵی و بە درندەترین شێوە لە ناویان بردووە.

بەو پێودانگە زمان و کولتووری بە عەرەبی نووسراوە و دەسەڵاتی رەگەزی عەرەب پتەو و جێگیرکراوە بەسەر میللەتانی تردا زاڵکراوە و ماڵ و موڵك و کولتووری میللەتانی دیکەیان زەوتکردووە و دەستیان بە سەردا گرتووە[٢]. دەوڵەت و دام و دەزگا و دیوانەکانیان کردوون بە عەرەبی.

- ئەگەر عومەری خەتاب و معاویە دوو بەڵگە و نموونەی بە عەرەبکردنی ئیسلام و جیهانی ئیسلام بووبن و بە کردەوە و سیاسەت ئەو نیازەیان جێبەجێ کردبێ ئەوا بەڵگەی سێیەم ئیمامی شافیعیە (٧٦٨-٨١٩ز) کە لە چوارچێوەی کاروباری ئایین و فیقھ و شەریعەتدا ئەوکارەی کردووە و پێی داگرتووە کە دەبێ قورئان هەر دەبێ بە عەرەبی بێ و ناکرێ بە زمانی دیکە بخوێندرێتەوە و ئایین و کاروبار و شەریعەتەکەشی هەر دەبێ بە زمانی عەرەبی بێ[٣].

لە دوو لاوە، کاروباری دەوڵەت و سیاسەت، ئینجا کاروباری ئایین، کۆشش کراوە عەرەب بە زمان و دابونەریتەوە دەستڕۆیشتووبێ، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی ئەو کولتوور و شارستانیەی سەری هەڵداوە بە زمانی عەرەبی تۆمار بکرێ و لەلایەکی دیکەوە ئایینە ببێ بەو زەمینەی هەموو لقەکانی هزر- بیر لە سەری شین ببن و بێنەبەر، هەر لەو چوارچێوە و کەشوهەوایە ئەو دەستەبەری بووە هەموو شتێك سنووردار و رەنگ بۆ رێژراو بووە، بەزاندنی ئەو سنوورە و هاتنە دەرەوە لەو چوارچێوەیە مایەی سەر و ژیان لە دەستدان بووە. ئەو نەهامەتیەی بەسەر موعتەزیلە هێنرا، کوشتنی ئەحمەدی حونبل و ئەبو حەنیفە نوعمان لە زینداندا راستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکەنەوە. خۆ ئەگەر ئیمامی شافیعی رای نەکردبایە بۆ میسر ئەویش بە مەرەی ئەوانی پێش خۆی دەچوو. لەو کەشوهەوایەدا کە دەکرێ بە رەوشی تیرۆری بیر و هزر ناوببرێ ئیمامی ئەشعەری رێبازێکی داناوە بە ناوی خۆیەوە ناسراوە و بە رێبازی مام ناوەندی دادەنرێ، گوایە لە نێوان موعتەزیلە و شیعە و خاریجیەکان رێگایەکی نوێی گرتۆتەبەر و رێبازی دیکەی پەیرەو کردووە.کەواتە ئەو رێباز و رێگایە چین و کامانەن؟

**پەیدابوونی ڕێبازی ئەشعەری:**

ڕێبازێکە لە ڕێبازە گرینگەکانی زانستی کەلام ئەگەرچی بە ناوی ئەشعەرییەوە ناسراوە بەڵام سێ ڕابەری هەیە و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە تاوەکو دوا ڕوخسار و ناوەرۆکی پێبراوە. بەرێبازی (ئەهلی سووننە) ناو دەبرێ و خۆیان وای دادەنێن کە پەیڕەوی قورئان و حەدیس دەکەن و ڕێگایەکی ناوەڕاستی نێوان موعتەزیلە و حەنبوولیان گرتۆتەبەر، سوودیان لە هەموو ڕێباز و گرووپەکانی زانستی کەلام بە شێوازی جیا و جۆربەجۆر وەرگرتووە. کورد، شیعەکان نەبێ، سەر بە ڕێبازی شافیعین کە بنەمای ئەشعەرییە لە شەریعەت و فیقهـ و زانستی کەلامدا.

ڕاستیەکی گومان هەڵنەگرە کە ئەگەرچی ڕێبازی زانستی کەلامی سووننە لە جیهانی ئیسلامدا. لەسێ بنەمای سەرەکی پێکهاتووە هەر بنەمایە ڕابەرێك ڕەنگی ڕشتووە و دوا ڕوخسار و ناوەرۆکی پێ بەخشیووە:

- ئیمامی شافیعی (٧٦٨-٨١٩ز) ڕابەری فیقهـ و شەریعەتی سەردەمی خۆی بووە.

-ئەشعەری بە نووسینەکانی بنەمای عەقیدەی ئیسلام (سووننەی) پتەو و جێگیرکردووە و پەرەی پێداوە.

- ئەبو حامیدی غەزالی کە درێژەی بە ڕێبازەکەی ئەشعەری داوە و لە کایەی هزر-بیر و کەلام و فەلسەفەدا بەتەکانی گوڕ ئامێز و هەنگاوی گەورە بەرەو پێشی بردووە.

ڕێبازی کەلامی ئەشعەری لە دوا ڕوخساریدا لەسێ بابەت پێکهاتووە: فیقهـ و شەریعەت، عەقیدە (باوەڕ)، بیر و فەلسەفە[٣]. ئیتر بەو پێیە و بە هەمان پێوەری ئەو سێ بابەتە کەسی ناودار شافیعی، ئەشعەری، غەزالی بەشداریان لە پەرە پێدان و جێگیرکردنی بنەما و پایە سەرەکیەکانی کردووە کە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنەکەی بەرجەستە دەکەن. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەو ڕەهەندانە وا پێویست

دەكات ئەو سێ ڕووداوانە بخەینە ڕوو كە بەسەر ئەشعەری هاتوون و سەرنجێك لەو هەلومەرجانە بدەین كە بوونەتە مایەی سەربەخۆبوونی ڕێبازی ئەشعەری لە چوارچێوەی زانستی كەلامی ئیسلامی سوونەتیدا:

١- بەپێی سەرچاوەكان ڕۆژێكی هەینی پێش دەستپێكردنی نوێژ ئەشعەری لە مزگەوتی گەورەی ئەوسای شاری بەسرە لە ناكاو هاتۆتە سەر مینبەر و بە دەنگێكی بەرز گوتوویەتی: (ئەوی دەمناسێ دەمناسێ ئەوی نامناسێ وا خۆمی پێدەناسێنم، من فلانی كوڕی فلانم، جاران دەمگوت: قورئان نوێیە و داهێنراوە،(خەلق) كراوە، خوا بە هیچ دید و چاوێك نابینرێت، من خۆم بكەری كردەوەمانم، من لەو قسانەم پەشیمانم و تۆبەم كردووە، بڕیارم داوە ناڕەوایی موعتەزیلە و كەم و كورییەكانیان بە دەردەخەم[٤]).

لەو قسەیەدا ئەشعەری دووخاڵ دەردەخات كە پێی لە جەرگی خۆی ناوە و دانی پێدا ناون:

یەكەم: پێشتر ئەشعەری ئەندامی گرووپی ڕێبازی موعتەزیلە بووە و پەشیمان بۆتەوە و دەستبەرداری ئەو ڕێبازە بووە.

**دووەم:** سێ بابەتی باسكردووە كە بە گشتی كەرەسەی زانستی كەلامیان لێ پێكدێت:

- ئایا مرۆڤ دەتوانێ خوا ببینێ؟

- كێشەی چارەنووس و ئۆباڵ كێشان: قەدەر- ئایا ئەوەی بەسەر مرۆڤ دێت، یان ئەوكارەی دەیكات لە چارەی نووسراون یان خۆی بە خواستی ئازادی خۆی دەیان كات؟

٢- ڕووداوێكیتر هەیە كە ئەشعەری خۆی گێڕاویەتیەوە و سەرچاوەكان باسی دەكەن ڕەوشی گۆڕان و وەرچەرخانی خۆی بەرە و ئەو ئاراستەیەی بەردەوام بووە لەسەری، ڕووندەكاتەوە:

ئەشعەری بۆ فەقێیەكی (قوتابیەكی) خۆی گێڕاوەتەوە كە پاشگەزبوونەوەی لە ڕێبازی موعتەزیلە ئەوەبووە، سێ جار لە یەكی مانگی ڕەمەزان و لە دەی دووەمی

هەمان مانگ و لە شەوی لەیلەت ئەل قەدر سێ جار پەیامبەری ئیسلام هاتۆتە خەونی و داوای لێکردووە کە خەریکی قورئان و حەدیس و سوونەت بێت و دەستبەرداری ئەوەبێ کە تاوەکو ئێستا خەریکی بووە.(٥) لە وردەکاری ئەو قسانەدا کە سەرچاوەکان باسیانکردووە و نووسەرانی سەردەم بە تایبەتی عەرەبەکان گومان لە راستیەکەی دەکەن و بە هەڵبەسترا و دایدەنێن، جۆرە پاساودانی لایەنێکی زانستی کەلام و رەوایی رێبازی ئەشعەری و پەسەند نەکردنی جیهاندیدی موعتەزیلە و هاندان بۆ خۆ خەریککردن بە حەدیس و رێبازی سوونەتی (ئەهلی حەدیس).جگە لەوە خاڵێکی گرینگ کە لە خەون گێڕانەوەی ئەشعەریدا هاتووە، گوایە سێ جار پەیامبەری ئیسلام هاتۆتە خەونی و قسەی لەگەڵ کردووە ئەوەیە: لەلایەك بە رەوشێکی دەروونیدا تێپەڕیووە کە گومانکار و نیگەران بووە، ئەو رەوشەش بە پێی سێ خەونەکە بریتی بووە لە سێ قۆناغی لە یەکتری جیاواز کە گۆڕانی جیهاندیدی ئەشعەری لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر نیشان دەدەن.

٣- گوایە ئەشعەری پتر لە سێ ساڵ و هەندێك سەرچاوە دەڵێن تاوەکو تەمەنی چل ساڵی فەقێی جوبائی رابەرێکی رێبازی موعتەزیلە بووە. جۆرە گومانێك دایگرتووە و دڵی لە هەندێك بۆچوونی موعتەزیلە کرمێ بووە بۆیە رۆژێکیان لە حوجرەی مزگەوت لە مەلا جوبائی پرسیووە: مامۆستا چی دەڵێی لەبارەی چارەنووسی سێ برا مردوون: یەکێکیان ئیماندار، دووەمیان گومرا (کافر) سێیەمیان بە منداڵی دەمرێ؟! جوبائی گوتوویەتی: ئیماندارەکە (ئەهلی دەرەجاتە) گومڕایەکە بەهەلاکەت دەچێ! منداڵەکەش رزگاری دەبێ و( ئەهلی نەجاتە)! ئەشعەری لە وەڵامدا دەڵێ: ئەگەر منداڵەکە بیەوێ پلەی (ئەهلی دەرەجات) بە دەستبێنێ بۆی دەکرێ یان نا؟ جوبائی دەڵێ: ئەء چونکە یەکەمیان بەخوا پەرستی ئەو پلەیەی بە دەستهێناوە، ئەو ئەو پلەیەی نابێ! ئەشعەری دەڵێ: ئەگەر ئەو بڵێ، خەتا لە من نییە ئەگەر دەرفەتی ژیانت دابامایە من وەك ئیماندارەکە خوا پەرستیم (تاعەت) دەکرد. جوبائی پێی دەڵێ: خوا پێی دەڵێ: دەمزانی ئەگەر پتر بژیابایەی سەر پێچیت دەکرد و سزا دەدرای، یارمەتیم

دای و مراندمی پێش ئەوەی بگەیتە تەمەنێك ئۆبالْ بکێشی.ئەشعەری جارێکی دیکە دەڵێ: ئەگەر کافرەکە بڵێ: یارەبی منیش هەر وەك ئاگاداری حاڵی ئەو بوویت هی منیش بوون بۆ یارمەتی منیشت نەدا زوو بە منداڵی نەتمراندم. جوبائی پێی دەڵێ: تۆ شێتی. گوایە ئەشعەری لە وەڵامدا لە بەر خۆیەوە بە دەنگی نزم گوتوویەتی: نەء بەڵکو کەری شێخ لە کۆسپەکە گیرا.(٦)

پشت ئەستوور بەو سێ رووداوە، ئەگەرچی هەر سێکیان گومان هەڵدەگرن و لەوە دەچێ فەقێیەکانی لە قۆناغی دواتردا بە مەبەستی تایبەتی بۆیان دروستکردبێ، بۆ ئەوەی پلە و پایەی ئەشعەری قایم بکەن و بڕیاری گۆڕانەکەی پاسا و بدەنەوە. لە خەونەکانیدا کە ئێمە تەنیا هەر چەند دێرێکیمان نوسیوە، پەیامبەری ئیسلام نا راستەوخۆ رەخنە لە زانستی کەلامی موعتەزیلە دەگرێ بەبێ ئەوەی ناویان بهێنێ، ئینجا بایەخ بە توێژینەوەی قورئان و حەدیس و سووننە( ئەهلی حەدیس) دەدات. دوور نییە بپرسرێ پەیامبەری ئیسلام دەچێتە خەونی چ کەسەوە؟بێگومان هی پیاوچاکان. کەوابوو مەلا ئەشعەری چی بووە؟!ئەو سێ رووداوە سێ قۆناغی پەرەسەندنی گیانی ئەشعەری لە پرۆسەی رێبازی زانستی کەلامدا دیار و دەستنیشان دەکەن:

**یەکەم:** سەر بە رێبازی موعتەزیلە بووە بەڵام لە هەندێك خاڵدا لەگەڵیان رێك و تەبا نەبووە و رەخنەی لێیان هەبووە. بە تایبەتی لە خاڵە سەرەکیەکاندا:

- داهێنانی (خەلق) قورئان.
- خەسڵەتەکانی( سیفەت) خوا.
- ئایا چاو توانای دیتنی خوای هەیە؟!
- خواستی ئازاد (جەبر و ئیختیار).
- پەیوەندی نێوان سرووش و ژیر کە بە عەرەبی (نەقل و ئەقلْ)ی پێگوتراوە.

کێشەی پەیوەندی نێوان سرووش و ژیر ، تێکستەکانی قورئان و حەدیس و موعجیزە هەندێك جار بە ئامرازی ژیر لێکنادرێنەوە چی بکرێت؟ ئەمە بووەتە

کێشەیەکی سەرەکی ئەو فەلسەفەیەی بە عەرەبی نووسراوەتەوە  و ناوی فەلسەفەی ئیسلامی (هەندێك جار بە عەرەبی ناو دەبرێ) لیّ نراوە. بە تایبەتی لە لای ئیبن روشدی ئەندەلوسی. ئەشعەری ئەو کێشەیەی پیّ یەکلایی نەکراوەتەوە. گوایە لە خەونەکەیدا پەیامبەری ئیسلام پێی گوتووە:

سەلمێنە و بەلّگە ژیرییەکانن کە ئەگەر هەلّدەگرن و گومان هەلّدەگرن، بەلاّم حەدیسی پەیامبەر لەوە بە doورن!

ئیتر لەو رۆژەوە مەلا حەسەنی ئەشعەری سێرەی لە ژێر گرتووە و خستوویەتە بەر رەحمەتی تیر و توانجی رەخنە و (( لەسەر تەختی شایانە هێناویەتە خوارێ و کردوویە بە خزمەتکاری —وەحی- سرووش))[٧] ئەو قسەیەی ئەشعەری دەکرێ چۆن لێکبدرێتەوە؟ تا چەند پەیوەندی بە هەر دوو رێبازی ئەهلی راو و بۆچوون(ئەهلی رەئی) و ئەهلی حەدیسەوە هەیە کە لەسەردەمی ئەودا لەبەر یەکتری دابوون و سەنگەریان لە یەکتری گرتووە؟!

**دووەم:** لەو قۆناغەدا لە موعتەزیلە جیابۆتەوە خۆی لەهەردوو رێبازی مالیکی و حونبلی نزیك کردۆتەوە و بەو نیازەی رێگای سێیەم بگرێتەبەر، لەو کۆششەیدا پشتی کردۆتە رێبازی ئەهلی رەئی و لە رێبازی ئەهلی حەدیس نزیك بۆتەوە و بنەکامانی رێبازەکەی داناوە.

**سێیەم:** لەو قۆناغەدا ئەستێرەی موعتەزیلە بەرەو ئاوابوون چووە و لایەنگیرانی گیراون و کوژراون و دەربەدەربوون. لەو رەوشەدا رێبازی ئەشعەری پەرەی سەندووە و رابەرێکی کارای بۆ پەیدا بووە ئەوەندەی تر جێگیری کردووە، ئەویش ئەبو حامیدی غەزالی بووە[٨].

- لەو سەردەمەدا کە ئەشعەری چالاك بوو دوو هەلومەرج لە ئارادابوون رەوشی کولتووری و ئایینی و بیری و ئایدیۆلۆجی ئەو سەردەمەیان بەرجەستە کردووە و دەرفەتی گەشەکردنی رێبازی ئەشعەری دەستە بەربوون:

**یەکەم:** لە کۆتایی حوکمرانی بەنی ئومەییە و لەسەرانسەری جیهانی ئیسلام بەتایبەتی لەسەردەمی عەبباسیەکاندا، رەوشی ئابووری و ژیانی خەڵك تارادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە، جۆرە قۆناغێك جێگیربووە دەکرێ پێی بگوترێ ((ئابووری کشتوکاڵی))ئیتر پارە و سامان و زیو و زێڕ روو لە کەسانێکی سەر بە چینی ئەرستۆکراتی دەسەڵاتدار و نزیك لە دەسەڵاتەوە کردووە، جیاوازی چینایەتی لە جاران پتر بە دەرکەوتووە.چینی دەستڕۆیشتوو سەرگەرمی ژیانی خۆش و بایەخدان بە کولتوور و زانست بوون هەر لە هونەر و موزیك و ئەدەب و فەلسەفە تا وەکو دەگاتە ئەستێرەناسی و کاروباری ئایین سەرچاوەکان بە جۆرێك باسی کۆشك و تەلاری خەلیفە و کاربەدەستانیان کردووە.

- لەسەردەمی عەبباسیدا چی روویداوە و چییان تێدا کراوە، هەر لە رووداوە ئەندێشییە سۆزیەکانی نێو چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوە دەکات!ئیتر بیرۆکەکانی موعتەزیلە لەبارەی دادی رەببانی و ژیر و ئازادی خواستی مرۆڤ و دیالۆگ و تیۆری کەسبی ئەشعەری و رێباز و پەیڕەوی زانایانی ئایینی(فوقەهاکان) لەبارەی تێکستە ئایینیەکانی قورئان و حەدیس لە ململانێ و رکەبەری یەکتری دابوون، بە جۆرێك سروشتی ئەو سای کۆمەڵگای بە زمان عەرەب و بە ئایین ئیسلامیان بەرجەستە کردووە.

**دووەم:** ئەگەرچی خوێندەواری بەپێی پێویست بڵاو نەبۆتەوە و خوێندەوارانیش کەمبوون بەڵام لە نێو چینی رۆشنبیر و هزرمەنداندا سێ چین-توێژ دیاربووە:

- ئەهلی سووننە و جەماعەت کە پتر بەلای ئەشعەریدا بووە.

- فەیلەسووفە ئیسلامیەکان و لایەنگیر و هەوادارانیان.

- سەلەفیە محافەزەکارە کۆنەپارێزەکان کە هیچ جۆرە راو بۆچوون و فەلسەفە و لۆجیکیان پەسەند نەکردووە، تەنیا بایەخیان بە قورئان و حەدیس و شەرعی ئیسلامداوە[٩]. فەلسەفە و ژیریان لە سرووش(وەحی) دابڕاندووە و جیاکردۆتەوە.چونکە

بەلایانەوە ناکرێ فەلسەفە ببێ بە بنەمای بیرو هزری ئایینی. وەحی تاکە ڕێگای گەیشتنە راستی و راستەقینەیە.

**بنەماکانی زانستی کەلامی ئەشعەری:**

جەنگی نێوان خەلیفەی چوارەم عەلی و رابەری بەنی ئومەییە معاویە ململانێیەکی نێوان دوو بەرە بوو، ئەگەرچی بە لە ناوچوونی عەلی جەنگ کۆتایی هات، بەرەی ئایینی و بەرەی دنیایی، بەڵام سروشتێکی تری پێبراو لە روخسارێکی تردا دەرکەوت:ململانێی نێوان بیر ئەوەندەی پەیوەندی بە کاروباری شەریعەتی ئیسلام و دنیا(سیاسەت)ەوە هەیە. ئەو ململانێیە بە تەواوەتی لەسەردەمی عەبباسیەکاندا بە دەرکەوتووە و لەلایەن دوو ڕێبازی:

- گرووپی بیر و بۆچوون (ئەهلی رەئی) بەرابەری ئەبو حەنیفە لە عێراق (کوفە).
- گرووپی حەدیس (ئەهلی حەدیس) بەرابەری مالك کوڕی ئەنەس لە (مەدینە) حیجاز، بەرجەستە بووە.

ئەو دوو ڕێبازە ئەگەرچی لە سێبەری ئاین و لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانیدا تێگەیشتوون گەشەیان کردووە بەڵام بە ئاشکرا دوو ئاراستەی لە ناوەرۆك و روخسار لە یەکتری جیاواز بەرەو پێش هەنگاویان ناوە. هەردووکیشان ئەو راستییە ساغ دەکەنەوە کە لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتدا یەکەم هەنگاوی بەرە و پێشچوونی کۆمەڵگا و مرۆڤ بەرەخنەکردنی کاروباری ئاین دەستپێدەکات ئەبو حەنیفەی نوعمانی فارسی هەوڵیداوە وا بکات ئاین لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگادا بێتەوە و پتر سروشتێکی کۆمەڵایەتی نزیك لە مرۆڤی پێببەخشێ ئەو کۆششە جوامێرانەی بوو بە مایەی ژیان لە دەستدانی. بەپێچەوانەوە گرووپی ئەهلی حەدیس هەولێداوە ئاین پتر لە چوارچێوە ئەبستراکتە ترانسندێنتیە دوور لە ژیانی جیهاندا بمێنێ.

بەلای ئەبو حەنیفەوە کێشە و کاروبارەکانی ژیان جۆراو جۆر و فرە رەهەندن تێکست و ئایەتەکانی قورئان و حەدیس وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان نەداوەتەوە و

هەموو کێشەکانیان یەکلایی نەکردتەوە بۆیە دەبێ پەنا بۆ راو بۆچوون و کۆی دەنگ(ئیجماع) ببردرێ. بەپێی سەرچاوەکان ئەو رێبازە کە بارەگا سەرەکیەکەی لە شاری کوفە بووە بە دەگمەن نەبێ پشتیان بە حەدیس نەبەستووە چونکە لەوە دلّنیانەبوون ئایا ئەو حەدیسە راستە یان ناڕاست و لاوازە؟ ئینجا هەندێ کاروبار هەبووە و هاتوونەتە پێشەوە ئایەتێك یان حەدیسێکی گونجاو نەبووە بەتەواوەتی لەگەڵیدا جێبەجێ بکرێت و پشتی پێ ببەسترێ!دوای راوبۆچوون ئەبوو حەنیفە پەنای بۆ پێوانە- قیاس بردووە و لە کاروباری شەرعیدا بەکاری هێناوە.

بە پێچەوانەوە ئەهلی حەدیس بەرابەری مالك کوڕی ئەنەس کە بارەگاکەیان لە مەدینە بووە بە هیچ جۆرێك بایەخیان بە راوبۆچوون و پێوانە نەداوە ئایەتی قورئان و سوونە (حەدیسیان) کردووە بە بنەمای توێژینەوە و بڕیاردانیان. بەپێی سەرچاوەکان شافیعی کە پێشڕەوی ئەشعەری بووە لە نێوان ئەو دوو رێبازەدا کە رێبازی ژیر و ئایینە رێبازی سێیەمی هەڵبژاردووە(١٠)، کە بریتی بووە لەوەی پشت بە حەدیس و بەراو بۆچوون و پێوانە ببەستێ و بەپێی بابەت و کێشە لایەك لەو لایەنانەی بەکار هێناوە.تا چەند ئەشعەری سوودی لەو ململانێیە ئایینیە-بیریە شەرعیە وەرگرتووە رۆڵی ئەو لەو رەوشەدا چی بووە؟! مەبەست لە رێبازی ناوەڕاستی دوو رێبازەکەی دیکە لەلای ئەشعەری چییە و چۆن لێکدەدرێتەوە؟! ئایا راستە ئەشعەری نوێنەر و رابەری راستەقینەی رێبازی ئەهلی سوونە و جەماعەتە؟!ئەشعەری لە کاتێکدا چالاك و کارا بووە کە موعتەزیلەی هەڵگری دروشمی ژیر کەوتبوونە ژێر فشاری کار بە دەستان و لە ناو دەبران، ئەو رەوشە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەشعەری بە چ بارێکدا دەکرێ لێکبدرێتەوە و بێتەوە؟دەکرێ بگوترێ ئەشعەری ئەنجامی هەڵەکانی موعتەزیلەیە؟ یان خۆی هۆکاری ئەو قۆناغەیە کە بە سەردەمی ساردی و سڕی و تاریکی جیهانی هزری ئیسلام دادەنرێ کە لە ئەنجامدا تورکی عوسمانی کۆنترۆڵی جیهانی ئیسلامیان کردوو رۆژهەلاتیان بەو مەرەیە برد کە تاوەکو ئەم سەردەمە بە دەستیەوە دەناڵێنێ؟ راستیەکە هیچ دەرفەتی ئەگەر و گومان نادات کە دەرکەوتنی موعتەزیلە و

گەشەکردنیان دەرخستنی کولتوور و شارستانیەتی جێگای ئومێدی مرۆڤی رۆژهەلاتی بووە کە کراوە بە مسولْمان. ئومێدێك خۆی لەبەرز راگرتنی پلە و پایەی ژیر و خواستی ئازادی مرۆڤدا بەرجەستەکردووە.کاتێك ئەو کولتوور و شارستانیەتە پێشێل کرا و هیچیتر رێگای گەشەکردنی نەدرا و پایزی گەلاّرێزانی قۆناغەکە سەری لەکەلی ئاسۆ دەرهێناوە، ئەشعەریەکان لە گۆڕەپانەکەدا دەرکەوتوون و لە جێی نەزرگە و شوێنەواری رابەرانی پێشکەوتندا بەرە و دواوە تەکانیان داوە. بۆچوونەکانیان لە چوارچێوەی جیهاندیدە زانستیەکانی کەلامدا راستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکەنەوە:-

**تیۆری کەسب:**

هەر لەگەلْ هەلْگیرسانی جەنگی نێوان ئیمامی عەلی و معاویە کێشەی چارەنووس و خواستی ئازاد هاتۆتە کایەوە. بە ئاشکرا خەلْك دەیپرسی ئایا ئەوەی روودەدات و دەقەومێ لەچارەی مرۆڤ نووسراوە، یان مرۆڤ خۆی لێی بەرپرسیارە و دەبێ بچێتە ژێر باری ئەنجامی ئەوکارانەی دەیکات؟ ئەشعەری لەبەردەم دوو وەلاّمی لە یەکتری جیاوازدابووە:

- موعتەزیلە کە بە تەواوەتی پێیان لەسەر خواستی ئازادی مرۆڤ داگرتووە ئۆبالّی هەموو شتێکیان خستۆتە ئەستۆی مرۆڤ خۆی.

- جەبرییەکان: بە پێچەوانەوە وایان داناوە ئەوەی دەقەومێ و روودەدات بەخواست و فرمانی خوایە و لەچارەی مرۆڤ نووسراوە!

بەلای ئەشعەریەوەهەردوو بڕیار و بۆچوونەکە کەم و کورتیان تێدایە و لە جێگای خۆیان نین.یەکەمیان رۆلّی خوا لە بابەتەکە بە هەند ناگرێ و دووەم بەرپرسیارێتی لە ئەستۆیی مرۆڤ لا دەدات. کەوابوو رێگای چارەسەر کە پرسیارەکە وەلاّم بداتەوە و کێشەکە یەك لای بکاتەوە ئەوەیە کە خوا رۆلّی سەرەکی هەیە و مرۆڤیش لە جێبەجێ کردنی کرداریدا شتێك بە دی دەهێنێ. کار و کردار و رووداو بێ چەند و چۆن و

ئەگەر، بە چاك و بەدیەوە بە سوودبەخش و زیان بەخشیەوە خوا خۆی داهێنەرییانە، چونکە توانای جێبەجێکردنی کارو چالاکی لە دەرەوەی سنووری خودی مرۆڤ چونکە هەندێك جار مرۆڤ توانای هەیە و هەندێکجار بێ توانایە و ئەو توانایە لە دەستدەدات و کارەکەی پێ ناکرێ! بۆیە ئەگەر خوا و مرۆڤ هەر دووکیان لە جێبەجێ کردنی کاردا وەك یەك بانایە ژێر پەسەندی ناکات چونکە ناکرێ دوو هۆکار ئەنجامێکیان هەبێ.
ئیتر ئەشعەری لێرەوە وای بۆ دەچێ کە کاری و رووداو سێ رەهەندی ژێری هەیە:-
١- کار.
٢- توانای کارکردنەکە بە عەرەبی (الاستطاعة) ی پێ دەگوترێ.
٣- خواست کە شیاوەکیە لە نێو شیاوەکیەکاندا هەڵدەبژێرێ[١١].

بەقسەی ئەشعەری کاروتوانای کردنەکەی خوا خۆی داهێنەریانە، بەڵام خواستی جێبەجێ کردنەکە مرۆڤ بە دەستی دەهێنێ کە بە عەرەبی (کەسب)ی پێدەگوترێ. بەو پێیە خوا لە مرۆڤدا کارو توانای کارکردنەکە دادەهێنێ، (خەلق) دەکات و مرۆڤ بە خواستەکەی کارەکە بە دی دەهێنێ.
بۆ پتر روونکردنەوەی مەبەستی ئەشعەری نموونەی ئاگر و ئەوشتەی دەیسووتێنێ لەبەردەست دایە:
ئاگر خۆی لە خۆیدا بەپێی پێناسە گەرمە و سووتێنەرە. بەڵام بەلای ئەشعەرییەوە ئاگر خۆی لە خۆیدا توانای کاری سووتاندنی نییە بەڵکو خوا ئەو توانایەی پێدەبەخشێ. کاتێك ئاگر بەر شتێك دەکەوێ، خوا توانای سووتاندن لە ئاگردا و توانای سووتان لە شتی سووتاودا دروست دەکات و هەردووك لا ئاگر و شتە سووتاوەکە توانای سووتان و سووتاندن بە دەستدەهێنن (کەسب) دەکەن.
ئەشعەری کە ساڵی (٩١٢ز) لە موعتەزیلە جیابۆتەوە و چۆتە پاڵ گرووپی سوننە (ئەهلی سوننە و جەماعەت) باوەڕی وابووە کە بەهرەی رەببانی هەموو شتێکی پێشییانە (پێشوەخت) بریارداوە.

خوا له مرۆڤدا کار و توانا داده‌هێنێ مرۆڤیش به خواستی خۆی ئه‌و کاره ده‌کات و بۆ چاکه یان بۆ به‌دکاری به کاری ده‌هێنێ ئیتر له‌و ره‌وشه‌دا به‌پێی کاره‌که‌ی پاداشت یان سزا به ده‌ست ده‌هێنێ (که‌سب) ده‌کات و پێی ده‌به‌خشرێ.

ئه‌گه‌رچی ئه‌و بۆچوونه‌ی ئه‌شعه‌ری به‌لای چاره‌نووس و جه‌بری دایه چونکه بکه‌ری راسته‌قینه (به‌پێی تیۆری که‌سب) خوا خۆیه‌تی و هیچ بۆ مرۆڤ نامێنێته‌وه، ئه‌وه ئه‌و هه‌ڵوێسته له‌وه‌وه که‌وتۆته‌وه که ئه‌شعه‌ری رۆڵی ژیری کاڵ کردۆته‌وه و له جێگاکه‌یدا باوه‌ڕهێنان(عه‌قیده)ی داناوه. ئه‌و تیۆریه‌ی ئه‌شعه‌ری ئه‌و په‌ری ورده‌کاری و زیره‌کی و خامه ره‌نگینی ده‌رخستووه به‌ڵام ئه‌و توانایه به‌لایه‌کدا به‌کارهێناوه پتر گیرخواردن و به‌ره و دواوه گه‌ڕانه‌وه‌ی تێدایه بۆ پاراستنی ره‌وشێك که مایه‌ی دواکه‌وتنه نه‌ك به‌ره‌و پێشچوونی شارستانیه‌ت و خۆشکردنی ژیان و گوزه‌رانی مرۆڤ.

- خۆی پرسیاره‌که له خۆیدا به‌و په‌ڕی په‌تی و ئه‌بستراکت(مجرد) داڕێژراوه بۆیه ئه‌و ئه‌نجامه‌ی پێده‌گات و ئه‌و نیشانه‌ی سێره‌ی لێگرتووه له بیر و هزری رووت (مجرد) ناچێته ده‌ره‌وه چونکه هۆکار و هه‌لومه‌رجی راسته‌قینه‌ی خودی و بابه‌تی هه‌ڵکه‌وتی له ئارادابوو نه‌ك به هه‌ند دانانێ به‌ڵکو پشت گوێ ده‌خات.

ساغکردنه‌وه‌ی ئۆباڵ کێشان، خواستی ئازاد، یان چاره‌نووس و جه‌بر، له چوارچێوه‌ی کاروباری ئایین و شه‌رعدا که پشت به تێکستی دیار و ده‌ستنیشانکراو ببه‌ستێ، کۆششێکی تیۆریانه‌یه و له هه‌ڵکه‌وتدا هیچ سوودێکی کرده‌کی نییه، چونکه هه‌ر له سه‌ره‌تاوه گریمانه‌ی راستی و دروستی بریارێك ده‌کات که پێشیانه دراوه و ئه‌ویش پاساوی ده‌داته‌وه. هه‌ڵوێستی نێوان خواستی ئازاد و (جه‌بر) که ئه‌شعه‌ری هه‌ڵیبژاردوه ئاساییه چونکه خۆی له قورئاندا به هه‌ردوو باردا ئایه‌ت هه‌یه پشت راستیان ده‌کاته‌وه و ئایه‌تیش هه‌یه باسی جۆره ئازادیه‌کی هه‌ڵبژاردن و بڕیاردانی مرۆڤ ده‌کات! ئه‌گه‌ر مرۆڤ به‌ڵگه بهێنێته‌وه ساغی بکاته‌وه مرۆڤ له کرداریدا ئازاده یان هه‌موو شتێك له چاره‌ی نووسراوه، چ بارێك له سه‌ر شانی مرۆڤ سووك ده‌کات، چ گۆڕانێك به‌سه‌ر دۆخ و ره‌وشی نا هه‌مواری مرۆڤی هه‌ژاردا ده‌هێنێ؟! له کۆمه‌ڵگای ئازاددا که ڕێژێمێکی ئازادی مرۆڤ

دۆست کاروبارەکانی بەڕێوەبەرێت، مرۆڤ ئازاد دەبێت و ئەو ئازادیەش چەند ئەرك و فرمانێکی دەخاتە ئەستۆ دەبێ پابەندبێ پێیانەوە بە جۆرێك کە لەگەڵ ئەو مافەی لەو هەلومەرج و دۆخەدا دەردەکەوێ بێتەوە تەبابن. ئازادی و ناچاری و چارەنووس کە بە عەرەبی بە (جەبر و ئیختیار) ناسراوە بابەتی دنیایی-جیهانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤن کەم تا زۆر پەیوەندییان بە سەرو سروشتەوە نییە. ئەو دوو چەمکە دوو رەوش (حاڵەت بەرجەستە دەکەن کە لە سایەی ڕێژێمی (نەزم و سیستەمی) کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دەستبەکار لە کۆمەڵگادا رووبەڕووی مرۆڤ بە چین و توێژە جۆر بەجۆرەکانی دەبێتەوە. لەو جێگایەی ئازادی و داد و یەکسانی ومرۆڤ دۆستی هەبێ مرۆڤ ئازاد و پابەندە، ماف و ئەرکی سەرشانی هەیە. ئەو دوو چەمکە کە لە سەردەمی ئەمەویەکان و دواتر لە ماوەی حوکمرانی عەبباسیەکاندا بوونە وێردی سەر زمان و کەرەسە و بابەتی توێژینەوەی زانایانی ئایینی و مەلا و گرووپەکانی زانستی کەلام لەوەوە بووە: ئەو دوو ڕێژیمە زەبروزەنگ سروشتە دەستیان لە هیچ کوشتن و بڕینێك نە پاراستووە کوشتنی زانایانی ئایینی وەك ئەبو حەنیفە و حەنبولی و ئازار و ئەشکەنجەدانی سەدانی تر و سەربرینی ئەسحابەکانی دوێنێ شتێکی ئاسایی بووە بۆیە خەڵك بیری لە ژیانی خۆش نەکردۆتەوە و بەڵکو پرسیاریان کردووە و پرسیویانە ئایا ئەوەی بە رۆژی رووناك دەقەومێ و روودەدات چارەنووسە و لە چارەی خەڵك نووسراوە هەر دەبێ بەو مەرەیە بچن و ئەوەیان بەسەر بێ؟ خۆ ئەگەر هەلومەرج و رەوشەکە بە جۆرێکی تر بایە دوور نەبوو خەڵکەکە بە جۆرێکیتر بیریان کردبایەوە و بیان پرسی بایە و بابەتی تریان کردبایە بەکەرەسەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە.هەڵوێستی ئەشعەری و لایەنگیرانی کە بە خۆیان دەڵێن (ئەهلی سوننەت و جەماعەت) ئەو راستیە دووپات و پشت راستدەکاتەوە کە:

ئەگەر بیر و بۆچوونی مرۆڤ بتوانێ لە سنوورێکی رەنگ بۆ رێژراودا راستیەکانی ژیانی مرۆڤ دەربڕێ و بەرجەستەیان بکات ئەوا بەبێ کاروکردەوەی رێکوپێك ئەنجام ناپێکێ و لە چوارچێوە و جوغزی بێ چوونە دەرەوەو سەردەرکردن گیردەخوات و سەرگەردان دەبێ.

**خەسڵەتەکانی خوا:**

لە قورئاندا هەندێك ئایەت هەیە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەوتۆی خوا باس دەکەن کە لە خەسڵەتی مرۆڤ دەچن و قورئانیش ئەو لەیەك چوونەی بە ئاشکرا رەت و ناکردووە. ئەو خەسڵەتانە باسی دەست و کورسی عەرش و دانیشتن و تووڕەبوون و ژیان و توانا و زانست و خواست... دەکەن، ئەو بابەتە چۆن لێکدەدرێتەوە و چۆن مرۆڤ تێیان بگات بۆ ئەوەی بنەمای ئایینەکە (( خوا هیچ شتێك لە وێنەی نییە )) ساغ و پشت راستبکرێتەوە؟! بۆ ئەو مەبەستە ناکردنی لە یەکچوون (تشبیه) و بەرز راگرتن (تنزیه) ئەشعەری رێباز(میتۆدەیەکی) تایبەتی پەیڕەو کردووە بریتیە لە هەڵبژاردنی ئەو خاڵانەی لە پەیڕەوی رێبازی ئەبو حەنیفە و مالیکیدا هەبوون و بەلایەوە پەسەندبوون: ئەهلی رەئی و بۆچوونە پەنایان بردۆتەبەر پێوانە و کۆی دەنگ، بە پێچەوانەوە رێبازەکەی تر ئەهلی حەدیس دەقە ئایینیەکانیان کردووە بە سەر پشك لە هەموو بڕیارێکی شەرعیدا. بەلای ئەشعەریەوە لە هەر دووکیاندا راستی و دروستی هەیە. پێوانە باشە بەڵام دەبێ لە دوای حەدیس و ئایەتی قورئانەوە دەبێت، ئینجا رێبازی لق لێکردنەوە و گێڕانەوەیان بۆ سەر بنەما و بنج و بناوان و دیالۆگ و پشت بەستن بە داد و سوود و قازانج و لەبەر چاو گرتنیان و بردنەوە وەك یەك بۆ سەر لەیەك چوو و پێکهێنان و دانانی بەڵگە و سەلمێنە ئەمانە هەموویان باشن بەڵام نابێ هەموویان وەك خۆیان وەربگیرێن و ناشێ هەموویان رەتبکرێنەوە، بەڵکو دەبێ بەپێی پێویست لێیان هەڵبژێردرێ، ئیتر لە هەردووك لایان راوبۆچوون، حەدیس و کۆی دەنگ و ئەنجامگیری حیجازیەکانی (مالیکی) پەسەند کردووە. رەخنەی لە رێبازی ئەهلی رەئی و بۆ چوون گرتووە چونکە بەرامبەر بە حەدیس بەسڵ و پارێزن و ئەگەر حەدیسەکە ناسراو نەبێ پشتی پێ نابەستن!. ئەشعەری لەو بارەیەوە، بۆ روونکردنەوەی میتۆدەکەی گوتوویەتی:

قورئان و سوونەت بنەمان، ئەگەر ئەوان نەبوون بەپێوانەی ئەوان دەبێ. ئەگەر حەدیسێکی پەیامبەری خوا ساغ بووبێتەوە دەبێ سوونەت، کۆی دەنگ گەورەترە لە هەواڵی تاك. حەدیس بە روخسارو دەرکەوتەکەی وەردەگیرێ (**ظاهره**)ئەگەر چەند واتایەکی بەخشی کامەیان لە روخسارەکەیەوە نزیکە ئەویانە شایستەیەتی، ئەگەر حەدیسەکان وەك یەك بوون کامەیە راستیەکی پشت ئەستوورە و ساغ بۆتەوە ئەویان پەسەندترە.....، هیچ کاتێك بە بنەما نا پێورێ، لەبارەی بنەرەت ناگوترێ : بۆچی و چۆن، بەڵکو لەبارەی لق دەگوترێ: بۆچی، ئەگەر بە پێوەری بنەماکەی راست دەرچوو، راستە و بەڵگەی لێ پێکدێت[١٢].پشت ئەستوور بەو میتۆدەیە کە لە هەردوو رێبازەکە هەندێکی وەرگرتووە و هەندێکی پشت گوێ خستووە. ئەشعەری لایەکی لە خەسڵەتەکانی خوا کردۆتەوە و بۆ دەربازبوون لەوەی لەیەك چوون بکەوێتەوە، خەسڵەتەکانی کردووە بە سێ جۆرەوە، لەسەرەتادا خەسڵەتەکانی ناوهێناوە و گوتوویەتی:

خوا زانایە بە زانین، توانایە بە توانا، زیندووە بە ژیان، خوازیارە بە خواست، دەدوێ بە قسە، دەبیستێ بە بیستن، دەبینێ بە دیدە[١٣].ئەو خەسڵەتانە چی دەگەیەنن؟ ئەو خەسڵەتانە کە مەبەست (صفات)ی عەرەبی و (**Attribute**) ی ئەڵمانیە، دەکرێن بە سێ بەشەوە:

**یەکەم:** ئەو خەسڵەتانەی خود(زاتی) خوان وەك بوون، بوونی خوا، گەوهەر و (ماهیەتی) خۆیەتی و شتێکی تر نییە.

**دووەم:** چەند خەسڵەتێك کە خودی خوا نین وەك: داهێنەر(خالق) و رازیق..

**سێیەم:** چەند خەسڵەتێك کە نە خودن و نەخود نین: وەك زانین و زانست، ژیان، خواست، بیستن و دیتن و قسەکردن. دوای ئەوەی ئەشعەری و دواتر لایەنگیرانی چەند ئایەتی قورئان دەهێننەوە بۆ ساغکردنەوەی ئەو راو و بۆچوونانەیان. مەبەستی سەرەکیشیان دوو خاڵە:یەکەم، یەکڕەنگی و یەکتایی (وەحدانیەتی) خوا پشت راست بکەنەوە، دووەم لە بۆچوونی مەسیحی دوور بکەونەوە کە باسی سێ رەنگی رەب و

ڕۆڵە و گیانی پاك دەكەن. ئەو ڕەخنەیەی لەو بارەیەوە دەكرێ بگیرێ، ئەوەیە كە بابەتەكە پتر گەمە كردنێكی ئەوپەڕی زیرەكانە بە وشە و دەستەواژەی زمان. چونكە بەپێی لۆجیك بوون (خود-**ذات**) لەگەڵ خەسڵەت دوو بابەتی لە یەكتری جیاوازن.خود هەمیشە بوونی ڕاستەقینەیە و ناكرێ لێی جیا، یان لە یەكتری جیابكرێنەوە، چونكە هەردووكیان دوو وشەن ئاماژە بەیەك شت، یەك بابەت دەدەن.بەڵام خەسڵەت پەیوەندی بە بوونێكەوە هەیە تەنیا هەر لە مێشكدایە و دەكرێ لە بوونەكە جیابكرێتەوە.خەسڵەتی زانین و زانست بە هیچ جۆرێك بەشێكی گەوهەری نییە لە خودی زانا. بۆیە دەكرێ بگوترێ كۆششی ئەشعەری بە تایبەتی و زانایانی كەلام بە گشتی لەبارەی ساغكردنەوەی یەكرەنگی خوا سەركەوتوو نەبووە چونكە خود(**ذات**) و خەسڵەت دوو بابەتی لە یەكتری جیاوازن چ لە مێشكدا بێ یان لە دەرەوەی مێشك!

### داهێنان لە هیچەوە:

بۆ ساغكردنەوەی توانا و خواستی خوا ئەشعەرییەكان ڕووبەڕووی كێشەیەك بوونەتەوە، یەكلایی كردنەوەی وا سووك و ئاسان نییە، ئەویش كێشەی داهێنانی جیهان (بوون) لەلایەن خواوە لە هیچەوە كە بە عەرەبی(خەلق من ئەل عەدەم) ی پێدەگوترێ. ئەو داهێنانە بۆ لە هیچەوە؟ ئایا هیچ بوونی هەیە یان نا؟[١٤].

ئەو تیۆریە لە خۆیدا بابەتێكی كێشە لەسەرە و زۆربەی زانایانی كەلام و دواتر فەیلەسووفەكان بایەخیان پێداوە و پێوەی خەریكبوون. پێشئەوەی ئەشعەریەكان ئەو كێشەیە تاوتوێ بكەن هەوڵیان داوە لەسەرەتاوە بوونی خوا بەبەڵگەی جۆربەجۆر ساغبكەنەوە: پشت بە ئایەتێكی قورئان دەبەستن كە مرۆڤ لە دڵۆپە ئاوێك دروستكراوە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەو گۆڕانە لە توانای مرۆڤ خۆیدا نییە و بەڵگەی ناتەواوی و كەم و كورتیەتی . كەوابوو دەبێ هۆكاری كامڵ و تەواو هەبێ كە مرۆڤی داهێناوە. ئەو هۆكارە[١٥]. خوایە!. لێرەوە كێشەكە دێتە كایەوە ئەو داهێنانە لە چیەوە بووە؟ داهێنانەكە كۆنە لە هەرە كۆنەوە دنیا خەلق كراوە یان لە كات و

شوێنی دیاریکراودا؟ ئایا جیهان سەرەتای هەیە وەك چۆن کۆتاییەکەی دیاری کراوە؟ تایبەتمەندیەکی بیری ئایینی و زانستی کەلام (لاهووت) و فەلسەفە ئەوەیە خوا دەبێ کۆن(قەدیم) بێ و هیچیتری لێ کۆنتر و لە پێشتر نەبێ ئەگەر کۆنێکیتر هەبوو دەبێ بە هاوبەشی (شەریکی) خوا لە خوایەتیدا ئەمەش لە هیچ ئایینێکدا رەوا نییە و پەسەند ناکرێت. بۆیە هەر لەسەرەتاوە هەوڵدراوە

-پێشتر تەورات لە سفری پەیدابووندا کردوویەتی-ساغ بکرێتەوە کە خوا هەر خۆی بە تەنیا هەبووە و لە هیچەوە(عەدەم-لاشیء -هیچ) بوونی داهێناوە. کەوابوو جیاوازی ئەم دوو چەمکە: داهێنان- دروستکردن چیە و چۆن لێکدەدرێتەوە؟!

لە لاهووت و زانستی کەلامدا داهێنان و دروستکردن بە دوو چەمك-چالاکی لە یەکتری جیاواز دادەنرێن:

- داهێنان کە بەرامبەر بە وشەی (خەلق) ی عەرەبی و (**Creation**) ی لێرەدا بەکارهاتووە بە واتای داهێنانە لە هیچەوە کە بە لاتینی (**ExnihiLo**)ی پێدەگوترێ. بۆنموونە بەپێی قورئان خوا فرمانی داوە: کن فیکون. شتێك لە ئارادا نەبووە بوونی لێ دابهێنرێ. ئەو بابەتە کێشەی بۆ زانایانی کەلام دروستکردووە و پرسیویانە ئایا (هیچ ، لە خۆیدا چییە؟ بوونی هەیە یان نا؟ ئەگەر بوونی نەبێ بەچی دادەنرێ؟ دەکرێ هیچ بە ناکردنی بوون دابنرێ یان نا بوون شتێکی تری جیاوازە لە هیچ؟)

سەرەتای کێشەکە لە لە تەوراتەوە دەرکەوتووە، لە قورئانیشدا هەمان کێشە باسکراوە. لەوێدا هاتووە: (**لقد خلقنا السموات والارض ومابينهما في سته أيام)** سورەتی(ق: ٣٨). لەو ئایەتەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە خوا هەر خۆی هەبووە و هەر خۆی هەرە کۆنە (قەدیم) و بە فەرمانی ئەو ئاسمان و زەوی و ئەوی لە نێوانیاندایە داهێنراوە.

بەڵام دروستکردن شتێکی دیکە. دەبێ کەرەسەیەك، ماددەیەك هەبێ،لە بەردەستدابێ ئەمجار شتی لێ دروستدەکرێت.دارتاش دار و تەختەی لەبەردەستدایە مێزی لێ دروست دەکات.

بەلای ئەشعەرییەوە خوا جیهان (بوونی) داهێناوە، کەوابوو نابێ پێش داهێنانەکە کەرەسەیەك، مادەیەك هەبووبێ جیهانی لێوە داهێنرابێ. بۆ ساغکردنەوەی ئەو بۆچوونە هەوڵیداوە ساغی بکاتەوە ئەوی هەیە، لەشەکان، بوونەوەرەکان داهێنراون کە وابوو ئیتر جیهانیش کە لەو بوونەوەرانە پێکهاتووە داهێنراوە و نوێیە و کۆن نییە، ئەگەر داهێنرا و هەبێ و نوێ بێ دەبێ هۆکارێکی بوونەکەی هەبێ ئەو هۆکارە خوایە: بەڵگەکەی ئەشعەری لەو بارەیەوە بەو جۆرەیە:

**یەکەم:** لەش و رووکەشی هەیە، ئەو رووکەشانە لەلەشەکاندا هەیە.

**دووەم:** رووکەشەکان داهێنراون و دەگۆڕێن چونکە سەرەتا و کۆتاییان هەیە.

بەڵگەی ئەو داهێنراو و گۆڕانەیان ئەوەیە ئارامی بە دوای بزووتنەوەکەیاندا دێت و ئەو ئارامیە پەکی جووڵانەوەکەی دەخات.

**سێیەم:** لەشەکان داهێنراون و دەگۆڕێن گۆڕانیان بەسەردا دێت- چونکە، بەڵگەی گۆڕانیان ئەوەیە، لە پێش رووکەشەکانیانەوە نین و نایەن و لە پێش ئەوانیشەوە بوونیان نەبووەو نییە. ئەوی لەپێش رووکەشەکەیەوە نەیەت وەك رووکەشەکەی داهێنراوە و دەگۆڕێ و نوێیە و کۆن نییە[١٦].جیهانیش لەلەش و رووکەش پێکهاتووە. ئەگەر ئەو دوانە داهێنراو بن، نوێ و گۆڕاو بن و کۆن نەبن دەبێ جیهانیش کە لێیانەوە پێکهاتووە وەك ئەوان بێ. بەو پێیە ئەشعەری و لایەنگیرانی بەوەی کە لەش لە گۆڕاو جیا ناکرێتەوە و لەپێشیەوە نایەت،ئەوی لە رووکەشە گۆڕاوەکانیش دانەبڕێ و لە پێشەوە نەیەت وەك ئەوان وایە. ئەبو حامیدی غەزالی لە کتێبی (تەهافوت ئەل فەلاسیفەدا) پەرەی بەو بەڵگەیە داوە و پتر روونی کردۆتەوە. هەروەك لەو بەڵگەیەی ئەشعەریەکاندا دەردەکەوێ، خوا بە خواستی خۆی دوورە لە کات و جێگا چونکە ئەوکاتە هیچیان نەبوون، بەفرمانی رەببانی جیهانی لە هیچەوە داهێناوە. بەو پێیە

جیهان سەرەتای هەیە دەبێ کۆتایشی هەبێ. لەگەڵ دەستپێکی سەرەتاییەکەی کاتیش داهێنراوە.

- پرسیاری ئەوەی ئایا جیهان کۆنە یان نوێیە، داهێنراوە یان هەر هەبووە هەر دەمێنێ، پتر پرسیارێکی گریمانەیە، بە هەر جۆرێك و بە هەر لایەکدا وەڵام بدرێتەوە لە چوارچێوەی گریمانەکراو ناچێتە دەرەوە. ئەو بەڵگانەی بۆ پشت راستکردنەوەی نوێی و داهێنراوی جیهان دەهێنرێنەوە و بە چەند دەستەواژەیەك ئەنجامێك دەداتە دەست کە دەبێ جیهان کۆتایی بێت و ببێتەوە بەو هیچەی (عەدەمەی) لێوەی داهێنراوە، ئەنجامێکە لە پێشەکیەکی پێشیانە گریمانەکراو کەوتۆتەوەو هیچ لەو بەڵگانە بە هێزتر و رەواتر نین کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ساغ دەکەنەوە. زانستی سروشتی مۆدێرن بە تەواوەتی پشتی کردۆتە ئەو جۆرە پرسیار و گریمانە و تیۆری و ئەنجامانە و خستونیەتە نێو خانەیەك کە بە میتافیزیك ناویان دەبات و ئێستاکە لەسەردەمی شۆڕشی زانستدا لە هیچ خانەیەکی بیر و ژیاندا جێگایان نابێتەوە!.بەڵام بەپێی میتۆدەی توێژینەوەی مێژوویی ئەو زانایانەی زانستی کەلام سوارچاکی کارامە و چاپووکی گۆڕەپانی توێژینەوەی ئازادی سەردەمی خۆیان بوون.

## سەرچاوە و پەراوێز:


١- دى لاسى أوليرى: الفكر العربى ومركزه فى التأريخ. ترجمة إسماعيل البيطار بيروت ١٩٧٢، ص٥٩.

٢- أغناتس غولد تسيهر: العقيدة والشريعة فى الاسلام.ترجمة محمد يوسف موسىَ.منشورات الجمل- بيروت ٢٠٠٩، ص١١٣ وفى أماكن متعددة.

٣- نصر حامد أبو زيد: الامام الشافعي المركز الثقافى العربى بيروت ٢٠٠٧، ص٨٥ وفى اماكن اخرى.

٤- الدكتور محمد علي ابو ريان: تأريخ الفكر الفلسفى فى الاسلام بيروت بدون تأريخ ص٥١.

٥- د.عبدالرحمن بدوي:مذاهب الاسلاميين.بيروت ٢٠٠٥، ص٤٩٦.

٦- دكتۆر احمد محمود صبحى: فى علم الكلام.ج٢، الاشاعرة، بيروت ١٩٨٥،ص ٤٥-٤٦ وفى اماكن مختلفة.

٧- و.منتجمرى وات :القضاء والقدر.ترجمة:د.عبدالرحمن عبدالله الشيخ.الهيئه المصرية العامة للكتاب ١٩٩٨، ص٢١٨ وفى اماكن أخرى.

٨- د.محمد على ابو ريان: المصدر نفسه ص٢١٠ فما بعد.

٩- دى لاسى أوليرى: سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی، ل١٨٨.

١٠- نصر حامد ابو زيد:سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی، ل١٣٥.

١١- د.محمد على ابو ريان: سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی ،ل ٢٠٢.

١٢- أحمد أمين: ضحىَ الاسلام.دار الكتب العلمية.بيروت٢٠٠٤، ج٢، ص١٧١-١٧٢ وفى اماكن اخرى.

١٣- الشهرستانى: الملل والنحل. دار الكتب العلمية بيروت ٢٠٠٧، ج١، ص٨٢ فما بعد.

١٤- د.صابر عبدالرحمن طعيمة/ المتكلمون فى ذات الله وصفاته والرد عليهم. مكتبة مدبولى- قاهرة- ٢٠٠٥، ص٣٦٣-٣٦٤ وفى أماكن اخرى.

١٥- دكتۆر عبدالرحمن بدوى: المصدر نفسه. ص٥٣٤ فما بعد.

١٦- هارى أ.ولفسون: فلسفة المتكلمين. ترجمة مصطفى لبيب عبدالغني.المجلس الاعلي للثقافة. القاهرة-٢٠٠٥، المجلد الثانى، ص ٤٩٣ وفى اماكن اخرىَ.

# مورجیئەکان

١- ڕووداوەکانی سەردەمی سەحابەکانی ئایینی ئیسلام هەر لە کۆچی دوایی پەیامبەرەوە تاوەکو کوشتنی خەلیفەی دووەم عومەر و خەلیفەی سێیەم عوسمان سەرەتا سەرتاپای ئەو جیهانەی هەژاندووە کە بووبوون بە مسوڵمان. ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە ئەگەرچی بەلای هەندێك توێژەرەوە چاوەڕوان نەکراوبوون، ڕوویەکی دیکەی ئایینی تازە هاتوویان دەرخستووە کە بە پێچەوانەوە هەر لە سەرەتای هاتنیەوە سەرگەرمی لاوازکردن و ئینجا نەهێشتنی بووە: دووبەرەکی، شەڕی براکوژی، خوێن ڕشتن و لەبەرچاوخستنی ماڵ و منداڵ و ژیانی دنیا! جارێکیتر ناکۆکی و ململانێ و ناخۆشی شاردراوەی نێوان خێڵەکان، کە تاڕادەیەك ساردبووبووەوە، سەرئاو کەوتۆتەوە! هەڵگەڕانەوە لە ئایین و یاخی بوون کە ئەو سەردەمە بە جەنگی (ڕەددە) ناوبراوە.

ئەگەرچی وا چاوەڕوانکراوە دوای کوشتنی عوسمان ڕەوشەکە هێمن و هێور بێتەوە کەچی لەو ڕۆژەوە خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبو تالب وەك خەلیفە دەست بەکاربووە تا ئەو ڕۆژەی لە کوفە کوژراوە ماوەی ئەو چوار ساڵە و یانزە مانگە هەر سەرگەرمی شەڕ و کوشتار بووە لەگەڵ ڕکەبەر و ناحەز و ئەوانەی دەنگیان بۆ نەداوە. تەنانەت یەك بست خاکی مسوڵمانان فراوانتر نەکراوە کەسیتر نەبوون بە مسوڵمان. کێشەی سەرەکی نە فەتح بووە نە غەزا بەڵکو ئاژاوە و کوشتار و شەری ناوخۆ و بڵاوبوونەوەی بێدادی و گەندەڵی و زوڵم و جەور بووە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە و هیچ جۆرە گومانێك هەڵناگرێ دوای کوژرانی خەلیفەی چوارەم عەلی ، حەدیسەکەی پەیامبەری ئیسلام هاتەدی، ئوممەتی ئیسلام پەرش و بڵاوبوو بە دەیان گرووپی جۆرا و جۆری سیاسی، مەزهەبی جیاواز پەیدابوون و بەشێوازی جیا هەر لەشەڕی بەرەیی شمشێر و تیرەوە تاوەکو یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە و ڕاگەیاندنی گرووپ و مەزهەبی ڕەهەند جۆربەجۆر دەستبەکاربوون. ئیسلام بۆ هەتاهەتایە بوو بە دوو بەرەوە، بەرەی سوونە و بەرەی شیعە هەریەك لەو دوو بەرەیە جارێکی دیکە چەند گرووپ و مەزهەب و ڕێبازی جیای لێ پەیدا بووە و سەربەخۆی خۆیان تارادەیەك ڕاگەیاندووە.

کۆشاون بە سەلمێنە و بەڵگەی ڕەهەند جیاواز ڕەوایی خۆیان و نا دروستی نا حەزانیان ساغ و پشت ڕاست بکەنەوە. هەر لەو سەردەمەدا بەسەدان و بگرە پتر حەدیسی ناڕاست بە زمانی پەیامبەری ئیسلامەوە هەڵبەستراوە تاوەکو لە دوایدا چەند زانا و شارەزا حەدیسی سەحیحیان لە نا ڕاستەکان جیا کراونەتەوە .

٢- ڕەوشی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خێڵەکی لە وڵاتی حیجاز و یەمەن و یەمامە ئەگەر خراپتر نەبووبێ چاکتر نەبووە.

بەپێی سەرچاوەکان لەکاتێکدا لە یەمەن و یەمامە خێڵ و تیرەکان لە دەسەڵاتی ئیسلام یاخی دەبوون، دیاردەی دەرکەوتنی ناوبراو بە موسەیلەمە کە دواتر بە ((درۆزن)) ناسراوە، ئەوە ساغ دەکاتەوە کە هەست و گیانی خێڵە و دابونەریتی تیرەگەری ئەگەرچی ماوەیەك داپۆشراوە گەرم و گوڕی خۆی لە دەستنەداوە و لەسەردەمی خەلیفەی یەکەمەوە سەر ئاو کەوتۆتەوە. چەمکی ئایینی و باوەڕ و ئیمان و ڕێوشوێنەکانی ئیسلام نەیتوانییوە لە دڵی خەڵکەکەدا جێگیربێ و سۆز و پابەندبوون بە تیرە و خێڵ لەناوبەرێ. کەچی بە پێچەوانەوە لەو وڵاتانەی کە لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب داگیرکرابوون(فەتح کرابوون بە غەزا) میللەتەکانیان بە شمشێر کرابوون بە ئیسلام، تاوەکو سەردەمی خەلافەتی عومەر کوری خەتاب کولتوور و ئایین و دابونەریتی کۆن هەرماوە و کاراو کاریگەربوون لە ناو خەڵکدا:

- لە میسرِ کتێبخانەی سەردەمی یۆنان و ڕۆمی ئەسکەندەرییە ماوە دواتر ئاگری تێبەردراوە و سووتاوە!

- لە وڵاتی فارس بە عێراقەوە، هەر دوو شاری کوفە و بەسرە پڕکراون لە عەرەبی لە دوورگەی حیجازەوە کۆچ کردوو، ڕێبازی جیاوازی ئایینی و فەلسەفەی[1] ،وەك نەستووری و مەزدەکی و مانەوی (زەردەشتی، مەسیحی) ئینجا فەلسەفەی یۆنانی کە بە هۆی هێرشی ئەسکەندەرەوە هاتبوو، لە چالاکی خۆیان نەکەوتوون. لەشام (سوریا و دەورووبەری) کە خۆی مەڵبەند و ناوەندی هەردوو ئایینی جولەکە و مەسیحی بووە،

مەزهەبی یاکوبیەکان (کە ڕێبازێکی کارای ئەوسای مەسیحیەت بووە) خاوەن کولتوورێکی دێرین بووە و لەو دەڤەرەدا جێگیری کردووە.

لەو ڕەوشە فرە ڕەهەندی و بارودۆخە فرە کولتووری و ئایینیەی دەرەوەی حیجاز گرووپ و ڕێباز و پارت و بزووتنەوەی مەزهەبی و سیاسی جیاواز دەرکەوتوون و پەیدابوون.

لە عێراقی ئەوسا کە لە ژێردەستی فارسەکان دەرهێنرابوو هەنگاو بە هەنگاو خەریکی بە عەرەبکردنی بوون. خەلیفەی چوارەمیش عەلی پایتەختەکەی لە حیجازەوە هێناوە بۆ کوفە و معاویەش دیمەشقی کردووە بە پایتەخت، هەردوو بزووتنەوە و گرووپ و ڕێبازی ڕکەبەر شیعەی لایەنگیری عەلی و خاریجی ڕکەبەر دامەزراون. لە سوریاش گرووپ و ڕێبازی سەر بە معاویە و بەنی ئومەییە کە دواتر بە گرووپی ئەل مورجیئە ناسراوە دەرکەوتووە.

ئەوی سەرنج بەلای خۆدا ڕادەکێشێ بزاڤ و ڕێباز و گرووپە ئایینی و سیاسی و کولتووریەکان لە دەرەوەی حیجاز، لە عێراقی ئێستاو شام و فارس پەیدابوون بەپێچەوانەوە دوورگەی عەرەب، مەڵبەندی دەرکەوتنی ئایینەکە لەوە بەو لاوە کە کەعبە و گۆڕی پەیامبەری ئیسلامی لێبووە خەڵك سەریان لێداوە (زیارەتیان کردووە) ڕۆڵی ئەوتۆی نەماوە، بۆیە دوور نییە بپرسرێ هۆی ئەو دیاردەیە چییە؟دیاردەی سەرهەڵدانی کولتوور و شارستانیەت و ڕێبازی ئایینی جۆربەجۆر لەو ناوچانەی بەهۆی ئایینەوە کراون بە مسوڵمان و عەرەب؟!

مێژوو ئەوەی بۆ خەلیفەی دووەم عومەری خەتاب تۆمار کردووە کە لە سەردەمی خەلافەتی ئەودا داگیرکردنی وڵاتانی تر (فەتح) دەستی پێکردووە تەنانەت لەنێوان ساڵانی( ٦٣٥-٦٣٨ز) سەرانسەری وڵاتانی شام و عێراقی ئێستا کەوتۆتە ژێردەستی عەرەب لە دەوروبەری ساڵی (٦٥٠ز) وڵاتی فارس و میسر و باکووری ئەفریقا کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی عەرەبەوە.

بەو پێیە (فەتح) تاوەکو سەردەمی عوسمان بەردەوام بووە ناوچەو دەڤەر و میللەتانی ئەوتۆ کە خاوەنی مێژوویەکی پڕ شکۆی شارستانی بوون کەوتوونەتە ژێردەسەڵات و کۆنترۆڵی عەرەبەکان کە ئایینی ئیسلامیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەو وڵاتانە لە دوورگەی عەرەب، کولتوورێك گەشەی کردووە هیچ کاتێك میللەتی عەرەب بەبێ ئایینی ئسلام و بەبێ بەشداری کردنی میللەتانی تر ئیتر بەخۆشی یان بە شمشێرو ناچاری بێ بووبوون بە ئیسلام ، بە بیروهزردا نەدەهات.

دەرکەوتنی ئەو هەموو رێباز و ئاراستە و بزووتنەوە و کۆمەڵە و گرووپی جۆرا و جۆر دوای خەلافەتی راشدین لە سایەی دەسەڵاتی عەرەبی-ئیسلامیەوە ئەو کولتوورە فرە رەنگە و بەشداری ئەو گەل و میللەتە جیاوازانە دەردەبڕێ و بەرجەستە دەکات. شیعەی عەلی زۆربەی هەرە زۆریان لە عێراقی ئێستاو فارس بووبن لەوەوەیە کە رۆڵی (موالی)  کە مسوڵمانی نا عەرەب بوون پێکیان هێناوەن خاریجیەکان بەشی هەرە زۆریان عەرەبی بەدوی (کۆچەری) بیابانەکان بوون. بەڵام مورجیئەکان خەڵکی شارەکانی شام بوون و دراوسێی مەسیحی و جوولەکەکان بوون و ئاگاداری کەلتووری میللەتانی پێش بە ئیسلامبوونی(شام) بوون.

بۆ پتر روونکردنەوەی هەلومەرجی پەیدابوونی ئەو گرووپەی زانستی کەلام کە بە لایەنگیرانی دەسەڵاتی سیاسی بەنی ئومەییە لە شام دادەنرێن و بۆ بە تەواوەتی تێگەیشتن لەو راو و بۆچوونانەی ئەو سەردەمە هەیانبووە کە لە چاو ئەوانیتر نامۆ و سەیر بێنەبەر چاو وا پێویست دەکات سەرنجی رەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی شام و دەسەڵاتدارانی بەنی ئومەییە و معاویە بدرێ.

معاویە ئەگەرچی خۆی بە خەلیفەی ئایینی ئیسلام ناساندووە و گوایە ئیمامی مسوڵمانان بووە بەڵام لە هیچ بڕیار و کردارێکیدا ئەو رەهەند و لایەنە ساغ و پشت راستناکرێتەوە. تاکە سەرچاوەیەك بە رێکوپێکی و لەبار باسی ئیمانداریێتی و بەدینی ئەو پیاوە ناکات بە پێچەوانەوە زۆربەی کتێبە مێژوویەکان باس لەوە دەکەن کە سیاسەتمەدار و پیاوی دنیایی بووە، کردار و بڕیارو جۆری بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکانی

دەوڵەت بۆتە مایەی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بێدادی سنوور بەزێن. ئیبن خەلدوون گوتەنی: عومەری کوڕی خەتاب هاتووە بۆشام کە چاوی بە معاویە کەوتووە، ئەو جل و بەرگەی لەبەریدا بووە و بەو جۆرەی جولاوەتەوە، سەری سورماوە و گوتوویەتی: (( هۆ معاویە تۆ لە پاشای کیسرادەچی! عومەر ناڕەزایی خۆی لەبارەیەوە دەربڕیووە. معاویە گوتویەتی: هۆ میری ئیمانداران! من لەسەر سنووری دوژمنم جەنگ و جیهاد پێویستیان بە جل و بەرگ و هەڵوێستی تایبەتی هەیە)) گوایە عومەر بە ناچاری بێدەنگ بووە.[٢].

راستە معاویە بە جۆرێك ژیاوە، بە هیچ جۆرێك خەسڵەت و تایبەتمەندی سەرکردەیەکی ئیسلامی پێوە دیار نەبووە، ئینجا خەلافەتی کردووە بە میرات گری و کوڕەکەی خۆی لە جێگای خۆی داناوە، لەوەش بەو لاوە عەرەب چییەتی کردووە. لە کاتی ناچاریی نەبێ دەرفەتی هیچ مسوڵمانێکی نەداوە ئەگەر عەرەب نەبووبێ کارێکی گرینگی پێ بسپێردرێ! لەگەڵ لایەنگیرانی بە دەست و دڵ و سەخی بووە بەسەریاندا هەڵی ڕشتووە ئەوەهاش لەگەڵ ڕکەبەر و نا حەزانی بە زەبروزەنگ و بێ بەزەیی بووە. خۆ ئەگەر تۆزە گومانێکی لە کەسێك هەبووبێ بەبێ سڵ و پارێز و دەست پاراستن بریاری لەناو بردنی داوە!.

## پەیدابوونی گرووپی مورجیئە:

١- وشەی عەرەبی مورجیئە لە ئیرجائەوە هاتووە واتای دواخستن دەگەیەنێ! دواخستنی چی؟

کاتێك ئەو پرسیارە بە رێکوپێکی وەڵام دەدرێتەوە ئەگەر هەلومەرجی پێکهاتن و پەیدابوونی ئەو گرووپە روونبکرێتەوە، ئەو کاتە دەردەکەوێ ئەو ناوە بۆ لەو گرووپە نراوە و گرووپەکە چی دوادەخات.

دەرکەوتنی گرووپی مورجیئە وەك هەموو گرووپەکانیتری زانستی کەلام هەر لە موعتەزیلە و شیعەوە تاوەکو خاریجیەکان و ئەشعەری ئەنجام بووە نەك هۆکار! ئەنجامی

ئەو رەوشە بووە کە لە پەیدابوونی ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەب و ئینجا بڵاوبوونەوەی لە وڵاتانی دیکە و لە نێو میللەتانی تر بە زەبری تیر و شمشێر کەوتۆتەوە! هاتنی ئایینەکە لە وڵاتێکی خێڵەکیدا کە دیاردەی بەرچاو و سەرەکی ژیانیان ڕکەبەری و ململانێ و تاڵان و برۆ و جەنگی بەردەوام بووە ئەو رەوشەی بەهۆی دەرکەوتنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیەوە کەوتۆتەوە. وەك لە دواییدا دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام و بوونی ئەبوبەکر بە خەلیفە دەرکەوت، ئەو کێشانەی بەیەکجاری نە یەکلایی و نەبنە بڕ کردووە بەڵکو دوای خستوون. هەر لەسەرەتای هەڵبژاردنی، یاخود دانانی ئەبوبەکر بە خەلیفە کێشەی کۆن و نوێی نێوان خێڵ و تیرەکان جارێکیتر دوای کپ کردنی، سەرئاو کەوتۆتەوە. چ خێڵ و تیرەیەك، ئەنسار، موهاجیرەکان، چ باڵێکی قورەیش مافی ئەوەی هەیە خەلیفەی لێ دابنرێ؟ هەروەك ئەوەی بابەتەکە کێشەیەکی خێڵەکی بێ و ئایینەکە هیچ رۆڵێکی لە لاوازکردنی ئەو گیانە تیرەگەرییەدا نەگێڕابێ؟ دیاردەیەکیتر کە ئەو لایەنە دەردەخات: لەگەڵ دیارنەمانی چاوی پەیامبەری ئیسلام چەن بزووتنەوەیەکی هەڵگەڕانەوە کە دواتر بە (رەددە) ناونراون دەرکەوتوون، دیاریتیرینیان بەرابەری (موسەیلەمە) بووە لە یەمامە کە مسوڵمانەکان بە درۆزن(کەزاب) ناویان بردووە، ئەو هەڵگەڕانەوانە ئەوە ساغ دەکەنەوە تا چەند ئەو خەڵکە بەدڵ ئایینەکەیان پەسەند کردووە؟ هەر لەیەکەم دەرفەتدا کە ترسی شمشێر لەسەریان نەماوە یاخی و پاشگەزبوونەوە هەروەك لەسەرەتادا بە شمشێر ئەو خەڵکە ناچار کرابوون ئایینەکە پەسەند بکەن و هەر بە شمشێر جارێکیتر ئەو یاخی بوونە لە ناوبرا. ئەو کوشتارەی خالیدی کوڕی وەلید لێی کردوون لە مێژوودا وێنەی کەمە. تەنانەت جەنگ و کوشتارەکە هەموو سنوورێکی بەزاندووە و (باخچەی مردن) ناونراوە و خالیدیش بەوپەڕی بێ بەزەییانە موسەیلەمەی کوشتووە و دەستدرێژی کردۆتە سەر ناموسی!! عومەر بە خەنجەر و شمشێر ورگی دراوە، عوسمان بەو مەرەیە چووە کە بەسەری هاتووە و خامە توانای دەربڕینی نییە، ئەی ورگ دڕانەکەی خەلیفەی چوارەم عەلی لە مزگەوتی کوفە دەخرێتە چ خانەیەکەوە؟!

ئەو رووداوە دڵتەزێنانە کە هیچ ئیمانداریێکی راستەقینە چاوەڕوانی نەکردوون بوونەتە مایەی ئەوەی چەندین ئاراستە و بزووتنەوە پەیدا بن و دەربکەون و چالاك و کارابن هەر نەبێ بۆ دەربڕینی هەڵوێست بەرامبەر بەو شەری برا کوژی و خوێن رشتنەی نێوان سەحابەکانی دوێنێ کە نەك بە هیچ شێوەیەك بەلای ئایینەکەدا نییە بەڵکو پێشێلکردنی بچووکترین بنەماکانیەتی بگرە بێ رێزی کردنە بە سەروەریەکانی و بە هیچ دابونەریت و شەرعێك پاساو نادرێنەوە.ئەو بزووتنەوانە بە گشتی پێیان لەسەر سێ خاڵ داگرتووە کە دەکرێ بە شێوەی سێ پرسیار دەربڕدرێن:

**یەکەم:-** چ کەسێك شایستەی ئەوەیە ببی بە خەلیفە-ئیمام. ئایا ئەو مەرجانە دەبێ ئایینی بن یان نەتەوەیی یان رۆڵی لە بڵاوکردنەوەی ئایین و دوور و نزیکی بێ لە پەیامبەرەکەیەوە؟!

**دووەم:-** ئایا مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا، لە کردار و چالاکی و هزر و بیرکردنەوەیدا لەوەی دەیکات و بەسەری دێن ئازادە و ئۆباڵەکەی دەکەونە ئەستۆی یان خوا لەچارەی نوسیوون و هەر دەبوو رووبدەن و بێنەدی؟!ئەو بابەتە لە زمانی عەرەبی چەمکی (حەبر و ئیختیاری) بۆبەکار هێنراوە.

**سێیەم:-** چ کەسێك گوناهکاری گەورەیە؟ ئەو سەردەمە بە زمانی عەرەبی (مورتەکیب ئەل کەبیری) پێ گوتراوە. ئەو گوناهبارییە تا چەند و تا چ رادەیەك پەیوەندی بە باوەڕەوە(ئیمانەوە) هەیە بەچی و چۆن ئیمان دەچێ؟ چوونی ئیمان لەوە کەم دەکاتەوە کە خاوەنی کاروباری دنیایی پێ بسپێردرێ یان نا؟

ئەو پرسیارانە ئەگەر تا رادەیەك بچنە خانەی سیاسەتەوە و لە چوارچێوەی کاروباری بەڕێوەبردندا بجووڵێنەوە، تەنانەت گوناه دەکرێ بە تۆمەت دابنرێ و بە قانوون بڕیاری لەسەر بدرێ، توندوتۆڵ بە کاروباری ژیانی رۆژانە و کۆمەڵگاوە بەندن، بە هیچ جۆرێك، لە سۆنگەی ئەو سەردەمەوە کە ئەو رووداوانە تێیدا سەرئاوکەوتون، سنووری ئایینەکەیان نەبەزاندووە و سەرتاپا لە دەریای بێبنیدا نقوم بوون، بۆیە وەڵامی پرسیارەکان و دیاری کردنی هەڵوێست لەبارەیانەوە ئەگەر ئەوپەڕی تەمومژاوی

نەبووبن لە پەیوەندیاندا بە رووداوە راستەقینەکە و ژیانی خەڵکی سادە و هەڵکەوتی لە ئارادابوو(واقیعیەت) ئەوپەڕی نامۆ و هەژاربوون. توندرەویی سنوور بەزێنی خاریجییەکان کە لە خۆیان بەولاوە کەسی دیکەیان پێ راست و ئیماندار نەبووە و دەستیان لە کوشتنی جودا بیر و نا حەزانیان نە پاراستووە: شیعەکان بە چەندین هەنگاو بەرەو دواوە گەڕاونەتەوە و راستی دەورووبەروو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ژیانیان پشتگوی خستووە و کۆشاون بە کردەوە رێژێمێکی نامۆ بە ژیانی تیۆکراتی لەسەر زەوی دابمەزرێنن. مورجیئەکان ئەگەر هەندێ سەرچاوە بەبێ هەڵوێست و بێ لایەنیان ناوبردبن، ئەوپەڕی بێ باك بوون بەرامبەر  بەو زوڵمەی بەنی ئومەییە لە خەڵکیان کردووە، بگرە سەرگەرمی پاساودانی تاوانەکانیان بوون و ویستوویانە بەو هەڵوێستەیان ئەگەر دەستکەوتیشیان نەبێ لە گێچەڵی کاربەدەستان بە دوور بن.

٢- مورجیئە بە پێچەوانەی شیعە و خاریجییەکان کۆشاون لێکی بدەنەوە ئیمان چییە؟ چ کەس ئیماندارە؟ ئەو هەلومەرجانە، ئەو تایبەتمەندیانە کامانەن کە مرۆڤ ئیماندار دەکەن یان ئیمانی دەچێ؟ ئایا ئیمان باوەرهێنانە بە دڵ و ناخی دەروون یان بە زمان شایەتمان(شەهادە) هێنانە یان کاروکردەوەشی دەبێ لەگەڵدا بێت؟! ئەو سێ لایەنە بە جیا یان دەبێ هەرسێکیان پێکەوە بن ئینجا ئیمان تەواودەبێ؟ دەکرێ مرۆڤ لایەکیان بکات و ئەوانیتر نەکات  و پشت گوێیان بخات؟ پلە و پایەی ئیماندار بەچی لە هی بێ ئیمان جیادەکرێتەوە؟ چ کاتێك دەکرێ تۆمەتی گوناهباری گەورە (مرتكب الكبيرە) بدەیتەپاڵ ئیماندارێك؟ ئەوکاتە کە ئەو گوناهبارە گەورەیە ئەو گوناهەی لەسەر ساغ بۆوە چارەنووسی چۆن دەبێ و دەبێ چی لەگەڵدا بکرێت؟!

راستە کوژرانی خەلیفەی چوارەم هۆکاری سەرەکی پەیدابوونی گرووپەکانی زانستی کەلام بووە، بەڵام هەر گرووپە تایبەتمەندی خۆی هەبووە و بەوە لە گرووپەکانی تر جیابۆتەوە کە بابەتی تایبەتی سەربەخۆی کردووە بەبنەما و ناوەرۆکی جیهاندیدەکەی لەسەر دیار و دەستنیشان کردووە.گرووپی شیعەی سەر بە عەلی ئەبی تالب کێشەی ئیمام و ئیمامەت و چ کەس و لە چ بنەماڵەیەك مافی ئەوەی هەیە ئەو پلەیەی هەبێ

و شایستەی ئەو پایەیە کردووە بە ناوەرۆکی جیهاندیدەکەی کە بە قسە و نووسین و کردەوە کۆششیان بۆ کردووە و هەوڵیان بۆداوە. لەو لاوە ڕێبازی موعتەزیلە سەرگەرمی جێگیرکردنی ئەو پێنج بنەمایە بوون کە هەر لەسەرەتاوە کاریان بۆ کردووە و هەوڵیان داوە جێبەجێیان بکەن.

بەپێچەوانەی شیعە و خاریجیەکانەوە لایەنگیر و ڕابەرانی ڕێبازی مورجیئە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە گژ هیچ لایەکدا نەچوونەوە و دەستیان بۆ تیر و شمشێر نەبردووە و دڵۆپە خوێنێکیان لە لوتی کەس نەهێناوە.

ئەگەرچی ئەوانیش لە سیاسەت دوور نەبوون بەڵام هەمیشە بە قسە و نووسین و کردار و فەتوا هەوڵیان داوە بێ لایەنی خۆیان بپارێزن و دۆستایەتی هەموو لایەنە دوژمن بەیەك و ناحەزانی یەکتری بکەن، لەو فەتوایانەی داویانە و لەو وتارانەی خوێندوویانەتەوە تاکە کەسیان تۆمەتبار نەکردووە و هیچ کەسێکیان بە گوناهبار دانەناوە. کۆشاون ئەوەندەی پێیان کرابێ و لە دەستیان هاتبێ خۆیان لە قەرەی بابەتی کێشە ئامێز و جەنجاڵی خەلافەت و ئیمامەت نەداوە و بەپێی توانا خۆیان لە بڕیاردان لەبارەیەوە و هەڵوێست نواندن پاراستووە.

### بنەمای بنەرەتی ڕێبازی مورجیئە:

بەپێی سەرچاوە کۆنەکان، ئەگەرچی لە پەنجەی دەست کەمترن و ئەوپەڕی لابەلایی باسیان کردووە، مورجیئەکان ڕێگای تایبەت بە خۆیان گرتۆتەبەر و بابەتێکی دیاری کراویان هەڵبژاردووە:

بابەتی دەستنیشانکردنی واتای ئیمام!

ئیمام چییە؟ لە چی پێکهاتووە و چۆن پێناسە بکرێت؟ چ کەس ئیماندارە؟ بەپێی ناوەکەیان کە واتای دواخستن دەگەیەنێ، زۆر بە هێمن و لەسەرخۆ و بە مێشکێکی سارد و پشوویەکی درێژ بڕیاریان داوە، بڕیارێك بێ لایەنیان بپارێزێ!

لەبابەتی باوەر (ئیماندار) دوو جۆرە پێناسەیان لەبەر دەستدا بووە کە واتا و پوختەکەی دەداتە دەست و دەستنیشانی دەکات:

یەکێکیان حەدیسە کە بەو جۆرە باسی ئیمانی کردووە:**الایمان أن تؤمن بالله وملائکته وکتبه و رسله و بالیوم الاخرة..** واتە باوەر (ئیمان) ئەوەیە کە باوەڕ بهێنیێ بە خوا و فریشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پەیامبەرانی و بە حەشر و قیامەت.

ئەو حەدیسە ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێت دەردەکەوێت کە باوەڕهێنان(ئیمانی) بەلای باوەڕهێنان بە دڵ و دەروون و زماندا بردووە، بەڵام بە هیچ شێوازێکی ئاشکراو راشکاوانە باسی کردەوەی دیاریکراو ناکات. کردەوە مەبەست لەپەرستن نییە بە تایبەتی نوێژ و رۆژ و زەکات و حەج، ئەمانە کردار نین بەڵکو بەشێکی سەرەکین لە ئیمان و خواپەرستی. کردار و چالاکیە ئازادا کە مرۆڤ بە هۆشیاری و خواستی ئازادەوە کردبێتی و ئەنجامێکی لیێ بکەوێتەوە بکرێت ئەو ئەنجامی کارە بخرێتە خانەی چاکەکاریەوە یان بە بەدکاری دابنرێت!

-پێناسەی دووەم هی خاریجیەکانە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا: ئایا ئیمان بڕوا هێنانە بەدڵ و لە ناخی دەروونەوەیە یان بە زمان شایەتمان( شەهادە) هێنانە یان کردارە جگە لە نوێژ و رۆژ و زەکات و حەج؟ یان هەموویانن پێکەوە؟

بەلای خاریجیەکانەوە هەموویانن پێکەوە ئیمان پێکدەهێنن، ئەگەر مرۆڤێك کرداری نا جوان بیێ و دەست لە بەدکاری و خراپە نەپارێزێ، ئیتر باوەڕهێنان و نوێژ و رۆژوو چ سودێکی دەمێنیێ؟

لەبەرامبەر ئەو دوو پێناسەیەدا مورجیئەکان بەلای حەدیسەکەدا چوون و بە تەواوەتی بۆ چوونی خاریجیەکانیان پشتگوێ خستووە و بگرە بە هەڵەدا ناوە:

هەڵوێستەکەیان بریتی بووە لە جیاکردنەوەی کارو کردار لە ئیمان. ئیمان شتێکە و کرداری مرۆڤ شتێکی دیکەیە! ئەگەر مرۆڤ ئیمانی هێنا و ئیماندار بوو با کردەوەشی هەڵە و ناجوان بێ هیچ لە ئیمان و بڕواکەی کەم نابێتەوە و ناگۆڕێ.

مورجیئە پەنایان بردۆتەبەر ئەو گریمانەیە: قورئان بە زمانی عەرەبی هاتووە، وشەی ئیمان(باوەڕ) مانای (تصديق) دەگەیەنێ[٣]ز ئەو وشە عەرەبیەش جۆرێکە لە باوەرهێنان. باوەر و ئیمان (تصديق) و بڕوا پێبوونە بە دڵ و دەروون بە خوا و کاروباری ئایین، خواناسینە، هەر کەسێك بەدڵ و بە پاکی باوەر بهێنێ و خوا بناسی ئیمانداری مسوڵمانە.

هەندێك سەرچاوە لەو باوەڕەدان کە بەلای مورجیئە باوەڕهێنان و ئیمان پێ بوونەکە لە قسەی سەر زمانی (شایەتمان) و نوێژ و رۆژ و گرنگترە!چونکە شایەتمان و پەرستن (عیبادەت) و نوێژ و رۆژ و بەشێکی سەرەکی نین لە ئیمان[٤] هێنان.

بەو پێیەی مرۆڤ شەریك و هاوبەش بۆ خوا پەیدا نەکات و بە دڵ بروا و ئیمانی بە خوا هەبێ ئیماندارە و بە ئاگری دۆزەخ ناسووتێ! خۆ ئەگەر ئیماندارێك گوناهی کردبێ ناکرێ لە دنیادا هیچ بڕیاری لەبارەوە بدرێ، یان (حوکمی) بەسەردا بسەپێنرێ دەبێ ئەو بڕیار و حوکمە (ئیرجاء) دوا بخرێ و بۆ خودا بە جێبهێڵرێ و ئەو خۆی بڕیار دەدات! ئەو قسەیەی مورجیئە دوو لایەن و رەهەندی هەیە:

**یەکەم:** دواخستن لێرەدا بەو واتایەیە کە کارو کرداری مرۆڤ بە پلە لە دوای نیاز و مەبەست و رازەوە دێت.

**دووەم:** ئەگەر مرۆڤ ئیمانداری راستەقینە بێت، گوناه زیان بە باوەڕ و ئیمانەکە ناگەیەنێ[٥].

بەو پێیە بەلای مورجیئەوە ئیمان بە قسە و زمان و نیەت و دڵ دەبێ و دەکرێ لە کار و کرداری مرۆڤی ئیماندار جیابکرێتەوە. ئەگەر دەلالەتی وشەی ناوەکەشیان بخرێتە سەر ئەو بنەمایە ئەوە دەگوترێ: ئەوی گوناهی گەورە بکات حوکم و بڕیاردان لەبارەیەوە دەبێ بە خوا بسپێردرێ بۆ رۆژی قیامەت کە مرۆڤ دادگایی رەببانی

(حەشر) دەكرێت. ئیتر لەو دۆخەدا خوا بە گەورەیی خۆی سزایان دەدات یان لێیان خۆشدەبێ. لەو بۆ چوونەیاندا مورجیئە بۆ چوونە ئایینیەكەیان دەربڕیوە و دەستەواژەیەكیان بە عەرەبی بۆ تۆمار كراوە تایبەتمەندیەكەیانی پاراستووە:

**لاتضر مع الايمان معصيه**

**ولا تنفع مع الكفر طاعة.**

ئەو رستەیە كە دروشمە چی دەگەیەنێ؟

ئەو رستەیە كە دروشمی مورجیئەیە بە ئاشكرا ئیمان و كار، ئایین و سیاسەت لەیەكتری جیادەكاتەوە، جیاكردنەوەیەك كە بەتەواوەتی وەلأمی پرسیارە كێشە لەسەرەكەی داوەتەوە و روونی كردۆتەوە كە بڕوا و كار، ئایین و سیاسەت دوو بابەتی لەیەكتری جیاوازن ئەگەر ئایین بابەتی دنیایەكی دیكە بێت، رێگا بەرە و ژیانێكی دیكە، دوای مردن و لە جیهانێكی تردا خۆشبكات و ژیانی ئەم سەر زەمین و دنیایە بە هەند دانەنێ، ئەوە كاروبار، سیاسەت پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤی ئاسایی ئەم دنیایە و سەر رووی زەمینەوە هەیە ئەوی لە سیاسەتدا بشێ و بگونجێ دوور نییە لە ئایینڊا پەسەند نەكرێ بۆیە پێكەوە گرێدانی هەردووكیان تێكەلأوكردنی نەشیاوی دوو بابەت و دوو نەزم و دوو جیهاندید و دیاردەی لە ناوەرۆك و روخساردا لە یەكتری جیا و جیاوازن. ئەگەر لێرەدا بگوترێ مورجیئە پاساوی سیاسەتی خوێن ڕێژی و پیاو كوژی و بێدادی معاویە و بەنی ئومەییەیان داوەتەوە و لەبەرامبەریدا بێدەنگ بوون! ئەو رەخنە و گازندەیە لەبەردەمی راستییەكی گومان هەڵنەگردا كاڵدەبێتەوە و یا بایەخی خۆی لە دەست دەدات:

عەلی خەلیفەی چوارەم و معاویەی خەلیفەی بەنی ئومەییە نموونە و سیمبۆڵی دوو ئاراستە و دوو جیهاندیدی ئەوپەڕی لەیەكتری جیاوازن! ئەو دوو مۆدیلە كە لەو سەردەمەدا یەكێكیان پتر سروشتی و ئاسایی هاتبێتە پێش چاو لەوەوە بووە كە زەبر و هێزی تیر و شمشێر جێگیر و بلأوكراوەتەوە ئەویتریان ئاراستەیەك بووە لەكاتی سەرهەڵداندابووە لەسەر زەمینەو لە نێو باوەشی جیهاندیدی یەكەمدا. ئەو دوو مۆدیلە

لەو سەردەمەدا پێکەوە هەڵیان نەکردووە و بەیەکەوە نەگونجاون، ئاسایی بووە و جەنگی سەفین لە نێوان هەردوو بەرەدا ئەنجامی ناچاریی ئەو جیاوازییە بووە کە لە نێوانیاندا هەبووە! مۆدێلی هێشتنەوەی ئایین لە چوارچێوە رەنگ بۆ رێژراوەکەیدا کە هەر دەبێ سروشتی پیرۆزی و ترانسندێنتی سەرو سروشتی دوور لە رەخنەوەی هەبێ، دەبێ مرۆڤ و کۆمەڵگا بە جۆرێك بژین و بیربکەنەوە کە لەگەڵ ئایینەکەدا بێتەوە و تەبابی، ئەمە هەڵوێستی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووە. بەپێچەوانەوە هەڵوێستی معاویە راستە لە هەمان سەربان بووە بەڵام هەوایەکی دیکەی هەبووە: بە دنیایی کردنی ئایین و بەکارهێنانی بۆ کاروباری سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت! ئەو دوو مۆدیلە بەیەکەوە هەڵیان نەکردوە و هەڵناکەن. سەرکەوتنی معاویە ئەگەرچی زۆر لەسەر کەسانی سەردەمی خۆی کەوتووە و خوێنێکی زۆر و زەبەندی لەسەر ڕژاوە بەڵام سەرکەوتووە و مۆدێلی دووەمی عەلی ئەبو تالیبی بەزاندووە. راستە ئەو مۆدێلە بە جۆرێك هاتۆتە بەر چاو کە بە نەخۆشی و شەلەل و سەقەتی لە دایکبووە، راستە، ئەو هەلومەرجەی ئەو سەردەمەی لەوە پتر هەڵی نەگرتووە و دەرفەتی چاکتری بۆ نەرەخساوە.

مورجیئە ئەگەرچی هێمن و لەسەرخۆ و بە سڵ و پارێز بوون بەڵام لایەنگیری مۆدێلی دووەم بوون و قسە و کردار و گریمانە و بنەما تیۆریەکانیان بە ئاشکرا ئایین دەکاتەوە بە بابەتێکی کەسی تاك و دڵ و ناخی دەروون و لەکرداری ژیانی رۆژانە و سیاسەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دایدەبڕێ و دووری دەخاتەوە: ئیمان و کردار دوو بابەتی لەیەکتری جیاوازن و باری هیچیان ناکەوێتە ئەستۆ و سەر شانی ئەویتریان!

-لە کایەی سیاسەتدا بە تایبەتی کێشەی خەلافەت و ئیمامی ئوممەت هەڵوێستی بێلایەنی نێوان گرووپە جیاوازەکانی کەلامیان هەڵبژاردووە. بەلایانەوە ئیمام (خەلیفە) راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ئوممەتەوە هەیە بۆیە دەبێ کەسی شایستەی ئەو پلە و پایەیە هەڵبژێردرێ، ئەو هەڵبژاردنە دەبێ دوور بێ لە هەست و سۆز و تیرە و خێڵەگەری بەڵکو دەبێ پشت بە ژیر ببەستێ بۆ ئەوەی چاکترین کەس مافی ئەو

پلەیەی پێبڕێ بەڵام مورجیئەکان بە پێچەوانەی شیعەکانەوە لەو باوەڕەدان کە کەلامی حوا (قورئان) و پەیامبەری ئیسلام هیچ بنەما و مەرجێکیان بۆ ئەو پلەیەی خەلافەت دانەناوە و هیچ جۆرە ئایەت و حەدیس و دەقێکی ئایینی باسی ئەو کێشەیەی نەکردووە. هەروەها خەلافەت بە میرات بۆ کەس نامێنێتەوە نابێ کوڕ لە جێگای باوکی ببی بە جێگرەوەی. زۆربەی زۆری لایەنگر و رابەرانی ئەو گرووپە لەو باوەڕەدان کە مەرج نییە خەلیفە لە قورەیش یان لە تیرە و خێڵی دیاریکراو بێ هەموو مرۆڤێکی ئیماندار و لێهاتوو مافی هەیە خۆی بۆ ئەو پلەیە کاندید بکات[٦].بەو پێیە مورجیئە بێلایەنی خۆیان پاراستووە و دژی هیچ لایەن و گرووپێك نەبوون، تەنانەت بەربەرەکانی دەوڵەتی بەنی ئومەیەشیان نەکردووە. بەڵگەیان ئەوەبووە کە سەرکردەکانی بەنی ئومەییە ئەگەر گوناهی گەورەشیان کردبێ ئیمانیان نەچووە و ناچێ بۆیە دەکرێ ملکەچیان ببین و لە پشتیانەوە نوێژ بکرێ و بە هیچ جۆر و شێوازێك نابێ خەڵك لێیان یاخی ببێ و نابێ لە دەسەڵاتەکەیان هەڵبگەرێنەوە. لێرەوە وای بۆچوون ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ خەلیفەی سێیەم عوسماندا کردووە و ئەوانەی لەسەریان کردۆتەوە، بە هەمان پێودانگ ئەوانەی شەڕیان بۆ خەلیفەی چوارەم و معاویە کردووە و ئەوانەش کە لێیان هەڵگەڕاونەوە و لە دژیان شمشێریان هەڵگرتووە، عومەری عاسیش هەموویان ئیماندار و هیچیان گومڕا و کافر نین و نەبوون چونکە بە دڵ و دەروون، بە زمان ئیمانیان هێناوە[٧] و ئیماندار بوون، کردار لە ئیمان جیایە.

-لەو نووسینە کەم و دەگمەنانەی لە پاشیان بە جێماوە یان لەبارەیانەوە نووسراوە، بیروبۆچوون و هەڵوێستی خۆیان بە شێوازێك کە دەکرێ بگوترێ رووناکبیری سەردەمی خۆیان بوون، چەمکە گرنگەکانی هەردوو دیاردەی ئایین و سیاسەتیان روونکردۆتەوە هەر لە ئیمان و کوفر و گومڕایی و گوناهی گەورە تاوەکو دەگاتە خەلافەت و ئیمامەت و ئیمامی ئوممەت! کەسیان بە گومڕا و کافر دانەناوە و دژی هیچ لایەن و گرووپێك نەیان نووسیوە و کاریان نەکردووە.بەڵام لەلای ئەهلی سوونەوە رەخنەی توندیان لێگیراوە، چونکە سوونە ئیمان و کردار لەیەکتری جیا ناکاتەوە و بەلایانەوە

ئیمان بە دڵ و زمان (شایەتمات-شەهادە) و بەکردار پەرستن (تاعەت) دەبێ، ئەگەر لەو سێ لایەنە هەر لایەکیان کەم و کورتی تێبکەوێ ئیمانەکە لاواز دەبێ!ئەو قسەیە بنەمای سەرتاپاگیر و تۆتالیتێری ئایین و دام و دەزگاکانی دووپات و پشت راستدەکاتەوە و ڕێگای سەلەفیەتی خۆشکردووە.

## ڕێبازی چارەنووس و خواستی ئازاد

١- ئەگەرچی لە چوارچێوەی ئەو بابەتەدا کە بە زانستی کەلام ناوبراوە ڕێباز و گرووپی جۆر بەجۆر بەدی دەکرێ و ناکۆکییەکی ئەوتۆش لە نێوانیاندا هەبووە هەندێکجار لە یەکتری چوونەتە سەنگەرەوە هەریەکە ئەویتری بە گومڕا داناوە و تۆمەتی گافری خستۆتە پارسەنگیەوە لەوەش بەو لاوەتر شمشێرو تیریان لە یەکتری سووە و لە یەکتریان کوشتووە یان هەر نەبێ هانی کار بەدەست و والیەکانی خەلیفەیان داوە کە جودا بیرەکانیان لە ناوبەرێ و تا ڕادەیەکیش لەو کۆششە ناڕەوایەیاندا سەرکەوتوو بوون، ئەوا لە ڕەهەندی هزری توێژینەوەدا ئەو گرووپانە دەکرێن بە دوو جۆرەوە بەپێی ئەو میتۆدەی لێکۆڵینەوەکە پەنایان بۆ بردووە و بەکاریان هێناوە:

**یەکەم:** ئەو گرووپانەی ئەگەرچی کەمینە بوون، لە چالاکی هزری و ئایدیۆلۆجی و باوەڕی ئاییندا پەنایان بردۆتەبەر پەیڕەو و میتۆدەی ژیر، سەلمێنە و بەڵگە نەویستەکانیان بە چەند پێشەکیەکی لۆجیکی بەستووە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیان ئەمانە بەراستی هەڵگری مەشخەڵی پێشکەوتن و گەشەکردن بوون بەڵام دووچاری ڕەخنەی توند و گازەندەی ناڕەوا و هێرش و تەنانەت لە ناو بردنیش بوونەتەوە، سادەترین تۆمەت کە خراوەتە پارسەنگیانەوە ئەوەبووە کە بەسەر لێشێوا و و لە ڕێگا لادەر و هەڵەکەر (**فرقة ضالة**) بە ناهەق ناوبراون و بە هەموو توانایەك هەوڵدراوە ئەو چراو مەشخەڵەی هەڵیان گرتووە و هەڵیان کردووە کپ و خەفە بکرێتەوە!

**دووەم:** گرووپی سەلەفی کۆنە پارێز کە خۆیان بە (ئەهلی سووننە و جەماعەت!) ناو بردووە و هیچ جۆرە لۆجیك و بەڵگەیەکی ژیریان بەلاوە پەسەند نەبووە و رەتیان کردۆتەوە. بۆ پشت راستکردنەوەی بیرورا و بۆچوونەکانیان پەنایان بردۆتەبەر ئایەتی قورئان و حەدیس و بە هیچ جۆرێك هەڵکەوتی راستەقینەی دەورووبەروو دیاردە و رووداوەکانی کۆمەڵگا و داخوازی مرۆڤ و ژیان و دنیایان بە هەند نەگرتووە.ئەو گرووپە زۆرینەی رێبازەکانی شەریعەت و زانستی لاهووت و لاهووتیان پێکهێناوە و هۆکاری سڕبوون و قەتیسمان و چەق بەستن و بەرەو پێش نەچوونی کۆمەڵگا بوون. جگە لەوەی بە هیچ جۆرێك باسی گۆڕان و پەرەسەندنیان نەکردووە هیچ جۆرە هەستێکی (ژیرەکی مێژوویان) لەلا و لە بیر و بۆچوون و نووسینەکانیاندا بەدی نەکراوە، بەو واتایە کە خەمی گەورە و سەرەکیان راست و دروستی ئیمان و باوەر (عەقیدە) بووە هیچ کاتێك بە شێوەیەکی سیستەمی زانستیانەی رێکوپێك بیریان لەوە نەکردۆتەوە بایەخ بە چۆنیەتی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەو قۆناغانە بدەن کە هەڵگرانی ئایینەکە پێیدا تێپەڕیوون تاوەکو بە تەواوەتی ئەو باوەڕ و ئیمانەیان بە ئایینەکە هێناوە. بۆیە، ئەمە هۆکارێك بووە، هەموو جۆرە گەشەکردنێك- پەرەسەندنێك ئیتر لە بیرو بۆچوونیشدا بووبێ بە (بیدعە) ناو براوە. لەبەرامبەر ئەو رەوشەدا گەڕانەوە بۆ دواوە و بەزاندنی سنووری رەوشی لە ئارادابووی تێنەپەڕ (حازری) و پەنابردنە بەر قسە و کرداری پیاوانی قۆناغەکانی پێشووتر و پابەندبوون پیانەوە و جێبەجێ کردنیان بەسەر دۆخ و هەلومەرجی لە ئارادابوو، بەبێ ئەوەی جیاوازی کات و جێگاکان بە هەند بگیرێ، بە ئەرکی سەرشان و خزمەتێکی گەورە دانراوە کە گوایە بە عەقیدە و ئیمانەکە کراوە!!

٢- چارەنووس و خواستی ئازاد مەبەست لەو دوو ئاراستە و رێبازەیە کە بە عەرەبی (جەبر و ئیختیاری) پێدەگوترێ. کە لەلایەن دوو بیرمەند و زانای گەورەی ئایینی( جەهەم کوڕی سەفوان) و ( غەیلانی دیمەشقی) دانراون و رێبەری کراون.

## جەهەم کوڕی سەفوان

چارەنووس بەپێی سەرچاوە کۆنەکان رابەرەکەی( جەهم کوری سەفوان) بووە کۆشاوە ساغی بکاتەوە ئەوەی روودەدات بە فەرمان و خواستی خوایە.تەنانەت کرداری مرۆڤ بە گەورەو بچووکەوە خوا لە چارەی مرۆڤی نووسیوە و مرۆڤ هیچ رۆڵێکی نییە لە جێبەجێکردنی ئەوەی لە چارەی نووسراوە بەو لاوە تر. مرۆڤ کە ئەو بە کۆیلە و بەندەی خوا ناوی بردووە بەبێ خواستی خوا توانای هیچ شتێکی نییە، ناتوانێ هیچ شتێك بکات ئەگەر خوا فەرمانی پێنەدات و توانای کردنەکەی پێ نەبەخشێ.[٨] .

بەلای ئەو رابەرەوە نابێ خەسڵەتێك ( سیفەت) بدرێتە پاڵ خوا ببێتە مایەی ئەوەی لەیەکچوونێك لە نێوان ئەو و بەندەکانی ( مرۆڤدا) بکەوێتەوە: بۆیە دەکرێ بگوترێ خوا بە توانایە، کارایە، داهێنەرە، ژیان دەبەخشێ و ژیان دەباتەوە( دەمرێنێ) بەڵام ناکرێ بگوترێ خوا شتێکە، زیندووە، زانایە یان دەخوازێ[٩]، چونکە ئەو خەسڵەتانە لە مرۆڤیشدا هەیە و ئەوکاتە لێکچوونێك دروست دەبێت. بەو پێیە وەك ئەو رابەرەی ئەو رێبازە بۆی چووە، بە هەشت و دۆزەخیش بە فەرمانی خوا نامێنن، بەڵام زانین و خواستی خوا ناگۆڕێن. هەروەها بە جۆرێکی تایبەتی باسی باوەڕ و ئیمان و خواپەرستی کردووە. باوەر و ئیمان تەنیا خواناسینە، گومڕایی کوفر خوا نەناسینە و نەزانینە کە خوا هەیە.ئەوەی گوناهی گەورەی کردبێ یان بیکات دووروووەو (مونافیقە) لەگەڵ شەیتانە ئەگەرچی نوێژبکات و رۆژووش بگرێ، لە دۆزەخدا دەسووتێ!!

مرۆڤ راستە کار دەکات و توانای کارکردنی هەیە، ئەو توانایەش ئەگەرچی هەندێکجار لە پێش کارەکەوەیە و دەکرێ جارێکی تر لەگەڵ کارەکە و ئینجا لەدوای کارەکەشەوە بێت بەڵام هەر خوا خۆی بە مرۆڤی بە خشیوە و فرمانی کردنەکەی دەدات.

ئەو قسە و بۆچوون و جیهاندیدەی جەهەمی کوڕی سەفوان لە کایەی سیاسەتدا بەنی ئومەییە ئەوپەڕی سوودیان لێوەرگرتووە و وەك دروشم بە کاریان هێناوە: ئەگەر خوا داهێنەری هەموو شتێك بێت، هەر خۆی بڕیار بدات و فرمان بکات و شت لە

چارەی مرۆڤ بنووسێ، دەبێ سەرکەوتنی معاویە و دامەزراندنی دەسەلاتی بەنی ئومەییە چۆن لێك بدرێتەوە؟! باشە خوا لە چارەی لەشکری عەلی و معاویەی نەنووسی بوو یەکتری قڕ بکەن؟ سەرکەوتنی معاویە و بوونی بە خەلیفە و کوژرانی عەلی بە خواست و فرمانی خوا نەبووە کەوابوو بۆچی خەلك نارازین؟ جەهەم کوڕی سەفوان مەبەستی نەبووە پشتگیری دەسەڵاتی بەنی ئوومەییە بکات بە پێچەوانەوە دژی کاربەدەستە زۆردارەکان تێکۆشاوە تاوەکو کوشتوویانە، بەڵکو پشتی بە چەند ئایەتێکی قورئان بە ستووە: ((**قل لن یصیبنا إلا ما کتب الله لنا**)) تةوبة:٥١ ئەو ئایەتانە بە روون و رەوانی باسی چارەنووس دەکەن کەخوا لە چارەی خەڵکی نووسیوە و بێتوانایی و بێ دەسەڵاتی مرۆڤ لەبەرامبەر توانا و دەسەڵاتی سنوور بەزێن و رەهای خوا دەکەن. کەوابوو بەپێی بڕیار و بۆچوونی ئەو رێبازە و رابەرەکەی: مرۆڤ بکەری راستەقینەی هیچ شتێك نییە و هەرچی روویداوە و روودەدات و لە دوا رۆژیشدا دەقەومێ هیچ جۆرە دەسەڵاتی مرۆڤی تێدا نییە بەڵکو لەسەرەتاوە بڕیاری لەسەردراوە و لە چارەی مرۆڤ نووسراوە و هەر دەبوو رووبدات! ئەو بۆچوونەی بەپێی لایەنگیر و مریدەکانی جەهەم باوەر بوونە بە یەك رەنگی و یەك تاکیی خوا کە هیچ جۆرە هاوبەش و (شەریکی نییە) و هەر خۆی دەسەڵاتدار و بێ وێنەیە و هیچ رادە و سنوورێك بۆ توانا و هێز و بڕیار و خواستی رەهای نییە! هەندێك سەرچاوە لەو باوەڕەدان کە جەهەم گوتوویەتی: خوا هەرخۆی هەرە کۆنە و هەتا هەتاییە و هەر دەمێنێ (ئەزەلی و ئەبەدیە) لە خۆی بەو لاوە هیچ بوون و بوونەوەرێك کۆن و هەتا هەتایی نییە و نامێنێ.بەپێی ئەو قسەیە دەبێ ئێش و ئازاری دۆزەخ و بە هەشت و دۆزەخیش هەتاهەتایی نەبن و رۆژێك لە رۆژان نەمێنن! ئەگەر بە هەشت و دۆزەخ داهێنراوی خوابن، گومانیش لەوەدا نییە کەوایە و خوا دایهێناون ئەوە دەبێ رۆژێك هەر دووکیان لە ناو بچن و نەمێنن چونکە هەر خوا خۆی بە تەنیا هەتاهەتاییە و هەر خۆی دەمێنێ و لەو بەو لاوە هیچ شتێك هەتا سەر نامێنێ.

جەهەم بەتایبەتی و لایەنگیرانی ڕێبازی چارەنووس ( جەبر **FataLism**) لەو بیروبۆچوونانەیاندا بە چەند بنەمایەکی بنەڕەتی ئایینی ئیسلام و ڕێوشوێنەکانی پابەندبوون:

**یەکەم:** دەسەڵاتی ڕەها و لە سنوور بەدەری خوا کە بە پێی خواستی خۆی دەبووریَ و دەبەخشیَ و سزا دەدات.

**دووەم:** مرۆڤ داهێنراوی خوا خۆیەتی و دەبیَ لە هەموو ورد و درشتێکدا لە هەموو کاروبار و چالاکیەك و چارەنووسێکدا ملکەچی خوا خۆی بێت.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەها و ڕادە بەدەری خوا لە دەسەڵاتی سنوورداری مرۆڤ کارێکی وا ئاسان نییە چونکە ئەو بابەتە بە هەر لایەکدا ببرێت کێشەیەکی تر دەورووژێنیَ کە لە دوو ڕەهەند پێکهاتووە و دیسانەوە وا بە ئاسانی یەکلایی ناکرێتەوە:

**یەکەم: دادپەروەری خودا.**

**دووەم: ئۆبالّ کێشان و خواستی ئازادی مرۆڤ!**

هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بە هەردووك لادا ئایەتی قورئان و حەدیس هەیە دەکریَ مرۆڤ پشتیان پێببەستیَ و هەردوو لایەنەکە پشت ڕاست و ساغ بکاتەوە. نە لە قورئان و نە لە حەدیسدا هیچ لایەك لەو دوو لایەنە بەیەکجارەکی چارەسەر نەکراوە، دەکریَ بە سڵ و پارێزەوە بگوتریَ: بابەتەکە بە هەڵپەسێردراوی بە جێهێشتراوە. بە هیچ جۆرێك ناکریَ دەسەڵاتی ڕەهای ڕەب لەگەڵ ئۆبالّ کێشان وئازادی مرۆڤ بێتەوە، ئەو چارەسەرانەش، ئەگەر بشیَ وشەی چارەسەریان بۆ بەکار بهێنریَ، کە پێشکەش کراون چارەسەری لا بەلای و هەندەکی بابەتەکەن و هیچ کاتێك شایستەی خۆیانیان ساغ نەکردۆتەوە(١٠). دوور نییە پرسیارێك بێتە پێشەوە، باشە جولەکە و مەسیحیش دوو ئایینن و خۆیان بە ئاسمانی دادەنێن بۆچی لە کاروباری ئاین و شەرعی هەردوو ئەو ئایینە کێشەکە یەکلایی کراوەتەوە؟ ئەو پرسیارە پشت بەو وێنەیە دەبەستیَ کە ئەو دوو ئایینە لەبارەی ڕەبی موسا و ڕەبی عیساوە کێشاویانە.

بەپێی تەورات ڕەبی موسا تووڕەیە(غەزەب گیرە) و بە توندی گومڕا و گوناهبار و لە ڕێلادەران سزا و ئازار دەدا و بە زەیی پێیاندا نایەتەوە.

بەپێچەوانەوە ئایینی مەسیحی وا نیشانی داوە کە ڕەب بەندە(داهێنراوە)کانی خۆی خۆشدەوێ تا ئەو ڕادەیەی ڕۆڵە و جگەر گۆشەی خۆی یەسوعی مەسیحی (عیسای) ناردووە و چوار میخەك کێشرا بۆ ئەوەی گوناهی سەر شانیان سووك بکات (کەفارەتی گوناهیان بدات)!بەڵام خوای ئیسلام هەردوو خەسڵەت و تایبەتمەندی تێدایە. لەکاتێکدا ئەوپەڕی لێبوردەیە و بەزەیی بە داهێنراوە(بەندەکانی) خۆیدا دێتەوە و ئەگەر لێی بپاڕێنەوە ئازادیان دەکات (غەفوور و ڕەحیم) و لێیان خۆشدەبێ لە هەمانکاتدا غەزەب گیرە و بە توندی سزای گومڕا و گوناهبار و لە ڕێ لادەران دەدات (شەدید و ئەل عیقابە).ئەو دوو خەسڵەتەی ڕەبی ئیسلام هۆکاری چارەسەر نەکردنی کێشەکانی زانستی کەلام و بە هەڵپەسێردراوەی مانەوەیانە، هەر ئەو دوو ڕەنگیە لە سەرتاپای کاروباری زانستی کەلام و فەلسەفەی بە ناو ئیسلامیدا بەرجەستە بووە و ڕەنگی داوەتەوە.

## غەیلانی دیمەشقی

ڕێبازی ئازادی خواستی مرۆڤ کە غەیلانی دیمەشقی نوێنەرایەتی کردووە و پەرەی پێداوە، بە پێچەوانەی چارەنووسەوە، پێ لەسەر ئازادی خواستی مرۆڤ دادەگرێ، ئازادی خواست و کارو بیر، بەمەش دەیەوێ لەلایەکەوە، توانا و دەسەڵاتی (قودرەتی) لە سنوور بە دەر و ڕەهای خوا و ئینجا داد پەروەریەکەی ساغ و پشت ڕاستبکاتەوە. لەلایەکی ترەوە ئازادی وەك بنەمایەکی پێویست و ناچاریی چونەژێرباری ئەنجامی کارەکانی دووپات کراوەتەوە. ئەگەر هەرچی هەیە و لە چارە و ناوچاوانی مرۆڤ نوسرابێ هەموو جۆرە ئۆباڵ کێشانێك هەڵدەگیرێ و سزادانی مرۆڤ لەسەر کارێك بە ناچاریی پێی کرابێ هیچ دادپەروەریەکی تێدا نامێنێ! لە قورئانیشدا چەندین ئایەت هەیە ئاماژە بە ئازادی مرۆڤ دەکەن.

مرۆڤ له چالاكی ژیانی رۆژانەیدا له كار و كۆششی شەرعی و ئاكاریدا، ئەگەر له سۆنگه و بیرەوه سەرنج بدرێت، ناكرێ پاشكۆ و پابەند و كۆیلەی چارەنووس و قەدەرێكی نەگۆڕا و بێت، دەبێ خۆی خاوەن و داهێنەری كار و كردار و چالاكییەكانی بێت[11] بۆ ئەوەی خۆی به خواستی ئازادی خۆی ئۆباڵی ئەنجامەكانیان بگرێته ئەستۆ و بچێته ژێر باریانەوه، له هەمانكاتدا هەر خۆشی هۆكار و بەرپرسی خۆشی و ناخۆشی، كلۆڵی و بەختەوەری و له ناوچوون و سەرفرازی خۆی بێت! بەڵام ئەو قسه و بڕیاره كێشەیەك دەورووژێنێ به ئاسانی یەكلایی ناكرێتەوه و چارەسەرەكەی ئەستەمه! كێشەی نێوان دەسەڵاتی رەها و سنوور به زێنی خوا دەسەلاتی سنووورداری مرۆڤ خۆی!

ئەگەر مرۆڤ له كرداریدا ئازادی هەبێ و ئازاد بێ و خۆی بڕیاربدات چی بكات و چی نەكات ئەی بۆ خواستی خوا دەمێنێتەوه؟ بەلایەكەی دیكەیدا ئەگەر هەموو شتێك رووبدات دەبێ به پێی خواستی خوا بێت، چۆن له مرۆڤێك دەپێچرێتەوه كه خۆی به ئارەزوو خواستی ئازادی خۆی ئەو شتەی نەكردبێ! له خواستی ئازاددا دەسەڵاتی رەهای خوا و دەسەڵاتی مرۆڤ پێكەوه نایەنەوه، له قەدەر و چارەنووسیشدا بێ دادی دەكەوێتەوه. ئەو كێشەیه بووه بابەتی سەرەكی زانستی كەلام لێوەی پەیدابووه.

-كێشەیەك به هەر لایەكدا سەرنج بدەی و لێی بكۆڵیەوه ئایەت هەیه پشت راستی دەكاتەوه و ئایەتی تر هەیه لایەكەی تری ساغ دەكاتەوه. وەك چۆن ئایەت هەیه پێ لەسەر ئازادی خواست و سەرپشك بوونی مرۆڤ و ئۆباڵی سەرشان دادەگرێ، ئایەتیش هەیه بەلایەكەیتردا دووپاتی دەكاتەوه كه تەنیا هەر خوا خۆی بڕیار دەرە و فرمان دەردەكات! لەو كێشەیەدا دەكرێ مرۆڤ بەپێی توێژینەوەی ئازاد و زانستیانه دووخاڵ لەیەكتری جیابكاتەوه:

**یەكەم:** ئەگەر بگوترێ مرۆڤ ئازاده باسی چی دەكرێ؟ ئازادی خۆی له خۆیدا چییه، رەوشه یان بڕیار و هەڵوێسته؟!ئایا ئەو ئازادیه دەسەڵاته یان نا؟! ئەگەر دەسەڵاته

دەكرێ لەبەرامبەر دەسەڵاتی خوادا بخرێتە چ خانەیەكەوە؟ئەگەر دەقە ئایینیەكان كە باسی دەسەڵاتی رەهای خوا دەكەن لەبەرچاو بگرین دەكرێ بە هەمان شێواز بە هەمان زمان باسی سروشت و جەوهەری دەسەڵاتی رەهای خوا و لەبەرامبەریدا قسە لە دەسەڵاتی مرۆڤ بكرێت؟!ئەگەر بە زمانی زانستی كەلام قسەبكرێت، مرۆڤ دوو شتی لەیەكتری جیاواز بەیەك زمان و یەك شێواز باس دەكات، دوو دەسەڵاتی ئەوپەری لەیەكتری جیاواز دەكاتە كەرەسەی توێژینەوە، لێرەوە كەلەبەرێك پەیدا دەبێ وا بە ئاسانی پرناكرێتەوە!. باشە دەكرێ هەردوو دەسەڵات و هەردوو كرداری خوا و مرۆڤ لە یەكتری جیابكرێنەوە و لە دوو روانگەی جیاوازەوە سەرنج بدرێن و بە دوو پێوەری لە یەكتری جیا بڕیاریان لەبارەوە بدرێ و هەڵبسەنگێنرێن؟ هەر چۆنێك بێت وەلامە راستیەكە ئەوەیە هەر دوو رێباز خواستی ئازاد و چارەنووس بەو ئایەتانە پشت ئەستوورن كە لە قورئان دان و بە راشكاوی باسی بابەتی (جەبر و ئیختیار) دەكەن.

**دووەم:** غەیلانی دیمەشقی بەپێی هەندێك سەرچاوە چارەسەر و وەڵامێكی لەو بارەیەوە پێشكەش كردووە ئەوپەڕی وردی و دەست رەنگینی تێدایە بەڵام هیچ سوودی كردەكی لێوەرناگیرێ: دیمەشقی گوتوویەتی:

نابێ ئاستی ئەو دوو دەسەڵاتە تێكەڵ بەیەكتری بكرێن. ئایەتەكانیش بەهەمان شێوە باسی دوو جۆر كایە و دوو دەسەڵات دەكەن كە لەیەكتری جیاوازن.

- ئەو ئایەتانەی باسی جەبر (چارەنووس) دەكەن دەبێ تەنیا وا لێكبدرێنەوە كە مەبەستیان توانا و دەسەڵاتی سنوور بەزێنی خوایە كە بەربەستی بۆ نییە و دەگاتە هەموو شوێنێك و لە هەموو كاتێكیشدا كارایە.

- ئەو ئایەتانەی باسی ئیختیار (خواستی ئازاد) دەكەن مەبەستیان تەنیا هەر كردار و دەسەڵاتی مرۆڤە(١٢) بەو پێیە و بەو لێكدانەوەیە هەر دوو دەسەڵات و توانا و كردار لە یەكتری جیا دەكرێنەوە خوا هەرخۆی بكەری راستەقینەیە و مرۆڤیش ئەرك و بەرپرسیاریەتی سەرشانی دیار و دەستنیشان دەكرێت و سزا و پاداشتی خوایی پاساو دەدرێنەوە. لێرەوە ئەو پرسیارە كاڵ دەبێتەوە و بایەخی ئاكاری نامێنێ:

- خوا ئەوەندە تەواوە، دادپەروەرە، پەروەردگارە، ئەو هەموو توانا و دەسەڵاتە رەهایەی هەیە، چۆن رێگای داوە بەدکاری( شەڕ ) لە ژیان و جیهاندا هەبێ؟ چۆن ئەو توانا و خواستەی بە مرۆڤ بە خشیوە بەدکاربێ و خراپەکاری بکات؟!

ئەگەر غەیلانی دیمەشقی ژیانی بۆ جێگیرکردنی ئازادی خواستی مرۆڤ بەسەر بردبێ لەوەوە بووە کە باوەڕی وابووە: گۆڕینی کۆمەڵگا، چاکسازی، چاککردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتی و ئابووریەکان کە بە بنەمای بێدادیەوە بەندن کاتێك لە کردن دێت کە کۆسپە سەختەکانی بەردەم پەرەسەندن و بەرەو پێشچوون تەخت بکرێن. ئەم کارە چۆن دەکرێ؟!بەباوەڕی غەیلان بەوە دەکرێ کە رەخنە لە کاروباری ئایین بگیرێ و دەستپێکی رەخنەکە بەوە دەبێ گومان لە بنەمایەکی بکرێت کە بووە بە باوەڕێکی ئەوتۆ وا دێتە بەرچاو کە دەستی گۆڕان نایگاتێ چونکە پیرۆزە!ئەگەر ئەو پرسیارە کالْبووبێتەوە بەلام رێگر نابێ لەبەردەم دەرکەوتنی پرسیارێکیتر: گریمان مرۆڤ لە هەموو شتێکدا ئازادە، خۆی بڕیاردەدات، بەو جۆرە دەژی- لە چوارچێوەیەکی رێژەیدا- کە خۆی دەیخوازی، ئایا بوونی بەدکاری( شەڕ و خراپە!) لەوەوە نەکەوتۆتەوە کە مرۆڤ بە هەڵە لە ئازادی گەیشتووە و قەدری نازانێ و بە هەڵە و خراپە بەکاری دەهێنێ و بەلا رێگادا دەیبات؟

# ئەنجام

:- زانستی کەلام بە گرووپە جیاوازەکانیەوە، بە راو بیرو بۆچوونە هەمە رەنگەکانیەوە کۆششێکی زانستی بووە- بە واتای سەردەمی خۆی- بۆ ئەوەی باوەڕ (عەقیدە و ئیمان) لە چوارچێوە و کالاّ پیرۆزەکەی دەربهێنێ و بیکات بە بابەتێك بکرێت کەرەسەی بیر لێ کردنەوە و هزر و توێژینەوە بێت، لەو چالاکیەشیدا تاڕادەیەك سەرکەوتنی بە دەستهێناوە. هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەو ئەرکە پێویستی بە زمانێکی تایبەتی هەبووە کە ئەو کارەی پێ بکرێت، زمانێك بابەتەکان بکات بە چەمکی توێژینەوە، ئەوەش پێویستی بە هەنگاونان هەبووە لە تایبەتیەوە بۆ گشتی لە هەندەکیەوە (جزئی) بۆ هەمەکی بچێ. ئەگەر پێشتر باسی مرۆڤی ئیماندار و گوناهکار کرابێ لەو زمانەدا چەمکی گشتی ئیمان و گوناه بەکارهاتوون و تاوتوێ کراون ئەمەش لە خۆیدا هەنگاوێکە لەسەر ڕێگای رۆنانی چەمك و رشتنی رەنگی زمانی ئەبستراکت و بە زانستکردنی بابەتی باوەڕ.

-لە لایەکی ترەوە ئەو راستییەی دووپاتکردۆتەوە کە ئایین خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتییە بەلاّم دەکرێ ببێ بە دیاردەیەکی بیری هزری بەر فراوان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە هیچ دیاردەیەك لە جیهاندا لەو هەلومەرج و ژینگە و دەرووبەرە دانابڕێ کە تێیدا سەری هەلّداوە و گەشەی کردووە تاوەکو دوا روخسار و ناوەرۆکی پێ براوە. ئەگەر هەندێ بابەتی زانستی کەلام بە تایبەتی تیۆری خەلافەت- ئیمامەت و چارەنووس و خواستی ئازاد وا بێنە بەرچاو کە سروشتێکی سیاسییان هەیە ئەوا لە راستیدا بابەتەکان و زانستی کەلام خۆیشی لە پوختە و سروشت و جەوهەردا بەشێکی دانەبڕاوی ئایینەکەن و دەرهاوردەی ئەو هەلومەرجەن کە ئایینەکە دوای بلاّوبوونەوەی لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب دووچاری بووە و پێیدا تێپەڕیوە.دوور نییە بگوترێ ئەو هەمەرەنگی و رەهەندە جیاوازانەی ئەو ئایینە چۆن لێکدەدرێنەوە؟!

وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە وا سووك و ئاسان نییە، بەڵام لایەکی پەیوەندی بە سروشتی ئایینەکەوە هەیە، لایەکەی دیکەی تری ئەو ژینگە و دەورووبەرو رەوشە بەرجەستە دەکات کە تێیدا سەریهەڵداوە، ئینجا چۆنیەتی بڵاوبوونەوەکەی بە چ شێواز و رێگایەك بووە، تارادەیەك ئەگەر گرێ کوێرەکانیش نەکەنەوە جۆرە کار ئاسانیەك بۆ وەڵامدانەوە دەستەبەر دەبێ.

ئایینی ئیسلام لە وڵاتێکی بیابانی بێ کولتووری فرە کێشەدا دەرکەوتووە. ئەو دابونەریتە خێڵەکی و تیرەگەری و کۆمەڵایەتی و ئایینیانەی بڵاو و باوبوون نەکراوە بە ئاسانی و بە رێگای دوور لە توند و تیژی یەکلایی بکرێنەوە!ئیتر ئاساییە کە هەردووك مسوڵمان و ئەوانیتر پەنایان بردبێتەبەر شمشێر و توندوتیژی. هەر بۆیە کە پەیامبەری ئیسلام کۆچی دوایی کرد ترسی شمشێر کەمتر بۆوە و یاخی بوون ((رەددە)) لەیەمەن و یەمامە سەری هەڵداوە.

-بابەتی زانستی کەلام ئەو پرسیارە لە مێشکدا دەورووژێنێ، ئایا ئەگەر ئایینی ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاو نەکرابایەوە، ئەو توندوتیژی و دوو بەرەکیە لە جیهانی ئیسلامیدا سەریهەڵدەدا؟ دوور نییە لەو پرسیارە پرسیارێکی تر بکەوێتەوە:

ئەگەر بوون بە مسوڵمان و پەسەندکردنی ئایینەکە هەر لەسەرەتاوە بە ئازادی بووبایە و پەنا بۆ توندو تۆبزی و شمشێر نە برابایە دەبوو رەوشی جوگرافیایی و مرۆڤی ئایینەکە چۆن بایە؟!

-ئەو بابەتانەی زانستی کەلام قسەی لێکردوون دوو رەهەندی لە یەکتری جیاوازیان هەیە بۆیە ئەو جیاوازیە سەرنج راکێشە لە نێو گرووپ و رێبازەکاندا دەبینرێ:

**یەکەم: رەهەندی ژیری**- فەلسەفەیی ئەوەش بە هەموو شێواز و پێودانگێك خواستی ئازاد پشت راستدەکاتەوە و ئۆبالکێشان رەوا دەبێت.

**دووەم: رەهەندی ئایینی** –لاهووتی ئەمە بابەتەکە بە لایەکی دیکەدا دەبات و پێوەری مرۆڤی بە هەند دانانێ.

## سەرچاوە و پەراوێز


١- حسين مروه : النزعات المادية فى الفلسفة العربية الاسلاميةزدار الفارابى، بيروت ٢٠٠٨، المجلد الاول.ص١٠٨.

٢- أبن خلدون: المقدمة: دار الشرق العربى، بيروت ٢٠٠٤، ص ١٨٩.

٣- أحمد امين: ضحىَ الاسلام. دار الكتب العلمية بيروت ٢٠٠٤، ج٣، ص٢٢٧.

٤- البغدادى: الفرق بين الفرق.دار المعرفة بيروت ٢٠٠٨، ص١٨٨ فما بعد.

٥- الشهرستانى: الممل والنحل. دار الكتب العلمية فى بيروت ٢٠٠٧ ،ج١، ص ١٣٧.

٦- د.فيصل بدير عون: علم الكلام ومدارسة.مكتبة الانجلو المصرية القاهرة-٢٠١٠، ص٢٠٢فما بعد.

**٧-** احمد امين : سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی، ل٢٣٣.

٨- الشهرستانى: الملل والنحل، ص٧٢.

٩- **البغدادى:** سەرچاوەی پێش و بە عەرەبی ١٩٤-١٩٥.

١٠- و.منتجمرى وات: القضاء والقدر. ترجمة د.عبدالرحمن عبدللهالشيخ. الهيئة المصرية العامة للكتاب- القاهرة - ١٩٩٨،ص ٤٣ وفى أماكن مختلفة.

١١- إغناتس غولد تسيهر: العقيدة والضريعة فى الاسلام: ترجمة محمد يوسف موسىَ دار الجمل بيروت ٢٠٠٩،ص ١٢٩.فما بعد.وفى اماكنى أخرىَ المختلفة.

**١٢-** دكتۆر محمد على ابو ريان :تأريخ الفلسفى فى الاسلام.بيروت بدون تاريخ ، ص ١٤٩ فما بعد.